خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# ئازادی و خیانەت لە ئازادی

## شەش دوژمنی ئازادی مرۆڤ

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (114)

ناوی کتێب: ئازادی و خیانەت لە ئازادی
بابەت: فکری
ناوی نووسەر: ئایزایا بێرلین
وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال و کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1405 )ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

# ئازادی و خیانەت لە ئازادی

## شەش دوژمنی ئازادی مرۆڤ

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

2016

## پێڕست


یاداشتی وەرگێڕی فارسی.......................................................... 7

سەرەتایەك بۆ هزر و بەرهەمەكانی ئایزایا بێرلین............................ 9

پێشەكی.................................................................................. 37

هێلڤتیۆس.............................................................................. 49

رۆسۆ.................................................................................... 71

فیشتە.................................................................................... 103

هیگڵ..................................................................................... 141

سان سیمۆن.......................................................................... 181

دومیستەر............................................................................. 217

لەبارەی زۆرینەخوزی............................................................ 251

ریالیزم لە سیاسەتدا............................................................... 257

## یاداشتی وەرگێڕی فارسی

ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی رەخنەییە، کە ئایزایا بێرلین هەفتەی جارێك لە 1951، لە بەرنامەی سێیەمی رادیـۆی بی بی سی پێشکەشیکردووە. پێشوازیی لێکردنی بیستەران بێوێنەبوو، هەربۆیە دوای پێنج ساڵ، ئەو وتارانە بوونە بناغەیەك بۆ دانانی بێرلین لەپێگەی بەرزی مامۆستای پلەباڵای چیچلی، لە تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی زانکۆی ئێکسفۆرد. لە هەمانکات دەقی وتارەکان لە بی بی سی لەکاسێت وەرگیراون. دوای ساڵانێك هنری هاردی، هەڵەچنی وردەکار و ماندونەبووی بەرهەمەکانی بێرلین، دەقی وەرگیراوی بە سەرنجەکانی بێرلین هەڵەچنکرد و روونکردنەوە، سەرچاوە، چاوگی پێویستی بۆ زیادکردووە و وەك کتێب بڵاویکردۆتەوە (ئەمەش وەرگێڕانە کوردیەکەیەتی.)

دەقی ناوبراو لە بی بی سی بە ناوی (شەش دوژمنی ئازادی مرۆڤایەتی)، ئەرشیفکرابوو. هـاردی ئەو دەستەواژەیەی کردە ناونیشانی لاوەکـی و کتێبەکەی بەناوی، ئازادی و خیانەت لە ئازادی لە ساڵی 2002، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی زانکۆی پرینستن بڵاوکردەوە. ئەو ناونیشانە گەرچی هی خودی نوسەر نییە، بەڵام چونکە لە کتێبناسی بێرلین و هەموو شوێنێك بەوشێوەیە هاتووە و لەوانەیە گۆڕینی توێژەران بەهەڵەدا برێت، لە وەرگێڕانیشدا پارێزرا.

بێرلین یەکێك لە دیارترین بیرمەندانی ئەو سەردەمەیە، کێرڤی چانس و بەختی لەجیهاندا، چ لەناو پسپۆڕان و رۆشنبیران، چ لای خوێنەرانی بە گشتی، بەردەوام لە دەیەکانی ئەم دواییە لە هەڵکشاندا بووە. نوسینەکانی رێکەرەوەمانن بۆ تێگەیشتن و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ کێشەکانی

دنیای سیاسەت، کۆمەڵگە و کولتور، کە بە بێ چارەسەر، یان لانی کەم قوڵتر تێگەیشتنییان، هەوڵمان بۆ گەیشتن بەداهاتویەکی روونتر بێهودە دەبێت، هەروەها بە گیرۆدەی تێگەیشتنی هەڵە و دەمارگیری میراتی دەمێنێتەوە، بۆیە، باشتر بۆ ئاشنابوونی خوێنەران بە ژیان و بەرهەم و هزرەکانی بێرلین، بەشێکمان بە ناوی سەرەتایەك بۆ کتێبەکە زیاد کردووە تا سودی زیاتربێت.

**عزت الله فولادوند**

**مردادی 1386**

## سەرەتایەك بۆ هزر و بەرهەمەكانی ئایزایا بێرلین

ئایزایا بێرلین (97 - 1909) فەیلەسوف، هزرڤان، تیۆرسێنی سیاسی، مامۆستای زانكۆ، وتارنوسی بەریتانی بوو. ناوبانگییەكەی لە زۆربەی تەمەنی دا بۆ گفتوگۆی بەرچاو و سەرنجڕاكێش، داكۆكی لە لیبراڵیزم، پەلاماردانی توندڕەوی سیاسی، دەمارگیری، كۆنەپەرستی رۆشنبیری، نوسینی سادە و بۆ درەوشانەوەی پانتایی مێژووی رەوتی هزرەكان، تەرخانكردبوو. نوسینەكانی، (دوو چەمكی ئازادی) (1958)، پەیوەست بەنوێكردنەوەی سیاسەتی تیۆری جیهانی ئینگلیزی زمان، بەشی شیاوی هەبووە، هێشتا یەكێكە لە زۆر كاریگەرترین، بە كورتی لەو بوارەدا بابەتی باسە زۆر فراوانەكانە. ستایشكەران و رەخنەگرانی لەوەدا هاوڕان، كە بێرلین جیاوازییەكی لەنێوان ئازادی ئەرێنی و نەرێنیدا كردووە، بتەوێت و نەتەوێت، هەروەك خاڵی سەرەتا و بنچینەیە بۆ باسی تیۆرەكانی لەبارەی ماناو بەهای ئازادی سیاسیی. لە كۆتایی تەمەنیشیدا، زۆربەی بەرهەمەكانی بڵاوبوونەوە و بوونە پردی پەیوەندی رۆژانەی بیرمەندان پێیانەوە، بە تایبەت فرەجۆری بەهاكان.

### ژیانی ئایزایا بێرلین

ئایزایا بێرلین لە 1909 لە ریگای پایتەختی لیتوانیا، كە ئەو كاتە بەشێكبووە لە ئیمپراتۆریەتی روسیا، چاوی بە دنیا هەڵێناوە. باوكی، میندل بێرلین، بازرگانی دار بووە و دەوڵەمەندبوو. خێزانی بێرلین لە 1915 گواستیانەوە بۆ شاری ئەندرێ ئەپڵی روسیاو لە 1917 بۆ پترۆگراد {لینینگرادی كۆن و سان پترسبۆرگی ئێستا}، لە هەردوو شۆڕشی روسیا لە 1917، هەر لەوێ بوون، بۆیە ئایزایا ئەو شۆڕشانەی بەچاوی خۆی بینیووە. سەرەڕای ئازاردانی بەڵشەفیكەكان لەبەرراییدا كار، بێرلین و خێزانەكەی لە 1920 مۆڵەتییان وەرگرت تاوەكو لەو ریگایەوە

بگەڕێنەوە، لە 1921 کۆچیانکرد بۆ بەریتانیا و لە دەورووپشتی لەندەن نیشتەجێبوون. ئایزایا چووە دواناوەندی سانت پول، پاشان کۆلێژی کۆرپۆس کریستی زانکۆی ئێکسفۆرد و لەوێ مێژوو، زمانی کۆن، سیاسەت، فەلسەفە و ئابوری خوێند. لە 1932 لەنیوکۆلێژ مامۆستاو لەماوەیەکی کەم دا، بۆتە ئەندامی دەستەی زانستی کۆلێژی ئێڵ سۆلز لە ئێکسفۆرد، کە بۆ ناوەندی ئەکادیمی بەریتانیا شانازیەکی گەورە بووە.

لە جەنگی جیهانی دووەم دا، بێرلین 1940 تا 1946، لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لەواشنتۆن و نیۆیۆرك ئەرکی گرتۆتە ئەستۆ. لە 46 – 1945 سەفەری بۆ یەکێتی سۆڤێت کرد و لەوێ ژمارەیەك رۆشنبیری روسی، بە تایبەت هەردوو شاعیر، ئانا ئەخماتڤا و بۆریس پاسترناکی ناسی، کە لە پاکتاوکردنەکان رزگاریان ببوو، بەڵام هەر ئامانجی راوەدونان و ئازاربوون. ئەوکارە دژایەتی سەرسەختانەی کۆمۆنیزمی تۆخترکردەوە و رێگەی داهاتوی لەدنیای هزردا فۆڕمیگرت. دوای شەڕ، بێرلین گەڕایەوە ئێکسفۆرد، گەرچی تابەرایی1950 درێژەی بەوانە وتنەوە و نوسین دا، بەڵام سەرنجی بەرەو مێژووی رەوتی هزرەکان، بە تایبەت مێژووی رۆشنبیری روسیا، پاشان بۆ مێژووی تیۆرەکانی مارکسیستی، سۆسیالیستی، راپەڕینی رۆشنبیری و رەخنەگرانی کێشکرابوو.

بێرلین 1975 لە ئێکسفۆرد بە مامۆستای پلەباڵای چیچلی لە تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵبژێردرا و شاژن بە نازناوی (سیر)، پێوەی دەنازی. دوای دە ساڵ بووە سەرۆکی کۆلێژی وۆڵف سان لە ئێکسفۆرد، کە خۆی هەوڵی دامەزراندنی دابوو، هاوکات باڵاترین هێمای وڵاتی بەریتانیا (Order of Merit)ی پێدرا. کۆمەڵەی بەرهەمەکانی وردە وردە لە 1978، بە هەوڵی هنری هاردی بڵاوکرانەوە و تائێستا 13 بەرگی لەوانە (ئەم کتێبە) و یەکەم بەرگ لە بەرگەکانی سێلایەنەی نامەکانی بڵاوکراوەتەوە.

## قۆناغەکانی گەشەی هزری

بێرلین سەرەتا کاریگەری ئایدیالیستەکانی ئینگلیز (گرین و برادلی)، پاشان لە قۆناغی پسپۆڕی ریالیستە ئینگلیزەکان (وەك مۆر)، دواتر بەرایی وتنەوەی وانەی فەلسەفە پۆزیتیڤیستە لۆژیکییەکان و ئەڵقەی ڤیەننا و یەکەم نوسینی ویتگنشتاینی لەسەر بوو، بەڵام گومانەکانی لەمەڕ بانگەشەی پۆزیتیڤیستەکان دەپاراست، هەروەها سەرنجی لەسەر کانت و کانتەکانی داهاتوو هەبوو، بەڵام کۆچبەری مەنشەفیکی روسی گومناو، راخمیلە فیچی بوو، کە یەکەم ئاشنابوونی تایبەتی بۆ پێکدادانی ئایدۆلۆژی بیرمەندانی روسیاو مێژووی فەلسەفەی ئەڵمانیا راکێشا، پاشان لە ئێکسفۆرد، کالینگ ڤۆد خواستی مێژووی رەوتی هزر و بیرمەندانی وەك ویکۆ زۆرتر بوو.

لە ناوەڕاستی 1930، بە هۆی نوسینی ژیاننامەی کارڵ مارکس، بێرلین چاوی بە دوو بیرمەندی روسیا کەوت، کە کاریگەری گرنگییان بەسەر روانگەی مێژوویی و سیاسییەوە هەبوو: یەك، ئەلێکساندەر هرتسن، کە پاشان بێرلین زۆربەی بیروڕای خۆی لەبواری مێژوو، سیاسەت و ئەخلاق دەدایە پاڵی، دوو، بانگەوازخوازی مارکسیست و نوسەری فەلسەفە، پلیخانۆف، کە بێرلین بە هۆی دژایەتیکردنی مارکسیزم خۆشیدەویست. پەیوەندی بێرلین بە بیرمەندانی رەسەنی ڕێبازی ئایدۆلۆژیا، مادی، ئەزموونی روانگەی ڕێنیسانس، رەخنەگرانی ئایدیالیست و مێژووگەرایان لەپێناو خوێندنەوەی بەرهەمەکانی پلیخانۆف دەستی پێکرد. ئەمەش بووبە سەرچاوەیەکی قوڵی بێرلین لەبەرامبەر ناکۆکی بۆچوونی لیبراڵ و رادیکاڵەکانی روسیای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کە بەهۆیەوە سەرقاڵبوونی بە فەلسەفەی مێژوو، ئەخلاق لە کرداری سیاسیدا فۆڕمیگرت.

لە ئەنجامی جەنگی جیهانی دووەم و جیا لەفەیلەسوفانی ئێکسفۆرد

و هەندێك كاری سیاسی، بێرلین وردە وردە بەو هزرە گەیشت، کە توانای فەلسەفەی پەتی نییە، بۆیە بڕیاریدا روو لە مێژووی رەوتـی هزرەکانی تایبەتمەندی فەلسەفی و پشت بەستن بە بیروباوەڕە سیاسییەکەی خۆی بکات. بێرلین هەمیشە روانینێکی لیبراڵی هەبوو، بەڵام لەسەرەتای1950، داکۆکی لە لیبراڵیزم، پێگەی تەوەری لەهزرەکانیدا دۆزییەوە. بێگومان داکۆکی لە لیبراڵیزم بە بیروڕای بێرلین، ماهییەت و رۆڵی بەهاکان لەژیانی مرۆڤدا گرێدرایەوە، لەسەرخۆ بە تیۆری فرەلایەنی بەهاکان گەیشت، ئەم بیرە لە 1960 و 1970 لای ئەو، گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. لەبەرایی1960، لەدەیەی پێش مەسەلە سیاسییەکان مێشکی بێرلین زیاتر سەرقاڵی ماهیەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت، بەدرێژایی ئەوساڵانە، لەبواری مێژووی رەوتی هزرەکاندا بەردەوام بوو، لەناوەڕاستی 1960 تاڕادەیەك هەموو نوسینەکانی شیوە لێکۆڵینەوەیی بوون لەو بوارەدا، بەتایبەت رەخنەگرانی رۆمانتیك و دژی نوێخوازی رێنیسانس بوو.

### فەلسەفەی مەعریفە و زانستە مرۆڤایەتییەکان

رای گشتی بێرلین لەسەر فەلسەفە، لەیەکەم ئاشنایی بە ئایدیالیزم، پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی و رەتـکـردنـەوەی هەردووکییان دەستپێدەکات. پێیوایە، ئایدیالیزم دەیویست فەلسەفە، شاژنی زانست و توانای نیشاندانی گەیشتنی بەراستییە بنەڕەتییەکان، پێویستی، رەها و ئەبستراکتی هەبێت، پۆزیتیڤیزم لۆژیکێکی لیبڕاوبوو تا فەلسەفە لەباڵاترین ئاست، (خزمەتکاری زانستە سروشتیەکان) بنوێنێت و بابەتەکانی بۆ شتەکاتی دیکە دابەزێنێت و سام و شکۆی نەهێڵێت و لەنزمترین ئاستیدا، ئاماژەی کاڵوکرچی هزری و سەرچاوەگرتوی لە بیربڵاوی و خۆش باوەڕیدا، بیناسێنێت.

ڕێگەیەك كە بێرلین بۆ داكۆكیكردن لە فەلسەفە هەڵیبژارد، ئاوێتەیەك بوو لەڕێبازی ئەزموونی جمك بە گومان و قوتابخانەی نوێ كانتی. ئەویش هەروەك ویلكۆ، دیلتای و نوێ كانتئاساكانی وەك ریكیرت و ویندلیاند، پێی لەسەر جیاوازی بنەڕەتی زانستە سروشتییەكان لەزانستە مرۆڤایەتییەكاندا دادەگرت و فەلسەفەی لەریزی زانستە مرۆڤایەتییەكان دادەنا، كەچی بەپێگەی بێوێنەی رازیبوو، فەلسەفەی بەجۆرێك لە لێكۆڵینەوە لەشتێك دەزانی، كە نەدەشیا ببێتە بابەتی مەعریفەتی ئەزموونی.

تەنانەت گەر وەڵام لە بابەتە نافەلسەفییەكاندا نەزانراوبێت، هۆی یان ڕێگەی بەدەستهێنانی بۆ زۆربەی خەڵك زانراو، یان وەرگیراوە. دەتوانێت بە هۆی بینینەوە وەڵامی ئەو مەسەلانەی، كە پەیوەندییان بە واقعیەتی ئەزموونیەوە هەیە بداتەوە. لە مەسەلەكانی تردا، بۆ نموونە دەكرێت لە بیركاری، ڕێزمان و لۆژیكی رواڵەتی، بە هۆی پێودانگ، یان بە گەڕانەوە بۆ ڕێسای بەدەستهاتو، وەڵامبدەیتەوە. بەگریمانەش، كە بۆ نمونە چارەسەری دۆزی بیركاری، بەتایبەت بەدژوار نەزانین، دەزانین كە یاسا و هونەرێك هەیە، كە پێویستە لە دۆزینەوەی وەڵامدا سودییان لێوەربگرین.

بێرلین دەڵێت فەلسەفە سەروكاری لەگەڵ ئەو بابەتانەدا هەیە، كە نەوەڵامیان زانراوە، نە ڕێگە و هۆكاری گەیشتنە وەڵام، نەپێوەری داوەری بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی، كە ئایا فڵان وەڵام پێشنیازی گونجاو و پەسندكراوە، یان نا. ئەو بابەتە، كە (تاودان لەخاڵی X بۆخاڵی Y چەند دەخایەنێت؟) یان (ڕەگی سێیەمی ژمارەی729چەندە؟)، بابەتێكی فەلسەفی نییە. لە لایەكەی دیكەوە، ئەو پرسیارە، كە (كات چییە؟) یان (ژمارە چییە؟) یان (ئامانج و مەبەست لەژیانی مرۆڤ چییە؟) یان (ئایا مرۆڤەكان هەموو بران؟) پرسیارێكی فەلسەفییە؛ كەچی ئەو پرسیارە فەلسەفی نییە، كە (ئایا زۆربەی كەسانی فڵان

گروپ یەکتری بە برا دەزانن؟) یان (لۆتەر ئەو پرسیارەی ورووژاند، کە ئامانج لە ژیان چییە؟)

بێرلین ئەو رایەی بەستەوە بە جیاوازییەکەوە، کە کانت لەنێوان کاروباری واقیع و ستراکتۆرەکان یان ئەو وتەزایانە کردبووی، بـەوەی کاری واقیع لەچوارچێوەیاندا مانای دەبێت. فەلسەفە پەیوەندی بەو مەسەلانەوە هەیە، کە سەرچاوە لەهەوڵەکانی خەڵك دەگرن لەپێناو مانادان بەو ئەزموونانەی، کە بەرهەمیدێنن، بەمەش پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی چەکەکان و ئەو وتەزایانەیە، کە ئەزموون لەڕێگەیانەوە تێگەیەنراو دەبێت، یان رێکدەخرێت و دەردەکەوێت.

کانت لەو باوەڕەدابوو، کە ئەو وتەزایانە نەگۆڕن و لەهەموو شوێنێك و بۆ هەمووان وەکیەکن، بەڵام بێرلین باوەڕی وابوو، کە لانی کەم هەندێکییان گـۆڕاو، راگـوزەر و سیستماتیکن، ناتوانرێت بوترێت هەمویان لەسەرووی ئەزموون و لەئەزموون جیان. بە باوەڕی بێرلین، پێشبینییەك، کە ئێمە بەسود وەرگرتن لێیان، مانایەك لەجیهان دەستەبەردەکەین، پەیوەندی نزیکییان بە ئەزمونەکەمانەوە هەیە، هەم فۆڕم بە ئەزمونەکەمان دەدەن و هەم فۆڕمی ئەزموونەکەمان پەسنددەکەن. بە هەمانشێوە، ئەزموونی مرۆڤ بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت، ئەو چەمکە بنەڕەتییانە زەینین، بە هۆی ئەزموونەوە بەرەو گۆڕانن. کاری فەلسەفە لێکۆڵینەوەی ئەم روانگە هزریانە دەگرێتەوە - واتە رۆچنەیەك، کە لێیانەوە دەڕوانیە جیهان – لانی کەم هەندێك لەو روانگانە یان وتەزایانە بەدرێژایی کات دەگۆڕێن، کەوایە لانی کەم بەشێك لەفەلسەفەش وەك پێویست لایەنی مێژوویی هەیە. کاری فەلسەفە چالاکیەکی گرنگە، کە پێویستی ژیاری و تێگەیشتنی ئێمە بۆ وەسفکردن و جیاکاری جیهانی ئەزموون بەجێدێنێت.

بێرلین سـودی کۆمەڵایەتی فەلسەفە دووپاتـدەکـاتـەوە. فەلسەفە پێشگریمانەی نائاگایی ئێمە ئاشکرادەکات، راستی و متمانی ئـەوان هەڵدەسەنگێنێت و لەو رێگایەوە خەتاکان و ئەو هەڵانە دیاریدەکات، کە بەدحاڵی بوون و چەواشەکاری ئەزمونەکانی لێدەکەونەوە و زیانی راستەقینە دەگەیەنن. ئەوەی تائێستا بەمسۆگەری لە فەلسەفە وەرگیراوە، مشتومڕ، شك، گومان دەکات و دژی کۆن بیرکردنەوەیە، بنەماکان لە رەگەوە هەڵدەکێشێت، و لەم ڕووەوە، تێکیدەدات، بەڵام هەر ئەو چۆنایەتییە، هاوکات بەهامەند و تەنانەت زەرووری و رزگاری دەکات. بە وتەی بێرلین، ئامانجی فەلسەفە (یارمەتی مرۆڤەکان دەدات بۆ تێگەیشتن لەخودێتی، تابتوانن روون و ئاشکرا، نەك بێسەروبەرە و گەوجانە کاربکەن لە تاریکیدا.)

## مەعریفەناسی و بوون

بێرلین لەنوسینێکی خۆیدا رەخنە لەو گریمانەیە دەگرێت، کە هەر رستەیەك بۆئەوەی مانا بدات، دەبێت تەنیا لەشێوازی هەواڵیدا شایانی وەرگێڕان بێت. لەسەر بنەمای ئەو گریمانە ناڕاستە، دیاردەگەرایان دەڵێن «دەبێت هەموو دەربڕینێك  راستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ پێدراوەکانی هەستی دەربڕینی سەرلێدەرچون، کۆمەڵەکەی تر بەبوونی ئەوشتانە بڕیاردەدەن، کە لە بنەڕەتڕا بوونییان نییە. بێرلین دەڵێت لەهەردوو شێوەکەدا، هەڵە یان سەرچاوەگرتو لەپێویستی دەروونی بەگەیشتن بە یەقینییە، یان لەو گریمانەوە هاتووە، کە هەمووشتەکان گەوهەرێکن و دەبێت بە گەڕانەوە بۆیان تێیان بگەین. بڕوای وایە، گەڕان بەدوای یەقینی رەهادا بێ ئاکامە و کەسێك بیەوێت تەنیا شتێك بڵێت، کە بەتەواوی رێتێچو گومان و هەڵە نەبێت، بڕیاری بێدەنگی بەسەر خۆیدا دەدات.

تەوەری فەلسەفی بێرلین ئاگاداربوونە لەفرەجۆری و ئاڵۆزی بێکۆتوبەندی راستیی. تانوپۆی ئەزموونی مرۆڤ (تابڵێی ژمارەی زۆر، ورد، زووتێپەڕ، تاریك و ئاڵۆزە. {بەشەکان} هاوکات لەزۆربەی ئاستەکاندا ئاڵۆزن و بەیەکدا دەچن، یەکسان، دیاریکردن، ریزبەندی و گونجاندنیان لەخانەی جیاوازی، کارێکی مەحاڵە و پەکیدەکەوێت.)

دەکرێت ئەو دوو راڤە گرێدراو بەیەکەوەیە، بە تەوەری فەلسەفەی بێرلین بزانین: یەك، یەقینی رەها، ئایدیالی مەحاڵ و بە دەست نەهاتووە؛ دوو، ناکرێت و نابێت هەموو شتێك بە ئایدیالێك، سیمبولێك، تیۆرێك یان بژاردەیەك و پێوەرێك دامرکێنێتەوە. دوو راڤەی ناوبراو، نەك لە راکانی بێرلین لەگۆڕەپانی زمان و مەعریفە تەوەریین، بەڵکو لە تیۆرە ئاکاری و فەلسەفەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانیشی گرنگن. تەوەرەکانی دیکەی ئەو لایەنە جیاوازانەی هزرەکانی بێرلین، تاکخوازی و جەختکردنەوەی لەپێشکەوتنی کاری حزبی {لەبەرامبەر تێکراییەکان}، وەك بابەتی ناساندن و تاك لەپێگەی کردەوەی ئەخلاقییدایە.

## زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان

تاك گەرایی و بەرهەڵستی بێرلین لەگەڵ بەسەرداسەپاندنی بژاردەیی و سیمبولە ناتەباکان بەسەر ئەزموونە مرۆییەکان بە نارەزایی ئەو، سەردکێشێە ئەو بـاوەڕە پۆزیتیڤیستییەی، کە زانستە سروشتییەکان نموونەی باڵای مەعریفەتی مرۆڤن و دەبێت زانستە مرۆڤایەتییەکان لاسایان بکاتەوە. پێیوایە زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەپێکەوە گونجان بە رای ویکۆ و دیلتای، چ لە روانگەی ماهیەت و چ لە رووی بابەتەوە لێکجیان، بەمەش پێویستییان بە میتۆد، پێوەر و ئامانجی جیاوازە.

مەسەلەی زانستە مرۆڤایەتییەکان جیهانییە و مرۆڤەکان خوڵقاندویانە و تێیدادەژین، بابەتی زانستە سروشتییەکان، جیهان فیزیکی سروشتە. ئەم دوو جیهانە لەنبچینەوە لێکجیان. جیهانی سروشت لەدەرەوە و بەپشت بەستن بەدراوە بابەتییەکانی پەتی لێیاندەکۆڵینەوە، بەڵام جیهانی مرۆڤ لەناوەوە بەتێگەیشتنمان لەپاڵنەر و هەستەکانیان و بە پێی هەندێك گریمانەی پشت بەستو بە (هەستی کۆن) لێیاندەکۆڵینەوە. زانستە مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ وردەکـاری ژیانی مرۆڤ و تاك و جیاوازییەکان سەروکاریان هەیە، بەڵام ئامانجی زانستە سروشتییەکان گەیشتنە بە یاسای تێکڕایی بۆ لێکجیاکردنەوەی هاوشێوەکان و تێکڕای ریزی دیاردەکان. لەگۆڕەپانی مێژوو، کە یەکێکە لەزانستە مرۆڤایەتییەکان، مێژوونووسی باش کەسێکە، (سەرنجی لەسەر رووداوەکان، یان کەسەکان، یان مەسەلە تایبەتییەکان بۆخۆی و نەك وەك نموونەی فلان یاسای تێکڕایی هەیە.) دەبێت ئامانجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، تێگەیشتنی دەگمەنی هەر دیاردەیەکی مرۆڤایەتی تایبەت بێت، نەك گەڕان بەدوای یاسای تێکڕایی بۆ راڤەی کارە مرۆڤایەتییەکان، بەلاساییکردنەوەی زانستە سروشتییەکان. لە زانستە سروشتییەکاندا، بەپێچەوانەی میتۆدی زانستییە و یەکێك بە بێ بەڵگەی بەهێزی لۆژیکی، یان ئەزموونی، دژی گریمانە و یاساکان بێت، بەڵام لەزانستە مرۆڤایەتییەکاندا، بەپێچەوانەی میتۆدی مێژووییە، کە کەسێك (بەناوی یاسا، تیۆر و بنەماکانی وەرگیراو لەگۆڕەپانەکانی تر - چ لۆژیك، چ ئەخلاق، چ ئەودیو سروشت و چ زانست - کە بە پێی ماهیەتی بابەت لێرەدا پێشینەیان نییە، رووداوەکان یان کەسەکان یان تەنگانەکان و کێشەی تایبەتی لەبەرچاو نەگرێت، یان چەواشەی بکات.)

بۆنی مێژوویی نەك تەنها واتای ناسینی ئەزموونی رووداوەکانی رابردووە، بەڵکو لەسەرووی دیاریکردنی ئەوکارەیە، کە لە دەربڕینی کرداری مرۆڤەکان

چ شتێك عەقڵ پەسەندیدەكات و جێی باوەڕە. پێكەنیناویە، كە كەسێك بڵێت تراژیدی هاملێت دەرباری جەنگیزخان بنوسرێت. دەبێت رابردوو نەك لەسەر بنەمای چەمكەكانی ئێستای ئێمە، بەڵكو لەو چوارچێوەیەدا تێگەیەنراوبێت، كە پێوستە رووداوەكان چۆن بۆ كەسانێك دیار و روونبێت، كە دەستییان لەم رووداوەدا هەبووە. ئەوكارە پێویستی بە تێگەیشتنی ناوەوەیی، ئامادەیی هێزی خەیاڵكردنەوە هەیە و رامانە لە دەلاقەی پاڵنەرەكان و هەستی خەڵك، كە بیرمەندی زانستە سروشتییەكان پێویستی پێی نییە.

## قەدەرگەرێتی و ئازادی ئیرادە {زۆرەملێیی و بژاردە}

بەوپێیەی بێرلین لەبارەی تێگەیشتنی مێژووەوە دەیڵێت، مرۆڤەكان بەردەوام لە چالاكی، مامەڵە، پەیوەندیی و تێگەیشتنن لەگەڵ یەكتریدان، پێیوایە، فەلسەفەی مێژوو نەك تەنها لەگەڵ مەعریفەتناسی، بەڵكو بە ئاكاریشەوە گـرێـدراوە. ناسراوترین و مشتومڕ ورووژێنەرترین لایەنی بەرهەمەكانی ئەو لەبارەی پەیوەندی زانست بە زانستی سروشتی، باسی ئازادی ئیرادە {یان بژاردە} و قەدەرگەرێتی {یان زۆرەملێیی}ە. لەنوسینێكدا بەناوی (گومان هەڵنەگری مێژوویی)، بێرلین پەلاماری قەدەرگەرێتی و گومان هەڵنەگری دەدات. (قەدەرگەرێتی {یان زۆرەملێیی} بریتییە لەو روانگەیە، كە مرۆڤەكان ئازادی ئیرادە {یان بژاردە}یان نییە، هێزەكانی دەرەوەی كۆنترۆڵییان، كارەكان، تەنانەت بیروڕاكانیان پێشتر هۆكار دەبن. مسۆگەربوونی مێژوویی بەو مانایەیە، كە هەر ئەوەی لەمێژوودا روودەدات بێگومان پێویستە رووبدات، مێژوو بەدوای رەوتێكی تایبەتی دەكەوێت، كە نەگۆڕە و تەنیا دەكرێت بە پێی یاسای باڵادەست بەسەر رەوتی وەرچەرخانی مێژوو، ئەو رەوتە ئاشكرا بكات، تێیبگات و وەسفی بكات.)

بێرلین ناڵێت قەدەرگەرێتی {یان زۆرەملێیی} درۆیـە، بەڵکو دەڵێت قبوڵکردنی، پێویستی بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی زمان و ئەو چەمکانەیە، کە ئێمە لە رامانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەکاریدەهێنین، بەتایبەت پێویستی بە لەبەرچاونەگرتنی گومانی بەرپرسیەتی ئەخلاقی تاکە. کاتێك تاکێك وەسف یان سەرزەنشتدەکەین، گریمانە لەسەر ئەوەیە، کە ئەوان جڵەوی کاری خۆیان بەدەستەوەیە و دەیانتوانی بەجۆرێکی دیکە رەفتاربکەن. ئەگەر هێزی نەگۆڕ تێکڕای رەفتاری تاکەکان بنەهۆی، سەرزەنشت، یان وەسفییان بۆ کارەکانیان هەمانهێندە بێمانایە، کە کەسێك چونکە نەخۆشە لۆمەی بکەین، یان وەسفی بکەین، چونکە پەیڕەوی لە یاسا گرانەکان دەکـات. بێرلین بڕوایوایە، کە پەسندکردنی قەدەرگەرێتی {یان زۆرەملێیی} - واتە بە یەکجاری وازهێنانە لەچەمکی ئازادی ئیرادە {یان بژاردە} لە مرۆڤدا - بە لێکهەڵوەشانی هەر چالاکییەکی عەقڵانی مانادار، پەلدەکێشێتە شێوازێك کە پێمان نامۆ نییە.

هەروەها بێرلین پێداگرانە دەڵێت، بڕوابوون بەمسۆگەربوونی مێژوویی، لەپێویستییە دەروونیەکان سەرچاوەدەگرێت، کاری واقیع پێویستییان بە رازیبوون بە ئەو نییە. پێیوایە مسۆگەربوونی مێژوویی، ئاکامی ئەخلاقی و سیاسی ترسناکی هەیە، چونکە دەرد و ئازار (دۆڕاوەکـان)، مێژوو ئاڕاستە نیشاندەدات و ڕێزگرتنیان لەق دەکات. باوەڕبوون بە قەدەرگەرێتی {یان زۆرەملێیی}، بیانوویەك بۆ راکردن لەبەرپرسیەت و لۆمەکردن، بیانوو بۆ ئەنجامدانی کارەساتەکان، پەڵپ و بیانوی حەتمی، یان عەقڵ دەبێت، بەڵگەیە هەم بۆ کاری قێزەون و هەم بۆ بێکاری. جەختکردنەوەی بێرلین لە ئازادی ئیرادە، پەیوەندی نزیکی بە باوەڕبوونی بە لیبراڵیزم و فرەجۆری بەهاکانەوە هەیە، کە پشت بەستن بە گرنگی و حەتمی هەڵبژاردنی تاکە.

## مێژووی ڕەوتی هزرەکان

جەختکردنەوەی بێرلین لەماهیەتی گۆڕانکاری ئافراندن و نەجاتدانی فەلسەفە، سەرنجی بۆ ئاکامی بەکردەوەی هزرەکان لە دروستکردنی گۆڕانکاری خولاوە لە ئاگایی ئەخلاقی و سیاسی خەڵك، پاشان بۆ مێژووی ڕەوتی هزرەکان ڕاکێشا. لە لایەکی دیکەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ناکۆکی سەردەم، بێرلین بە گشتی لە مێژووی هزری سەردەمی نوێ و ڕەگی هەندێك لە هزرەکان بە تایبەت گرنگ، گەیشت و کارەکەی لە ڕێنیسانسەوە دەست پێکرد. پەیوەندی نێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ڕەگەکانی ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم، شۆڕش بەسەر ئەقڵخوازی دوای بەرایی سەدەی نۆزدەیەم، هەوراز و نشێوەکانی چەمکی ئازادی هەموویان لەو هزرە بنەڕەتیانە بوون، کە بێرلین لە بەرهەمە فەلسەفیەکانیدا شرۆڤەیکردووە.

گەشبینی کۆمەڵێك بیرمەندانی ئەو سەردەمە، هۆکاری گرژی گۆڕەپانی هزری ڕۆشنگەری بوو بۆ سروشتی مرۆڤ و باوەڕ بەو بنەمایە، کە هەر گیروگرفتێکی ناسین و ئەخلاقی مرۆڤ بە ئاشکراکردن و بە کارهێنانی میتۆدی شایستەی عەقڵی لەسەر بنەمای زانستە سروشتییەکان، بەتایبەت فیزیك، چارەسەربوونە، و، بەمەش، ناکۆکی و دژایەتیش وەك هەڵەکاری، سەرچاوەگرتو لە نەزانی، یان بەرهەمی تەفرەدان و ستەمکاری چاوگی گەندەڵی دەسەڵات و بە تایبەت کڵێسایە.

بە بڕوای بێرلین، قوتابخانە هزریەکان، کە کەمێك دوای شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، بە تایبەت لەئەڵمانی، دەرکەوتن و لوتکەیان گرت، بەتوندی بەگژ ڕێنیسانسدا چوونەوە. بە تایبەت سەرنجی لەسەر جوڵانەوەی ڕۆمانتیزم لە ئەڵمانیا هەبوو، بەڵام لایەنگرانی ڕاپەڕینی فراوانتریی، کە ناویاندەنا (دژە ڕۆشنگەری)، لەبەرچاوبوو. هەندێکجار بە پەلاماری ناسیۆنالیست و

کۆنەپەرستان بۆ لیبراڵیزمی گەشبینانەی ڕۆشنگەری رادەگەیشت، جاروبارەش بە ئاوڕدانەوەی تامەزرۆیانەی فرەچەشنی، بەهاکان لە قۆرخکاری کولتوری و ئەخلاقی، هەندێکجاریش بە رەخنەکانی سروشتخوازان و زانست پەرستانی بیرمەندانێك، کە هۆگری مێژوو تەوەری بوون و کۆمەڵگەیان بە دینامیزم و بەرئەنجامی رووداوە پێشبینی نەکراوەکانی مێژوو زانیوە، نەك سەربە یاسا سروشتییەکان.

بێرلین هەم لایەنگر و هەم بە سودمەند لەرۆشنگەری زانراوە، بەڵام هیچ یەك لەم دوو روانگەیە، مافی رای ئاڵۆزیی جێبەجێ ناکات. بێرلین ستایشی زۆربەی بیرمەندانی رۆشنگەری دەکرد، بە راشکاوی خۆی سەر بە ریزی ئەوان دەناساند، باوەڕیوابوو کە زۆربەی دەستکەوتەکانیان لەپێگەی پەیڕەوانی قوتابخانەی ئەزموونی بووە، بەڵام هاوکات پێیوابوو کە هەندێك لەراکانیان لەبارەی گرنگترین بابەتەکانی کۆمەڵگە، ئەخلاق و سیاسەت ناڕاست و لەبواری دەروونناسی و مێژووەوە، رواڵەتی بووە.

لە لایەکی دیکەوە، بێرلین پێیوابوو، هەندێکجار دوژمنانی رۆشنگەری، تەنانەت زیاتر لەلایەنگرانی مەترسی خوڵقێن و ترسابوون. بیروباوەڕی ئەودیو سروشتی ئەوان، بەتایبەت فەلسەفەی مێژووی هیگڵ و جێگرەوانی، لە روانگەیەوە گوماناوی بوون. بێرلین هەندێك بۆچوونی رۆمانتیکەکانی بۆ ئازادی پەسنددەکرد، بەڵام کاریگەری تێکڕایی ئەوان لەڕەوتی وەرچەخانی چەمکی ئـازادی بە گشتی، بەلەخشتەبەر ئەژماردەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، پێیوابوو نەیارانی رۆشنگەری ئاوڕیان لەزۆر راستی گرنگ داوەتەوە و لەچاوی لایەنگرانییەوە خافڵ نەبووە، بە کورتی (لـەڕووی نەرێنی) توانای هۆکارە ناعەقڵیەکان، بەتایبەت هەستە تێکدەرەکان، لەکاری مرۆڤایەتی، (لەڕووی ئەرێنی) بەهای خودی فرەچەشن و زۆرینە، سەروەریەکانی وەك راستی،

دروستی، بنەمای توانای بڕیار و هەڵبژاردنی تاك، لەڕوانگەی سروشت و کەرامەتی مرۆڤ. رۆمانتیزم زانستی سەرکێشی بەسەر سیستمی سنوردارکەر، کە عەقڵ بەسەر مرۆڤدا دەیسەپاند، داکۆکی لە ئیرادەی مرۆڤ دەکرد. بێرلین هاوڕابوو لەمەدا، بەڵام لەو باوەڕەدابوو، کە رۆمانتیکەکان، چ لەدژایەتی و چ لەهاوڕایی، زێدەڕەویان کردووە و بەردەوام پابەندی ئەم ئامانجەبوو، کە دەبێت لە جیهان بگات تا بتوانێت (تێیدا و لەبارەیەوە عەقڵانی رەفتاربکات.)

## ئەخلاق و فرەچەشنی بەهاکان

یەکێك لە رەهەندە تەوەرییەکانی هزری بێرلین، تیۆری فرەچەشنی بەهاکان {یان زۆرینەخوازی بەهایی}ە، کە لە هەموان زیاتر جێی هزر و شوێنی باس و پیاهەڵدان و مشتومڕ بووە، بەڵام فرەجۆری بەهاکان، بەشێکە لەتێفکرینی ئەخلاقی بێرلین، کە لەپێناسەیدا دەڵێت: (لێکۆڵینەوەی سیستماتیکی پەیوەندیی مرۆڤەکان پێکەوە، بۆچوون، پەیوەندیی و ئامانجەکانی، کە رەفتاری مرۆڤەکان بەیەکەوە سەرچاوەیان لێدەگرێت، سیستمە بەهاییەکان، کە ئامانجەکانی ژیان لەسەر بنەمایەتی {...}و باوەڕەکان دەربارەی چۆنیەتی ژیانی، پیاوان و ژنان دەبێت چۆن بن و چۆن کاربکەن.)

چەمکی بەها، بناغەی تێفکرینی ئەخلاقی بێرلینە. بەهاکان، بە بڕوای ئەو، شتگەلێك نین، کە پێشتر لەدنیادا هەبن و مرۆڤەکان توانیویانە (بیاندۆزنەوە). مرۆڤ بەهاکان بە پێی تایبەتمەندییە نەگۆڕەکانی سروشتی مرۆڤایەتی، بە بەڵگەی گرنگ و پێویستی بۆ خۆی (دەیئەفرێنێت). ئازادی گرنگترین بەهایە، کە سەرچاوە لەزەرورەتی قوڵی مرۆڤ بۆ ئازادی بیرکردنەوە، توێژینەوە و داهێنان دەگرێت و زەوتکردنی بەمانای رەتکردنەوەی سروشتی مرۆڤایەتییە و نائاکامی قەرەبوو نەکراوەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئایا سروشتی مرۆڤ یەکسەر

نەگۆڕە، یان بەرهەمی کرداری خودئاگاو ناخودئاگاو بە درێژایی کات؟ بێرلین چەمکی خودی تەواو نەگۆڕی مرۆڤایەتی گوماناوی ئەژماردەکات، بەڵام بە هەندێك سنور رازییە. زۆرێك لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ سەربە جیاوازی تاکی، یان کولتورین، بەڵام ئەو فرەجۆر و جیاوازییە، تایبەتە بە سنورێك. دەکرێت لەپێگەی لێکچواندن بوترێت، کە سەروفیسالّی تاکەکانی مرۆیی گەرچی زۆر جیاوازن، بەڵام لەهەموان بیچمی مرۆیی و شایانی جیاکردنەوە لەگیانداران دەبینرێت، کەوایە سەرەڕای هەموو جیاوازییە کولتوریەکان، وەك نموونە ئازادی بەهایی (بابەتی)یە، نەك (زەینی)، چونکە لەسروشتی مرۆڤایەتیدا بە پێی هەندێك واقیعیەتی بابەتی لای هەموان بە کاری چاکە و خوازراو دادەنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، راستە کە لەنێوان بەهای چاك و خوازراویشدا لێکدژی رودەدات، لێرەدایە کە تیۆری فرەجۆری بەهاکان دەخرێتەڕوو. بێرلین ئەو تیۆرە بەشێوازێکی نەرێنی و لەڕووبەڕوبوونەوە بە (مۆنیزم) یان (هەڵەکاری ئیۆنیایی - بۆ فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنانی سەدەی شەشەم دەگەڕێتەوە) یان (ئایدیالی ئەفلاتونی)، دەریدەبڕێت. بە کورتی پێناسەی بۆ مۆنیزم بەمشێوەیە:

1. پێویستە هەموو پرسیارێکی راستەقینە، تاکە وەڵامێکی راستی هەبێت، چونکە هەموو وەڵامەکانی دیکە هەڵەن.

2. بۆ دۆزینەوەی وەڵامی راست، بێگومان رێگەیەکی متمانەپێکراو هەیە، کە لەبنەمادا شیاوی زانینە، گەرچی ئێستا نەزانراوبێت.

3. وەڵامە راستەکان، کاتێك بەدەست بێن، لەگەڵ یەکتری گونجاون و یەك لەتێکڕای یەکپارچە پێکدێنن، چونکە هیچ راستییەك شیاو نییە، تەبای راستییەکی دیکەبێت. ئەم بانگەشەیە لەسەر بنەمای ئەوگریمانەیەی ئەودیو سروشتە، کە دنیا کۆمەڵەیەکی هاوڕاو گونجاوە.

بێرلین لەمەعریفەتناسیدا، گریمانەکانی1 و 2، لە فرەچەشنی بەهاکانی

گریمانەی 3 بە بەڵگەی بەهێز ڕەتدەکاتەوە. بە پێی تیۆرەکەی، بەها ڕاستەکان زۆرن و زۆرجار لێکدژ دەبن. بەڵام دژی ئەو مانایە نییە، کە یەکێك لەبەها دژەکان باش سەرودەرە نەکراوە، یان لەوی دیکە گرنگترە. ڕەنگە ئازادی لەگەڵ وەکیەکی، یان سیستمی گشتی؛ بەخشش و ڕەتبوون بۆ دادپەروەری، عیشق بۆ بێلایەنی و ویژدان، زانست لەگەڵ خۆشی، خۆڕسکی لەگەڵ بەرپرسیەتی دژ بن. لێکدژی بەهاکان (بەشی خودی و لێکجیانەکراوەی ژیانی مرۆڤ)ە. (ناتەبایی و پێکدادانی بەهاکان بەشێکە لەماهیەتییان و خودی ئێمەیە.) جیهانێك، کە ئەو لێکدژیانە بەتێکڕایی تێیدا بەرزببنەوە جیهانێك نییە، کە ئێمە بیناسین یان تێی بگەین. لە لێکدژی ڕابردو، ڕەنگە بەهاکان پێکەوە بەراورد نەکرێن و پێوەری هاوبەشییان نەبێت. لەجیهانێکدا، کە ئێمە بە ئەزموونی ڕۆژانە دەیناسین، گەیشتن بەهەندێك ئامانج، پێویستی بەقوربانی ئامانجەکانی دیکەیە. وێنای کامڵ و لەڕەگەوە هەڵکێشانی لێکدژییەکان، وێنایەکی باتڵە. دورخستنەوە یان وەلانانی لێکدژی بەهاکان، پێویستی بە ئاڵوگۆڕ و سەرئەنجام وازهێنان لە بەهاکان دەبێت.

پەیکەری زۆرینەخوازی بەهایی بێرلین لەسەر بیروباوەڕ، دوانەیی لیبراڵیزم و مرۆڤخوازییە. یەکەم پێشینەی ئەخلاقی خۆدزینەوەیە لەزیان بە مرۆڤەکان و ئەوەندەی بتوانین، دورکەوتنەوە لە بارودۆخی نائومێدکەر و ترسناك، بڕیاری توندی لێدەکەوێتەوە. باوەڕ بە فرەیی بەهاکان مانایەکی وادەدات، کە لەزۆرلاوە هیچ وەڵامێکی ڕاست نییە. بێرلین لەسەر ئەو پێگەیە، لەگرنگییەتی ئازادی – یان بەدەستەواژەیەکی وردتر، لەرەتکردنەوەی سنورداری ئازادی، بەمەبەستی سەپاندنی وەڵامە (ڕاست)ەکان – بەڵگەدێنێتەوە. فرەیی و لێکدژی بەهاکان، هەروەها جیاوازی فێربوونی تاك لەڕووی سروشت، کردە و کەسێتی، هەروەها بێرلین وادەزانێت، بەو مانایەیە، کە تاك دەبێت لەبڕیاردان لەوەی دەیەوێت چ بێت و چۆن بژی، کە لایەنیك لە تایبەتمەندی کەسێتییەتی، سەربەخۆبێت.

## هزره سیاسییەکان

1. دیاریکردنی سیاسی و رابەری: دیاریکردن و کاری سیاسی، بە باوەڕی بێرلین، لەسەر بنەمای جۆرێك (هەستی واقعیەت) و سەرچاوەگرتوو لە ئەزموون، تێگەیشتن لە خەڵك، هەستیاری بۆ ناوەند، هەروەها داوەری کەسی لەبارەی راستی و ناڕاستی، گۆڕان و نەگۆڕ، سودمەندی و زیان و شتەکانی لەمجۆرەیە. ئەمجۆرە دیاریکردنە، پێویستی بەبوونی غەریزەی کەسی و هەستی بۆنکردنی بەهێز و رووناکی بلیمەتە. لە قەڵەمڕەوی کاری سیاسیدا، تاڕادەیەك یاسا نییە و هەموو شتێك پەیوەستە بە شارەزایی و کارزانییەوە.

دیاریکردنی سیاسیش وەك لێکۆڵینەوەی مێژوویی، پێویستی بە تێگەیشتنە لەکۆمەڵێك تایبەتی هەرتاکێك، هەر کەشێك، هەر بارودۆخێك یان هەر رووداوێکە، ئەوە نایەتەدی مەگەر بە ( هەستی بۆنکردنی تیژی چ شتێك تەبای چ شتێکە، چ شتێك سەرچاوە لە چ شتێك دەگرێت، چ شتێك چ شتێکی لێدەکەوێتەوە {...} و لەهەر بارودۆخێکی واقیعی، کردە و کاردانەوەی مرۆڤەکان بەهێزی جیای تاکەکان، چ ئەنجامێکی دەبێت.) هێزی لەمجۆرە دیاریکردنە لەهەستی ئەخلاقی بـەدەرە ، ئەگەری ئەوە هەیە، هەم لەسیاسەتکارانی پاك و هەم لەسیاسەتکارانی ناخ بۆگەندا هەبێت، یان لە هیچیاندا نەبێت. هەڵبەتە نابێت گرنگی ئەم هێزە، گیانی لێکۆڵینەوەی زانیستیمان سستبکات، یان بیانویەك بۆ بیرتەسکی بەدەستەوە بدات، بەڵام دەبێت رێ لەوە بگرێت، کە ‌بمانەوێت کاری سیاسی بکەینە شوێنکەوتەی سودوەرگرتن لەبنەمای زانستی و حکومەت ببەینە بازنەی تەکنۆکراسییەوە.

بێرلین دەیویست بەنوسینەکانی لەبارەی دیاریکردنی سیاسی، بەتیۆرسێنانی سیاسی هۆشداری بدات، کە پێ لەبەرەی خۆیان تێنەپەڕێنن. هەڵبەتە گومان لە بەسودی بیرکردنەوەی سیاسی لە قەڵەمڕەوی سیاسەتدا نییە، بەڵام کردەی

سیاسی مەسەلەیەکی کردارییە، کە نابێت و ناتوانێت لەسەربنچینەی تیۆر بینا بکرێت. رێسای یەکسان، نابێت لەهەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی بسەپێنرێن. عەقڵانیەت بەمانای بەکارهێنانی ئەو میتۆدانەیە، کە لە هەموو بوارێکدا سەلمێنراوە، یان پێگەی تایبەت باشتر ئەنجامدەدەن، نەك بەردەوام بەکارهێنانی کۆمەڵێکی یەکسان لە هونەر و رێسادا.

2. ئەخلاقی سیاسی: ئامانجەکان و هۆکارەکان، توندوتیژی. بێرلین هابیروباوەڕان لەگەڵ بیرمەندی شۆڕشگێڕی روسیا، ئەلێکساندەر هرتسن، بـــەردەوام ئیدانەی ئەو هــزرەی دەکــرد، کە رەوایــە مرۆڤەکان لەڕێگەی شتە نامادییەکان و وێنای رووتەڵی بکەنە قوربانی و بەختەوەری، یان بەدبەختی تاکەکان، شوێنکەوتەی روئیای ئایندە گەورەکان بکەین. پێیوایە ئەو هزرە، گەوهەر، پوختەی دەمارگیری، وشك مێشکی و بڕیارێکە بۆ کارە نامرۆڤایەتییەکانی بێهودە و ترسناکە.

بێرلینیش وەك هرتسن لەو باوەڕەدابوو، کە (ئامانجی ژیان خودی ژیانە)، دەبێت هەر ژیانێك و هەر سەردەمێك بە ئامانجی خودی ئەو، نەك هۆیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجی داهاتو، وەربگیردرێت، بەڵکو هۆشداریدەدات، کە داهاتوو پێشبینینەکراوە، ناکرێت ئاکامی هیچ رستەی کارێك بەیەقین لەپێشتر بزانرێت، چونکە رەنگە تێکڕای ئاکام، جگە لەئامانج و نیازی سەرەکی پەکیبکەوێت. ئەنجامگیرییەك، کە بێرلین دەیکات ئەوەیە، کە دەبێت داهاتوبین و میانڕە بێت، چونکە ناکرێت خۆ لە نایەقینی بدزیتەوە، هەرکارێك هەر چەند ورد هەنگاوی بۆبنرێت، بەردەوام لەخۆگری مەترسی ئاکامی کارەساتبار، یان لانی کەم بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەوەیە.

زۆرجار بێرلین مەترسی یۆتۆپیاگەرایی و پێویستی بەکەمێك رەچاوکردنی خێروچاکەی بیردەهێنایەوە. باوەڕی بە فرەیی بەهاکان هەرچەند تائاستێك

ئاماژە بەسازشدەکات لەسیاسەتدا، بەڵام مەترسی هەندێك جۆری سازشیشی بیردەهێنایەوە بەتایبەت سازشێك، کە بەسود وەرگرتن پەلبکێشێتە هۆکارە گوماناویەکان، بۆ گەیشتن بەئامانجی خوازراو. باسکردن لە کێشەی پەیوەندی هۆکار و ئامانج لەهەموو نوسینەکانی بێرلین دا دەبینرێت. لەبەرچاو نەگرتنی وردەکاریەکانی ئەخلاقی هۆکار، بە باوەڕی ئەو، نەك هەر لەڕووی ئەخلاقەوە دزێو، بەڵکو گەمژانەیە، چونکە تەنانەت ئامانجی باش لەوانەیە لە ئەنجامدا، بەکارهێنانی هۆکاری ناعەقڵانی گەندەڵی لێبکەوێتەوە و ناجێگیر بێت. لە لاکەی دیکە، بە هۆی گومان هەڵنەگری ئاکامەکان، زۆرجار کارئەکتەرە سیاسییەکان، ناگەنە ئامانجی تەواو، بەمەش باشترە لەڕێگەی گەیشتن بە ئامانج، زۆر قوربانی وەرنەگرن و قوربانی نەدەن. واقیعخوازانی سیاسی دەڵێن: (بێ شکاندنی چەند هێلکە مریشکێك، ناتوانی هێلکەوڕۆن بکەیت.) بێرلین وەڵامدەداتەوە: (تاکە شتێك، کە دەکرێت لێی دڵنیابیت، واقعیەتی قوربانیەکانە، واتە کەسانێك کە مردون و دەمرن، بەڵام ئایدیالێك، کە لەپێناویدا دەمرن نایەتەدی. هێلکە مریشکەکانمان شکاند و خوگرتن بە شکانیان زیاتر دەبێت، کەچی ئاسەوارێکی هێلکەوڕۆن نابینرێت.)

بێرلین بەتەواوی دژی رەهاگەرایی بوو، جەختیدەکردەوە، کارگەلێك هەن، کە بەئاوارتە قەیراناویترین وەختەکان، هیچ کات قبوڵناکرێن و لەپێش هەمویانەوە، دەستێوەردانی روح و زەینی مرۆڤەکان و پەلکێشکردنی تاکەکانە بۆ گێرەوکێشە و بەدبەختیی تا ئاستی زەوتکردنی مرۆڤایەتییان. بەتایبەت هۆشداریدەدات، کە پێویستە لەتوندوتیژی دووربکەوێتەوە. هەڵبەتە قبوڵی بوو کە هەندێجار توووندوتیژی پێویست و ئاڕاستەیە، بەڵام بیردەهێنرێتەوە، کە توندوتیژی ئاکامی جڵەونەکراو و پێشبینی نەکراوی هەیە و رەنگە جڵەوپساو، وێرانی، نەخۆشی و ئازاری ترسناکی لێبکەوێتەوە و بناغەی ئامانجە باڵاکانی چاوتێبڕین بڕوخێنێت،

هەروەها بێرلین مەترسییەکانی هەڵسەنگاندن، یان هەنگاوەکانی خەفەتهێن و زەوتکردنی تواناو بژاردە، بە مەبەستی چاکسازییەکان، کە رەنگە سەربکێشێتە رق و نەفرەت و بەرگری، جەختدەکاتەوە.

پوختەی ئەخلاقی سیاسی بێرلین لەم رستانەی لەخودی ئەودا هاتووە: (وەرە با بوێرانە دان بە نەزانی و دڕدۆنگی و نایەقینیماندا بنێین. لانی کەم دەتوانین هەوڵبدەین لەپێویستیەکانی خەڵك بگەین، تا بەگوێدان بە یەك بەیەك و تاك تاکییان، بە دیقەت، هاوڕایی، تێگەیشتن، ژیان و پێداویستیەکانیان توانا بدەینە خۆمان، مرۆڤەکان وابناسین، کە هەن. وەرە با هەوڵبدەین چییان دەوێت پێیانبدەین و چەندی دەتوانین ئازادییان بکەین.)

3. چەمکی ئازادی. ناسراوترین کاری تیۆری سیاسی بێرلین جیاوازییە، کە ئەو لەنوسینێکدا بەناوی (دوو چەمکی ئازادی) لەنێوان ئازادی نەرێنی و ئازادی ئەرێنی دەیکات، دەیکات. رەگی ئەم جیاوازییە بۆ کانت، رۆسۆ و بیرمەندی فەرەنسی، بنجامین کنستان، دەگەڕێتەوە، بێرلین پێیوابوو شەڕی ئایدۆلۆژیای رۆژگاری ئێمە بەدەوری تەوەرەکەیدا دەخولێنەوە. بە پێی پێناسەی بێرلین، ئازادی نەرێنی (یان ئازادی لە) بەمانای نەسەپاندنی بەربەست و چوارچێوە لە ناوچەی ئەوانی دیکەدایە، ئازادی ئەرێنی (یان ئازادی بۆ) لە لایەك بەمانای توانا(و نەك تەنیا توانین) بەدواداچون و گەیشتن بە ئامانج، لە لاکەیتر واتە سەربەخۆیی، یان سەربەخۆیی لەبەرامبەر وابەستەیی بە ئەوانی دیکەوە.

بێرلین ئـازادی نەرێنی دەبەستێتەوە بە قوتابخانەی کۆنی لیبراڵیزم، بەشێوەیەك کە لە سەدەی حەڤدە تا بەرایی سەدەی نۆزدەیەم لە بەریتانیا و فەرەنسا دەرکەوت، بەڵام بەگشتی ئەوەی سەرنجی کێشدەکات، ئازادی ئەرێنییە، کە بە بانگەشەی ئەو، هەم چەمکێکی ئاڵۆزە و هەم قوربانی گۆڕانەکانی ناپیرۆز، شوم، بێگومان چەواشە و بە لاڕێدا براوە.

بێرلین چاوگی چەمکی ئازادی ئەرێنی بەو تیۆرانە دەزانێت، کە سەرنجی تایبەتییان لەسەر بێلایەنی، ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی تاك هەبووە. لەم گۆڕەپانەدا ئەو ناوی کەسانێك دەهێنێت وەك: (1)رواقییەکان کە زاڵبوون بە سەر نەفس، وازهێنان لەداوای نەفسی وەك رێگەیەك بۆ دوورکەوتنەوە لەگەندەڵی و بەرگری لەبەرامبەر دەسەڵاتە زاڵەکانی دنیایی ئامۆژگاریان دەکرد؛ (2)رۆسۆ کە دەیوت تەنیا کۆمەڵگەی دادپەروەر کۆمەڵگەیەکە، تاك لەناویدا سەربەخۆیی تاك دەگۆڕێت بۆ سەربەخۆیی گشتی، گوێڕایەڵی لە مەرجەعەکانی حکومەت، یەکسان بەگوێڕایەڵی لەخودێتی بزانێت، (3)کانت کە بە هۆی ئۆتۆنۆمی ئەخلاقی لەفەلسەفەکەیدا، ئازادی و کەرامەتی زەوت نەکراوی مرۆڤ لەوەدایە، کە تاك بەردەوام پەیڕەوی لە یاسایەکی ئەخلاق، کە خۆی بۆ خودێتی داناوە رەفتاربکات و پەیوەست نەبێت. بێرلین گەرچی رای کانت لە زۆرلاوە قبوڵدەکات، بەڵام باوەڕیوایە سەرچاوەی خەتای قوڵن. هەروەك ئایدیالی رەواقییەکان بە ستایشکراو دەزانێت، بەڵام دەڵێت بناغەکەی لەسەر بەکارهێنانی هەڵەی وشەکانە. گەیشتن بە سەربەخۆیی بەهۆی وازهێنان لەو ئارەزوانەی، کە خەڵك بەسەر مرۆڤیدا زاڵدەکەن، رەنگە کەینوبەینی شەریفانە و لەهەندێك بارودۆخ و کەشدا باشترین چارەبێت، کەچی لە راستیدا ئازادی مرۆڤ کەمدەکاتەوە، چونکە چوارچێوەکانی دەروونی و سەرئەنجام دەرەوەیی دێنێتەدی، کە ناهێڵن تاك بە ئازادی رەفتاربکات.

بەڵام لەناو هەموویاندا، بێرلین تیۆری رۆسۆ لەمەڕ ئازادی بەتایبەت ترسناك ئەژماردەکات، چونکە رۆسۆ، ئازادی یەکسان بە سەربەخۆیی و سەربەخۆیی یەکسان بە گوێڕایەڵی لە (ئیرادەی گشتی) دەزانێت، کە سەربەخۆ لەئیرادەی تاك و زۆرجار تەنانەت لەگەڵی ناکۆکە. بێرلین لە دوو رووەوە دژی ئەم رایەیە: یەك، رۆسۆ گریمانە لەسەر بوونی کۆمەڵێکی دەگمەن لە رێوشوێنەکان دەکات،

کە هەر ڕێوشوێنێك بۆ کۆی تاکەکان بەسودە، دوو، ئەوەی تاك لەپێگەی هاوڵاتی دا دەیەوێت جێگەی ویستی ئێستای تاکی ڕاستەقینەی پێبگرێتەوە.

ئەم کارە بەدەست لایەنگرانە ئەڵمانییەکانی کانتەوە، ڕوویەکی دزێوتری بەخۆوەگرت. فیشتە لەسەرەتادا، لیبراڵێکی تاسەر مۆخ تاکخوازبوو، کەچی وردە وردە ڕوانگەی پێشتری ڕەتکردەوە و سەرئەنجام بووە ناسیۆنالیستی گەرموگوڕ و شێتانەی دنیای فاشیزم و نازیزم. لێرەشدا ئەم جوڵانە پێویستی ڕەتبوون بوو لەتاکەوە بۆ کۆ – سەرەئەنجام لەمەڕ فیشتە، پەڕینەوە بۆ نەتەوە یان نەژاد، بە ڕای ئەو، تاك تەنیا لەگەڵ وازهێنان لە داواکارییەکان و بیروباوەڕی تاکی و تلانەوە لە گروپێکی گەورەتردا بە ئازادی دەگات. ئازادی گرفتی زاڵبوون بەسەر خودێتی گەمژە، سەقەت و درۆزنی خود - واتا ئەوەی تاك دەیخاتە بەرچاوی خەڵك، کە هەیە و دەیەوێت – بە مەبەستی بەدیهێنانی خودێتی (ڕاستەقینە) و (واقیعی) لەدنیای (جەوهەر و هەقیقەتی شیاو) یان (نەومەنەکان)ە. ئەم خودێتیی (ڕاستیی) لەگەڵ باڵاترین بەرژەوەندی ڕاستی کەس، چ وەك تاك و چ لەپێگەی ئەندامی گروپ، یان دامەزراوەی گەورەتر، یان بەئایدیال، یان ئەندێشە یان بڕیارەکانی عەقڵ، یەکە. بێرلین سەرچاوەی ئەم چەمکەی ئازادی ڕاپەڕینەکانی تۆتالیتاری سەدەی بیستەم، گشتیتر لە کۆمۆنیزم، فاشیزم و نازیزم، دەزانێت کە بانگەشەیان کردووە، کاتێك خەڵك گوێڕایەڵی بنەما باشترەکان، یان گروپی گەورەتر بکەن – یان زۆرجار بیانکەنە قوربانی – ئازادیان کردوون. ئەوکارە، بە باوەڕی ئەو، گەورەترین پزیسکی سیاسییە. کاتێك بە ناوی ئازادی ئەنجامبدرێت، تەفرەدانێکی ترسناکە.

لەو تێڕوانینەی بێرلین بۆ دوو چەمکی ئازادی و ئامانجەکانی بابەتەکەی، زۆرجار لەوبوارەدا لێکدانەوەی خراپییان بۆ کراوە. بێرلینیان بە دوژمنی باب کوشتەی ئازادی ئەرێنی ناساندووە، بەڵام یەکجێ وانەبوو. هەم ئازادی نەرێنی

و هەم ئازادی ئەرێنی لە روانگەیەوە بەهای راستەقینە بوون، کە لەوانەیە هەندێکجار لێکدژبن، کەچی لەلای لایەنەکانی دیکە، ئەگەری متوربەکردنی یەکترییان هەبوو، تەنانەت وابەستە بە یەکتربن. ئەوەی بێرلین رەخنەی لێدەگرت سودوەرگرتن بوو لە ئازادی ئەرێنی بە شێوەی جیاجیا، بۆ مەبەستی پاساوی زەوتکردن و وازهێنان لەئازادی نەرێنی، هەروەها حەقیقیترین رواڵەتەکانی ئازادی ئەرێنی و خیانەتکردن لە هەردووکیان بوو. ئامانجی پەلاماری بێرلین، نەك ئازادی ئەرێنی بووە لەم روەوە، بەڵکو گریمانەکانی ئەودیو سروشت و دەروونیش بوون، کاتێك لەگەڵ ئازادی ئەرێنی کۆدەبێتەوە، بەگۆڕینی بۆ تاك، یان وێنای گشتی و هاوبەشی، سەردەکێشێتە خودیەتی تاك. بەمەش بناغەی (دوو چەمکی ئازادی) و لیبراڵیزمی بێرلین، نەك لەسەر داکۆکی و لایەنگری لەئازادی نەرێنی لەبەرامبەر ئازادی ئەرێنی، بەڵکو لەسەر لایەنگری تاکخوازی، قوتابخانەی ئەزموونی و فرەیی بەهاکان لەبەرانبەر مەزهەبی گشتی و تێکڕاخوازی و تاك بوون بوو.

4. ئازادی و فرەیی بەهاکان. لە شرۆڤەیەکدا کە بێرلین بەدەستییەوە دەدات، پەیوەندی گشتی نێوان فرەیی بەهاکان و لیبراڵیزم، لەسەر بنەمای تەوەریەتی ئازادی هەڵبژاردن لە هەردولایە. بە پێی بەڵگاندنی ئەو، لێکدژی بەهاکان و ناکۆکی شێوازە جیاجیاکانی ژیان پێویستدەکات، کە خەڵك هەڵبژاردن بکەن – هەڵبژاردنگەلێك کە بە لایەنەوە تابلێی گرنگە و بابەتە بنچینەییەکانی ژیان دەگرێتەوە. خەڵك دەیانەوێت دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەبێت، چونکە توانای هەڵبژاردن، بناغە، بنچینەی ناسنامە و کەرامەتی مرۆڤ لەپێگەی کردەخوازی ئەخلاقییەوەیە.

بۆچی رەوایە توانای هەڵبژاردن لەتاکەکان وەربگرینەوە؟ وەڵامێکی شیاو ئەوەیە، کە رەنگە تاکەکان هەڵبژاردنەکەیان دروستنەبێت و بەمەش پێویستە

زەینیان بەشێوازێك دەستکاریبکرێت، یان ناچاریانبکەیت بەباشی دەگ بدەن، بەڵام بە هۆی هەمجۆری بەهاکان، لەبارەی جیاوازی بەها راستەقینەکان، هەندێکجار هیچ دەنگدانێکی باش و تەواو بە تەنیا بوونی نییە، لەوانەیە چەند رێگەیەك، (بەڵام نەك وەك پێویست، هەموو رێگە گونجاوەکان) لەڕوانگەی بەها و بەرژەوەندی راستەقینەی مرۆڤەکان، وەکیەك سودبەخش بن، هەرچەند لەم کاتەدا هەموو بەهاکان یان بەرژەوەندییەك بە هەمان پلە لە راستی و گرنگی قوربانی، یان پێشێلبکرێن. بە هەمانجۆر هیچ شێوازێکی ئایدیالی ژیان یان هیچ سیمبولێکی هزری، یان رەفتاری بە تەنیایی نییە، کە خەڵك چەندی بۆی دەکرێت دەبێت پەیڕەوی بکات، یان ناچاربکرێن پەیڕەوی بکەن.

کەوایە هەمەجۆری بەهاکان، لە روانگەی بێرلینەوە، وەکـو رستە بەڵگەیەکە هەم بۆ لەرزۆککردنی پاساوی پێشێلکردنی ئازادی هەڵبژاردن، هەم بۆ پشتگیری گرنگی و بەهای توانای هەڵبژاردنی ئازاد، هاوکات، فرەیی بەهاکان گەرچی توخمێکی گرنگی بەڵگاندنی بێرلینە لەبارەی گرنگی ئازادیی، بەڵام لیبراڵیزمەکەشی سەنگ و سوك دەکات و دەبێتە بەربەستی ئەوەی، کە ئەویش وەك زۆربەی لایەنگرانی ئازادی نەرێنی لە سەدەی بیستەم بەدواوە، بێکۆتومەرج ببێتە لایەنگری قوتابخانەی لیبراڵیزمی کلاسیك، ئازادی نەرێنی و ئازادی ئەرێنی هەردووکییان بەهای راستەقینەن و پێویستە هاوسەنگ بکرێن. هەرجۆرە ئازادییەك هەرچۆنێك بێت، بەهایەکە لەزۆربەی بەهاکان، کە رەنگە دژیان بێت و دەبێت هاوسەنگ بکرێن. بێرلین زیاتر لە زۆربەی بیرمەندانی کلاسیك لیبراڵ بەم بابەتە هەستیاربوو، کە لەوانەیە ئازادی راستەقینە بەکردەوە دژی وەکیەکی یان دادپەروەری، یان سیستمی گشتی یان ئاسایش یان لێهاتویی یان کامەرانی راستەقینە بێت. بەمەش باوەڕیوایە پێویستە ئازادی هاوسەنگی بەهاکانی تر و هەندێجار لەبەرامبەریان فیدابێت. لە لیبراڵیزمی بێرلین دا،

تێگەیشتنێك هەم لەڕوانگەی محافزکاری و لەبەرچاوگرتنی خێروچاکە لەبارەی گرنگی پاراستنی هاوسەنگی و یەکسانی نێوان بەها هەمەجۆرەکان، هەم ئاگایی و شارەزایی لەڕوانگەی سۆسیال دیموکراسی لەبارەی پێویستی بەسنوربەندی ئازادی لەهەندێك بابەت، بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی دادپەروەری، وەکیەکی و بەرگرتن لەقوربانی بوونی لاوازەکان بە دەست زاڵمانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بێرلین پێیوایە لانیکەم پاراستنی ئازادی تاك، یەکەم پێشینەی سیاسییە، لەو رووەوە، دەبێت سەربە قوتابخانەی لیبراڵیزم ئەژماربکەیت. بێرلین بۆ سەلماندنی رەوایەتی ئەو بیروباوەڕەدا، پشت بە روانگە و راڤەی ئەزموونی قوتابخانەی (یاسای سروشتی) دەبەستێت، بوونی (مافە سروشتیەکان) لەسەر بنەمای سروشتی دەروونـی، زەینی، جەستەیی مرۆڤە، گۆڕان یان سنوربەندی ژیانی مرۆڤ بە هەندێك لەفۆڕمەکان، رێگەی دەستگەیشتنی ئەو سەردەکێشێت بۆ خواستەکان، ئامانجەکان و ئارەزووە مرۆڤایەتییەکەی. بێبەشکردنی مرۆڤەکان لە هەندێك مافی بنەڕەتی، یەکسان بە زەوتکردنی مرۆڤایەتییان. راستە کە نابێت ئازادی بە تاکە چاکەی کۆمەڵگە دابنرێت و بەردەوام هەژموونی بە سەر بەهاکانی دیکەدا هەبێت، بەڵام بایەخی تایبەت بە هەمەجۆری بەهاکان دەدات، چونکە پێویستە خەڵك ئازادبن و بەها راستەقینەکانی تری مرۆڤایەتی قبوڵبکەن و هەوڵی بەدواداچونیان بدەن. بەمەش دەبێت کۆمەڵگە رەخساندنی ئازادی پێویست بۆی، بە وتەی جۆن ستیوارت میل، هەنگاو (بۆ ئەزمونی ژیان) و هەمیشەییکردنی فرەجۆری و بەزۆرینە گەیاندنی شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاك، لەئەولەویەت دابنێت.

5. ناسیۆنالیزم. بێرلین زاراوەی (ناسیۆنالیزم)ی لە پێگەی ئاماژەدا و بەسەر دوو دیاردەی تەواو لێکجیاو جیاواز لەڕوانگەی ئەخلاقەوە بەکاردەهێنا، کە ئەم بەکارهێنانە هەندێکجار لەبەردەم لێتێکچون و هەڵەدایە: یەك، واتا هەستی

پەیوەندی و ناسنامەی گشتی، کە هێردێر درێژدادڕی لەبارەیەوە کردبوو، دوو، بە مانای هەمان هەست، بە کورتی لەئاستی سۆز و هەڵچون، کە لە ئێرەیی و رق و نائاکامی و شەرمەزارییەوە سەرچاوەدەگرێت و نەخۆش ئاسایە. بێرلین لەگەڵ یەکەمییان هاوڕایە و رەخنەی لەدووەمیان دەگرت، بەڵام پەیوەندی هەردووکیانی دەزانی و لە توانا و کێشکردنی ناسیۆنالیزمیش ئاگاداربوو.

بێرلین جەختدەکات، کە شەڕی رزگاریدەر نیشتمانی لەسەردمی خۆی - کۆتایی1940 و 1950 و 1960 – خەباتێك نەبوو بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی نەرێنی یان ئازادی ئەرێنی، بەڵکو ئارەزوی پەسندکردنی گشتی و پلەو پایەو هەستی ژیان بوو لەناو گروپی خۆی و بە سەربردن لەژێر حکومەتی هاوگروپەکان – هەرچەند بەشێوازی ناخۆش و بێویژدانانە – لەم شەڕەدا رەنگیدەدایەوە. بە بڕوای ئەو، هێردێر ئەو روانگەیەی هەبوو، کە بڵێت بەهرەمەندی، لەهەستی پابەندی و خۆبادان بە ئەندام بوون لە گرووپ، پێویستییەکی بنەڕەتیی مرۆڤایەتییە، رەنگە بێرلین پێویستی نەبێت، ئەو وانەیە لە هێردێر وەربگرێت، چونکە ئەوەی لەسەرەتاوە بە هێردێری بەستەوە، ئاگایی خۆی بوو بەو پێویستییانە. رێك بە ئازاری گێرەوکێشە، وابەستەیی، رواڵەتی بێزارکەر و ئازاردەری حکومەت ئاسایانەبوو. تاکگەرایی و جەختی بێرلین لە ئازادی، بەومەرجەی لە پێویستیی مرۆڤ بە هەستی ئینتما بۆ کۆمەڵگات، ئەو ئاگاییە ئەگەر نەڵێین بەرئەنجامی ئەزمونی خودی خۆی، لە هەڵوەدایی نیشتمان بوو، لانی کەم قوڵتر ببوو.

6.ئەنجام: بەرهەمەکانی بێرلین، هــەروەك چەقی سەرنجی زۆربەی بیرمەندان و شرۆڤەی جیاجیایە. دەربــارەی نوسەرێکی وەها، کە رەوان و بێگرێوگۆڵ دەینوسی و خۆی لەنوسینی ئاڵۆز و پەنهانکاری بەدوردەگرت، جیاوازی راڤەکان لە لایەك هۆکاری سەرسوڕمانە، بەڵام لە لایەکەی دیکەوە

بە سەرنجدان لەئاڵۆزی روانگەکان، فرە رووی نوسینەکان و تاکە پێگەی لەناو رۆشنبیرانی سەردەمی خۆی سەیر نییە. دوا خەسڵەت نەك تەنها هەڵسەنگاندنی بێرلین، بەڵکو دیاریکردنی پێگەکەی لە مێژووی رەوتی هزرەکان زەحمەت دەکات. بێرلین، هەم بیرمەندێکی جۆری و هەم تۆرەڤانی ناجۆری سەردەمی خۆی بوو، هەم لەپێشەوەی سەردەم و هەم کۆن دەهاتە بەرچاو.

بێرلین بە گەنجی پەیڕەوی فەلسەفەی جیهانی ئینگلیزی زمان بوو، بەقوڵی فەلسەفەی شیکاری بەرەوپێش دەبرد، بەڵام پەیتا پەیتا لەو قوتابخانەیە و نوسین و سەرقاڵیەکانی داهاتوی دنیایەك لەفەلسەفەی ئینگلیز و ئەمەریکا دوورکەوتەوە. لە لایەکەی دیکەوە، سەرەڕای فراوانی پەیوەندی کولتوری، مێژوویی و مژوڵی مەسەلە ئەخلاقی و هونەرییەکان، سەرباری کاریگەری کانت و لایەنگرەکانی، لەجیهانی فەلسەفی باقی کیشوەری ئەوروپا، {جگە لە بەریتانیا}، بێرلین جێگەی نابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پەسندکردنی وتەکەی بێرلین، کە دەیوت «یەکسەر وازی لەقەڵەمڕەوی فەلسەفە هێناوە»، راست دەرناچێت. هەم هاوڕایی، کاری پیشەیی فەلسەفە لەزەینیدا بەدیهاتبوو، هەم هۆگری بۆ پێکەوە بەستنەوەی بابەتی سیاسی، مێژوویی، کولتوری بۆپرسیارە قوڵەکانی مەعریفەتناسی و ئەخلاقی، کارەکانی لەچاو مێژوونوسان و (رۆشنبیرانی کۆمەڵایەتی) ئەو سەردەمە نایابتر دەکرد.

بێرلین لەزۆربەی تەمەنیدا، رۆشنبیرێکی تەنیابوو: لەناوەندی ئەکادیمیدا سەرگەرمی توێژینەوەبوو لە مێژووی هزرەکان، لەگەڵ ئەوەی لایەنگری نەبوو، لایەنگر و داکۆکیکاری لیبراڵیزم لە رۆژگارێك، کە توندڕەوی ئایدۆلۆژیا بە سەریدا زاڵبوو، بەڵام زۆربەیان بە هاوبەشی داکۆکییان لەمیانڕەوی و لایەنگری لیبراڵیزمییان دەکرد، لەوانە ریمۆن ئارون، دانیاڵ بێل، نۆربرتۆ بۆبیۆ، مایکڵ ئۆکشات، کارڵ پۆپەر و ئارتۆر شلزینگەر (کوڕ) و درێژەیان بەم رێگەیەدا. بێرلین

له رۆشنبیری دا، بەردەوام داهاتووبین بوو. پێش جۆن راوڵز (کە بەگەنجی لەئێکسفۆرد دەرسی لاخوێندبوو) لە ئەنجامدا سەرنجی فەلسەفەی سیاسی و بەرگری لە لیبراڵیزم بەتیۆرەکانی ئەو دەدرا و سەرقاڵی مەسەلەی کولتور و مژدەی داهاتویەك دەدات، کە ناسنامە و پابەندی بەگروپ، دەبێتە تەوەری تیۆری سیاسی. بێرلین لەو سەردەمەدا بە پێچەوانەی تیۆرسێنانی لیبراڵ، لەگەڵ هەست و پێویستی پەیوەند بە ناسیۆنالیزم، هاوڕایی نیشاندەدات. ئەو کارە پێشتر لەزیندوکردنەوەی (لیبراڵ ناسیۆنالیزم) لەبەرهەمی بیرمەندانی گەنجتری وەك مایکڵ واڵتسەر، دیڤید میلەر و مایکڵ ئیگناتیڤ بابەت بوو. دژایەتی بێرلین لەگەڵ تاك و گەڕان بەدوای یەقینی، هەندێك نەیارانی بنەماگەرایی، وەك ریچارد رورتی لێ نزیککردەوە، بەڵام لەنێوان کارەکانی بێرلین و جوڵانەوەی رۆشنبیری، یان پڕۆژەکانی وەك پۆست مۆدێرنیزم یان زۆرینەخوازی کولتوری، کە زێدەڕۆیی و ئاڵۆزیەکانیان لەزەینیدا، لەکۆتایی تەمەنی پرسیار و گومانی دەورووژانــد، ناتوانرێت بەئاسانی هاوشێوەیی بەدیبێنی. لەناخی کەسێتی و هزری بێرلیندا، شەوقی ژیان و عیشقی زۆرچالاك بۆ مرۆڤەکان هەبوو. هزرەکانیشی وەك نوسینەکانی، لەپارچە پارچەی رەنگی توند، سێبەری روونی ناسك دروستبووە، بەمەش گوشینی و گەیشتن بەئەنجامی سادە لەبارەیەوە ئاسان نییە، بەڵام بەردەوام لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی بێرلین بە زەینێکی کراوە، بێگومان بێ پاداشت نابێت.

## پێشەکی

بەنیازم لەڕای شەش بیرمەند بکۆڵمەوە، بە تایبەت ئەوانەی کەمێك پێش، یان لەدوای شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بە ناوبانگ و بەرچاوبوون. هەمیشە پرسیاری بابەتەکانیان پرسی فەلسەفەی سیاسی بوو، کە فەلسەفەی سیاسی بە لقێك لە ئەخلاق دابنرێت، هەروەها لەبابەتەکانی فەلسەفەی ئەخلاقی ئەژماردەکران. فەلسەفەی سیاسی و فەلسەفەی ئەخلاق دوو بابەتی زۆر فراوانن، لێرەدا نامەوێت ماهیەتی بوونیان شیبکەمەوە. هەرئەوەندە دەڵێم، لەڕوانگەی ئامانجەکانمانەوە، رەنگە بە کەمێك زێدەڕۆیی و سادەکردن، ئەو پرسیارانە تەنیا بۆ پرسیارێك بگەڕێنەوە و پرسی: (بۆچی دەبێت تاك پەیڕەوی لە تاکەکانی دیکە بکات؟ بۆچی دەبێت هەر تاکێك بەتەنیا لەهەموو تاکەکان، یان گروپەکان، یان پەیڕەوی لەکۆمەڵێك لە تاکەکانی دیکە بکات؟) بخەمەبەرباس. بێگومان زۆر پرسیاری تری لەمجۆرانە: (خەڵك لەچ بارودۆخێك پەیڕەویدەکەن؟) و (کەی کۆتایی بەپەیڕەویکردن دێنن؟)، هەروەها بێجگە لەپەیڕەوکردن، پرسیارەکانی دەربارەی ئەوەی، کە مەبەست لەدەوڵەت، لە کۆمەڵگە، لەتاك، لەیاساکان، نموونەیان چییە؟، بەڵام لەڕووی ئامانجەکانی فەلسەفەی سیاسییەوە، بە جیاکردنەوەی لە زانستی تاریفکردنی سیاسەت یان سۆسیۆلۆژی، پێموایە پرسیاری تەوەری ئەوەیە: (بۆچی لە ئەزەلەوە دەبێت یەکێك پەیڕەوی لە ئەوی دیکە بکات؟)

ئەو بیرمەندانەش، کە سەروکارم لەگەڵییان هەیە: (هێلڤتیۆس، رۆسۆ، فیشتە، هیگڵ، سانسیمۆن، دومیستەر) سەردەمێك نە زۆر دوور لەیەکتری، باسی ئەو پرسیارانە دەکەن. هێلڤتیۆس لە 1771 مرد و هیگڵ لە 1831، بەمەش قۆناغی ناوبراو لەنیو سەدە درێژتر نییە، هەروەها ئەو شەش کەسە هەندێك خەسڵەتی هاوبەشییان هەیە و هەڵسەنگاندنیان لەو روانگەیەشەوە

جێگەی سەرنجە، هەموویان لە رۆژگارێکدا هاتونەتە دنیاوە، کە دەکرێت وەك بەرەبەیانی قۆناغی خۆمان باسیبکەیت نازانم چۆن وەسفی ئەو قۆناغە بکەم – زۆرجار وەك قۆناغی دیموکراسی لیبراڵ، یان دەرکەوتن و زاڵبوونی چینی مام ناوەند ناویدێنن. ئەوان سەرەتای قۆناغێك هاتنەدنیاوە، کە رەنگە ئێمە لەکۆتاییەکەیدا بژین، بەڵام چاوپۆشین لەوەی، کە ئەو قۆناغە بە وتەی هەندێك کەس، بەرەو کۆتایی بێت، یان نا، بێگومان ئەم شەش کەسە یەکەم بیرمەندانێك بوون، کە راستەوخۆ بەزمانێکی ئاشنا بۆمان دەدوان. گومانی تێدانییە، پێش ئەوانیش بیرمەندانی سیاسی گەورە هەبوون، کە لەوانەیە لەڕووی نوێگەریەوە لەسەروو ئەمانەوە بووبن. ئەفلاتون و ئەرستۆ، سیسیرۆن و قەشە ئۆگۆستینۆس، دانتی و ماکیاڤیلی، گرۆتیۆس و هوکر، هۆبز و لۆك باسی ئەو هزرانەیان کرد، کە لە هەندێکلاوە لەهزری بیرمەندانی بابەتی باسەکەم قوڵتر، نوێتر، بوێرانەتر و کارتێکەرتر بوون، بەڵام مێژوو مەودای لەنێوان ئێمەو ئەو بیرمەندانە داناوە و خوێندنەوەیان بۆ ئێمە بەسەریەکەوە ئاسان و ئاشنا نییە، هەموویان بە جۆرێك پێویستییان بە وەرگێڕانە بۆ زمانەکەمان. بێشك، دەبینین چۆن پێشتر هزرەکانمان لەهزری ئەو بیرمەندانە بەدەستهاتون، بەڵام کتومتییان نین، پێموایە، لێرەدا هێشتا شەش بیرمەندی ناوبراو، راستەوخۆ بە زمانی راهاتو دەماندوێنن. کاتێك هێلڤتیۆس نەزانی، یان بێویژدانی یان زوڵم یان بیر تاریك بەتوندی ئیدانە دەکات، کاتێك کە رۆسۆ بەتوندی و شەڕانگێزانە دژی ئەدەب، زانست، هونەر، خوێندەواران قسە دەکات و لەبارەی رۆحی پاك و رتوشنەکراوی مرۆڤێك دەدوێت (یان وادەزانێت، قسەدەکات)، کاتێك فیشتە و هیگڵ لەتێکرای رێکخراوی گەورە، لە دامەزراوەی نیشتمانی کە خۆیان سەربەون، بەرز دەنرخێن، دەربارەی لەخۆبوردەیی، پەیام، ئەرکی نیشتمانی و شادمانی زیادەی یەکییان سەردانی خۆی بۆ ئەوانی دی لەبەجێگەیاندنی ئەرکی

هاوبەش بە باشی شیدەکەنەوە، کاتێك کە سان سیمۆن باسی کۆمەڵگەی گەورە و نێوان خۆشی بەرهەمهێنەرانی داهاتو دەکات، کە کرێکاران و سەرمایەدارانی ناوی، لەسیستەمێکی عەقڵانی و یەکپارچەدا، وادە و بەڵێنی یەکبوون بە یەکدی دەدەن، سەرئەنجام هەموو خراپە و نەخۆشییە ئابورییەکان، بە تێکڕای ئازارەکانمان هەتا هەتایە کۆتاییان دێت، ئاقیبەت کاتێك دومیستەر ئەم وێنا بەسامە دیاری دەکات، کە ژیانی ناوی، شەڕی نەبڕاوەی نێوان گیانەوەران، گژوگیایە، مرۆڤ و کەمپەکانی نوقمی خوێن وێنادەکرێت، کە مرۆڤی بوودەڵە، لاواز و ناکەسبەچەی ناوی بـەردەوام یەکتری لەناودەبەن، مەگەر بکەونە ژێر فشاری توندترین و ناخۆشترین دیسپلینەکان، هەندێجار لەخۆبەزلزانیان کەمدەکەنەوە، تا بەدەرد و ئازاری زۆرەوە، لەپێناو ڕێگەی ئامانج بمرن – کاتێك کە ئەم هزرانە دەردەبڕدرێن، گوایە ئێمە و سەردەمی ئێمە دەکەنە بەردانگ. ئەوە خاڵی جێسەرنجی زەینمانە. گەرچی هەموویان لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دەژیان، پێدەچێت بارودۆخێك بکەنە بابەتی کاریان و تێگەیشتوون و بە ڕوانگەی سەیر وەسفییانکردون، کە زۆرجار زیاتر لە سەدەی 19 تایبەتمەندی سەدەی 20 هەیە. واپێدەچێت قۆناغی ئێمە و سەردەمی ئێمەیان بە داهاتوبینی و لێهاتویی سەرسوڕهێنەر شرۆڤە کردووە، بۆیە شایانی توێژینەوەن.

کە دەڵێم ئەوکەسانە لەو توانا سەرسوڕهێنەرەی پێشبینی بەهەرەمەندن، دەبێت بۆی زیاد بکەین، کە بەمانای تریش لە دەستەی حەقیقەتبین و پەیامهێنانن. بێرتراندراسڵ لەجێیەك وتویەتی (بێرلین وتویەتی راسڵ لەو پێگەیەدا زۆر زیندوتر {لە ئەسڵەکە} دەردەبڕێت)، کە بەخوێندنەوەی تیۆری فەیلەسوفە گەورەکان (جگە لەبیرکاری زانان، یان لۆژیکیەکان، کە پەیوەندییان بەهێماکانەوە هەیە، نەك کاری واقیعی ئەزمونی، یان تایبەتمەندییەکانی

مرۆڤایەتی)، خاڵێکی گرنگ، کە دەبێت بیخەینە مێشکەوە ئەوەیە، کە ئەوان بە دیدێکی تەوەری لە ژیان و لەوەی کە ژیان چییەو دەبێت چ بێت، سەرکەوتوو بوون، هەموو داهێنانە نوێکان، وردەکاری، بیرتیژییەکان، هەندێجار زۆر قوڵ بیرکردنەوەکان، کە لەباسکردنی سیستمی فەلسەفی خودێتی و لایەنگری بەکاردەهێنن، تەواوی دەزگاو کەرەستەی هزری گەورە، کە بە گشتی لەبەرهەمی فەیلەسوفانی مرۆڤایەتیدا دەبینرێت، زۆربەی کات تەنیا گرتنەبەری ڕێوشوێنی دەرەوە، قەڵای ناوەندییە - ئامڕازەکانی شەڕی بۆ بەرەو دواوەبردنی پەلاماردانەکان، ناڕەزایەتییەکانی بە ناڕەزایی، شوێنپێیەکان بەسەر شوێنپێکان و هەوڵ بۆ بەرگرتن و بەتاڵکردنەوەی ڕەخنەی هەبوو، یان گونجاو لە راو تیۆری خودی ئەوان، ئێمە هەرگیز بە تێگەیشتن لەوەی دەیانەوێت بیڵێن سەرکەوتوو نابین، مەگەر دزەبکەینە پشتەوەی دەستەی ئامڕازەکانی شەڕی بەرگری لەخۆکردن و بەو روانگە گونجاوە تەوەری دەروونییە بگەین، کە زۆرجار بەدەر لەدرێژدادڕی، ئاڵۆزی و تێکڕا سادە و هەماهەگ و ئاسان شایانی تێگەیشتنە.

هەر شەش بیرمەندەکەی ئێمە روانگەیەکی وەهایان هەبووە، نەك تەنیا مرید و خوێنەران، بەڵکو بەشێك لەنەیارانی خۆشییان کەمەندکێشکردووە. یەکێك لە رێگەکان، یەکێك بتوانێت ببێتە فەیلەسوفێکی گەورە، رێك هەر ئەوەیە. بە گشتی رەنگە بیرمەندان بۆ دووبـەش دابەشبکەیت. یەکەم: کەسانێك کە پرسیارە کۆنە بەئازارەکانییان بە تێگەیشتن، روانگە و بلیمەتییەك وەڵامداوەتەوە، بەجۆرێك لەمەودوا هەرگیز نیاز وانەبێت پرسیارەکانی ناوبراو لانیکەم بەهەمانشێوەی پێشوو جارێکی دیکە بخرێنەڕوو. بۆ نموونە نیوتن، بیرمەندی لەمجۆرە بوو، چونکە وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی دایەوە، کە خەڵکەکەی حەپەساندبوو، وەڵامی سادە و روون و تابلێی بەهێز و گونجاو. ئەم وتەیە دەربارەی بارکلی و هیوم و بیرمەندانی وەك تۆکویل، کە بەواتای تایبەتی

فەیلەسوف نەبوون، چیرۆکنوسی وەك تۆڵستۆیش راستە. ئەوان کەسانێك بوون، کە پرسیارە کۆن و ئازاربەخشەکانیان، کە چەندین سەدە مرۆڤایەتییان سەرگەردانکردبوو، وەڵامدایەوە، بەجۆرێك وەڵامیاندایەوە، کە هەرچۆنێکبێت بۆ هەندێك لە خەڵك، وەك چارەسەری کۆتایی دەهاتە بەرچاو.

لە لایەکەی دیکەوە، بیرمەندانی تریش هەن، کە گەورەییان لەڕوویەکی دیکەوەیە، بەو مانایەی وەڵامــی ئەو پرسیارانەی پێشتر خراونەتەڕوو نادەنەوە، بەڵکو ماهیەتی خودی پرسیارەکان دەگۆڕن و لەگۆشەنیگایەکەوە، کە پرسیارەکان وەك پرسیار دەبنیران دەیانگۆڕن، زیاتر لەوەی مەسەلەکە چارەسەر بکەن، بەوچەشنە کاریگەری لەسەر کەسانێك، کە قسەی لەگەڵ دەکەن دادەنێن، وادەکەن ئەو کەسانە (کارەکە بەجۆرێکی زۆرجیاواز ببینن)، پاشان ئەوەی مەتەڵ و بابەت بوو، ئیدی باسی نەکرێتەوە، یان هەرچۆنێکبێت ئەوجۆرە بەشێوازی کێشەیەکی بەرنامە بۆدانراو و یەکجێ نەخرێتەڕوو. کاتێك کە مەسەلەکە گۆڕا، ئیدی پێناچێت پێویستی بەچارەسەر بێت. کەسانێك کە لەم رێگەیەوە دێنەناوەوە، لەخودی وتەزاکان یان چوارچێوەیەك، کە بەوگوێرەیە لەکارەکان رادەمێنین، دەستێوەردەدەن و زەوتیدەکەن. ئەوبەشەی زەوتکردن و دەستکاری دەشێ زۆر ترسناك بێت، مرۆڤ هەم بەرەو رووناکی ببات، هەم بەرەو تاریکی. مەبەستم بیرمەندانێکی وەك ئەفلاتون، پاسکاڵ و دایستۆفسکییە، کە بەمانای تایبەت لەبلیمەتی ئاسایی (قوڵ بیرکەرەوەتر) و (قوڵتر) ئەژماردەکرێن، چونکە دزە دەکەنە قوڵاییەکەوە و بەشێوازێك کاریگەری لەسەر خەڵك دادەنێن، کە هەموو روانگەیان لەمەڕ ژیان دەگۆڕێت.

نامەوێت بانگەشە بکەم، کە ئەو شەش بیرمەندە، هەمویان بلیمەت بوون، یان هەموو وەك یەك بلیمەت، بلیمەتی ترسناك بەو مانا ئاوارتەییە، کەڵکوەردەگرن. بناغە و بنچینەی دەستکەوتیان ئەوەبوو، کە کەسانێك کە

پەیڕەوی ڕاکانیان دەکردن و لەژێر کاریگەرییاندا بوون، لەژێرکاریگەری فڵان بەڵگەهێنانەوەی تایبەت نەبوون و پێیانوانەبوو، کە قۆناغێکی دوورودرێژ لەباسە درێژدادڕەکانی بیرمەندان، بەو شەش بیرمەندە کۆتایی دێت، کە تەنیا لەئاڕاستەیەکی دیاریکراو سەروەریان بە سەر پێشبینیەکانیانەوە هەیە، خەڵك کاریگەریان لەو بیرمەندانە وەردەگرت، وەك کەسانێك، کە دەکەونە ژێرکاریگەری ئەوی دیکەوە، چونکە ئەو پێگەیان سەبارەت بەئەوەی پێشتر بوو، دەگۆڕێت و لەپڕ ڕایان لەبارەی کارەکان ئاڵوگۆڕ دەکات، کەوایە لەو ڕووەوەش هەر شەش بیرمەندی ناوبراو، تەواو شایانی دیقەت و لێکۆڵینەوەن.

خەسڵەتی هاوبەش و سەیرتریش لەنێوان ئەو بیرمەندانەدا هەیە، ئەوە کە هەموویان باسی ئازادی مرۆڤ دەکەن، ڕەنگە جگە لە دۆمیستەر بانگەشەیان کردووە، کە لەگەڵی هاوڕان، هەندێك تەنانەت سەرسەختانە داکۆکییان لێکردووە و خۆیان بە حەقیقیترین داکۆکیکاران و ئاڵاهەڵگرانی شتێك دەزانی، کە ناویاندەنا ئازادی ڕاستەقینە (بەجیاکردنەوە لەجۆرەها خاوەن ڕواڵەتی فریودەر یان نیوەچڵی ئازادی)، بەڵام ئەوە سەیرە، کە تیۆرەکانیان سەرئەنجام دژی ئەوەی زۆرتر بە ئازادی تاك یان ئازادی سیاسی دەخوێنرایەوە، سەردەکەوت – واتا ئازادی بە چەمکێك کە وەك نموونە بیرمەندانی لیبراڵی گەورەی ئینگلیز و فەرەنسی ئامۆژگاریان دەکرد، بە چەمکێك کە لۆك، تام پین، ویلهێلم فۆن هۆمبۆلت و بیرمەندانی لیبراڵی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، وەك کۆندەریسە و هاوڕێکانی، دوای شۆڕش، بنجامین کۆنستانت و مادام دی ستاڵ پێیانوابوو، بە چەمکێك کە جەوهەرەکەی جۆن ستیوارت میل دەریبڕیووە، واتا مافی هەرکەسێکە ئازادانە فۆڕم بە ژیانی خۆی بدات، مافی هێنانەئارای هەلومەرجێك، کە مرۆڤ بتوانێت سروشتی خۆی بەئاستی بەرزی فرەیی و دەوڵەمەندی، لەکاتی پێویستیدا، تەنانەت ئەگەر بەکۆنترین شێواز پەروەردە بکات. بەپێی ئەو تیۆرە، تاکە ئاستەنگی بەردەمی ئازادی، پێویستی

بەپاسەوانی هەمان مافەکانی ئەوانی دیکە، یان پاراستنی ئاسایشییانە. بە مەش، بەمەرجێك بەوچەمکە من ئازادم، کە هیچ کەس یان دامەزراوەیەك مەگەر بۆ پاراستن و پاسەوانی خۆم، هەراسانم نەکات.

کەوایە بەوگوێرەیە، هەر شەش بیرمەندەکە، دوژمنایەتییان لەگەڵ ئازادی هەبوو، تیۆرەکانیان لەرووی روونیی راستەوخۆ دژی بوو، لەمرۆڤدا نەك لە سەدەی نۆزدەیەم، بەڵکو بە تایبەتی لە سەدەی بیستەم لەڕووی دژایەتی ئازادیخوازی کاریگەری بە هێزی دانا. رەنگە پێویست بە وتن نەکات، کە ئەوکارە لە سەدەی بیستەم، بووە توندترین کێشە. ئەو پیاوانە لە یەکەمین کەسانێك بوون، کە ئەو کێشەیان دەربڕی، وەك دەربڕینەکەیان بەتایبەت نوێ و بەپاکی زیندو و نەخاسما سادەیە، بە مەش، باشترین رێگەی لێکۆڵینەوە لەکێشەی ناوبراو بە هەمانشێوە پاك و پوخت، پێش ئاڵودەبوونیەتی بەزۆربەی بەرزی و نزمی، باس و جیاوازییە کاتی و خۆماڵییەکانە.

ئێستا گەڕاینەوە بۆ ئەو پرسیارە تەوەرییە، کە هەموو فەیلەسوفە سیاسیەکان، دەبێت درەنگ، یان زوو بیخەنەڕوو، ئەوەی کە: (بۆچی دەبێت کەسێك پەیڕەوی لەکەسێکی دیکە بکات؟) پێش ئەوەی هێلڤتیۆس دەست بە نوسین بکات، ئەم پرسیارە زۆر وەڵامی جیاوازی وەرگرتبۆوە. ئەو لەسەردەمێکدا دەژیا، کە لەکۆتایی سەدەی شازدەیەم و لە سەدەی حەڤدەیەم کەسانی وەك گالیلۆ، دیکارت و کیپلەر، گروپێك ناوداری هۆڵەندیی، کە ناویان ناهێنم و بوونە سەرچاوەی زۆر خزمەتگوزاری ئەم بابەتە، بەڵام توانای دەگمەنیان هێشتا تاڕادەیەك نەناسراوە، لەوبوارانەی کە جێگەی سەرنجی مرۆڤ بوون ، بۆ نمونە لە زانستدا، هەنگاوی گەورەیان نابوو.

بەڵام هیچ یەك لەو پیاوانە نەدەگەیشتە نیوتن، کە سەروەری و پێگەی بەرزی لەکارنامەی مرۆڤایەتیدا بێوێنەبوو. لە راستیدا شەبەنگی ناو و دەستکەوتەکانی،

لەهەموو هاوڕۆژگارانی درەوشاوەتر بوو. هەم شاعیران ستایشیان دەکرد، هەم پەخشان نوسان، کەم تا زۆر وەك بوونەوەرێکی نیوە خودایی، لێیان دەڕوانی. بە گشتی بۆچونەکان وابوون لەسەرانسەری سروشتی مادیدا، وەك پێویست دەرکەوتووە، چونکە نیوتن سەرکەوتوانە توانیویەتی بە چەند فۆرمۆلێکی زۆر کەم و سادە، یاساگەلێك دەربڕێت، کە هەر جوڵەیەك و بابەتێکی گەردیلەی مادی لەدنیادا، بتوانێت لەبنەڕەتدا ئەنجامگیری بکات. هەمو شتێك کە پێشتر بە رێگەی دیکە، هەندێکجار لەسەر بنەمای خواوەندیەت و جارجارە ئەوی دی سروشتی ئاڵۆز، دەرکەوتبوو، سەرئەنجام لەتیشکەکانی زانستی نوێدا دەتلێتەوە. هەمو شتەکان لەگەڵ یەکتردا هاوپەیوەندی بەرانبەرییان هەبوو، هەمووشتێك هاوڕای هەموو شتێکبوو، هەرشتێك ئەگەرهەبوو ئەنجامگیری شتێکی دیکەبێت. هروەك وتمان، ئەوکارە بەپێی یاساکانی زۆر کەم مەیسەر دەبێت، هەرکەسێك کە زەحمەتی فێربوونی بۆخۆی ئاساندەکرد، دەیتوانی دەستەبەریانبکات. بۆ ئەم مەبەستە، کەسێك نە پێویستی بەهێزی تایبەتە، نەڕوانگەی خواوەندیەت و نە بەتواناکانی ئەودیو سروشتەکانی ئەودیو سروشت، تەنیا چاو لەدوای بەڵگەهێنانەوەی روون و دیتنی بێلایەنانە لەکاتی گونجاندا لێکۆڵینەوە لە راستی دیتنەکان، بە هۆی تاقیکردنەوە بووە.

بەڵام لەپانتایی سیاسەتدا، لەگۆڕەپانی ئەخلاق، بنەمایەکی وا هاوڕاکەر، سەرچاوەیەکی وەها و بە بەڵگە، بە رواڵەت دەستپێگەیشتو نەبوو. ئەگەر دەرپرسرێت بۆچی من دەبێت پەیڕەوی لە فەرمانڕەوا یان فەرمانڕەوایانی وڵات بکەم، بۆچی پێویستە لەئەزەلەوە کەسێك پەیڕەوی لەکەسێکی دیکە بکات، فرەیی و فرەچەشنی وەڵامەکان ئاست تێدەپەڕێنن. هەندێك دەیانوت چونکە قسەی خوایە و لەکتێبە ئاسمانییەکان لە سەرچاوەی ئەودیو سروشتەوە هاتووە، یان هەندێکجار بۆتە ئیلهام بۆ کەسانێك، کە مەرجەعیەتییان لەمکارەدا بە هۆی کڵێساوە پشتڕاست دەکرێتەوە، یان رەنگە راستەوخۆ بۆ کەسی ناوبراو،

بە وەحی ئاشکرابووە. یان بە بەڵگەی ئەوەی، کە هەرەمی گەورەی جیهان، بە فەرمانی خوا ڕێکخراوە - و ئەوە هەمانشتبوو، کە لە سەدەی حەڤدەیەم رۆبێرت فلیمەر، یان بۆ نموونە قەشەی پلەباڵای فەرەنسی، بوسونە، دەیوت. دەبێت پەیڕەوی لە پاشا بکەی، چونکە بەفەرمودەی خوا و بەوشێوەی کە دەکرێت هەم بەهێزی عەقڵ، هەم بەتیشکی بڕوا بیبینیت ، سیستمی جیهان ئاوەهایە، فەرمانی خوا رەهاو بێچەندوچوونە، کەسێك کە بۆ ئەوە داوای بەڵگە بکات، کافرە. یان هەندێکی دیکە دەیانوت بەم هۆیە، کە فەرمانڕەوا بۆخۆی، یان بە هۆی کارەکتەرانی خۆی، فەرمانی بە پەیڕەویکردن داوە. هەر چۆنێك فەرمانڕەوا بیەوێت یاسایە، چونکە ئەو وای دەوێت، پاڵنەرەکەی هەرچییەکبێت، نابێت بە هیچ جۆرێك لێبکۆڵرێتەوە. ئەوە هەمان تیۆری پاشایەتی رەهایە. دیسانەوە کۆمەڵەیەکی دیکە دەیانوت، چونکە جیهان ئەفرێنراوە (یان، بە وتەی کەسانێك، هەر هەبووە.) بۆ هێنانەدی نەخشەیەك، یان ئامانجێکی تایبەت. ئەو تیۆرە بە ئەنجامناسی سروشتی ناسراوە، بەوپێیە دنیا بەوشێوازە خواییەیە، کە وردە وردە بیکەنەوە، یان لەوانەیە کردنەوەی خۆی لەخۆیدا تۆمارێکە کە خوا تێیدا ژیاوەتەوە - بە لێکدانەوەیەکی تر، تێکڕای جیهان خۆی لەخۆیدا ئاشکرا دەبێت و دەپشکوێت و لەجێی کشان یان پشکوتنی لەسەرخۆ، نەخشەی بەرجەستەکراوی تەلار، یان ئەندازیاری ئەوە. لەونەخشە گەورەیەدا، هەرشتێك لەدنیادا شوێنێکی دەگمەنی هەیە - واتە جێیەك بەگونجاوی کارابیەکەی و سەرچاوەگرتوو لەپێداویستی نەخشەکە بۆدیتنی ئەو ئەرکە تایبەتە و ژیان بەمشێوەیە تایبەتە - ئەگەر بڕیارە هەمووشتێك لەگەڵ سیستمی تێکڕاییدا بگونجێت. لەم رووەوە هەمووشتێك لەدنیادا بەمشێوەیە کە هەیە، لەشوێنێکە کە هەیە، لەکاتێکدایە کە هەیە و بەشێوازی تایبەتی خۆی کاردەکات. من بۆخۆشم وەهام کە هەم و لەمشوێنەو لەم کاتە و لەم بارودۆخە تایبەتیەدام، بەمەش دەبێت لەشوێنێکی وەها دا و هەر بەمجۆرە، کە هەم و

ڕەفتاردەکەم، ئەرکی خۆم جێبەجێیبکەم. یەکێك لە ئەرکەکانم پەیڕەوی لەو سەرچاوە تایبەتیەی دەسەڵات، وەك بەشێك لەو نەخشە گەورە تێکڕاییەیە. ئەگەر بەم ئەرکە کارنەکەم (بێگومان ڕەنگبێت بە بچوکی بتوانم ئاستەنگ لەبەردەم ئەو نەخشە تێکڕاییە دروستبکەم) و هاوڕایی سیستمی دنیام تێکداوە و ئەوانی دیکە، سەرئەنجام خۆم ناکامکرد و لەکامەرانی بێبەشماوم. ئەگەر سەرپێچی لەنەخشەی تێکڕایی لەئاست تێپەڕێنین، سەرئەنجام چونکە نەخشەکە لەمن بەهێزترە، دەمهاڕێت و دەمکاتە ئاردی نێو دڕوان. هەندێك کەس گۆڕیویانەو وتویانە دەشێت بە ڕەهایی پێوست و مسۆگەر نەبێت، کە کەسێك بێگومان پشکی خۆی لەنەخشەی تێکڕا جێبەجێبکات، چونکە نەخشەکە بۆخۆی بەوچەشنە بڕاوە و تەواو نییە، بەڵام ڕەنگە ئەوە گونجاوترین یان خێردەرەوەترین، یان ئەقڵانیترین میتۆدی گەیشتن بێت بەو، کە لەڕووی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی کەسەوە پێویستە، یان هەرچۆنێك بێت ناهێڵێت ژیان یەکجێ بەرگە نەگیراوبێت. هەڵبەتە نەخشەکە هێشتا هەیە، بەڵام دەتوانی تاڕادەیەك لە دەرەوەیدا بژیت، بەکورتی نە بەو باشی و ئاسودەیی و ڕەزامەندییە، کە دەتتوانی لەگەڵیدا هەڵبکەیت.

ئەوەی وتمان هەرگیز تێکڕای جۆری تیۆرەکانی باسکراوەکان لەخۆناگرێت. هەندێك دەیانوت، کە من سود لە هەندێك مافی لێکجیانەکراوە (وەك مافی ژیان، یان ئازادی، یان خاوەنداریەتی) وەردەگرم، کە سروشت، یان خوا لە کاتی لەدایکبوون بە ئامانەت پێیداوم و لەخودی خۆمە و هەر لێکۆڵەریارێك دەتوانێت دیارییکات. داوای پەیڕەویکردن لە هەندێك کەس بۆ هەندێك شێواز و لە هەندێك کات، هەروەها مافی داوای پەیڕەویکردن لێیان، هەموویان بەرئەنجامی ئەو مافانە دەبێت. دووبارە کەسانی تر هەبوون دەیانوت دەبێت پەیڕەوی لە فلان پاشا، یان حکومەت بکەم، چونکە بەڵێنم داوە. ئەوە هەمان تیۆری پەیمان، یان گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، کە دەڵێت بە پێی بەرژەوەندی

و قازانجی خۆم بەم پەیمانە رازیبووم، چونکە دیتومە بێجگە لەمە، ئەوەندە لەڕێگەی یارمەتی و هاوکاری ئەوانی دییەوە بە دەستیدێنم و دەستەبەریناکەم. لەوانەیە بۆخۆم بەڵێنێکی وا نەدەم و خەڵك لەبری من بەڵێنییانداوە، یان دوورنییە لەبنچینەوە گرێبەستێکی وا هەرگیز لە مێژوودا نەبەستراوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەشێوەیەکی لاوەکی لەشێوازی هەڵسوکەوتمدا هەیە. رەفتارم بەشێوەیەکە، کە گوایە ئەو پەیمانە بەستراوە، هەرچەند قەت نەبەسترابێت، ئەگەر بەپێچەوانەیەوە کاربکەم، وەك ئەوەیە بەڵێنێك کە داومە، یان بەڵێنێك، کە کەسێکی دیکە لەجیاتی من داویەتی، ژێرپێ ناوە، ئەمە دژی یاسای ئەخلاقی وەفاداری بەڵێنییە. دیسانەوە کەسانی تر دەیانوت، کە پەیڕەوی کردنی من بەو بەڵگەیە، کە پـەروەردە و فێرکردن، یان ناوەندی ژیان، یان فشاری کۆمەڵگە (وایلێکردوم لە بەرامبەر دەرکەوتنی دۆخێکدا کاردانەوەم هەبێت)، بەو مەبەستەی پەیڕەوییکەم. دەترسم گەر پەیڕەوی نەکەم، توشی ئاکامەکانی بم. بەهەمانشێواز، دیسانەوە کەسانێکی تر هەبوون، دەیانوت بە پێی فەرمانی شتێکناوی ئیرادەی تێکڕایی، بانگی ناخ یان ویژدان یان شتێك بەناوی هەستی ئەخلاقی کارەکەم، کە لەهەندێك لاوە یەکسانی ئیرادەی گشتی یان جۆری کۆمەڵایەتیەکەیەتی. بێجگەلەمە، هەندێك دەیانوت پەیڕەویم بە هۆی وەڵامدانەوەی داواکاریەکانی گیانی جیهان یان رۆحی جیهان، یان جێبەجێکردنی (پەیامی مێژوویی)، میللەت یان ئایین یان چین یان نەژادی خۆمەوەیە. کۆمەڵەیەکی دیکە دەیانوت پەیڕەویم بەو بەڵگەیەیە، کە رابەرێك لە ژوور سەرمەوەیە و سیحراوی کردوم، یان بە بەڵگەی ئاینییە، کە بۆخێزان یان هاوڕێیان، یان پێشینان، یان داهاتوان، یان نەدار و لێقەوماوان، یان ستەمدیدانە کە لەئەستۆمە، کە بوونم بارمتەی کار و مەینەتییانە و بەردەوام وەها، کە لێم چاوەڕێ دەکرێت کاردەکەم. لەکۆتاییدا وتراوە پەیڕەوی دەکەم، چونکە دەمەوێت و ئارەزوی دەکەم پەیڕەوی بکەم، هەرکاتێك نەمەوێت و ئارەزو

نەکەم، پەیڕەوی ناکەم؛ یان پەیڕەوی دەکەم بەو بەڵگانە، کە سۆزم بۆیان هەیە، بەڵام ناتوانم روونیبکەمەوە.

بەشێك لە وەڵامەکان وەڵامی ئەو پرسیارەیە، کە (بۆچی پەیڕەوی دەکەم؟) بەشێك لەبەردەم ئەو پرسیارە، کە (بۆچی دەبێت پەیڕەوی بکەم؟). ئەم دوو پرسیارە هەڵبەتە دوو پرسیاری لەیەك جیاوازن. جیاوازیەك، کە کانت لەنێوان هەردووکیاندا کردی، دواجار قۆناغێکی نوێ لە مێژووی سەرتاسەری ئەم بابەتەی دەرخست، بەڵام ئەوەی گرنگە تێکڕای بابەتەکەی لە سەدەی هەژدەیەم پەلکێشی هەراو زەناکردبوو. دەوترێت، کە ئەگەر میتۆدی زانستی بتوانێت پلەیەکی سیستمی لە کیمیا، فیزیا، ئەستێرەی فیزیك، ئەستێرە ناسی و هاوشێوەیان بێنێتەدی، بۆچی ئێمە دەبێت بەبێ گچکەترین شت، کە رێنماییمان بێت، نوقمی ئەم بگرەوبەردە ترسناکەی، دژ و لێکدژەکان بین؟ بۆچی دەبێت هەندێك بە شتێك رازی و ئەوانی دی بە پێشلێکردنی رازی بن، بۆچی دەبێت هەندێك پەیڕەوانی بڕوادارو دڵسۆزی ئایین بن و ئەوانی دی لە دیین هەڵگەڕاوە و بوونی خوا رەتبکەنەوە؛ بۆچی دەبێت هەندێك بە ئەودیوی سروشت و ئەوانی دیکە، باوەڕیان بە ویژدانی کەسی خۆیان بێت، بۆچی دەبێت هەندێك باوەڕیان وابێت، کە حەقیقەت لەتاقیگە چنگدەکەوێت و خەڵك لە رابەر یان پێغەمبەری ئیلهام وەرگرت و لە دنیای باڵا وەریبگرن، بە شێوەیەك کە هیچ کەس نەتوانێت سیستمێك بێنێتەدی، کە نیوتن توانی لەقەڵەمڕەوی پانتایی سروشت بیهێنێتەدی؟ لەئەنجامدا، مرۆڤەکان وردە وردە ئارەزوی دیاریکردنی ئەسڵی سادە و تاقانەیان دۆزییەوە، کە رێك سیستمێکی وەها زامن بکات و حەقیقەتەکانی بابەتی و گشتی و روون و بەتاڵنەکراوە بە دەستەوە بدات، وەك ئەوەی لە جیهانی دەرەوە بە دەستهاتبوو.

یەکێك لەوکەسانەی، کە جدیترین هەوڵەکانی لەم رێگەیە خەرج کرد، یەکەم بیرمەند لە بیرمەندانی بابەتی باسەکەی منە، هێلڤتیۆس بوو.

## هێلڤتیۆس

کلود ئەدریان، هێلڤتیۆسی فەرەنسی بەڕەگەز ئەڵمانی، لە 1715 لە دایکبووە. لەبنچینەدا ناوی بنەماڵەکەی شوایتسەر بوو (هێلڤتیۆس) وەرگێڕانی لاتینیەتی، کە هەردوو ناوەکە، واتە سویسرایی، یان خەڵکی سویسرا. باوکی پزیشکی شاژنی فەرەنسا بوو. گەنجێکی دەوڵەمەند و بە توانابوو، لە رێگەی باوکی و پەیوەندییەکانییەوە، سەرنج و پشتیوانی هەندێك لە دیارترین و زیرەکترین پیاوانی ئەو سەردەمە، وەك ڤۆڵتێر و مۆنتیسکۆ و فۆنتێڵی راکێشا. پیشەی کۆکردنەوە و وەبەرهێنان لە داهات و نارێکی ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵات لەکاتی پێدانی مەبلەغێك سەلمێنرا کە دەورێکی زۆر گرنگی لە ئیدارەی کاروباری داهاتی فەرەنسا هەیە و قازانێجێکی زۆری پێبڕا. هێلڤتیۆس پیاوێکی خۆش مەشرەب بوو، زۆر هاوڕێی دڵسۆزی هەبوو لە سەردەمی خۆی، بە یەکێك لە رابەرانی رێنیسانس ناسرا. گرنگترین بەرهەمی کتێبێکە بەناوی (لەبارەی دەروون - کە زۆرجار بە گیان، زەین، نەفس، ئەقڵ، تێگەیشتن، وەرگێڕدراوە)، کە لە ساڵی 1758 بڵاوکرایەوە، بەڵام بەجۆرێك بابەتی بێ باوەڕی و لادان لەدینی توندی تێدابوو، کە کڵێساو حکومەت هەردوو بڕیاری تاوانیان بەسەردا داو {بەپێی نەریتی ئەو سەردەمە} مەئموری فەرمی لەسێدارەدانی، نوسخەکانی سوتاند و هێلڤتیۆس ناچاربوو، سێ کەڕەتی جیا جیا نوسینەکەی وەربگرێتەوە و لەوە دورکەوتەوە، بەڵام روون و ئاشکرایە کە سەرباری سەرچەماندنەوە بۆ دەسەڵاتداران، لەوەڵامی پاڕانەوەی هاوسەر و خەسوی، کە خراپ بەم رووداوە پەشۆکابوون، هێلڤتیۆس رای خۆی نەگۆڕی. کاتێك کە دوەم کتێبی، (لەبارەی مرۆڤ)، لە 1777 دوای مردنی چاپکرا، دیترا کە کەم و زۆر هەمان تیۆرە دژە ئاینییەکانی تێدایە.

هێلڤتیۆس تا لەژیاندابوو، زۆر بەناوبانگ بوو، سەفەری بۆ دەرەوەی

فەرەنسا کرد و جۆرجی دووەم {پاشای بەریتانیا} و فریدریشی گەورە {پاشای پروس} بەگەرمی پێشوازیان لێدەکرد، چونکە لەپلەی رابەرێکی گەورەی رێنیسانسی ئەو سەردەمەدا بوو، قەدر و رێزی زۆربوو. ئامانجی بەدرێژایی تەمەنی، لێکۆڵینەوەی سەرەکی بوو، کە هەربەو راشکاوی و بەڵگەداربوونی زانستییەی، کە نیوتن لە قەڵەمڕەوی فیزیك توانیبووی بیدۆزێتەوە، بنچینەی ئەخلاق پێناسە بکات، لەبارەی ئەوەی کۆمەڵگە چۆن دەبێت بناغەی دابڕێژرێت، پێویستە مرۆڤ چۆن بژیت و بۆ کوێ بچێت و چ رەفتارێکی هەبێت، بە راستی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. هێلڤتیۆس پێیوابوو بنەمایەکی وەهای دۆزیوەتەوە، بەمەش خۆی بە دامەزرێنەری زانستی گەورەی نوێ دەزانی، کە بەهۆیەوە دەیتوانی لەو کێشمەکێشە گەورەیەی ئەخلاق و سیاسەت سیستم بێنێتەدی. بە کورتی خۆی بە نیوتنی دنیای سیاسەت دەزانی.

خستنەڕووی کێشەکە بەم شێوەیە، تەواو ئاسایی بوو. ئێستا قسەگەلێك لە کۆندەریسە وەردەگـریـن، کە هاوڕێیەکی توندڕەو و زۆر چەپگەرای ئینسکلۆپیدیابوو، کەمێك پێش هێلڤتیۆس هاتبووە دنیاوە و لەدوا ساڵەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە گرتوخانەکانی رۆبسپێر مرد:

کاتێك مرۆڤ لەبارەی ماهیەتی زانستی ئەخلاقی رادەمێنێت و قوڵدەبێتەوە {کە هەڵبەتە مەبەستی ئەو سیاسەتیشە}، ناتوانێت خۆی لەم ئەنجامە بدزێتەوە، کە وەك {ئەو زانستە}ش هاوشێوەی زانستی فیزیکی لەسەر دیتنی کاری واقیع بنیادنراون، دەبێت پەیڕەوی لە هەمان میتۆد بکەن و بە هەمان دیقەت زمانێك دەستەبەر بکەن و بە هەمان پلە بگەنە یەقین. ئەگەر بوونەوەرێکی نامۆ، یان جۆری مرۆڤ لە دەوروبەرمانی دەکۆڵییەوە، هیچ جیاوازیەکی لەنێوان ئەو زانستانە نەدەدی و لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش وەك کۆمەڵگەی هەنگ، یان سەگی ئاویی دەکۆڵییەوە.

## دیسانەوە لە شوێنێکی دیکە:

بەهەمانشێوە، بیرکاری و فیزیکی هونەر خەملاندنی پێویستییە ئاساییەکانمان تەواودەکەن، ئایا ئەوەش بەشێك نییە لە هەمان سیستمی سروشت، کە پێشکەوتن لە زانستی ئاکاری و سیاسی هەمان کاریگەرییان لە پاڵنەرەکانی باڵادەست بە سەر کار و هەستەکانماندا هەبێت؟

پێویستبوو ئەوکارە چۆن ئەنجامبدرێت؟ ئۆلباك، هاوڕێیەکی ئەنسکلۆپیدیا، ئاوەها بابەتەکە دەردەبڕێت: (ئاکار، زانست ئەوەندی نێوان زەین و ئیرادە و کاری مرۆڤەکانە، هێندەی نێوان جەستەکانە)، بەڵام ئەندازەی ئەخلاق چییە؟ ئەندازەی سیاسەت چییە؟ چۆن دەکرێت ئەم زانستە بگەیەنێتە شوێنێك، کە هەمان پلەی یەقین و وەك فیزیك و ئەندازە روونبن؟ هێلڤتیۆس پێیوابوو وەڵامەکەی دۆزیوەتەوە. لە بابەتێکدا کە ئێستا لەوەو وەریدەگرین، لەگفتوگۆی نێوان خواو مرۆڤ، لەزمانی خواوە بەمشێوەیە دەوترێت (هێلڤتیۆس باوەڕدر نەبوو، بەخوا ناسرابوو، بەڵام ئەو بابەتە لەچوارچێوەی تەمسیلە):

من وەك نیعمەتێك هەست بە تۆ دەکەم. ئەی ئەوەی، کە ئامڕازی کوێری داواکاریەکانم و لاوازی لە گەیشتن بە کۆنە ئیرادەی منی، دەبێت تۆ تەنیا لەم رێگەیەوە، بێئەوەی بزانی، مەبەستەکانم بهێنییەدی. چێژ و ئازار، ئاڕاستەی تۆدەکەم، ئەو دوانە چاودێری هزر و کارەکانی تۆ دەبن، بێزاری، دۆستییەکان، سۆزی جوان و شادیەکان لەتۆدا دەخەمە جوڵە، ئاگری ئارەزوەکان، ترس و ئومێدەکان لەتۆدا دادەگیرسێنن، راستیەکانت بۆ ئاشکرا دەبن، نوقمی تاوانت دەکەن، پاشان وابکەن کە تۆ هەزاران هەزار سیستمی ئاکاری و یاساگوزاری پوچ و بەتاڵی هەڵبەستی، رۆژێك بنەمایەك، کە دروست، پەروەردەی سیستەم و کامەرانی جیهانی ئەخلاقی سەربە ئەمانە، بۆتۆ ئاشکرا دەکەن.

من نازانم، ئەگەر ئەوە یەکەم دەربڕینی روونیی بنەمای کەڵك روانین نییە، کەوایە چییە؟

بە پێی ئەو بنەمایە، تاکە شتێك کە مرۆڤ دەیەوێت چێژە، تاکە شتێك کە دەیەوێت لێیدورکەوێتەوە، نەخۆشی و ئـازارە. گەڕان بـەدوای چێژ و خۆبەدورگرتن لەنەخۆشی تاکە پاڵنەرێکن، کە کار لە کرێکار دەکەن، هەروەك دەوترێت وزەی راکێش و بنەماکانی دیکەی فیزیکی، کە لەبارەی جەستەی بێگیان رەفتاردەکەن، کەوایە سەرئەنجام بنەمای تەوەریمان ئاشکرا کردووە. هۆی ئەوەی تاکەکانی مرۆڤ بەم چەشنەن، کە هەن، هۆی ئەوەی کە خو و تایبەتمەندییان وەهایە کە هەیە، هۆی ئەوەی رەفتاریان وەهایە کە هەیە، جگە لەوە شتێك نییە هۆکاری عەشق، رق، شەوق، هزر، ئومێد و ترسەکانیان، کە وریایانە، یان ناوریایانە بەدوای چێژ و خۆدزینەوەن لە نەخۆشی.

هێلڤتیۆس بەم ئاشکراکردنە زۆر شاگەشکە بوو، چونکە پێیوابوو بەوهۆیەوە کلیلی تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە، نەك بەکردنەوەی ئەم نهێنییە سەرکەوتووە، کە بۆچی مرۆڤەکان رەفتارییان وەهایە، بەڵکو وەڵامی ئەو پرسیارەی دۆزیوەتەوە کە (مەبەستی راستی مرۆڤ چییە؟) ئەگەر مرۆڤەکان تەنیا دەتوانن خوازیاری چێژ و خۆبەدورگرتن بن لە نەخۆشی راست نییە، کە کەسێك بڵێت دەبێت شتێکییان بووێت، جگە لەئەوەی دەتوانن بیانەوێت. ئەگەر پێکەنیناویە کە داوا لە دار بکەین ببێتە مێز، یان داوا لەتاتەبەرد بکەین ببێتە رووبار، هەمان هێندە پێکەنیناویە، کە داوا لە مرۆڤ بکەین بەدوای شتێك بکەون، کە لەڕووی دەروونیەوە لە شوێنکەوتنی دۆش داماون. ئەگەر واقیعیەت ئەوەیە، کە ئەو دوو هێزە – واتە عیشق بۆ چێژ و بێزاری لە نەخۆشی – مرۆڤەکانیان (مەرجدار بە مەرجی بوون) کردووە، کەوایە ئەوان بەمەرجێك خۆش و بەختەوەر دەبن، کە هەروەك نێوان خۆش و کارامە و هەتا هەتایە بەدوای چێژدا بگەڕێن.

بەڵام پاشان ئەوپرسیارە دێتەگۆڕێ کە: (بۆچی مرۆڤەکان ساغ و بەختەوەر

نین؟ بۆچی ئەو هەمووە بەدبەختی و ستەم و نەشیاوی، ناکارامەیی، دڕندەیی، جەبریەت و هاوشێوەی لەسەر زەوی هەیە؟) وەڵام ئەوەیە، کە چونکە مرۆڤەکان نەیانزانیوە چۆن دەستەبەری چێژ بکەن و لە نەخۆشی دوورکەونەوە، نەیانزانیووە، چونکە نەزان و ترسنۆك بوون، چونکە سروشت باش و ژیرنین، فەرمانڕەواکانیان لەڕابردو چاودێر بوون، کە ئاپۆرای مرۆڤەکانی ژێر فەرمانیان، لەنەزانی ساختە لەکردەوەی دروستی سروشتدا بمێننەوە. ئەو شێروڕێوی هێنانەوە و فێڵبازیەی بەئەنقەستی فەرمانڕەوایان، گشتیتر لە پاشا و سەردار و قەشەکان و تەواوی دەسەڵاتدارانی ڕێنیسانسی سەدەی هەژدەیان بە توندی ئیدانە دەکرد. بەرژەوەندی فەرمانڕەواکان لەهێشتنەوەی پەیڕەوان لە نەزانی و تاریکیدایە، چونکە بێجگە لەمە ستەمکاری، سەرکێشی، گەندەڵی ئاکاری و بێئەقڵی حکومەتەکەیان بەئاسانی ئاشکرادەبێت. بەمەش، لە بەرایی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، کەمینەیەکی گچکە بەردەوام پیلانی دژی زۆرینەی خەڵك داڕشتووە و لەسەری بەردەوام بوون، چونکە گەر وانەکەن، ژمارەیەکی کەم ناتوانن ژمارەیەکی زۆر تەوق بکەن.

مرۆڤ شایانی بەختەوەری، نرخ و گرنگی و ڕاستییە. هەرسێکییان بەردەوام شانبەشانی یەکتری بەرەوپێشدەچن، مرۆڤەکان تەنیا بە هۆی ناپاکی و ناڕەسەنی خەڵك و لاوازی سروشتی، نەزانی و نەخۆشی عەقڵی چارەسەرکراوی خۆیان، لێی بێبەش بووبن، بۆیە یەکەم ئەرکی فەیلەسوف بە کارهێنانی تەندروستی کۆمەڵایەتییە لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو خەسڵەتە خراپ و بە ئاسانی چارەسەرکراوەی خەڵك.

ئەخلاق جۆرێك تەکنەلۆژیایە، چونکە ئامانجەکان هەموویان دیارن. ئەگەر بپرسی: (بۆ دەبێت دەست بۆئەوە بەرین، کە دەیکەین؟) وەڵامەکەی ئەوەیە کە (چونکە سروشت ئێمەی بەجۆرێك دروستکردووە، کە دەست بۆ ئەوکارانە

بەرین، چونکە بێجگەلەمە پەکماندەکەوێت.) ئەگەر ئامانجەکان روونبن، پێویست ناکات زیاتر شرۆڤەیان بکەین. تاکە ئەرکی پسپۆڕ، یان فەیلەسوف هێنانەکایەی جیهانێکە کە مرۆڤەکان بە ناچاری شوێنی ئامانجەکان دەکەون، کە کەمترین نەخۆشی، ئازار و زۆرترین کارامەیی و لەخێراترین رێگەی ئابورییەوە چنگبکەون. بەوشێوەیە کە هێلڤتیۆس دەیلێت. ئەو دەڵێت فەیلەسوف بیناسازی ئەو تەلارەیە(و مەبەستی دروستکەریەتی). پێشتر نەخشەکەی هەبووە، چونکە لە سروشتدا ئاشکرا بووە و بریتییە لە گەڕان بە دوای چێژو خۆبەدورگرتنە لە نەخۆشی و ئازار.

فەیلەسوفانی (فیزیۆکراتی)ش، کە بەناوبانگترین ئابوری زانانی سەدەی هەژدەیەم بـوون، بەهەمانشێوە دەیانوت، کە یاسادانان بەمانای یاسا درووستکردن نییە (چونکە ئەوشێوەیە (بە یاساگەری - legislation)) دەخوێنرێتەوە)، یاسادانان واتا بردنی ئەوەی لە سروشت دەستدەکەوێت (ئامانجەکان، خواستەکان)، بۆ چوارچێوەی یاسایی. مەبەستی راستەقینەی مرۆڤ ئاشکران و شایانی ئاشکراکردنن، بەوشێوەیەی یاسا فیزیکیەکان ئاشکرابوون. وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە بۆچی دەبێت لەم پاشا یان ئەو پاشا، لەم حکومەت یان ئەو حکومەتە پەیڕەوبیکەم، بە هەمانشێوەی سەلماندنی یاسا فیزیکیەکانی شایانی سەلماندنە. ئەگەر فڵان شێوازی کار سەربکێشێتە خۆشی و کامەرانی زیاتر - واتە تەبای ئەو مەبەستانە بێت، کە سروشت بڕیاری لەسەرداوە بۆمان – باشە، ئەگەر سەربکێشێتە کەمکردنەوەی خۆشبەختی، یان ناکامی لەگەیشتن پێی، خراپە. ئەمە رێسای سادەی گەیشتن بە راستییە و دەبێت لە هەموو شوێنێك بسەپێنرێت.

هێلڤتیۆس بە پێچەوانەی هەندێك بیرمەندانی سەدەی هەژدەیەم، رایەکی وەها چاکی بۆ سروشتی مرۆڤ نەبوو، بێگومان بە چاکەخواز و خێرخوازی

نەدەزانی. بە بۆچوونی ئەو، مرۆڤ نە چاکەخوازبوو، نەك خراپ بیرکەرەوە، بەڵکو دەبوایە خۆگونجێن و کارتێکراوی دەژمـارد، واتە جۆرێك هەویری سروشتی، کە سروشت و بارودۆخ، لەهەمووی گرنگتر، پەروەردە و فێرکردنی بەهەر شێوازێك، کە بیانەوێت دروستیدەکەن. هێلڤتیۆس باوەڕیوابوو، هەوڵدان بۆ چاکسازی مرۆڤ، تەنیا بە باس و بەڵگەهێنانەوە بێسودە. ئامانج لە ریفۆرم، دامەزراندنی دامەزراوەی نوێیە، بەمەبەستی گەیاندنی چێژ بە ئۆرگازم و کەمکردنەوەی نەخۆشی و ئازار، بۆ نزمترین ئاست – واتە بەختەوەرکردنی خەڵك ئەوەندەی بکرێت و لابردنی هەموو هۆکارەکانی بەدبەختی، لەوانە نەزانی و ستەم، بەڵام ئەوکارە لەگەڵ بڕیار مەحاڵە، تەنانەت بە نمونەش نالوێت. ئامۆژگاری و ڕێنمایی پەتی بێ ئاکامە، چونکە مرۆڤەکان لە رادەبەدەر کوێر، کوترن و مل بۆ کۆیلەیی بە شەوق، هەڵچوون، دابونەریت و پەیڕەوی بیروباوەڕی بێماناو گەمژانە دەدەن. هەموو ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکانی کۆمەڵی ئامۆژیارانی کریستیانی لەڕابردو بێکەڵك بووە، چونکە مرۆڤەکان هەرئەوەن، کە هەن و بە هۆی پـەروەردە و فێرکردنی قێزەون، ناپەسند، هەلومەرجی خەماوی، هەژاری، لاوازی، دواکەوتویی، ترس و تێکڕای هۆکارەکانی، کە ئەوانی لە مەبەست و ئامانجی راستەقینە لایداون، بێگومان ئیفلیج بوون.

دەبێت چۆن ئەو توشبوونە چارەسەربکرێت؟ تەنیا بە زەوتکردن و دەستکاری ساختەیی. هێلڤتیۆس باوەڕی وانییە، کە پێشکەوتن خۆی لەخۆیدا ئەنجامدەدرێت. هەندێك لە بیرمەندانی ناوداری سەدەی هەژدەیەم، باوەڕییان بەو کارە بوو. وەزیری گەورەی فەرەنسی، تۆرگۆ، هاوڕێکەی کۆندەریسە، بێهیچ شکوگومانێك، باوەڕییان بە پێشکەوتنی ئەبەدی هەبوو، بەڵام هێلڤتیۆس نەی بوو. گریمانەکەی لەسەر ئەوەیە، کە پێشکەوتن دێتەدی، ئەگەر ژمارەی پێویست لە پیاوانی، ورە بەرز، ئیرادە و مامەڵەی بێلایەنانە بۆ ریفۆرمی

مرۆڤ، دەستباری پێشکەوتن و پەرەپێدانیان گرت، لەهەموی گرنگتر، ئەگەر فەرمانڕەوایانی مرۆڤ، واتە پاشاکان و وەزیران، باوەڕیان بەو کارە پێبێنن و هونەری حکومەتییان، کە بێگومان یەکێك لە هونەرەکانە، فێرییانبکەن. فەرمانڕەواییش وەك هونەرەکانی دیکە، پێویستی بە زانستە. یەکێك کە بیەوێت پرد دروستبکات، دەبێت کتێبێکی زۆر دەربارەی بیرکاری، میکانیکی، فیزیك و لەمجۆرانە بخوێنێتەوە، هەر لەم رووەوە، یەکێك بیەوێت فەرمانڕەوای وڵاتێك بکات، دەبێت شارەزاییەکی زۆری لە مرۆڤناسی، سۆسیۆلۆژی، دەروونناسی، تەنانەت ئەخلاقناسیدا هەبێت، چونکە کاتێك بە ئارەزوی هێنانەدی ئەوشتە دەگات، کە تێبگات مرۆڤەکان چۆن کاردەکەن و یاسای باڵا دەست بە سەر رەفتار و کردەوەیاندا چییە. بێجگەلەمە، تاوانی ترسناك دەکات و مرۆڤ بەدبەختی خراپتر لەبارودۆخی پێشوو کێشدەکات. لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەم، هیوایەکی شیاو هەبوو، کە هەندێك لەفەرمانڕەوایانی ئەوکات رای هاوکاریان بۆ ئامۆژگاری فەلسەفە هەبێت. فریدریکی گەورە لە پروس، کاترینی گەورە لە روسیا و بێگومان یوزفی دووەم لە نەمسا، بە ئاشکرا ئامادەی ئەوجۆرە فێرکردنە خۆشفکرانە بوون.

دەبێت چۆن ئەوکارە ئەنجامبدرێت؟ پێویستە فەیلەسوف چ بکات؟ دەبێت چۆن دنیا بگۆڕێت؟ بێگومان نەك بە ئامۆژگاری و رێنوێنی، چونکە مرۆڤی گوێڕایەڵیان نییە. دەبێت پلە بەپلە توندتر بە هۆکارێك بیر لەچارەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بکاتەوە. دەبێت بە هۆی یاسادانان و داهێنانی سیستمی تێڵاو گێزەر بۆ ئاژەڵەکانی ناسراو بە مرۆڤ، بگاتە ئامانج. کاتێك فەیلەسوف بە دەسەڵات دەگات، دەبێت سیستمی دەستکرد بۆ پاداشت و سزا بێنێتەئارا، هەرکاتێك تاکەکان کارێك بکەن، کە خۆشی و کامەرانی مرۆڤی لێبکەوێتەوە، پاداشت بکرێن، هەرکاتێك کارێك بەناتەواوی بکەن، سزا بدرێن.

ئیستا کە پاڵنەرەکانی مرۆڤ چییە؟ لەدەرەوەی ئەو بابەتەیە و پەیوەندی پێوە نییە، یەکتۆز گرنگ نییە، کە خەڵك بە هۆی چاکەخوازی و نیازباشی هاوکاری خۆشی و کامەرانی مرۆڤ بکات، یان بە فلان پاڵنەری نزم و قازانج خوازانە. گرنگ نییە، کە ئایا دەبنە بەربەستی رێگەی بەختەوەری مرۆڤ؟ چونکە بەدخواز و ناپاکن، یان بەو هۆیەی، کە لەنەزانیان دەکەونە چاڵەوە، یان گەمژەی ئایدیا خوازن - هەرچۆنێکبێت، زیان کە دەیخەنەوە، بە هەمانشێوە قازانجێك، کە بیگەیەنن. بەمەش باسکردنی پاڵنەرەکان پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، دەبێت وەلاینێین. رەنگە پێشداوەریەکان و خورافات تەنیا بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر نەمێنن، کارکردن بە پێچەوانەیان بێسودە. لەکورتترین ماوەدا، رەگییان بەمجۆرە کارە زۆر قوڵە. بەمەش بەوشێوەیەی کە پارەتو، بیرمەندی ئیتاڵی، بەوپەڕی گوێپێنەدان بە بنەماکان لە سەدەی بیستەم دا، ئامۆژگاری خستەڕوو کە: (رووبەڕووی پێشداوەری مەبەوە، سودی لێوەربگرە.)

ئەوە رێك شتێکە، کە هێلڤتیۆس دەیلێت. ئێمەی ریفۆرمخوازانی گەشبین، نابێت هەوڵبدەین خەڵك بە فەرمودە و ئایەت بێنینە سەر ئایینی خۆمان، چونکە لەهەلومەرجی ئەمڕۆ و بە هۆی خراپی حکومەتی ترسناك لەڕابردو، ئەقڵییان بەوئاستە بەهێز نییە، کە تێبگەن داوای چی دەکەین پێیانبڵێین. دەبێت (زمانی بەرژەوەندی) بکەینە جێگرەوەی (راوێژی ئازاردان). سکاڵا نەکەیت، پەنابەرییە بەر بەرژەوەندیەکانیان.

هێلڤتیۆس دەڵێت: (تا کاتێك کە مرۆڤەکان عاقڵ بن، من گرنگی بەوە نادەم، کە ناپاك و خراپەکاربن... یاساکان هەموو شتێك چاك دەکەن) - واتە کاتێك مرۆڤەکان لەبارەی بەرژەوەندیەکانیان، عاقڵانە داوەریبکەن. ئەوە کە مرۆڤەکان پێش هەموو شتێك بەدوای چێژ و خۆ لەنەخۆشی و ئازار بە دووردەگرن، باڵاترین یان تەنانەت ئامانج لەحکومەت بەختەوەرکردنی خەڵکە،

بێجگە لەوەی ڕاست بێت یان درۆ، تیۆرێکی زۆر کۆنە، بێگومان سەدەی هەژدەیەم ناتوانێت بانگەشەی داهێنانی بکات. ئەوەی تاڕادەیەك تازەیە، تێکەڵاوکردنیەتی بەو بۆچوونەی، کە بە بێ ترس لەچۆنایەتی ئاکاری یان بابەتی ئارەزو یان پاڵنەری مرۆڤەکان، دەکرێت لەئارەزوی سروشتییان کەڵك وەربگریت. هەڵبەتە ئەوەش تائاستێك کۆنە، کۆنی دەگاتەوە بە ئەفلاتون، حەشاشیەکان {فیدابیەکانی ئیسماعیلیە}، ماکیاڤیلی یان ڕەفتاری زۆرێك لە تاقم و کۆمەڵە ئاینییەکان، بەڵام ئەوەی تازە سەرهەڵدراوە یەکگرتنیەتی لەگەڵ ئەقڵگەرایی، ئایدۆلۆژیای مادی، چێژخوازی، باوەڕبوون بە زانست، بە عەقڵ و بە لێکدانەوەی تایبەتی تاکخوازییە، پوختەی ڕێبازی قازانجخوازی ئەمڕۆش، هەر لەوەدا کورت دەبێتەوە.

دەبێت یاسادانەر لەخەسڵەتی دزێو و لاوازیەکان کەڵك وەربگرێت، نەك تەنیا خۆپەسندی، بەڵکو هەستی پەسندکراو و خەسڵەتی شایستەی مرۆڤەکان بە قازانجی خۆی بەکاربهێنێت. بۆ کێشکردنی کاری کاریگەر، دەبێت کارێك بکات، کە هەنگاو بۆ ئەوەی ئەو دەیەوێت بۆ خەڵك بیخاتە زەحمەتەوە، نەك لەوبارەیەوە ڕوونیبکاتەوە. پاش ئەوەی یاسای دانراو بە دەست فەیلەسوفانی گەشبین، لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە مەرجی بۆ تاکەکان دانا، کاتێك خەڵك بە ژمارەیەکی پێویست و بۆماوەی پێویست هیچ نەکات، جگە لەوەی هاوکاری خۆشی و بەختەوەری بکات، ئەوسا خۆی، بێئەوەی هەستپێبکەن، دابونەریتی نوێ و بەسود دەستەبەر دەکەن. هۆی بەدبەختی، دابونەریتی خراپی ئێستایانە، دابونەریتی نوێ ئەوان بەختەوەر دەکات. خەڵکی نازانن، کە چۆن خودێتیی بەدەستی خۆیان خۆش و بەختەوەر دەکـەن، ڕەنگە لانیکەم تا ماوەیەك لەچۆنیەتی ڕەفتاری شێوازەکانی ژیانی خۆیان نەگەن، کەچی لەڕاستیدا دابونەریتێك دەستەبەر دەکەن، کە خۆی لەخۆیدا سەردەکێشێتە خۆشی و

بەختەوەری. بەختەوەربوون بۆخۆی بەرئەنجامیەتی، کە ژمارەیەك لەتاکەکانی شارەزا لەچەند ڕێسایەکی پێویستی دەسەڵاتداریەتی ڕاست بە سەر مرۆڤدا - ڕێسایەك، کە ڕەنگە تەنها لەئەنجامی دیتنی زانستی و لەوانەیە تاقیکردنەوە زانستییەکان، هەروەها کارامەیی عەقڵ دەربارەی سروشت بێتەدی - کۆمەڵگە (مەرجدار) دەکەن. ئەوە ڕێگەی پەروەردەکردنی مرۆڤە. دوای سەقامگیری یاساکا پابەندکەرەکان، نۆرە دەگاتە پەروەردەکار و مامۆستا، کە ئیدی پێویست ناکات بەدەستی قوتابیانی نەزان و تورە بەردباران بکرێت، لەپەنای یاساکانەوە دەتوانێت لە ئاسایش و ئارامیدا فێری سەرەوەری و مەعریفەت و بەختەوەریی بێت. دەتوانێت فێریانبکات، چۆن بژین. دەتوانێت بۆیان ڕوونبکاتەوە، کە گەڕان بەدوای چێژ و دورکەوتنەوە لە نەخۆشی عاقڵانەیە. بۆچی بیرکاری خراپە، بۆچی ئازاردانی جەستە یان خەموخەفەت و خەمۆکی ناعاقڵانە و میوەی بەدحاڵی بوونی سروشتە. بەوجۆرە خەموخەفەت و خەمۆکی لە دنیا دەردەپەڕێنرێن و هەموو شاد و هاوڕاو بەختەوەر دەبن.

هێلڤتیۆس بەدیقەتەوە مامۆستایان و پەروەردەکارانی داهاتو فێردەکات. نابێت کات بۆ مێژوو بەفیڕۆ بدەن، چونکە مێژوو جگە لە چیرۆك، تاوان و گەمژەییەکانی مرۆڤ هیچیدیکە نییە. ڕەنگە مێژوو هەندێك وانەمان فێربکات. کێشە نییە کە یەکێك وانەی مێژوو بڵێتەوە، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی، کە بیەوێت نیشانیبدات بۆچی مرۆڤ لەئەنجامی دەسەڵاتی مشتێك دز و فێڵباز و فریودانی فەرمانڕەوایانی کۆن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوجۆرەی، کە شیاوە، باش کاری نەکردووە، بەڵام فێربوون و بیرهێنانەوەی مێژوو تەنیا لەبەرئەوە، فێرکردن و فێربوونی هەرشتێکی دیکە لەبەرخۆی، بێگومان کارێکی بە تاڵ و پوچە، چونکە تاکە ئامانج و مەبەستی لەهەر کارێك، بەختەوەرکردنی خەڵکە - ئەمە پوختەی ڕێبازی قازانجخوازییە.

هەروەها نابێت لەمەودوا زمانە کلاسیکیەکانی {یۆنانی و لاتین} بوترێنەوە، چونکە زمانی مردوون و ئەمڕۆ هیچ سودێکییان بۆ ئێمە نییە. دەبێت هەر سودێك، سودێکی کرداری بێت، بەمەش دەبێت خەڵك فێری زانست و هونەر بکەی، هونەرێك، هونەری هاوڵاتی بوونە. نابێت هیچ زانستێك (پەتی) خرابێتەڕوو، چونکە هیچ شتێك (پەتی) بە بێ بەکارهێنانی بەسود خوازراو نییە. زانست (پەتی)، پاشماوەی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستە، یادگاری رۆژگارێکە، کە خەڵکی نەزان، خەڵکی نەزانی دیکەیان فێردەکرد و بۆ هەندێك کار بایەخی هەیە، کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر سودی کردارییان چاوەڕوانکراو نەبوو، لەبەر ئەوانە دەستی بۆ برد. دەبێت بۆ هەر کارێك بەڵگەیەك هەبێت و ئەمڕۆ پێویست ناکات دەست بۆ هیچ کارێك ببرێت، کە نەتوانرێت بەڵگەیەکی بۆ بخاتەڕوو. بەڵگەی پێویست، شوێنکەوتنی خۆشی و بەختەوەرییە.

یەکێك لەئاکامە راستەوخۆکانی ئەو تیۆرە، ئەنجامێکی سەیر دەربارەی مافەکانی مرۆڤە. نەوەکانی بەدوای یەکدا ئامۆژگاری دەکرێت، کە مرۆڤ هەندێك مافی حاشاهەڵنەگر و جیانەکراوەی هەیە. لە بیروباوەڕە بنەڕەتییەکانی نەریتی کریستیانیەت یەکێکیان ئەوە بوو، کە مرۆڤ نەفەسی نەمری هەیە، چونکە خاوەن نەفەسێکی نەمرە، نابێت ئەوانی دیکە پێشێلبکات. نەفسی مرۆڤێك – واتە عەقڵی – سکڵێکە لەخودی خوا، بەو بەڵگەیە هەندێك لەمافە (سروشت) یەکانی هەیە، چونکە مرۆڤ هەست و عەقڵی هەیە، مافی خۆیەتی عەقڵی بەکاربهێنێت و سود لەهەندێك شت وەربگرێت و هەندێك شتی پێبدرێت، خوا یان سروشت ئەو مافانەی خستۆتە ناخی ئەوەوە. فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەمش زۆر باسی مافەکانیان دەکرد و باوەڕیان بە مافەکان پتەوبوو، سەرئەنجام ئەوکارە بەوپەڕی بڕواوە، تەبای قازانج خوازی نییە. سود وەرگرتن لەمافێك، کە هیچ کەس نەتوانێت بیبەزێنێت، مافێك کە کەس نەتوانێت

پێشێلیبکات، مافێك بۆئەوەی کەسەکە ئەوجۆرە بێت و کار بکات و شتگەلێکی هەبێت، کە بیەوێت چاوپۆشین لەوەی کەسێك پەسندی بکات یان نەیکات، کۆسپی بەردەم گۆڕانی کۆمەڵگەیە بە ئاقاری زۆرترین خۆشی و بەختەوەری بۆ زۆرترین کۆمەڵە. ئەگەر من لە مافی مسۆگەری خاوەنداریەت و لەو زیاتر، مافی مسۆگەری ژیان، هەروەها تاسنورێك ئازاد بم، کە زۆرجار بۆ تاك بە پێویست دەزانرێت، یاسادانەرێك کە بیەوێت بەرنامە بۆدنیا دابنێت، رەنگە رووبەڕوی ئەم ئاستەنگە بێتەوە، کە رێی پێنەدراوە شتێکم لێ زەوت بکات، کە زەوتکردنی بەمەبەستی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی یەکسان و هاوڕاو تەواو تەبا، پێویستە. ئەم رێپێنەدانە، لە روانگەی لایەنگرانی قازانجخوازییەوە، بە ئاشکرا پێچەوانەی عەقڵە. ئەگەر خۆشی و ناخۆشی تاکە پێودانگی کاربێت، ئەو مافە جۆراوجۆرە، کە لێرەو لەوێ بە پێداگرییەوە سەربەرزدەکەن و یاسادانەریش رێی پێنەدراوە لایان بەرێت و بیانگێڕێتەوە، دەبێت پاڵیان پێوەبنرێت بۆ پەراوێز و رێك بکرێن. بە مەش، هێلڤتیۆس گەرچی هەڵبەتە دەڵێت، کە لەدەوڵەتی چاکەخواز و لەفکری چاکەدا، کە جڵەوی جوڵە و کارەکانی بەدەست یاسادانەرەوەیە، هەر پێویتسەکی سروشتی تاکی مرۆڤێك دابین دەبێت، بەڵام ئاشکرایە، کە بە باوەڕی ئەو، مانەوەی مافگەلێکی رەها، کە نابێت هیچ شتێك بەسەریاندا زاڵبێت و پێویستە لەجێی خۆیان بمێننەوە، گشتیتر لەئەوە ئەوانی دیکە پەسندی بکەن، یان پەسندی نەکەن، یان دڵخۆش و بەختەوەربن، یان نەبن، تەنیا پاشماوەی گەمژانەی رابردووەکانە.

ئەوە رێك ئەو شتەیە، کە سەرئەنجام پێیرازی بوو. بنتام مریدی تەواوی هێلڤتیۆس بوو، زاراوەی (قازانجخوازی) زۆرتر بەناوی ئەوەوە لکاوە، کەچی پێموایە بتوانم بەویژدانەوە بڵێم، کە لانیکەم لەناو هزرە سەرەکییەکانی، کەمتر شتێکە کە راستەوخۆ سەرچاوەی لە هێلڤتیۆس نەگرتبێت. بنتام ئازادانە و بێ

تەسکبینانە دانی بە قەرزداری عەقڵی و هزری خۆیدا دەناو دەیوت زۆر شت لە هێلڤتیۆسەوە فێربووە، بەڵام تەنانەت ئەم برە دانپێدانانە بە قەرزیش، پێموایە، دیسانەوە مافی تەواوی بابەتەکە نادات.

کۆمەڵگەی باش چۆن بڕیارە رێکبخرێت؟ بەدڵنیاییەوە مومکین نییە لەسەر دیموکراسی بنیادبنرێت، چونکە زۆرجار خەڵك نەزان، زۆر ناجسن، ناپاکن و دەزانین، کە رای گشتی بکەینە رێنما، بەدەگمەن کارێك بە ئەنجامدەگات، چونکە مرۆڤەکان ئەوەندە لەتاریکیدا ژیاون، کە لەنەکاو دەگەنە رووناکیی رۆژ، سەرییان لێدەشێوێت. مرۆڤەکان کۆیلەی ئازادکراون و تا ماوەیەکی زۆر درێژخایان، دەبێت رابــەران و بەڕێوەبەرانی گەشبین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی ئەوان بەڕێوەبەرن. لیبراڵەکانی سەدەی هەژدەیەم، تاپێش رۆسۆ بە روانگەیەکی زۆر هاوشێوە رازیبوون. ڤۆڵتێر دەڵێت (وای بە حاڵی ئێمە، ئەگەر جەماوەر بەڵگە بهێننەوە))1. دیسانەوە لەجێیەکی تر: (خەڵك مانگان و ئەوەی پێویستیان پێیەتی مێخزنجیر و کوتەگۆشت و ئالیکە.) لە ئینسکلۆپیدیای {فەرەنسا} – هەمان تێز، کە دیـدرۆ و داڵامبێر هەڵەچنییانکردووە و بە پێشکەوتوترین بەڵگەی ئەو سەردەمە ئەژماردەکرێت و قەشەکانی سانسۆر لە پاریس هەڵەچنکارەکانییان توشی هەزار دەردیسەری کرد – لە دەروازەی (جەماوەر)دا دەخوێنیتەوە: (دەنگی {جەماوەر}، لەبابەتە عەقڵی و هزریەکان ئاخنراوە بە ناپاکی، شەڕ، گەمژەیی، دڵرەقی، زۆربلێیی و پێشداوەری.... و ئاوێتە بە نەزانی و دەبەنگییە... ئاگات لەوەبێت لەمەسەلە ئەخلاقیەکان، چونکە کرداری ئاوەڵاو راشکاوانەی کلۆڵە... و بە چاوی شێتانە لەکاری ئازایانە دەڕوانێت.) لەو رۆژانەدا، بێ ئەوەی کەس زانیاری راستی لەبارەی (چین)ەوە هەبێت، زۆر ستایشی رژێمی ئەو وڵاتە دەکرا، چونکە {بۆچوون وابوو کە} لەوێ ماندارینەکان2 کە تاکە کەسانی ژیربوون، گوێیان بە جەماوەر نەدەدا،

یاساگەلێکییان دادەنا لەدەرەوەی تێگەیشتنیان، بەڵام جەماوەر بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، بە رێگەی راست، بەرەو بەختەوەری، پەلکێشدەکران، ماندارینەکان بەوهۆیەوە جەماوەری خەڵکییان بۆ ژیانی خۆشتر و ئازادتر و گەشبینانەتر هاندەدا.

بنەمایەك کە هێلڤتیۆس پێداگرانە پێوەی لکابوو، بـەدەوری ئەوەدا دەخولایەوە، کە هەرکارێك لە پەروەردە، فێرکردن و  یاساکانەوە دێت. باسە زۆر گەرماوگەرمەکانی سەدەی هەژدەیەم، باسکردنی ئەو بابەتەبوو، کە کام لە هۆکارەکان بە کاریگەرترین شێوە مەرج بۆ مرۆڤەکان دادەنێن. تاڕادەیەك هەموو فەیلەسوفەکانی رێنیسانس3 {فەرەنسی} لەسروشتدا مرۆڤ بە شتێك دەزانن و مەیلەو ئەوەیە، کە چەمکی نەفسی نەمر، شتێکی نامادییە، بە پاشماوەی گوشراوی دژی نوێگەری بزانن، کە هێشتا زانست زاڵ نەببوو، بۆ روونکردنەوەی ئەو دیاردانەی، کە هۆکاری راستەقینەیان ئاشکرا نەببوو، ئەفسانەگەلێك دادەهێنران. نەفسیش یەکێك لەو ترسانە یان ئەفسانانەیە، کە هەرگیز پێماننالێن مرۆڤەکان ئەنجامی کاریگەری کام هۆکارن. هەندێك دەیانوت ژینگە، ئەوانی دی باوەڕیانوابوو، پێکهاتەی کیمیایی جەستەی مرۆڤێك لە هەموان گرنگترە. هەندێك وەك مۆنتیسکۆ بڕوایان وابوو، کە باڵاترین پلەی گرنگی پەیوەندی بە ئاو و هەوا، یان جۆری خاك، یان سەربە دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت، هەندێکی دیکە وەك هێلڤتیۆس رایاندەگەیاند، کە زێدەڕۆیی لەو هۆکارەدا کراوە، پەروەردە و فێرکردن دەتوانێت کەموزۆر هەمووکەس بۆ هەرشتێك بگۆڕێت. بابەتێك، کە بووە ئامۆژگاری تەوەری فەیلەسوفەکان ئەوەبوو، کە مرۆڤ هەمیشە پیشەکار و بەردەوام نەرمکێش و وەك تۆپەڵە قوڕێك بەدەست گۆزەکەرەوەیە، دەتوانێت چی بوێت لێی دروستبکات، بەمەش نابەرپرسیەتێکی تاوانکارانەیە، کە وەك خۆی واز لە

مرۆڤێك بهێنین و ڕێبدەین نەزانان و ناحەزان فریوبدەن و گوێڕایەڵی بکەن، چونکە گوێڕایەڵی بەڕاستی گەیشتن بە مەبەستێك، کە ئەو خوازرییانە زامن ناکات.

بە باوەڕی هێلڤتیۆس، تاکە شتێك کە فەرمانڕەوایەتی بەسەر مرۆڤدا دەکات (بەرژەوەندی)یە، کە زۆر ڕێژەییە، چونکە بەرژەوەندی فەرمانڕەوا لەگەڵ بەرژەوەندی فەرمان بەسەردا کراو یەك نییە، بەرژەوەندی کەسانێك، کە لە کوێستانەکان دەژین، لەگەڵ ئەوانەی لەگەرمیان دەژین جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێزی (مەرجدار)کەری تەوەری، هەمیشە بەرژەوەندییە. هێلڤتیۆس بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مانایە، گرتەیەکی خۆش دەهێنێتەوە، دەڵێت لەدنیای خەیاڵ بەرجەستەی بکەی، کە مێشولە و مێشەسییەکان لە گژوگیادا دەژین و دەربارەی گیانەوەرانی تر، کە دەچنە دنیاکەیانەوە هەست بەچی دەکەن؟ ئاژەڵێکی گەورە دەبینن، کە بە چاوی ئێمە مەڕێکی هێمن خەریکی لە وەڕە و بە خۆی دەڵێت:

ئای لەو گیانەوەرە تێرنەبووە بێویژدانە، ئەو زەبەلاحەی کە ئێمەو شارەکانمان دەکەوینە بن شەویلگە چاوچنۆکەکانیەوە و قوتماندەدات، دەبێت رابکەیین، چونکە ئەوەشیان ناتوانێت وەك شێر و پڵنگ ڕەفتاربکات؟ ئەو دوو ئاژەڵە بەخشندەیە ماڵ و لانەکانمان ناڕوخێنن و بە خواردنەوەی خوێنمان قەڵەو نابن. تەنیا تۆڵەی تاوانەکان دەکەنەوە و مەڕەکان بە دڵڕەقی بۆ سزادان دەنێرن، کە دەرهەق بە ئێمە بە ڕەوای دەزانن.

دنیا لەبەرچاوی مێش، بێگومان mutatis mutandis4 لەبەرچاوی هەر بوونەوەرێکی دیکە و لەجیهانیشدا لەڕوانگەی تایبەتی خودی ئەو، بەهەمانجۆر دێتەوەبەرچاوی. ئەرکی یاسادانەر، گۆڕینی مرۆڤەکان بۆ شێوازێك، کە هیچی دیکە نەبنە قووربانی نەزانی و بەرژەوەندییان هەر ئەوەبێت، کە پێیانوایە

هەیە – واتە گەڕان بەدوای خۆشی و بەختەوەری و دورکەوتنەوە لەنەخۆشی و ئازار – هەر لەو رووەوە بێتە بەرچاویان، بە کورتی ئەوەی لەڕاستیدا کەڵکی بۆیان نییە، بەکەڵکی نەزانن. نابێت گومان بکەن، کە مەڕ بێویژدان و تینوی خوێنە، پڵنگ بەهێز، بە سەنگ و بەخشندەیە. دەبێت هەموو شتێك وەك خۆی ببینن و تەنیا بە مەرجێك دەستیان بەم کارە دەگات، کە وەك بیریارانی زانستە سروشتییەکان، تێبگەن کە دنیا لە چ دروست بووە و دەچێتە کوێ و چی بە سەریدا باڵادەستە.

هێلڤتیۆس لەدنیایەکدا وێنایدەکات، هیچ یان تاڕادەیەك هیچ شوێنێك بۆ ئازادی تاك نییە. رەنگە مرۆڤەکان لەدنیای ئەودا دڵخۆش و بەختەوەربن، بەڵام چەمکی ئازادی دواجار دیار نامێنێت، چونکە ئازادی خراپەکاری دەفەوتێت و هەموکەس بە شێوازێك (مەرجدار) بووە، کە تەنیا کاری باشبکات. لەمچەشنە دنیایانەدا دەبینە ئاژەڵێك، کە تەنیا فێربووین بەدوای ئەوەدا بگەڕێن، کە بەکەڵکمان دێت. لەم دۆخەدا، ئەگەر ئازادی بریتی بێت لەکارێك وەك ژیانی ئازاد و بێکۆت و بژاردە راگەیشتن بە فڵان کار، پاشان بەهەمان کار، تەنانەت لەناوبردنی خۆمان بە دڵخواز، ئازادی بە سەرکەوتنی پەروەردە و خوێندن {جێ سەرنجی هێلڤتیۆس}، وردە وردە لە رەگوڕیشەوە هەڵدەکێشرێت.

لێرەدا دەمەوێت کەمێك لەپێشگریمانەکانی ئەم سیستمە رابمێنم، کە لە راستیدا هەمان (جیهانی بوێری لاو)یە.5 یەك: هەموو مەسەلە بەهاییەکان {ئەوەی دەبێت ببێت} ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەکاری راستەوە هەیە {ئەوەی هەیە} دەزانرێن، کە دەکرێت وەڵامەکەیان بە دیتن و بەڵگەکان بە دەستبێنی. بەمەش ئەخلاق و سیاسەتیش دەچنە قەڵەمڕەوی زانستی سروشتییەوە، کە هەندێك کەس بۆئاشکراکردنی یاساکانی ئەو، لەئەوانی دیکە بەهێزترن. شتێك بە ناوی مەعریفەت و شارەزایی تایبەتی ئەخلاقی

و سیاسی هەیە، کە دەبێت پسپۆڕان هەیانبێت. دەبێت باڵاترین دەسەڵات بدرێتە ئەو پسپۆڕانە. دووەم: هەموو مەبەستە کۆتاییەکان تەبای یەکترن و ناشێت دژبن. زۆرجار ئەزمونی مرۆڤ پوچەڵی ئەو راڤەکارییە نیشانداوە. بۆ نموونە، ئازادی کە بۆ هەندێك ئامانج کۆتاییە، هەندێکجار دەبینرێت، کە لەگەڵ وەکیەکی، کە دوائامانجی هەندێکی دیکەیە، تەبا نییە. راست دیار نییە، کە بۆچی سەربەرزی و شانازی هەمیشەو خۆی لەخۆیدا دەبێت تەبای نیشتمانپەروەری بێت. تراژیدیای گرانبەها - چ بەقەڵەمی شانۆنامەنوسانی یۆنانی کۆن و چ سەربە رۆژگارانی داهاتو - بە گشتی پەیوەندییان بەلێکدژی حەتمی و مردنهێنی بەها ئاشت نەبووەکانەوە هەیە. سەدەی هەژدەیەم رێك شتێکی وەهای رەتدەکردەوە، چونکە باوترین بیروباوەڕی ئەو سەردەمە بەهەماهەنگی سروشت بڕیاریدەدات و ئەو بڕیارە واتا هیچ کارێکی واقیع یان هیچ بەهایەك، ناشێت لەگەڵ هیچ کارێکی واقیع، یان بەهایەکی دیکە لێکدژ بێت. بناغەی ئەو بیروباوەڕە، پێوەرێکی جیاوازە لە لۆژیك و ئەندازە. هەروەك هیچ راڤەکارییەکی راست لە لۆژیك و ئەندازەدا گونجاو نییە، لەگەڵ هیچ راڤەکارییەکی راستی دیکە ناتەبا بێت، هیچ بەهایەك لەدنیای ناوبراویش ناگونجێت لەگەڵ هیچ بەهایەکی تر، ببێتە لێکدژ، بۆیە، کۆندەریسە دەتوانێت بەڕاشکاوی بڵێت: (سروشت بەزنجیری نەپساو، حەقیقەت، بەختەوەری و چاکەی پێکەوە بەستۆتەوە.) ئەو مەسەلەیە پێویستدەکات هەرکەسێك مەعریفەی تەواوی لە حەقیقەت هەبێت، دادپـەروەری و بەختەوەریشی هەیە. بیرمەندان مەعریفەیان هەیە، بە مەش چاکەیان هەیە، کەوایە دەتوانن بەختەوەرمان بکەن، بەمەش بێین جڵەوی تێکڕای کارەکان بە بیرمەندان بسپێرین. ئەوەی پێویستمان پێیانە جیهانێکە، کە بیرمەندان فەرمانڕەوایەتی بەسەردابکەن، چونکە کەسێك باش بێت، کەسێك فرە زاناو ژیربێت، کەسێك

بیرمەند بێت، کەسێك خاوەن چاکە بێت، سەرئەنجام هەمووی یەکە. نەریتێکی گەورەی هزری لە ئەوروپا لایەنگری ئەم رایەیە، بەوپێیە، پێدەچێت کە باشترین حکومەت، حکومەتی بنەما زانستییە، و، لەم رووەوە، ریفۆرمخوازانی وەك هێربێرت جۆرج ویلز بەردەوام بە تورەییەوە دەپرسن بۆچی نابێت تایبەتمەندی بیرمەندان فەرمانرەواییمان بەسەرداکەن؟ رەگی ئەم تێروانینە دەچێتەوە سەر سەدەی هەژدەیەم، کە پێیانوابوو چۆن لە هەماهەنگی سروشتدا، ناشێت بەهاکان بەیەکەوە دژبن و وەك لێکدژی حەقیقەت و بەختەوەری و چاکە مومکین نییە، کەوایە دەبێت هەموو تراژیدییەکان بەرهۆی خراپە و تاوان بن. لە خۆیدا هیچ شتێکی تراژیدی لەجیهاندا نییە و هەموو تراژیدییەکان و لێکدژیەکان چارەسەر کراون.

پێشگریمانەیەکی دیکە لەو جوغزەدایە، کە مرۆڤ لەگەڵ سروشت یەکە و پێیەوە لکاوە، بەمەش دەکرێت شتێك بەناوی زانستە مرۆڤایەتییەکان هەبێت و مرۆڤیش وەك هەرشتێك لەسروشتدا شیاوی چەمانەوە، کاسبی وکار و گۆرانە. دیارە ئەوەش جێگەی گومانە، بەڵام فەیلەسوفەکانی سەرهەڵدانی رۆشنگەری {فەرەنسی سەدەی هەژدەیەم} باوەریان پێبوو. ئۆلیاك دەڵێت: (پەروەردە و فێرکردن کتومت کشتوکاڵی زەینە)، حکومەت بە سەر مرۆڤەکان، وەك پەروەردەکردنی گیانەوەرانە، کەوایە چونکە ئامانجەکان دیارن و مرۆڤ شایانی فۆرم پێدانە، مەسەلەکە لە تەکنەلۆژیادا دەبێتە مەسەلەیەك، واتە دەبێت چۆن مرۆڤەکان بە شێوازێك وردو دروستبکەیت، کە بە ئاسودەیی، هەراوی و هەماهەنگی بژیین. بێگومان بەرژەوەندی مرۆڤەکان خۆی لەخۆیدا هاوتا نەبن. دەبێت ئەوان هاوسەنگ بکەی و ئەوکارە لەئەستۆی یاسادانەرە. بەوشێوەیەی کە هێلڤتیۆس دەڵێت. خۆشی و خۆشبەختی هیچ کەس وەك پێویست پەیوەندی بەخۆشی و خۆشبەختی خەڵکەوە نییە. فشاری کۆمەڵایەتی

و فەیلەسوف – فەیلەسوفی – دەبێت بە یەکیانەوە ببەستێتەوە. لێرەدا پێویستی بە ستەمکاری تایبەتمەندی بیرمەندان سەرچاوەدەگرێت.

دەکرێت بپرسرێت بۆچی تەوق نەکرێت؟ بەڵگەهێنانەوەی فیزیۆکراتی گەورە، لۆمیرسیە دولا ریڤی یەر، هەر ئەوەبوو. دەیوت: (ستەمکاری راستەقینە ئەقلیدیسە، راستییەك كە لەئەندازەدا بە میرات بۆ ئێمەی جێهێشتووە، بەڕاستی یاسای ستەمکارییە. ستەمی ئەو یاسایانە و ستەمی یاسادانەر هەردوك یەكە و نیشانەی دەسەڵاتی خۆڕانەگری بەڵگەهێنانەوەیە.) کەوایە ئەگەر ئەندازەزانان دەتوانن ستەمکار بن، بۆچی فەیلەسوفان نەبن؟ ئەگەر نامانەوێت خۆ لە راستیەکانی ئەندازە بدزینەوە، بۆچی لە راستییەك، کە فەیلەسوفەکان باسیدەکەن رابکەین؟ سروشت و تەنیا سروشت فەیلەسوفەکان فێردەکات کە مەبەستی راستەقینەی مرۆڤەکان چییە. دیارە هەمیشە سروشت بە دەنگێکی نەژمێردراو قسە دەکات. خۆی بە سپینۆزای سیستمی لۆژیك و لاییب نیتسی کۆمەڵی گیانەکان دەناساند. بە دیدرۆی دەوت دنیا دەزگای سیرمە و غەرغەرە و ئیسپرینگە، بە هێردرێدی دەوت: هەمووی زیندو و ئۆرگانێکە. لەگەڵ مۆنتیسکۆ باسی بەهای نەبڕاوەی فرەیی دەکرد، لەگەڵ هێلڤتیۆس باسی یەکسانی و یەکجۆری نەگۆڕاو. بە رۆسۆی رادەگەیاند، کە شارستانیەت و زانست و هونەرەکەمان گەندەڵ و چەواشەی کردوین، بەڵێنی بە دالامپێر دەدا، کە نهێنیەکانی ئاشکرادەکات. کۆندەریسە و تۆم پین وا تێگەیشتبوون، کە سروشت لەناوەندی مرۆڤ جێی مافە مسۆگەر و لێکجیانەکراوەکانی کردۆتەوە، بەڵام بنتام بەوتەی سروشت دەیوت: کە ئەمانە هەموویان (دادوفیغان و هاواری سەر کاغەزن) و (هەڵیتوپەڵیتێك یان لاقی دار)ە. بە ئۆلباکی دەوت هیچ خوایەك نییە و ئایینەکان لەپیلانێك زیاتر نین، بەڵام پۆپ و شافستبەری و رۆسۆ هاوڕای سەرسامکاریان لە سروشتدا دەدیت. هیگڵ سروشتی بە پانتایی شەڕی

بەشکۆ دەزانی، کە پێست ڕەشەکان لە تاریکی شەودا هەڵدەکوتنە سەریەك و دومیستەری بە پانتایی خوێن، ئازار، ترس و گیان لەسەر دەست دەدیت.

سروشت چییە؟ چ لە وشەی (سروشـت) دەستدەکەوێت؟ پرسیارێکی جوانە. لسلی ستیۆن دەیگێڕێتەوە کە لە سـەدەی هەژدەیەم ڕێبوارێکی ئینگلیزی لە فەرەنسا دیتویەتی کە لەوێ، جگە لە ریزی تۆپخانە و سوارەی سەربازی، ناسروشتی بوو، کە باقی سەربازەکان جلی شین بکەنەبەر. ئاشکرایە کە سروشت بە دەنگی جیاوازی نەژمێردراو قسەدەکات، ئەگەر بڕیارە شتێك لەسروشت فێربین، ئێمەش ڕووبەڕوی وانەیەکی نەژمێردراو دەبینەوە، هەرگیز دواچارەسەر، تەنانەت دەسپێکی چارەسەرێکی ئەوتۆ، نابێت. هێلڤتیۆس هیچ گومانێکی لەوبارەیەوە نەبوو، کە سروشت چی فێردەکات. تەواو دەیزانی سروشت پێیدەڵێت: دەبێت مرۆڤەکان بەدوای خۆشی و بەختەوەریدا بگەڕێن و خۆیان لەنەخۆشی و ئازار بەدوربگرن و دەیویست لەسەر ئەو بنچینەیە سیستمێك لەسەر قازانجی تەوەرخوازی بەرپابکات، کە تەنانەت بە باشترین نیاز و مەڵهەم لەپاکترین پاڵنەرەکان و ئاڕاستەی شەڕ لەگەڵ ستەمکاری، نەزانی، حکومەتی دیکتاتۆرانە و هەموو تەنگ و چەڵەمەکان، کە هێشتا سەدەی هەژدەیان ئاخنی بوو، ڕاستەوخۆ بە جۆرێکی جەبریەت دەشکێتەوە و لەجیاتی جەبریەت نەزانی و ترس و قەشەکانی خورافە پەرست و پاشا سەرکێشەکان، هەموو جوان چاکەکان، کە ڕێنیسانسی سەدەی هەژدەیەم بەگژیاندا دەچۆوە، جەبریەتێکی دیکە، جەبریەتی تەکنەلۆژیا و جەبریەتی عەقڵ دادەمکرێنێتەوە، کە دیسانەوە هەمان هێندە بە ئازادی و بەو بۆچوونە دوژمنایەتی هەبوو، کە بەهامەندترین کار لە ژیانی مرۆڤدا، ئازادی هەڵبژاردنە لەبەر خودی هەڵبژاردن، نەك لەبەرئەوەی هەڵبژاردن چاکە، بەڵکو هەڵبژاردن بۆخۆیەتی. لەو دژایەتی و دوژمنایەتی و بەم شێوازە، هەم لە ئاڕاستەکردنی کۆمۆنیزم،

هەم لە ئاڕاستەکردنی فاشیزم و هەم لە ئاڕاستەکردنی تاڕادەیەك هەر یاسایەکی سود لێوەرگیراو، کە ئامانجی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و گۆڕینی بۆ تێکڕاییەك و پێکەوە بەستراو و هاوڕا بووە، تا مرۆڤەکان تێیدا هیچ داهێنانێکی تاکییان نەبێت. لەسیستمێکی وەها تەنگ و بێ دەریچە و بنەمای چاك، شوێنێك بۆ جوڵان نییە. ڕەنگە ئەم سیستمە بتوانێت مایەی خۆشبەختی بێت، بەڵام نەئێستا ئاشکرایە و نە تەنانەت لە سەدەی هەژدەیەم دا ئاشکرا بووە و بە دڵنیاییەوە لە داهاتو ئاشکراتر نەبووە، کە خۆشی و بەختەوەری تاکە ئامانجە و مرۆڤەکان بە دوایدا دەگەڕێن.

**پەراوێزەکان:**

1. ڕەنگە دەربڕینێکی دیکەی بێت لە وانە: (کاتێك جەماوەر گرفتاری بەڵگەهێنانەوە بن، هەمووشتێك بە با دەچێت.)

2. mandarins خاوەن پۆستەکانی حکومەتی سەردەمی ئیمپراتۆری چین، کە بەرزترین پلەی نۆ لایەنەیان هەبوو دوای ئەزموونێکی گران لە ئەدەبی کلاسیکی چینی بۆ ئەو پلەیە بەرز دەکرانەوە. (و. ف)

3. philosophes (وشەیەکی فەرەنسییە). مەبەستی ڕۆشنبیرانی فەلسەفی ڕوانگە، یان نیوە فەیلەسوفی فەرەنسی لە ڕاپەڕینی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدە. (و. ف)

4. زاراوەی لاتینی: (بە گۆڕینی پێویست) یان (بە سەرنجدان بە جیاوازیە گونجاوەکان) (و. ف)

5. Brave New world. ناوی ڕۆمانی بەناوبانگی نووسەری بەریتانی ئالدس هاکسلی (1963 - 1894) کە نووسەر تێیدا، شاری یۆتۆپیایی هەندێك لە فەیلەسوفەکان بە شێوەیەکی پێچەوانە (کابوسی شار) وێنادەکات و پیشانیدەدات، کە دەستکاری کۆرپەلە و بە مەرج کردنی دەروونی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی لە سەر بنچینەی وتەزای زانستی و سپاردنی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی بە دەست فەرمانڕەوایانی حەکیم، چ ئەنجامێکی ترسناکی لە ڕووی بەها مرۆڤایەتیەکانەوە دەبێت. (و. ف)

## ڕۆسۆ

### لە ئازادی بێ سنورەوە دەستپێدەکەم و دەگەمە ستەمکاری بێ سنور
### وتەی شیگالف، لە چیرۆکی دایستۆفیسکی: شەیتانەکان

لۆرد ئاکتنی مێژوونوسی بەناوبانگ، دەربارەی جان جاك ڕۆسۆ وتویەتی: (ڕۆسۆ بە قەڵەمەکەی زیاتر لە ئەرستۆ یان سیسیرۆن یان ئۆگۆستینی قەشە یان تۆماس ئەکویناسی قەشە، یان هەر مرۆڤێکی دیکە خۆی ، کە هەرگیز پێی خستۆتە پانتایی بوونەوە کاریگەری دانا)، ئەو وتەیە بە ئاشکرا زێدەڕۆییە، بەڵام هەرچۆنێکبێت شتێکی تێدا شاردراوەتەوە، کە بەگشتی لەڕاستی دوور نییە. لەبەرامبەردا دەکرێت وتەکەی خاتو دی ستاڵ بهێنرێتەوە کە: (ڕۆسۆ هیچی نوێی نەوت، بەڵام تەڕو وشکی پێکەوە سوتاند.)

گەورەیی ڕۆسۆ لە چیدایە؟ بۆچی بە بیرمەندێکی گرنگی دەزانن؟ ڕۆسۆ وتی چی؟ ئایا ئاشکراکردنێکی بێ پێشینەو جوانی کردووە؟ ئایا بە ڕاستی هیچی نوێی نەوت (خاتو دی ستال لەسەر هەقە؟)؛ ئەگەر نەیوت، کەوایە چۆن وتەکەی ئاکتن لەبارەیەوە ڕاستە؟

بەشێك دەڵێن بلیمەتییەکەی لەڕەوانبێژی و زمان پاراوی سەرسوڕهێنەر و شێوزای نووسینی حەپەسێنەردایە وەك لە پەخشانی کتێبی (دانپێدادانەکان)دا، کتێبێك کە هیچکەس ناتوانێت وابەئاسانی پشتی لە زەوی بدات و زیاتر لەهەر کتێبێکی ئەدەبی هاوشێوە کاریگەری بە سەر خوێنەرانەوە هەبووە، بەڵام ئایا بەراستی ئەوەی ڕۆسۆ وتی: هیچی نوێی تێدا نەبوو؟ ئایا ئەوەی وتی بەراستی وشەی کۆن لەبەرگی نوێ دابوو؟ بەشێکی دیکە دەڵێن نوێگەریەکەی ئەوەبوو، کە بەپێچەوانەی بیرمەندانی پێشوو ئەقڵییان دەکردە بەردانگ، ڕۆسۆ شەوق

و هەستەکانی بەرزدەنرخاند، بەڵام ئەو قسەیە ڕاست نییە. دیدرۆ، هێلڤتیۆس، شافتسبەری و هیومیش زۆر باسی شەوق و هەستیانکردووە و بەردەوام دەڵێن، کە بەپێچەوانەی ئایین و مەزهەبە توندوتیژو فەیلەسوفەکانی وەك ئەفلاتون و سپینۆزا، دەیەناوێت مرۆڤەکان هەستەکانیان سەرکوت بکەن. نابێت مرۆڤ سروشتی هەڵقوڵاوی خۆی جڵەو یان داماووکلۆڵ بکات. بێگومان دەبێت سۆز و کوڵکۆ بکەونە ڕەوتی دروستەوە، یان ڕێنماییبکرێن، بەڵام هەرگیز نابێت سەرکوتبکرێت. بە پێچەوانەوە بیرمەندانی قوتابخانەی ئەزموونی سەدەی هەژدە، پێش هەموو بیرمەندانی دیکە، لەهەر سەردەمێکدا دەژیان، جەختییان لە بەهای هەستەکان و هەڵقوڵاوی و گەرمی مرۆڤەکان دەکـردەوە. هیچ نوسەرێکی بە شەوقتر (هەندێکجار تەنانەت هەست ناسکتر) لە دیدرۆ لە بارەیەوە هیچی نەوتووە.

ئەگەر لە نوسینەکانی ڕۆسۆ ڕابمێنین، دەبینین هەموو ڕواڵەتەکان بڕیاردەدەن، کە دروست پێچەوانەی بابەتەکە ڕاستە. هەرگیز ڕۆسۆ لەگەڵ هەست ناسکی جڵەوپساو نییە. بە پێچەوانەوە بە پشتگیری نەریتێکی کۆنی گەورەی فەلسەفی دەڵێت: هەست ناسکی جیاکاری و عەقڵی خەڵك یەکدەخات. سۆز و هەستەکان، زەینی، تاکییە، جیاوازی لەنێوان کەسەکان، وڵاتان و کەمینەی جیاجیادا دەکات، بەڵام عەقڵ لەهەموو مرۆڤەکاندا یەکەو هەمیشە ڕاست دەڵێت، کەوایە ئەو جیاوازییە بە ناوبانگە کە بە هۆیەوە دەوترێت ڕۆسۆ پەیامبەری هەستە، لەبەرامبەر ئەقڵخوازی ساردو وشك، بەدڵنیاییەوە بە شایەتی نوسینەکانی خۆی کەوتۆتە هەڵەوە.

ڕۆسۆ دەڵێت لە ئاکار، سیاسەت و دەربــارەی ئەوە هەندێك پرسیار هەیە، کە چۆن دەبێت بژی و چ بکات و گوێ لە مستی کێ بێت، کە بە هۆی کەڵەکەبوونی هەست و پێشداوەریەکان و خورافاتی مرۆڤایەتی، بە هۆی

کاریگەری هۆکاری جیاجیای باڵا یان سروشتی، زۆربەی وەڵامەکانیان لێکدژ وەرگرتۆتەوە و بوونە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان لە کاتە جیاجیاکاندا شتی جیاواز بڵێن، بەڵام ئەگەر بڕیارە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، دەبێت بە ڕێگەیەکی دیکەدا بڕۆیین. دەبێت واپرسیارەکان بکەین، کە وەڵامییان هەبێت و تەنیا بە هۆی ئەقڵەوە ئەوکارە دەکرێت. بەهەمان شێوە کە هەموو بیرمەندانەکانیش لە زانستدا وەڵامی ڕاست قبووڵدەکەن، کە فڵان بیرمەند وەڵامیداوەتەوە، لە ئاکار و سیاسەتیشدا وەڵامی ڕاست وەڵامی ئەقڵانییە. بە دەستەواژەیەکی دیکە، ڕاستی یەکە و هەڵە زۆر.

تەواوی ئەو بابەتە ئاسایی و پێشکەوتووە. کەمتر فەیلەسوفێك هەبووە شتێکی لەوبەشە نەوتبێت، کاتێك ڕۆسۆ دەڵێت: عەقڵ لە هەموو مرۆڤەکاندا یەکە، یەکییان دەخات، ورووژانـدن جۆراوجۆرە و جیاکاری دەکات، تەنیا بیروباوەڕی پێشینان دووبارە دەکاتەوە. بەمەش کام بابەت لەو ناوەدا ئەوەندە جوان و بێ پێشینە بوو؟ دیارە ناوی ڕۆسۆ بە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە گرێدراوە، بەڵام لەوکتێبەشدا شتێکی نوێ نییە. لەسەردەمی یۆنانەوە تائێستا بـەردەوام بۆچوون وابـووە، کە لە مێژوودا، دەبوو تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی خۆیان بە ناچاری ببنە هاوپەیمانی یەکتر، ئەگەر لە مێژووشدا وەها نەبووە، هەرچۆنێکبێت مرۆڤەکان بەجۆرێك ڕەفتاردەکەن، کە گوایە بوونەتە هاوپەیمانی یەك، چونکە لە کۆمەڵگەدا هەندێك بەهێزتر، یان بەدخوازترن لە خەڵك، تاکەکان ناچاربوون دامەزراوەگەلێك دابمەزرێنن، تا زۆرینەی لاواز ڕێنەدات کەمینەی بەهێز کەڵەگاییان لێ بکەن.

بە چاوپۆشین لە هەندێك گۆڕانکاریی کەم، ڕۆسۆ چی نوێی خستەسەر ئەم بابەتە؟ ڕەنگە هەندێك بڵێن ئازادی تاکی، لەگەڵ دەسەڵاتی کۆمەڵگە ئاشتکردەوە، بەڵام زۆرجار پێشترانی باسی ئەو بابەتەیان کردبوو. گرنگترین

مەسەلەیەك هەمان مەسەلە بوو، کە مێشکی بیرمەندانی وەك ماکیاڤیلی و بودەن و هۆبز و لۆکی بەخۆوە خەریك دەکرد. هیچ شتێك لە مێژووی هزری سیاسی لەو پرسیارە ئاشناتر، یان سروشتی تر نییە کە: (دەبێت شەوقی مرۆڤەکان بۆ ئازادی چۆن لەگەڵ پێداویستیەکانی دەسەڵات ئاشت بکەیتەوە؟) لای هەموو بیریارێکی سیاسی ئاشکرایە، کە تاکەکان دەیانەوێت ئازادبن -واتە ویستیانە هەرچیەکی دەیانەوێت، بیکەن بێ ئەوەی ئەوانی دیکە ببنە ڕێگریان، یان ناچاریان بکەن کارێك بکەن نایانەوێت بیکەن - ئەو ئازادییە لە کۆتی پابەندیەت و ناچاری یەکێ لە گەورەترین بەهاکان، یان ئامانجەکانە کە خەڵك ئامادەن لە پێناویدا بجەنگن، یەکێ لەو مەبەستانە بەدیهێنانی پێویستە، کە بۆ ئەوەی زیاتر تاکەکان بگەنە ژیانی دڵخوازیان.

لە لایەکەی دیکەوە، پێویستە ژیان ریفۆرم و ڕێکبخرێت. مرۆڤەکان بە بەڵگە یان ئامانجی جیاجیا دەژین و وەك لە کۆمەڵگەدا دەژین، ناتوانن ڕێگە بە تاکەکان بدات، کە چییان ویست بیکەن، چونکە لەو کاتەدا ئەوانی دیکە هەراسان دەکەن و ناهێڵن بە ئامانجەکانیان بگەن. بەمەش دەبێت هەرچۆنێکبێت کۆمەڵایەتییانە بە جۆرێك ڕێکبخرێت.

بیرمەندانی پێشوو وەڵامی جیاجیای ئەم کێشە تەوەریەیان داوەتەوە. ئەو وەڵامانە بەوپێیە کە ئەو بیرمەندە جیاجیانە رایان لە بارەی تاکەکانی مرۆڤ، جیاوازە. هۆبز رای لەبارەی سروشتی مرۆڤ باش نەبوو، پێیوابوو مرۆڤ بە گشتی زیاتر لەوەی باش بێت خراپە و زۆرتر سەرکێشە تا رام، بۆیە باوەڕیوابوو بوونی دەسەڵاتی بەهێز بۆ جڵەوکردنی فاکتەرەکانی بێگومان دڕندانە و سەربزێو و ئاژەڵی مرۆڤ، پێویستە. بەمەش زیاتر بە قازانجی دەسەڵات سنوری نێوان ئازادی و دەسەڵاتی دەکێشا، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەبوو، کە بۆ ئەوەی ڕێگەنەدەین مرۆڤەکان یەکتری لەناوبەرن و ژیانی یەکدی تێکبدەن

و بارودۆخێك بێننەئارا، کە ژیان بۆ زۆرینەی زۆری کۆمەڵگە ترسناك، ناخۆش، بە ئازار و شێرانە کورتبێتەوە، بوونی پابەندییەکی زۆر و ناچارکردن پێویستە. بەمەش کەمێك مەیدانی ئازادی تاکی بە کەم گرت.

لە بەرامبەردا، لۆك باوەڕیوابوو مرۆڤەکان زیاتر پاکن تا ناپاك، پێویست ناکات ئەوەندە فراوان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا سنور بکێشین. بڕوایوابوو مرۆڤەکان پێش چوونە ناو کۆمەڵگەوە لە (بارودۆخی سروشتی) سود لە مافەکان وەردەگرن و دەتوانن کۆمەڵگەیەك دابمەزرێنن رێگەبدات تەنانەت لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، هەندێك لەم مافانە بپارێزن و زیاتر لەوە لە زۆربەی مافەکانی تاك کەڵك وەرگرن، کە هۆبز بە رەوای دەزانێت، چونکە مرۆڤەکان خۆڕسکی چاکەخوازن و بۆ هێنانەدی لانی کەم کە کۆمەڵگە بە بێ ئەو ناتوانێت درێژە بە ژیان بدات، فشار و جەبر و زۆر بە ئاستێك پێویست نییە، کە هۆبز بە پێویستی دەزانی.

لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی جێسەرنجم ئەوەیە، کە باسەکەی نێوانیان، باسێکە لەوبارەیەوە پێویستە سنور کوێ بێت، بەڵام ئەو سنورە خزە و دەترازێت. لەسەدەکانی ناوەڕاست ناکۆکی لەسەر ئەو باسە بوو، کە هزری سیاسی زیاتر چۆنایەتی ئایینی هەبوو، تاوانی سەرەتای {ئادەم و حەوا} مرۆڤی بەدجنس و چاوچنۆك و سەربزێو کردووە و لەودا بەهێزترە، یان ئەقڵی سروشتی و خواپێداو کە مرۆڤ بۆ داوای ئامانجی پاك و دروست پاڵدەنێت، کە خوا لەودا ماڵاوایی لێکردووە. لەو سەردەمانە بوونە سیکولارتر و زیاتر ئاوڕیان لەودنیایە دایەوە، ئەو چەمکانە بە شێوازێکی هەست پێنەکراو شێوەی سیکولاریان بەخۆوە گرت و هەمان باس دەربارەی سنوری کوێیە، سیکولارئاسا، بۆتە مێژوویی یان دەروونناسانە. مەسەلەکە ئەوەبوو کە: (چەند ئازادی و دەسەڵات؟ چەند پابەندی و جەبر و ئازادی تاك؟) پێویستی بە جۆرێك سازش

بوو، دەبوو بەوپێیەی سروشت راستی مرۆڤ دەهاتەبەرچاو، لەژێر رۆشنایی پێدراوە زانستییە کاریگەرییە هۆکارە هەرێمییەکان، ناوەندی و هاوشێوەی چارەسەر بکات، کە بیرمەندێکی وەك مۆنتیسکۆ ئەژماری کردبوو، دەبێت هێڵی سنورەکەی لە کوێ بکێشرێت؟

یەکەم لایەنی رێنماییەکانی رۆسۆ ئەوەیە، کە ئەو شێوازە بەرکەوتەیە بەتەواوی، بێسودە. بۆچوونی لەسەر ئازادی و دەسەڵات زۆر لە بۆچوونەکانی بیرمەندانی پێشوو جیاوازە. بە کورتی هەمان وشە بە ناوەڕۆکی زۆر جیاواز بە کاردەهێنێت. نهێنی گەورەی رەوانبێژی قسە، کاریگەری و بە توانایيەکەی، رەنگە هەرئەوەبێت، کە لەو کاتەی دێتە بەرچاو، ئەوەی دەیڵێت چی وەها لە پێشینان جیاواز نییە و هەمان بەشی رستەکان و بە رواڵەت هەمان چەمکەکان بە کاردەهێنێت، بە جۆرێك چەمکەکان دەپێچێتەوە و خوێنەر مات و مەلول دەمێنێتەوە، بە نەزانی لەڕێگەی چەند دەستەواژەیەکی ئاشنا، پەلکێشی وڵاتێکی تەواو نامۆ دەکرێت.

ئەوەی رۆسۆ دەیڵێت ئەو مانایە نییە، کە دەیگەیەنێت. پێدەچێت باسی هەمان رەوتی کۆن دەکات، بەڵام روانگەیەك بە تێکڕایی رۆڵی پشتگیرییە کە بە رواڵەت لە پێشینانی قەرزکردووە. چەمکەکانی ئازادی و پەیماننامە و سروشت بە نموونە دێنینەوە. یەك، ئازادی. گریمان بڵێین: (کەوایە ئازادی لە رادەبەدەر شیاو نییە، چونکە بێسەرەوبەرەی لێدەکەوێتەوە و دۆ و دۆشاو تێکەڵدەکات، دەسەڵاتی لە رادەبەدەریش شیاو نییە، چونکە تاکەکان دەهاڕێت و بە ستەمکاری و زۆرەملێیی کۆتایی دێت، کەوایە دەبێت ئاستێك دەستنیشان و رێکیبخەین.) هزرێکی وەها بەلای رۆسۆ بە تێکڕایی قبوڵنەکراوە، چونکە ئازادی لەکەدار دەکات. ئازادی بە بەهایەکی رەها دەزانێت و وەك جۆرێك چەمکی ئایینی لێیدەڕوانێت. بەلایەوە ئازادی یەکسانە بە تاکی مرۆڤایەتییەوە.

وەك بڵێین مرۆڤ مرۆڤە، یان بڵێین مرۆڤ ئازادە، لە روانگەیەوە کەموزۆر یەکە.

ماهیەتی مرۆڤ، بە بڕوای رۆسۆ، چییە؟ مرۆڤ کەسێکە لە کارەکانی بەرپرسیارە - کەسێکە دەتوانێت چاك و خراپ جیابکاتەوە، دەتوانێت رێگەی راست یان خوار بگرێت، ئەگەر ئازاد نەبێت، ئەو جیاوازییە مانای نابێت. ئەگەر کەسێك ئازاد نەبێت، ئەگەر بەرپرسی کارەکانی خۆی نەبێت، ئەگەر ئەوەی دەیکات بەو بەڵگەیە نەبێت، کە ئەو کارە ویستی خۆیەتی، یان ئامانجی مرۆڤایەتی و کەسی خۆیەتی، یان بەو کارە بە شتێك دەگات، کە لەم ساتەدا تەنیا ئەو و نە هیچ کەسی دیکە خوازیاریەتی - کەوایە هەرگیز ئەو مرۆڤ نییە، چونکە بەرپرسیەتی نییە. ئەوەی مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ، یان ماهیەتی مرۆڤ، بە باوەڕی رۆسۆ، زیاتر لەوەی ئەقڵ بێت، بەرپرسیەتی ئەخلاقیەو بەرپرسیەتی ئەخلاقی پەیوەندی بەم واقعیەتەوە هەیە، مرۆڤ دەتوانێت هەڵبژێرێت، دەتوانێت بە ئازادی لە ناو گریمانە جۆراوجۆرەکان هەڵببژێرێت، بێئەوەی ناچاربێت.

ئەگەر کەسێك یان بەهێزێك یان شتێك، تەنانەت بارودۆخی مادی، کەسێك ناچاربکات، نادرووستە بڵێم هەڵدەبژێرێت یان سەربەستە. بە رای رۆسۆ، کەسێکی لەم چەشنە لەوکاتەدا شتێك زیاتر لەشتێك، یان داراییەکی سەربە ئەوانی دیکە نابێت و ناکرێت چاوەڕێی وەڵامبیت لێی. ناکرێت بوترێ مێز و کورسی، تەنانەت ئاژەڵەکان کاری باش یان خراپ دەکەن، چونکە یان هیچ کارێك ناکەن، یان نازانن چ دەکەن، ئەگەر نەزانن، لە بنچینەدا ناتوانێت سەرنج بدەن، کە کارێك دەکەن و کارێك نەکەن بە مانای مرۆڤ نەبوونە. کار واتە هەڵبژاردن، هەڵبژاردن پێویستی هەڵبژاردنی ئامانجە. کەسێك کە بە بەڵگەی ناچارکردن، نەتوانێت ئامانجی هەڵبژێرێت، مرۆڤ نییە. لەو

کاتەدا، بەوشێوەیەی کە سرووشتزانانی پێشوو وتبوویان، تەنیا مستێك دەمار و ئێسکوپرووسك یان کۆمەڵێك لە ئەتۆمەکان دەبێت، واتە شتێك بەرهەمی زۆرەملێیی سرووشت و وەك شتەکان بێگیان و سەربە یاسا مادییەکان. شێوەیەکی دیکەی مەسەلەکە، نەك بەرهەمی زۆرەملێیی و سرووشت، بەڵکو بەرهەمی جۆرێکی دیکەی زۆرەملێیی بێت، لەم روانگەیەوە فەرمانڕەوای زاڵم زۆری بۆدێنێت و ناچاریدەکات، یان بوونەوەری کەسێکی ترە، کە کەڵکاوەژو و لەترس و هیواو خۆخوازیەکەی دەکات و وەك یارییەك دەیکاتە دەسکەلای خۆی. ئەم بوونەوەرەش هەمان هێندە لە ئازادی تەواو و توانای تەواوی کار بێبەشە و بەمەش بە تەواوەتی مرۆڤ نییە.

بە بڕوای رۆسۆ ئەمجۆرە کەسە، لە کۆیلە زیاتر نییە. دیارە رەنگە دڵخۆش بێت، بەڵام ئامانجی مرۆڤ دڵخۆشی نییە، دەبێت ئامانجی ژیان بە رێگەی راست بێت، بەمەش ئەو بانگەشەیەی لە وانەیە کۆیلەکان زۆر لە مرۆڤی ئازاد شادتربن، هەرگیز کۆیلەیی پاساو نادات و بەوهۆیەوە، رۆسۆ بە تووڕەبوونەوە قازانجخوازی کەسانێکی وەك هێلڤتیۆس رەتدەکاتەوە. رەنگە کۆیلەیی بە گوێرەی یەدەك و خێروچاکە لە بەرچاوگرتن بیەوێت کۆیلەبێت، بەڵام ئەوکارە قێزەون و بێزاری هێن و گێرەوکێشەیە. (کۆیلەیی... بە پێچەوانەی سروشتە.) تەنانەت کۆیلەکان هاوڕابن، هاوڕاییان کۆدەنگی راستەقینەیان نییە. رۆسۆ راشکاوانە رایدەگەیەنێت کە: (وازهێنان لە ئازادی، واتە وازهێنان لە مرۆڤ بوون و چاوپۆشین لە مافەکان، تەنانەت ئەرکی مرۆڤایەتییە... ئەوجۆرە وازهێنان و چۆکدادانە ناتەبای سروشتی مرۆڤە.)

ئەو وتەیە، واتە یەکێك ئازادی خۆی لەدەستبدات، مرۆڤ نییە، بۆیە کەس ناتوانێت خۆی بە کۆیلەیی بفرۆشێت، چونکە هەرکە بووە کۆیلە، مرۆڤ نییە و بەمەش، لە داهاتودا نە مافی هەیە و نە ئەرك. کەس ناتوانێت مرۆڤایەتی خۆی

بەتاڵبکاتەوە، ناتوانێت کارێك بکاتن لە ئەنجامدا نەتوانێت هیچ کارێك بکات. کارێکی وەها یەکسانە بە خۆکوشتنی ئەخلاقی و ورەیی و خۆکوژی کارێکی مرۆڤانە نییە. بە وتەی ویتگنشتاین: (مردن کارەساتێك نییە لە ژیاندا)، بەمەش بە باوەڕی رۆسۆ، ئازادی شیاوی مامەڵە، یان پێکهاتن نییە: ئێوە رێتان پێنەدراوە ئەمرۆ کەمێك و بەیانی برێکی زۆرتری پێشکەش بکەی، رێگەت پێنەدراوە بەردەوام مامەڵە بکەیت و ئەو برە ئازادییە لەناو ئەو برەدا دابین، بەم برەی ناوی لە بەرامبەر ئەو برەی شادمانی بفرۆشیت. رادەستبوون، تەنانەت کەمێکی لەجیاتی کەمێك مردن و داماڵینی کەمێك خەسڵەتی مرۆڤایەتی خۆتانە. بیروباوەڕێك کە رۆسۆ بەوپەڕی شەوقەوە پابەندیەتی، بەهایەك کە زیاتر لەهەر بەهایەکی دیکە لەبارەیەوە رەوانبێژی خەرج دەرکات، شکۆ و ئابڕووی مرۆڤایەتییە. بە باوەڕی ئەو بالاترین تاوان و بەرگە نەگیراوترین تاوان، داماڵینی مرۆڤایەتییە لە مرۆڤ و بیکەڵك و بێنرخکردنی مرۆڤێك و چەوساندنەوەیەتی. رۆسۆ وتارگەلێکی ورووژێنەری زۆر بۆ سوکایەتیکردن بە کەسانێك دەنوسێت، کە لە رێگەی گەیشتن بە ئامانجە خۆپەسندییەکان، سود لە ئەوانی دیکە وەردەگرن – بەڵام نەك لەبەر ئەوەی خۆشی لەخەڵك وەردەگرنەوە، بەڵکو کاڵیاندەکاتەوە و ناتەواون، بە شێوازێك کە قوربانیەکانی هاوشێوەی مرۆڤ نین. پێیوایە ئەو کارە، لە بارەگای جبرائیل تاوانە – بە کورتی چونکە ئازادی مرۆڤ – واتا توانای هەڵبژاردنی سەربەخۆی ئامانجەکان – لە روانگەی رۆسۆ بەهای رەها، بێکۆتومەرجە و وتنی کە فلان بەهای رەهایە، بەو مانایە ئەو بەهایە ناسازێت.

تائێرە هیچ کێشەیەك نییە. رۆسۆ ئاشکرای کردووە، کە لە تێڕوانینی خۆی بۆ مرۆڤ چ شتێکی دەربارەی ئازادی وەك پیرۆزترین خەسڵەتی مرۆڤایەتی – نەك تەنانەت خەسڵەت، بەڵکو گەوهەری مرۆڤایەتی – پێویستە، بەڵام بەهای

تریش هەیە. گونجاو نییە رابگەیەنێت ئازادی تاکی، رێگە بە هەر کەسێك هەرچییەکی بیەوێت بیکات، بارودۆخێك بارودۆخی ئایدیالی مرۆڤە، کە تێیدا هەرکەسێك دەست بۆ هەموو کارێك دەبات. بۆچی شیاونییە؟ بە دوو بەڵگە. یەکەم، ئەزموونی و مێژووییە. مرۆڤەکان بە هۆکاری جیاجیا لە کۆمەڵگەدا دەژیین. رۆسۆ هەرگیز روونی ناکاتەوە بۆچی بەم چەشنەیە. رەنگە ئەوکارە بە بەڵگەی نایەکسانی توانا و ئامادەییەکان بێت، کە وادەکات هەندێك تاك لەئەوانی دیکە بەهێزتر بن و بتوانن دەسەڵات بە سەر ئەوانی دیکەدا بکەن و بیانکەنە کۆیلە، هەروەها لەوانەیە هۆیەکەی، یاسا خۆڵێنەدزراوەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی، یان فڵان غەریزەی سروشتی جەماوەری تاکەکان دابێت، کە بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی تاویاندەدات، یان دوور نییە هەندێك بەڵگە هەبێت، کە هاورێیانی ئینسکلۆپیدیا باسییاندەکرد، دووەم، پێویستی دابەشکردنی کار و هاوکاری، بەمەبەستی ژیان بە رێگەیەك، کە خواستێکی زۆری مرۆڤ و تاکەکان بخەملێنرێت، زیاتر لەوەی ژیانی گۆشەگیری و دڕندانی ناشارستانی مەیسەرە.

هەندێکجار رۆسۆ دڕندەی ناشارستانی شاد، بێ تاوان، سروشت چاك و جاری وایە بەربەری ئاساو بێبەزاییانە دەناسێنێت. هەرچۆنێکبێت، چاوپۆشین لەم بابەتە، راستە کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا دەژیین، بەمەش دەبێت رێسایەك دابنێن تا تاکەکان بە هەڵسوکەوتیان ئەوانی دیکە هەراسان نەکەن و زیاد لە پێویست سود لەتوانایان وەرنەگرن بۆ نەزۆککردنی ئامانج و مەبەستەکانی یەکتری. لێرەدا بەو کێشەیە دەگەین کە: چۆن دەکرێت مرۆڤێك بەرەهایی ئازاد بمێنێتەوە (چونکە گەر ئازاد نەبێت، مرۆڤ نییە)، هاوکات رێی پێنەدرابێت بە رەهایی هەموو کارێك بکات، کە حەزدەکات؟ چۆن دەشێت ئازادبێت، ئەگەر ببنە کۆسپی کارەکەی؟ ئەگەر ئامانج لە ئازادی ئەوە نەبێت، کە کەسەکە بە پێی

ویستی ڕەفتار بکات و کەسێك ڕێگە لە کارەکەی نەگرێت، کەوایە ئازادی چییە؟

دووەم، ڕۆسۆ بەڵگەی زیاتر و قووڵتری بۆ پابەندی و زۆرەملێیی هەبوو. هاوڵاتی و خەڵکی جنێف، کاریگەری نەریتی کالوینیستی بە سەرەوە بوو، بەمەش هەمیشە پێویستی بوونی ڕێسا و بڕیارەکانی لە ژیاندا لەبەرچاوبوو. ڕۆسۆ نیگەرانی هەق، ناهەق، زوڵم و دادپەروەرییە. هەندێك لە شێوازەکانی ژیانی ڕاست، هەندێکی دیکە ناڕاستن. ئەویش لەو باوەڕەی هاوسەردەمانی سەدەی هەژدەی بەشدارە، کە پرسیاری (دەبێت چۆن بژیین؟) پرسیارێکی واقیعیە، بەمەش چاوپۆشین لەوەی، کە بە هۆی عەقڵ یان لە هەر ڕێگەیەکی دیکەوە ھانەوێت وەڵامیبدەینەوە، هەرچۆنێك بێت وەڵامێك هەیە.

ئێستا گومانمان نابێت کە وەڵامی ئەو پرسیارەمان وەرگرتۆتەوە، یان پێمانوایە وەرمانگرتۆتەوە. دەبێت وەڵام بریتیبێت لە ڕێسای ژیان و بڵێت: (ئەوە بکە و ئەوە مەکە)، (ئەوە ڕاستەو ئەوە ناڕاست، ئەوە دادپەروەرانە و ئەوە نادادپەروەرانەیە، ئەوە باشە و ئەوە خراپە، ئەوە جوانە و ئەوە ناشیرین)، بەڵام دەگەڵ ئەوەی ڕێسایەکمان چنگکەوێت، تەنیا لە بەرئەوەی بنەمایەکمان هێناوەتەئارا و بووینە خاوەنی بڕیارەکانی چاودێر بە سەر ڕەفتار، ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، کە دوای ئازادی چ دەبێت؟ چۆن شیاوە ئازادی دژی بڕیارەکان نەبێت، چونکە هەر بڕیارێك مرۆڤ سنوردارەدەکات و ناهێڵێت بە ڕەهایی بەپێی ویستەکانی ڕەفتاربکات و لەجیاتی پێیدەڵێت وەها بکە و وەها مەکە و ڕێگە لەئەنجامدانی هەندێك کاری دەگرێت، ئەمەش تا ئاستێك کۆنترۆڵی دەکات؟

ڕۆسۆ زۆر بە شەوقەوە لەو بارەیەوە دەدوێت. دەڵێت ئەو یاسایانە، ئەو ڕێسایانەی ژیان، تەنیا عورف و پەیماننامە نین، ڕێوشوێنەکان لەسەر بنەمای قازانجخوازی نین، کە مرۆڤ تەنیا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی زەینی کورت

ماوە یان تەنانەت ماوەدرێژ دایهێنابێت. هەرگیز وەها نییە. لێرەدا دیسانەوە دەمانەوێت کتومت قسەکەی وەربگرم – لە شوێنێك کە باسی (یاسای سروشت، یاسای ڕەهاو بەتاڵنەکراوە، کە لەگەڵ دڵی مرۆڤ و عەقڵی قسەدەکات.)، ڕۆسۆ پێیوایە (ئەو یاسایە لە وڕێنەی یوستی نیانوس باشترە و لەسەر دڵەکانی مرۆڤەکان نەخشبووە و هەڵکەنراوە.)1 بە بانگەشەکەی، توانایەك لەمرۆڤدا شاراوەیە، کە خوازیاری ڕێگەی ڕاست و هەڵبژاردنی ڕێگەی دروستیدەکات و ئەو توانایە لە یاسا میکانیکییەکاندا ڕوونناکرێتەوە، چونکە شتێکە لە خودی مرۆڤ و لە دەرەوەی زانستە سروشتییەکانە. یاسا ئاکارییەکان، ڕەهاو بێکۆت و مەرجن و مرۆڤ دەزانێت، کە نابێت هەڵەیان لێ بکەی. ڕای ڕۆسۆ، لەو ڕووەوە، شێوازی نائایینی یان سیکولاری مەزهەبی کالوینیزمە، چونکە بەردەوام پێدادەگرێت کە یاساکان، عورف و پەیماننامە نین، بەڵکو بڕیارگەلی ڕاست و ڕێسای پیرۆزی ئەزەلی و ئەبەدی و تەواو متمانەپێکراو و ڕەهان، کە بە لەباری قەرزداری کات بوون و شوێن و بارودۆخی خەڵك و مرۆڤ دەستی لە بارودۆخیاندا نەبووە.

کەوایە لێرەدا ڕووبەڕوی دژوازییەك دەبینەوە. دوو بەهای ڕەهامان هەیە: یەکەم، بەهای ڕەهای ئازادی، دووەم، بەهای ڕەهای ڕێسای ڕەوا، هەرگیز ڕێمان پێنەدراوە سازشێك لەنێوانیاندا بکەین. ڕێمان پێنەدراوە کارێك بکەین، کە لە ڕوانگەی هۆبزەوە مەیسەر بووە، واتە بەکردەوە ڕژێمێکی یاسایی دابمەزرێنین، کە فڵان ئەوەندە ئازادی و فڵان ڕادە دەسەڵات و فڵان ئەندازە کۆنترۆڵ و فڵان هێندە داهێنانی تاکی تێدا ڕێپێدراوبێت. ناگونجێت لە هیچکام لەو دوو بەها ڕەهایە پاشگەز ببییەوە: پاشگەزبوونەوە لە ئازادی وەك کوشتنی گیانی نەمری مرۆڤە، پاشگەزبوونەوە لە ڕێسا، واتە بە ڕەوا زانینی کارێك بە ڕەهایی نەشیاو، بە ڕەهایی خراپ، بە ڕەهایی قێزەون و بەرگرتن بە ڕێگەیەکی

دژی سەرچاوەی پیرۆزی ڕێسایە، کە هەندێجار سروشت، جاری وایە ویژدان و جاروبارە ناودەنرێت خوا، بەڵام هەرچۆنێکبێت بە گشتی بڕوا پێکراوە. ئەم مانا چارەسەرنەکراوە زۆر جیاوازە لە کێشەی بیرمەندانی پێشتر، کە ڕۆسۆ تێیدا تلاوەتەوە و باوەڕیان بە تەبایی و لێکبوردەیی و ڕێوشێوێنی بەرهەمی ئەزموون هەبوو، دەیانویست بەوهۆیەوە چارەسەرێك بدۆزنەوە، کە دیارە دەیانزانی لەئاستی کەماڵی خوازراو نییە، بەڵام باشییەکەی لەسەرەتای زیاترە، شتێکە توانا بە مرۆڤەکان دەدات، کاروباری خۆیان تاڕادەیەك بە شێوازێکی شیاو ڕێکبخەن، ڕێگەیەکە لەسەر بنەمای عەقڵی تەندروست و ڕێزی هاوڕێژەیی بۆ ویستەکانی یەکتری بە جۆرێك، کە خەڵك بەسەریەکەوە، ئەگەر بە هەموو ویستەکانیشیان نەگەن، لانیکەم زیاتر لەوەی لەهەر سیستمێکی تر بە دەست بێنن و لانی کەم (مافەکانیان) پارێزراوبن.

ئەم ڕوانگەیە بە جۆرێك کە ڕوانگەی هۆبز، لۆك، هێلڤتیۆس و میلە، لای ڕۆسۆ بە ڕەهایی پەسندکراو نییە. بەهای ڕەها واتە بەهایەك کە لێکبوردەیی، شرۆڤە و شیکردنەوەی لەودا ڕێگەی نییە. ڕۆسۆ بەشێوازێکی ورووژێنەر باسی ئەو بابەتە دەکات. دەڵێت لە ڕوانگەی منەوە، مەسەلەی (بەدەستهێنانی جۆرێك لە هاوگرووپییە ... کە هەموو کەسەکانی ناوی لەکاتی یەکگرتن لەگەڵ هەمووان، پەیڕەوی لەخۆی بکات و وەك ڕابردو بە ئازادی بمێنێتەوە.)

پارادۆکسی بەو دەربڕینە، شێوازی پارادۆکسیکاڵیش بەخۆوەدەگرێت. چۆن دەکرێت لەو ئانوساتەدا لەلایەك لەگەڵ ئەوانی دیکە یەکبگرین، بەمەش بگەینە جۆری هاوگرووپی، کە تائاستێك دەسەڵات و پابەندیەت و زۆرەملێیی بسەپێنێت و لە بارودۆخی ئاساییدا زۆر لە ئازادی و تەنیایی تەواو جیاوازبێت، لە لایەکەی دیکەوە بە ئازادی بمێنینەوە، واتا پەیڕەوی هەمان خەڵك نەکەین کە پێکەوە هاوگرووپمان پێکهێناوە؟

وەڵامێك، كە ڕۆسۆ لە كتێبی پەیماننامەی كۆمەڵایەتی دەیداتەوە و لەجیهاندا ناوبانگی دەركردووە، ئەو دەستەواژەیە كە هەمووكەس (كاتێك خۆی بۆ هەموان تەرخاندەكات، خۆی بۆ هیچ كەس تەرخان ناكات.) ئەم نمونەیە بەناوبانگە هەرهێندە، كە لەناخماندا زایەڵەی دێت، ئەمڕۆش وەك هەمیشە ئاڵۆز و گوماناوییە. ڕۆسۆ عاشقی پارادۆكس بوو، بەڵام بیرمەندێكی نامۆش بوو، ئەو نامۆییە ڕیشەی لەوە قوڵتری لەو عیشقەدایە. ئاشكرایە لەبەرانبەر ئەو (پێوەری دوو شاخە)2 – واتە ئازادی لە بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ئاكاری – لەدڵەوە ئازاردەكێشێت و نەیدەویست هیچییەك لەو (دوو شاخ) بەخوێن پێوانە بكات، بەڵام لەنەكاو چارەسەرێك بەتیشكی كوێركەر لەدەروونیدا تیشكی دایەوە. لە نامەیەكدا بۆ مالزیرب، چۆنیەتی ڕوودانی ئەو شۆڕشە دەروونییە بەتێروتەسەلی شرۆڤە دەكات. دەنوسێت: ڕێمدەكرد سەردانی دیدرۆ بكەم لە بەندیخانە، كە چارەسەری مەسەلەی بەدكاری و لەسەرووتری مرۆڤ، لەنەكاو بەبریسكەی كوێركەری ئیلهام، لەزەینمدا درەوشایەوە. لەوكاتەدا هەستی وەك بیركاری زانێك بوو، كە لەپڕ بابەتێكی دوورودرێژ و ئازاراوی شیكاركردووە، یان هونەرمەندێك كە ئیلهامی لێوەرگرتووە، یان عارفێك لەپڕ ڕوئیای هەقانیەتی بەدەستهێناوە. دەنوسێت: ئەوە كارەساتی تەوەری ژیانم بوو، بووورابوومەوە، لە قەراغ ڕێگاكە دانیشتم و گریام. دەربڕینی دەنگی لە وەڵامی مەتەڵی كۆن، چ لە پەیماننامەی كۆمەڵایەتی و نوسینەكانی دیكەدا، ڕێك هاوشێوەی دەربڕینی كەسێكە، كە تەنیا ئەندێشەیەك بەسەر گیانیدا  زاڵە و جگە لەوە هزر و بیری هیچی دیكەی تێدا نییە، شێتێكە كە لەنەكاو بەئاشكراكردنی نهێنی جیهانی گەیشتووە، وەك كەسێكە كە یەكەمجار لەنەكاو لە مێژوودا وەڵامی مەتەڵی دۆزیوەتەوە و چەند سەدەیەك بوو تێكڕای مرۆڤایەتی ئازاردەدا، تەنیا بیرمەندە گەورەكانی ڕابردوو – لەوانەیە ئەفلاتون، یان عیسای مەسیح – تائاستێك هاوڕای

پێشبینییەکەی بووبوون، بەڵام تەنیا ئەو سەرئەنجام توانیویەتی ئاشکرای بکات و لەوە بەدوا پێویست ناکات هیچ کەس بەدواییدا بگەڕێت.

رۆسۆ لە کاتێکی وەهادا وەك ئەو بیرکاری زانە شێتەیە، کە چارەسەری دۆزیوەتەوە، نەك هەر راست، بەڵکو لەسەر بنەمای رێسای ئاسنینی لۆژیك بەچەشنێك قابیلی سەلماندن، کە هیچکەس لە داهاتودا هەرگیز جارێکی دیکە پێشنیازیناکات. ئەو چارەسەرە چییە؟ رۆسۆ وەك ئەندازەزانێك بەرەوپێشدەچێت و ئەو دوو هێڵەی لەخاڵێکدا، تەنیا لەخاڵێکدا هەیەتی، یەکتری دەبڕن. بەخۆی دەڵێت: (لێرە ئازادی و لەوێ دەسەڵاتمان هەیە و لێکبوردەیی لەم مەسەلەیەدا دژوارو لە روانگەی لۆژیکی مەحاڵە. کەوایە دەبێت چۆن پێکەوە ئاشتیان بکاتەوە؟) چارەسەرەکەی وەها سادە و بەوشێوەیە شێتانەیە، کە رەنگە تەنیا سروشتە شەیدا و پەرێشانەکان پێیبگەن. هەرگیز سازان رەوا نییە. دەبێت کێشەکە بە شێوازێك چاودێری بکرێت، بتوانرێت لەناکاو ببینرێت ئەم دوو بەها پارادۆکسە، نەك هیچ پارادۆکس نیین، بەڵکو هەردووك یەك بەهان. مومکین نییە ئازادی و دەسەڵات ببنە لێکدژ، چونکە هەردووك یەکن و دوو رووی دراوێکن. جۆرێك ئازادی هەیە، کە کتومت دەسەڵاتە، لەوانەیە بەشێك ئازادی تاك هەبێت، کە لەگەڵ دەسەڵات و کۆنترۆڵێك کە بە هۆی دەسەڵاتەوە دەسەپێنرێت یەکبێت. چەندی ئازادتربیت، دەسەڵاتی زیاترت هەیە، هەروەها زیاتر گوێڕایەڵی دەکەیت، لە لایەکەی دیکەوە، چەندی ئازادی زیاتربێت، کۆنترۆڵ زیاترە.

پێویستە چۆن بەم خاڵی بەیەك گەیشتنە، نهێنی ئامێزە بگەین؟ چارەسەری رۆسۆ ئەوەیە، کە ئەگەر باش رامێنیت، ئازادی تەنیا بەو مانایەیە، کە کۆسپێك بۆ گەیشتن بەئەوەی مرۆڤەکان دەیانەوێت نەبێت، بەڵام مرۆڤەکان چییان دەوێت؟ ئەوەی من دەمەوێت وەك پێویست شتێکە، کە بۆ من باشە - واتە

تەنها شتێك كە سروشتم دڵخۆش دەكات. هەڵبەتە گەر نەزانم كە چ شتێك بۆ من باشە، ڕەزامەندییەك لە گەیشتن بەوەی ویستومە دەستەبەر ناكەم، چونكە دەردەكەوێت ئەوەی پێیگەیشتوم لەڕاستیدا ئەوشتە نەبووە، كە دەمەویست، بەمەش تەنیا كەسانێك ئازادن، كە نەك تەنیا هەندێك شتییان دەوێت، بەڵكو دەزانن كە لە راستیدا چ شتێك ئەوان دڵخۆش دەكات.

عاقڵ كەسێكە كە بزانێت چ شتێك دڵی خۆش دەكات. عەقڵ وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتـەوە: (بۆئەوەی زۆر دڵخۆش و تەواو مێشكم ئاسودەبێت، پێویستە بەدوای چیدا بگەڕێم؟) بەهەمانشێوە لە زانستدا دۆزراوەی بیرمەندێك ئەگەر دروستبێت، هەموو بیرمەندەكان قبوڵیدەكەن، لەو بارەیەشەوە ئەوەی بۆ تاكێكی عاقڵ راستە، بۆ عاقڵەكانی دیكەش راست دەبێت. بۆیە، ئەگەر بە پێی پێشەكی راست و بە میتۆدی بڕواپێكراو و لەگەڵ سود وەرگرتن لە ڕێسایەكی دروست بگەیتە ئەنجامێك، بەدڵنیاییەوە ئەوانی دیكەش ئەگەر عاقڵبن، دەگەنە هەمان چارەسەر. لەلایەكەی ترەوە، ئەگەر دڵنیابیت كە فكرتان عاقڵانەیە، بەڵام ئەوانی دیكە بگەنە چارەسەرێكی دیكە، ئەوكارە بە تەنیایی پیشانیدەدات، كە ناشێت ئەوان عاقڵ بن و دەتوانی بێ ترس ئەنجامێك كە وەریان گرتووە، لەبەرچاو نەگریت.

سەرەتایەكی گەورە، سەرەتایەكی گەورە، بەڵام گوماناوی كە بناغەی كاری تاڕادەیەك هەموو بیرمەندانی سەدەی هەژدە بووە، ئەو گریمانەیەبوو، كە كارەكانی سروشت لە هەماهەنگیدایە. ڕۆسۆ بە ئاگاداربوون لەو سەرەتایە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، كەوایە ئەوەی من لەڕاستیدا دەمەوێت لەوانە نییە لەگەڵ ئەوەی لەڕاستیدا ئەوی دیكە دەیەوێت، لێكدژبێت. شتێك باشە كە ویستی عەقڵانی هەركەسێك بێنێتەدی، ئەگەر وەها ڕوویدات، كە ئەوەی من بە راستی دەمەوێت لەگەڵا ئەوەی كەسێكی دیكە بە راستی – واتە عەقڵانی

- خوازیاریەتی نەیەتەوە، لەوکاتەدا دوو وەڵامی راستمان بۆ دوو پرسیاری راستەقینە دەبێت، کە بەیەکەوە ناتەبان، ئەوکارە لۆژیکییەن مەحاڵە، چونکە مانای وایە لە سروشتدا هەماهەنگی نییە و تراژیدی خۆڵێنەدزراوەیە و ناتوانێت خۆی لە لێکدژی بە دوربرگرێت و جێیەك لە قووڵایی کاردا شتی ناعەقڵانی هەیە، من هەرچییەك بکەم، هەرچەند عاقڵ بم و هەر چەکێکی ئەقڵی، کە بە کاربێنم و لە باشی، راستی، خۆش فکری، ویژدان، قووڵبینی و فرەزانایی بەهەر بنەمایەك بگەم، دیسانەوە رەنگە شتێکم بوێت، کە کەسی دیکە هەمان هێندە فرەزانا، چاك و بە گرنگییەوە دژەکەی بووێت. لەوکاتەدا هەڵبژاردن لەنێوان هەردوکمان نارِەخسێت، هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی یان بنەماکانی داد پەروەری، چ خودایی و چ مرۆڤی، کەڵکی نابێت و ئاشکرا دەبێت، کە تراژیدی سەرچاوە لە گەمژەیی یان هەڵەکانی مرۆڤ ناگرێت، بەڵکو ناتەواوی خەوشێکە لەدنیادا. ئەو ئەنجامە نە رۆسۆ قبوڵی دەکرد، نە هیچ بیرمەندێکی بەناوبانگی سەدەی هەژدە، لەوانەیە جگە لە مارکی دی ساد، کە ئەمیش شێتێکی بەدناو و رەزیل بوو. لە نوسینەکانی ڤۆڵتێر و هیوم ئاماژە بە مەسەلەکە کراوە، کە یەکەم: بە رەشبینی و گوێنەدان بە بنەماکان، دووەم: بەگوماناوی تاوانباریان کردن و قسەکانیان بە جدی وەرنەگرت، هەرچۆنێکبێت نە ڤۆڵتێر پێداگربوو لەسەر جەختکردنەوە لەم لایەنەی هزرەکانی و نە هیوم.

دەرئەنجامی ئەوەی کە ئەگەر هەماهەنگی لەسروشتدا باڵادەستە، پێویستە هەرچییەك ببێتەهۆی دڵخۆشبوونی تاکێکی عاقڵ لەو بەشەبێت، کە لەگەڵ ئەوەی دەبێتەهۆی دڵخۆش بوونی تاکە ئاقڵەکانی دیکە هەماهەنگ و لێکچوو بێت. بە گوێرەی بەڵگەهێنانەوەی رۆسۆ، پێویستە هیچ کەس بەدوای ئامانجێك نەکەوێت، کە لەگەڵ ئامانجی ئەوانی دیکە ناکۆك بێت، بەڵام پرسیارێك کە دێتەپێش ئەوەیە، بۆچی هەندێك بەدوای ئەو ئامانجە ناکۆکانەوەن؟

پێویستە لە وەڵامدا بوترێت، چونکە گەندەڵ بوون، چونکە عاقڵ نین، چونکە لە سروشت دوورکەوتوونەتەوە. چەمکی سروشت لە ڕۆسۆدا ئەگەرچی لە هەندێك لایەنەوە هاوشێوەی هەمان چەمکی بیرمەندانی دیکەیە، بەڵام شێوەیەکی تایبەت دەدۆزێتەوە. ڕۆسۆ هیچ گومانێك بۆ خۆی ڕێگەنادات، کە دەزانێت مانای مرۆڤی سروشتی چییە. سروشتی بوون بەمانای باش بوونە، ئەگەر مرۆڤەکان هەموویان سروشتی بوون، ئەوکاتە هەموویان باش بوون، ئەوەی بەدوایدا دەگەڕان، دەبووە شتێك کە هەموویان بە گشتی لە تێکڕاییەکی هەماهەنگدا دڵخۆش دەکرد. هەرکە هەموو تاکە ئاقڵەکان هاوڕابن و داوای ئامانجی ئاقڵانە بکەن، یان ئیرادەبکەن، کە پێویستە بە پێی گریمانە ئامانجێك بێت، هەرچەند ژمارەیەکی زۆر ئیرادەیان کردبێت، بابەتێکی زۆر سەیرە. جارێکی دیکە دەستەواژەکەی خودی ڕۆسۆ دەگێڕینەوە: (تا ئەوکاتەی چەند کەسێك لە کۆمەڵی خۆیان بە یەك کەس بزانن، تەنیا ویستێك یان ئیرادەیان دەبێت... بەردەوام ئیرادەکردنی تێکڕای ئەندامانی دەوڵەت، ئیرادەی گشتییە.) ئەو (ئیرادەی گشتی)3 شتێکە کە (دزە دەکاتە قووڵایی بوونی مرۆڤ و پەیوەندی بە ئیرادە و کارەکانییەوە یەکسانە).

ڕەنگە لێرەدا بپرسین ئەو (ئیرادەی گشتییە) چییە؟ لەو تاکانەی کە لەکۆمەڵەیەکدا گردبوونەتەوە، لە ئەواندا چییە کە شتێك بەناوی ئیرادەیەك دێنێتەئارا، کە بۆ هەموویان متمانە پێکراوە؟ ڕۆسۆ وەڵامدەداتەوە: کە هەموو ئەو کەسانەی کە بە میتۆدی عەقڵی بەڵگەبێننەوە، لەبارەی کاری واقیع (بێجگە لەسیاسەت و ئەخلاق) بەتاکە ڕاستییەك دەگەن، حەقیقەتی وەها هەمیشە وەك پێویست هاوساز و هاوتان، بۆیە کەسانێك کە لە ڕوانگەی سروشت و خۆڕسکەوە لە بارودۆخێك دابن – واتە لادەر و گەندەڵ و قووربانی بەرژەوەندی خۆپەسندانە و لەژێر کاریگەری بەرژەوەندی ناوچەیی یان قۆناغ بە قۆناغ،

دیلی ترس یان ئومێدە ناشایستەکان نەبن، زۆر نەبن و بەدجنسی ئەوانی دیکەی خۆڕسکی ساویلکەو خۆش باوەڕیان بەلاڕێدا نەبرابێت - ئەوجۆرە کەسانەش وەك پێویست داوای هەمان شت دەکەن، کە ئەگەر بەدەستبێت، بۆ هەموو ئەوکەسانە کە بە چاکەی خۆڕسکی خودی ئەوان بن، هەمان هێندە باشدەبێت. بەمەش ئەگەر بتوانین ئەوەی بە باوەڕی رۆسۆ پاکی و پاکیزەیی لە بارودۆخی سەرەکی سروشت بووە، دووبارە بە دەستیبێنینەوە - بارودۆخێك کە هێشتا مرۆڤەکانی ناوی پاروی مامەڵەی جیاجیاو زۆربەی پاڵنەرە ئاگری ژێر کا و ناپاکیانەی ناتەواوی شارستانیەت نەببوون - ئەوسا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جارێکی دیکە بە هەماهەنگی و بەخت چاکی و دەروون پاکی سروشتی دەگات.

بۆچوونی رۆسۆ لە مرۆڤی سروشتی، بێگومان کەوتبووە ژێرکاریگەری خودی ئەو. رۆسۆ وردەبۆرژوازیەکی خەڵکی جنێف و تەبای کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی نەبوو، لەسەرەتای تەمەنی سەرگەردان و ئاوارە بوو، سودێکی زۆری لەوە وەردەگرت، ئەمڕۆ ناودەنرێت گرێیەکانی زەبوونی، بەمەش مرۆڤی سروشتی بە کەسێك وێنادەکرد، خاڵی بەرانبەری کەسانێك، کە بۆخۆی لێیان بێزار و وەڕسبوو. رۆسۆ کەسێکی وەهای بە دوایین داخـوازی مرۆڤایەتی دەزانی. هەڵبەتە کەمتر کەسێك لە مامۆستایانی ئەخلاق بووە، کە دەوڵەمەند و دەسەڵاتداری بە دووژمنی کۆمەڵگە دانەنێت، بەڵام رۆسۆ نەك لە دوو چین، بەڵکو رەنگە بۆ یەکەمجار سوکایەتی و تۆمەتی دەدایە پاڵ کۆمەڵەیەکی زۆر جیاوازی تاکەکانی دیکەش، لەم رێگەیەوە توانی کاریگەری قوڵی بەسەر ئاگایی و ویژدانی خەڵکی سەدەی هەژدەوە هەبێت. بۆخۆی میلۆدیست و تیۆرسێنی میوزیك بوو، بەڵام رقی لە هونەر و زانست دەبـۆوە، هەستی بە بێزاری پەروەردە و وردەکاری، تەسکبینی و کێشەپەسندی بەهەر شێوازێك دەکرد. یەکەم کەس بوو، نەك بە راشکاوی وتی مرۆڤی سروشت چاك، مرۆڤێکی سادە

و دەستکورتە (هەستێك كە زۆربەی بیرمەندانی کریستیانیش هاوڕای بوون)، بەڵکو لەسەر ئەو روانگەیە بوو، کە توندو تیژی باشتر لە نەرمی، سەرکێشی و دڕندەیی باشترە لە دەستەمۆکردنی باش، پەرێشانی باشترە لە ئارامی. رۆسۆ زۆر لە کۆڕ و ئەنجومەن و کوتلەبەندیەکان تورە بوو، غەزەب لەناوچاوان بارینەکەی بە تایبەت ئاڕاستەی رۆشنبیران، پسپۆڕان، شارەزایان و هەموو ئەو کەسانە بوو، کە شانازییان بە وشیاری خۆیانەوە دەکرد و خەڵکییان لە خوار خۆیانەوە دەدی. هەموو ئەو گروپانە لە بیرمەندانی سەدەی نۆزدەیەم، کە بەتوندی دژی رۆشنبیری و کەلتور شەڕانین، لەڕاستیدا هەموو خەڵك نەزان و بێ کولتور (یان، وەك نیچە دەڵێت، Culture pilaster) لە دوو سەدەی داهاتوو، لەوانە خودی نیچە، تێکڕا بەرەگەز دەگەنەوە بە رۆسۆ.

رۆسۆ ئازاری بەدەست تۆی تەنیاوە کێشاوە و وەك دیدرۆ و دالامبێر و هێلڤتیۆسی لەپاریس، بە چاوی بێزارییەوە لە مەینەتباری خۆی دەڕوانی، کە لەڕوانگەیەوە، فرەزانا، تەسکبین، کێشەپەسند، خۆنوێن بوون و نەیاندەتوانی لە سۆزی ئاڵۆز و هەستەکانی لەناخەوە ئازاربەخش بگەن، کە دڵی مرۆڤی سروشتی راستەقینە و لە رەگوڕیشە هەڵکێشراوی وەك ئەوی ئەنجن ئەنجن دەکرد. لە روانگەیەوە مرۆڤی سروشتی، جۆرێك ژیری غەریزی قووڵی هەبوو، کە زۆر لە فرەزانایی و وردەکاری هاوشاریان جیاوازبوو. رۆسۆ گەورەترین خەباتگێڕی ئاسایی و بێ کولتوری مێژوو، منداڵێکی سەرگەردانی بلیمەتە، کە کەسانێکی وەك کارلایل، تائاستێك نیچە و بە دڵنیاییەوە دی. ئێچ. لارنس و دانسڤنتسیۆ، هەروەها دیکتاتۆرەکانی وردە بۆرژوا و ئاژاوەگێڕانی وەك هیتلەر و مۆسۆلینی، میراتگری بوون.

دژوار و تەنانەت رەنگە نابەجێیە، کە ئەوکارە بە دیاردەی دەستە راست یان دەستە چەپ دابنرێت، چونکە بە گشتی جۆرێك سەرکێشی وردە بۆرژواییە دژی

کۆمەڵگە، کە کەسانێك هەستدەکەن لە پێگەی شایستە بێبەش ماونەتەوە، لێی دەرکراون. رۆسۆ پەیوەندی بە ریزی دەرکراوان، شۆرشگێڕان و هونەرمەندانی ورووژاوی ئازادەوە دەکات و بەوجۆرە، دوو سەدە لە بڵاوبوونەوەی پەیماننامەی کۆمەڵایەتی دەگوزەرێت، نەك بنیادنەری رۆمانتیزم و تاکخوازیی سەرکێشانە دەبێت، بەڵکو بەپێگەی دامەزرێنەری سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم، ناسیۆنالیزم، دەسەڵاتخوازی، لیبراڵیزمی دیموکراتیك، ئەنارشیزم، تا رادەیەك هەرشتێکی دیکە دەگات، جگە لەئەوەی رەنگە بە شارستانیەتی لیبراڵی عیشقە ناسکەکەی بە کولتور بیخوێنێتەوە.

رۆسۆ رۆشنبیر و لەو کەسانە بوو کە خۆیان لە ژیان بەدوردەگرن، یان لەو پسپۆڕ و تاکانە بوو کە لە کۆڕی تایبەتی دەرگا بەڕووی ئەوانی دیکەدا دادەخەن بێزارە، چونکە هەستدەکات کە دەبێت دڵەکان کراوەبن، تا مرۆڤەکان بتوانن پەیوەندی سۆزداری ببەستن، هەستدەکات لادێیەکی ئاسایی، کە لەژێر دار بەڕووی باب و باپیری دانیشتووە قوڵتر دەبینێت، کە ژیان چییە؟ سروشت چییە؟ رەفتار و کردار دەبێت چۆنبێت، ئەو لادێییە سادە سەروەری بەسەر رۆشنبیری وشك، بوغز لەزگ، لوتبەرز، کێشەپەسند و فرەزانایەك هەیە، کە لەشار دەژی. بە بەڵگەی ئەمچەشنە هەستانە، دەبێت رۆسۆ بە بنیاتنەری نەریتی جیاواز لەقوتایخانەی ئاژاوەگێڕانی رۆمانتیك بزانرێت – نەریتێك کە دوای ئەو بۆ سەرتاسەری ئەوروپاو پاشان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەشەی کرد، بووە بناغەی چەمکێکی بەناوبانگ کە بە (شێوازی ژیانی ئەمەریکی) دەخوێنرێتەوە، لەو جوغزەی کە خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگە لە مامۆستایانی زانکۆ و سیاسەتکارانی شاری و کەسانی دیکە، خەسڵەتی سروشتییان لەدەستداوە و پەیوەندییان بە سەرچاوەی ژیان، ئەخلاقی راستەقینە، فرەزانایی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە نەماوە، بۆنێکی قووڵتری واقعیەت، چاکە و تێگەیشتنێکی قووڵترییان هەیە.

وەها بەرهەمێك كە لە وتارەكانی رۆسۆ دەربارەی سروشت لە مێشكی بەردانگ بەرجەستە دەبێت. ئەگەرچی دەوترێت كە وشەی (سروشت) لە سەدەی هەژدەیەم لانی كەم بە 60 مانای جیاواز بەكاردەهێنرا، بەڵام بەكارهێنانی رۆسۆ ناوازەبوو. لەهەمووان زیاتر هەنگاو دەهاوێت و سروشت نەك بەسادەیی، بەڵكو یەكسان بە بێزاری راستەقینە لە بەهاكانی شارستانی، ئاڵۆز، ورد، ناسك، هونەری و زانستی دادەنێت. نابێت رێنمایی كۆمەڵگە بە دەست هونەرمەندان یان بیرمەندانەوە بێت – بەو بەڵگەیە كە رۆسۆ ئەوەندە لە هێلڤتیۆس و هاورێیانی ئینسكلۆپیدیا بێزار و جاڕزە. دەبێت كەسێك رابەرایەتی كۆمەڵگە بكات، كە پەیوەندی بە راستییەوە هەیە، واتە بەوچەشنە كەسێك كە رێگە دەدات ئەو چاكەی خوایی، ئەو راستییەی سروشت هەیەتی، شۆڕبێتەوە بۆناو دڵی. تەنیا لە ئامێزی سروشت و بە مەرجی ژیانی ئاسایی و رتووش نەكراو ئەوكارە رەخساوە. سەرەتا، سادەیی ژیان لە روانگەی رۆسۆ، واتا بارودۆخێكە، كە وەڵامی راستەقینەی تێدا بەدەست دێت، بەڵام پاشان وردە وردە بۆ كەسانێك دەبێتە راستی، كە لەحەسرەتیدا دەژیان. چ لە میل و چ لە هلۆییزی نوێ، زۆر بە زەحمەت دەكرێت مەرجەكانی وەڵامدانەوەی مەسەلەكان لەخودی وەڵامەكان جیابكاتەوە. بە باوەڕی رۆسۆ، وەڵامەكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، كە چۆن كەسێك بیت و دڵت پاكبێت. كلیلی چارەسەری هەموو كێشەكان ئەوەیە، كە سود لەجۆری تایبەتی مەعریفەت وەربگریت.

رۆسۆ لە دنیای تیۆر وەك فەیلەسوفەكانی دیكەی سەدەی هەژدە قسە دەكات و دەڵێت: (دەبێت ئەقڵی خۆمان بەكاربهێنین.) لەسەر بنەمای ئەو پێشەكییانەی، كە رێكییان دەخات هەندێك جار زۆر پتەو، ئاشكرا، قسە رەوان و بە میتۆدی پێوەر دەگاتە ئەنجام، بەڵام لەڕاستیدا ئەو بەڵگەی پێوەری، یان ئەنجامگیری وەك زنجیرێكە و بە خەونی ئاگرین و كەموزۆر شێتانە لەخۆی

دەدات. ئەوەی کاریگەری وەها شێت و شەیداکەر دەداتە پەخشانەکەی و خوێنەر دەباتە خەوی خەیاڵەوە، هەمان ئاوێتەی ریزپەڕی خەونی شێتانە و لۆژیکی وشك و ساردی کالوینیستییە. بە رواڵەت ئەوەی دەیخوێنیتەوە بەڵگاندنی لۆژیکییە، کە جیاوازی لەنێوان چەمکەکانی ناوی دەکرێت و ئەنجام بە میتۆدی راست و متمانەپێکراو لەو پێشەکییانە چنگ دەکەوێت، بەڵام بە درێژایی ماوەکە بابەتی ناخۆشتان پێدەوترێت. روانگە یان خەونتان بەسەردا دەسەپێنرێت؛ کەسێك دەیەوێت بە هۆی خەونێکی زۆر گونجاو، بەڵام زۆرجار زۆرشێتانە بەسەرتاندا زاڵبێت. بە رواڵەت بە شێوازێکی هێمن و لۆژیکی قسە دەکات، بەڵام بە راستی بەڵگە ناهێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێت جادوت لێ بکات.

ئەو خەونە بریتییە لە گریمانەیەکی سەیری هاوکات، یان سازانی دەسەڵات یان ئازادییە، بۆئەوەی کارێك بکەی مرۆڤەکان بتوانن هەم ئازاد بن، هەم لە کۆمەڵگەدا بەیەکەوە بژین و هەم پەیڕەوی لە یاسای ئاکار بکەن، پێویستە رێکی بخەیت کە تەنیا خوازیاری فەرمانەکانی یاسای ئاکار بن. بە کورتی مەسەلەکە شێوەیەك بە خۆوە دەگرێت، کە ئێستا دەیڵێین. دەتەوێت خەڵك ئازادی بێ سنوریان هەبێت، ئەگینا ئیدی مرۆڤ نابن و هاوکات دەتەوێت هەموویان بە پەیڕەوی رێسا بژین. ئێستا ئەگەر کارێك بکەین، کە ئەوان رێسایان خۆش بووێت، خوازیاری رێسادەبن، نەك بە هۆی خودی رێسا، بەڵکو بەوهۆیەی عاشقی رێسان. ئەگەر کێشەی ئێوە ئەوەیە، کە چۆن دەکرێت مرۆڤێك لە ئانێکدا، هەم ئازاد بێت و هەم کەلەپچەکراو، دەبێت وابڵێیت کە: (چۆنە ئەگەر ئەوانی دیکە کەلەپچەی نەکەن؟ چۆنە ئەگەر کەلەپچە شتێك نەبێت، کە فلان هێزی دەرەکی کەلەپچەی کردووە؟ چۆنە گەر کەلەپچە شتێك بێت، کە ئەو بۆخۆی هەڵیبژاردووە، چونکە هەڵبژاردنێکی وەها رەونەقی سروشتی ئەو، شتێکە کە ئەو لەناخی خۆی وەك ئایدیالێکی ناوەوەیی رێکیخستووە؟

کەوایە ئەگەر ئەو شتە هەمان شت بێت، کە لە دنیادا لەهەموو شتێك زیاتر خوازیاریەتی، ئەوسا کەلەپچە کەلەپچە نابێت.) کەسێك کە بەدەستی خۆی خودێتی کەلەپچە کردووە، دیل یان زیندانی نییە. رۆسۆ دەنوسێت: (مرۆڤ بەئازادی لەدایك دەبێت، بەڵام لە هەموو شوێنێك کەلەپچە کراوە.)، بەڵام چ جۆرە کەلەپچەیەك؟ ئەگەر مەبەست کەلەپچەی عورف و پەیماننامە، یان کەلەپچەی فەرمانڕەوای زۆرەملێ یان کەلەپچەی کەسانێکە، کە دەیانەوێت لە رێگەی ئامانجەکانیان سودت لێوەرگرن، کەلەپچە لەوکاتەدا بە راستی کەلەپچەیە، دەبێت بجەنگی، هەوڵبدەی و نابێت هیچ شتێك لەم شەڕە گەورەیە لەڕێگەی ئازادی و خۆنوێنی تاکی ببێتە رێگرتان، بەڵام ئەگەر کەلەپچەکە دەستکردی خۆتانە؛ ئەگەر کەلەپچەکە رێسایەکە کە بۆ خۆت هێناوتەئاراوە، چونکە ئەقڵتان بەمچەشنە بڕیاری داوە یان ناتەواوی چاکە و بایەخ پێدانە و لەئەنجامدا ژیانی سادە لەدڵتاندا درەوشاوە، یان سەرچاوەی لەبیستنی هاواری ویژدان، یان خوا یان سروشت گرتووە (کە لای رۆسۆ هیچ جیاوازیەکییان نییە)؛ ئەگەر کەلەپچە هەمان رێسایە، کە پەیڕەوی کردنییان ئازادترین، بەهێزترین و هەڵقوڵاوترین رەونەقی ناوەوەیی ئێوەیە – لەم کاتەدا، ئەو کەلەپچەیە ناتخاتە گرتووخانەوە، چونکە زاڵبوون بە سەر خۆتدا لەدەسەڵاتی ئەوانی دیکە جیایە. زاڵبوون بە سەر نەفسدا، ئازادییە. بەوجۆرە، رۆسۆ پەیتا پەیتا بەرەو ئەو هزرە سەیرە هەنگاو دەنێت، کە بابەتەکەمان ئەوەیە و مرۆڤەکان بیانەوێت بە هەمانشێواز پێکەوە ببەسترێنەوە کە دەوڵەت بە زۆر پێکەوەیان دەبەستێتەوە و دەلکێنێت.

کەلەپچەی ئەسڵی بەشێکی زۆرەملێیی و پابەندیەتە، کە دەسەڵاتدارانی زۆردار، بۆئەوەی ناچارتبکەن و بتکەنە سەربە ئیرادەی خۆیان، سودیان لێوەردەگرت و هەمان کەلەپچەیە، کە شاعیران رەزیلانە شانوباڵی لێدەنێن و

ئارایشی دەکەن و نوسەران زمان لوسانەو بەپێچەوانەی ئاکار، بەپیاهەڵدان و ستایشی زۆر، دەسـەڵات هەوڵی داپۆشینی دەدەن، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت شتێکی دیکەیە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت (دیسانەوە راستەوخۆ بە وەرگرتن لە رۆسۆ) (رادەستبوونی هەر تاکێکە بە هەموو مافەکانییەوە بە تێکڕای کۆمەڵ)ە. ئەگەر خۆت رادەستی تێکڕای کۆمەڵ بکەی، لەمەودوا چۆن دەشێت ئازاد نەبیت، چونکە کەسێك نییە ناچارت بکات؟ ئەو کەسەی لەمەودوا ناچارت دەکات نە X و نە Y و نە فلان، یان لەگەڵ هەمان ناوەند – دەوڵەتە، بەڵام دەوڵەت چییە؟ دەوڵەت خودی تۆو کەسانی وەك تۆیە، کە هەمووتان داوای چاکەی هاوبەش دەکەن. رۆسۆ باوەڕی بە چاکەی هاوبەشە، چونکە ئەگەر شتێك بەناوی چاکەی هاوبەشی تێکڕای کۆمەڵگە، دژی چاکەی تاکی هەریەك لە تاکەکان نەبوو، ئەوپرسیارە بێمانا دەبێت، کە (دەبێت چۆن بژین؟ وەك گروپێك لە مرۆڤەکان بە گشتی دەبێت چ بکەین؟)

لە ئەنجامدا رۆسۆ چەمکێك بەناوی (ئیرادەی گشتی) دادەهێنێت و گەشەی پێدەدا. مەسەلەکە بە وێنای سـادەی پەیمان یان گرێبەست دەستپێدەکات، کە بابەتی نیوە بازرگانی، جۆرێك بەڵێنی ئارەزومەندانە و بە ئاشکرا قابیلی هەڵوەشانەوەیە، هەنگاوێکە ئەو مرۆڤانەی گرفتاری دەبن و دەست بۆ هەندێك کاردەبەن، کە دەیانەوێت بەختەوەری هاوبەشییان لێ بکەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، رێکخستنی بەرژەوەندییە کە ئەگەر بەدبەختی باربهێنێت، دەتەقێت. ئەمە دەسپێکی بابەتە، بەڵام بە پێی چەمکی پەیماننامەی کۆمەڵایەتی وەك هەنگاوی ئارەزومەندانەی ئەو تاکانەی، کە تاکییەتی خۆیان دەپارێزن و هەریەکەیان سەرقاڵی شوێنکەوتنی چاکەی ناشەخسی خۆیەتی، رۆسۆ وردە وردە بەرەو چەمکی ئیرادەی گشتی دەڕوات، کە بەرجەستەی ئیرادەی بوونەوەرێکی گەورە و سەرووی کەسی، یان شتێك

بەناوی (دەوڵەت)ە، کە ئەو زەبەلاحە وردوخاشکەرە یان (دێوی) هۆبزی نییە، بەڵکو شتێکە زیاتر وەك تیمێك، شتێك لەجۆری ئایینێك، یان یەکێتیەکی لەکاتی زۆرینە، شتێکی گەورەتر لە (من) کە من کەسایەتی خۆمی تێدا نقووم دەکەم تا دووبارە بەدەستی بێنمەوە.

ساتێکی هاوشێوەی دۆزینەوە و شایەتی عارفانە دێتەپێش، کە رۆسۆ بەشێوازێکی نهێنی لە وێنای گروپێك لە تاکەکان، کە بە ئارەزوی خخۆیان ەیونددییان بەیەکەوە کـردووە و هەریەکەیان بـەدوای بـەرژەوەنـدی خۆیەوەیەتی، بە ئەندێشەی تەسلیم بوون بەوشتە دەگات، کە خودی منە، بەڵام لەمن گەورەترە – یەك لەتێکڕایە، کۆمەڵە خەڵکێکە. هەنگاوگەلێك کە بۆگەیشتن بەو بیرۆکەیە دەیهاوێت، نائاسایی و شیاوی لێکۆڵینەوەیە.

سەرەتا بەخۆم دەڵێم، کە دەمەوێت بەهەندێك شت بگەم، ئەگەر یەکێك رێگریم لێ بکات، کەوایە ئازاد نیم، گرفتاری لەوە خراپتر مومکین نییە. پاشان بەخۆم دەڵێم (ئەوەی دەمەوێت چییە؟) دەبینم دەمەوێت سروشتم رازی یان دڵخۆشبێت. ئەگەر ژیربم، ئەگەر ئاقڵ و بە ئاگا بم دەبینم، کە ئەو رەزامەندی، یان دڵخۆشییە لەچیدایە. مومکین نییە دڵخۆشی راستەقینەی هیچ کەس ناتەبای دڵخۆشی راستەقینەی هیچ کەسی دیکە بێت، چونکە ئەگەر ناتەبایی هەبێت، هەماهەنگی لە سروشتدا نییە و راستییەك دەکەوێتە دژایەتی راستیەکی دیکەوە، کە لە روانگەی لۆژیکەوە مەحاڵە. رەنگە ببینین ئەوانی دیکە دەکۆشن بێ ئاکامم بکەن، بەڵام بۆ وادەکەن؟ ئەگەر بزانم مافی خۆمە، ئەگەر بزانم ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێم، چاکەی گشتییە، کەوایە بێگومان نەیارانم لەو گەڕانەدا هەڵەدەکەن. هەڵبەتە ئەوانیش بەگومانی خۆیان بەدوای خێر و چاکەدا دەگەڕێن و بانگەشە دەکەن، کە لە بەدەستهێنانی ئازادن، بەڵام لەشوێنی هەڵەدا بەدوایدا دەگەڕێن، بەمەش من مافی خۆمە ببمە کۆسپی

بەردەمییان، بەڵام ئەومافە بە چ بەڵگەیەکە؟ نەك بەم بەڵگەیەی من شتێکم دەوێت، کە ئەوان نایانەوێت، نە بەم بەڵگەیەی من لە سەروویانەوەم، نە بەم بەڵگەیەی لەئەوان بەهێزترم، نە تەنانەت بەم بەڵگەیەی کە لەئەوان ژیرترم، چونکە ئەوانیش مرۆڤن و نەفسی نەمریان هەیە، لەم رووەوە، لەگەڵم یەکسانن - رۆسۆ بە شەوقەوە باوەڕی بە یەکسانی هەیە. بەڵگە ئەوەیە، کە ئەگەر دەیانزانی بەڕاستی چییاندەوێت، بەدوای ئەوەدا دەگـەڕان کە من بەدوایدا دەگەڕێم و هەمان واقیعیەت، کە بەدوای ئەوەدا ناگەڕێن بەو مانایەیە کە لەڕاستیدا، نازانن. ئەو وشانە (بە راستی) و (لە راستیدا) زۆرجار چەند فریودەرن.

ئەوەی رۆسۆ دەیەوێت بیگەیەنێت ئەوەیە، کە هەموو مرۆڤێك بە زەبر باشە، هیچ کەس سەرانسەر خراپ نییە. ئەگەر مرۆڤەکان لێدەگەڕان باشی و چاکەی خۆڕسك و سروشتییان سەروەدەرنێت، ئەوسا تەنیا ئەوەی راست و چاکەیە خوازیاری دەبوون، ئەوەی خوازیاری نین، تەنیا بەەو مانابیەیە کە لە سروشت و خۆڕسکی خۆیان ناگەن، بەڵام ئەو خۆڕسکییە هەیە. بە باوەڕی رۆسۆ، وتنی ئەوەی فلان کەس شتێکی دەوێت، کە خراپە هەرچەند بەزەبر خوازیاری باشەیە، وەك ئەوەیە بڵێین بەشێکی پەنهان لەودا هەیە، کە خودێتی (راستەقینەیەتی)، ئەگەر ئەو بۆخۆی بوو، ئەگەر بەوجۆرە بوو کە دەبوایە ببێت، ئەگەر خودێتی راستەقینەی خۆی بوو، ئەوسا بەشوێن ئەوەدا دەگەڕا باشە. کاتێك کە بەئێرە بگەیین، تەنیا هەنگاوێکی گچکە لەو مەودایە دوورین، کە بڵێین کەسی ناوبراو سەرەتا بەدوای شتێکدا گەڕاوە باشە، بەڵام بۆخۆی نازانێت. هەڵبەتە ئەگەر لەخۆی بپرسین کە چی دەوێت، رەنگە مەبەستێك کە دەیهێنێتە سەر زمان زۆر خراپ و شەڕانگێزانە بێت، بەڵام گەر رێگەی دەدا سروشت دزە بکاتە دڵییەوە، ئەگەر راست دەژیاو خۆی، خودێتی راستەقینەی

خۆی، ئەوجۆرەی کە بە راستی هەیە دەیبینی - ئەوسا ئاشکرا دەبوو کە ئەو مرۆڤە راستەقینەی دەروونی، ئەو نەفسە نەمرە، ئەو شتەی کە لە ناخیەوە قسەی دەکرد، خوازیاری شتێکی دیکەیە.

دەزانم کە خودێتی راستەقینەی هەرکەسێك بە دوای چیدا دەگەڕێت، چونکە هەرکاتێك دەبینم ئەوەی ئێستا هەم خودێتی راستەقینەی منە و نەك ئەو خودێتیەی خەیاڵییەی دیکەی من، تێدەگەم کە خودێتی راستەقینەی ئەویش، پێویستە بەدوای هەمانشتدا بگەڕێت، کە خودێتی راستەقینەی من بە دوایدا دەگەڕێت. ئەوەی لە هزری رۆسۆدا کار لە راستیدا بەئەنجام دەگەیەنێت، هەمان وێنای دوو جۆر خودێتییە. کاتێك ببمە رێگری کەسێك لە شوێنکەوتنی ئامانجە خراپ و دزێوەکانی، تەنانەت زیندانی بکەم، تا نەتوانێت زیان بە مرۆڤە ئاکار باشەکان بگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر ئەو وەك تاوانبار لە سێدارەی بدەم، ئەوکارە بەهۆی نموونەی قازانج و قازانجەکانی ئەم هەنگاوانە و بۆ دڵخۆشکردنی ئەوانی دیکە، یان تەنانەت قەرەبوو کردنەوە و پاداشتی ئەو نییە. کاریکی وەها دەکەم، چونکە خودێتی راستەقینەو ناوەوەیی و سروشتی چاکەی خودی ئەویش ئەگەر رێگەی دۆزییەوە قسە بکات، بە هەمانشێواز رەفتاری دەکرد. من خودێتی بە سەرچاوەی راگەیشتن، نەك بە کاری خۆت، بەڵکو بە کارەکانی ئەویشی دادەنێم. مانای رستە بەناوبانگەکەی رۆسۆ هەرئەوەیە، کە دەڵێت کۆمەڵگە مافی خۆیەتی مرۆڤەکان ناچاربکات ئازادبن.

ناچارکردنی کەسێك بۆئەوەی کە ئازادبێت، بە مانای ناچارکردنی ئەوە، تا بەشێوەیەکی عەقڵانی کاربکات. کەسێك ئازادە کە ئەوەی خوازیاریەتی بە دەستیبێنێت، ئەوەی ئەو بە راستی دەیەوێت، ئامانجی عەقڵانییە. ئەگەر خوازیاری ئامانجی عەقڵانی نەبێت، بە راستی هیچی ناوێت. ئەگەر ئامانجی عەقڵانی نەوێت، ئەوەی دەیەوێت ئازادی درۆیینە، نەك ئازادی راستەقینە.

من ناچاریدەکەم ئەو کارانە، بکات کە دڵخۆش و بەختەوەری بکات. ئەگەر ئەو تێبگات کە خودێتی راستەقینەی ئەو چییە، سوپاسگوزارم دەبێت. ئەوە پوختەی ئەو تیۆرە بەناوبانگەیە دەورەدراو بەوەی کە لە ساڵەکانی دوای رۆسۆ، هیچ دیکتاتۆرێك لەخۆرئاوا نەبووە، کە ئەم دژوازییە ترسناکە لە پاساوهێنانەوە بۆ رەفتار و کرداری خۆی بە کارینەهێنابێت. ژاکۆبینەکان4، رۆبسپێر، هیتلەر، مۆسۆلینی، کۆمۆنیستەکان هەموویان سودیان لەو بەڵگاندنە وەرگرتووە و وتویانە لە راستیدا مرۆڤەکان نازانن چییان دەوێت؛ بەمەش، ئێمە بۆ ئەوان و لەلایەن ئەوانەوە دەمانەوێت، بۆیە ئەوەی ئەوان بێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن بە مانای پەنهان و گوماناوی (لەراستیدا) دەیانەوێت، پێیاندەدەین. کاتێك تاوانبارێك لەسێدارە دەدەم، کاتێك مرۆڤەکان ناچاردەکەم پەیڕەوی لە ئیرادەم بکەن، تەنانەت کاتێك دەزگای لێکۆڵینەوە و پشکنینی بیروڕا دەخەمە گەڕ، کاتێك تاکەکان ئەشکەنجە دەدەم و دەیانکوژم، نەك تەنبا بەو بەڵگەیە کە چاکەیانم دەوێت (هەرچەند ئەوەش بۆخۆی وەك پێویست جێی شکوگومانە)، بەڵکو لەراستیدا کارێك دەکەم کە بە راستی خەڵك بۆخۆیان دەیانەوێت، هەرچەند هەزارجاریش رەتیبکەنەوە. ئەگەر رەتیدەکەنەوە بەم هۆیەیە، کە نازانن کێن و چیین و چییان دەوێت و دنیا چۆن جێیەکە. ئەوە تیۆری تەوەری رۆسۆیە، تیۆرێکە کە کۆیلەیی راستەقینەی لێدەکەوێتەوە و لەم رێگەیەوە، بەخوایەتی بەخشین بە چەمکی ئازادی رەها، وردە وردە دەمانگەیەنێتە چەمکی ستەمکاری رەها. کاتێك زیاتر لە درزێکی دروست و چاکە نەبێت، هۆیەك نییە کە بۆ مرۆڤەکان بژاردەی جیاواز و درزی بەدیل پێشنیاز بکەین. پێویستە ئەوان هەڵببژێرن، چونکە ئەگەر هەڵنەبژێرن، ئازاد نین، مرۆڤ نین، بەڵام ئەگەر درزی راست هەڵنەبژێرن، ئەگەر درزی خراپە هەڵبژێرن، لەبەر ئەوەیە کە خودێتی راستەقینەیان بە کارنەهێناوە. نازانن خودێتی راستەقینەیان

چییە، بەڵام من دەزانم، چونکە ژیرم، ئاقڵم و یاسادانەری خێرخواز و پایەبەرزم. رۆسۆ غەریزەی دیموکراسی هەبوو، بەمەش زیاتر لەوەی ئاماڵ بە یاسادانەری تاکی بێت، لایەنگری کۆمەڵەکانی یاساگوزاری بوو، بەڵام ئەو کۆمەڵانەی کە، بە بڕوای ئەو، تەنیا تا کاتێك بە رێگەی راستدا دەڕۆیشتن کە ئەوەی ئەقڵی ئەندامانی کۆمەڵگە و خودێتی راستەقینەیان خوازیاری بوو، پەسندیان دەکرد.

بە هۆی ئەم تیۆرەوە، هێشتا رۆسۆ لە پێگەی بیرمەندێکی سیاسی زیندوودایە. ئەم تیۆرە هەم سەرچاوەی چاکە و هەم سەرچاوەی شەڕ بووە. چاکە بەو مانایە کە رۆسۆ جەختی دەکردەوە بەبێ ئازادی و هەڵقوڵاوی، هیچ کۆمەڵگەیەك بەهای راستەقینەی نییە، کۆمەڵگەیەك کە بە پێی تێڕوانینی بەرژەوەندخوازانەی سەدەی هەژدە بنیاتبنرێت و چەند شارەزایەك لە ناوی ژیانی خۆش رواڵەت و تەبایی رێکبخەن، تا زۆرترین ژمارەی خەڵك بە زیاترین ئاستی خۆشی بگەن، کۆمەڵگەیەکی نەترسە – نەترسی بۆ مرۆڤێك، کە خوازیاری ئازادی بێ کۆت و بەند و خۆڕسکە (بەو مەرجەی کە بۆخۆی جڵەوی کاری بە دەستەوەبێت)، تەنانەت ئەو ئازادییە بە باڵاترین ئاستی خۆشی بە باش دەزانێت (ئەگەر نەك بۆخۆی ئەو خۆشییە، بەڵکو ئیرادەی فڵان پسپۆڕ، یان فڵان بەڕێوەبەر هاوتای سیمبۆلی جێگیر لە سیستمی دەستکرد جێیکردبێتەوە).

هەروەها رۆسۆ سەرچاوەی شەڕ بوو، چونکە ئەفسانەی خودێتی واقیعی خستەگەڕ، کە لەژێر ئاڵاکەی، زوڵم و پابەندکردنی خەڵك بە رێپێدراو ئەژماردەکرێت، بێگومان هەموو پشکنێنەران و دەزگا گەورەکانی ئایینی، هەوڵیانداوە پاساو بۆ پابەندی و زۆری بهێننەوە، لانیکەم پاشان ئەوجۆرە کارانە بێویژدانانە و نادادپەروەرانە هاتۆتە بەرچاوی هەندێك خەڵك. بەڵام لانیکەم ئەو دەزگایە پشتییان بەسەرچاوەی سەرووی سروشتی دەبەست. رۆسۆ باوەڕیوابوو کە بە ئەقڵی بێنیازی مرۆڤایەتی، بەدیتنی بێ ئاست و سنوری

سروشت – واتا سروشتی هەبووی سێ رەهەندی، سروشتی بە مانای شتە راستەقینەکان لە شوێنی دیاریکراو، گشتیتر لە مرۆڤ و گیانەوەر و شتی بێگیان – دەتوانێت هەموو شتێك ئاشکرا بکات، بەڵام چونکە ئەو سەرچاوەی سەرووی سروشتی نەبوو، دەبوایە پەنابەرێتەبەر پارادۆکسی ترسناك، کە بەهۆیەوە دەردەکەوێت، ئازادی جۆرێك کۆیلەییە، ویستنی شتێك لە بنچینەدا ویستن نییە، مەگەر کەسێك بەشێوەیەکی تایبەتی بیەوێت بە شێوازێك، کە بتوانێت پێیبڵێت: (رەنگە تۆ پێتوابێت ئازادی یان بەختەوەری یان فڵان شتت دەوێت، بەڵام من باشتر دەزانم کە تۆ کێی و چت دەوێت و چ شتێك ئازادت دەکات)، هەتاد. ئەوە هەمان دژوزای شومە کە، بەوپێیە، کەسێك کە ئازادی سیاسی و ئازادی ئابوری خۆی لە دەستدەدات، بە ئازادی بە چەمکێك باڵاتر، قووڵتر، ئەقڵانی تر و سروشتی تر دەگات، کە تەنیا بە دەوڵەت، یان کۆمەڵ، یان باڵاترین سەرچاوە ناسراوە، بە هۆیەوە، فراوانترین ئازادی یەکسان لەگەڵ توندترین دەسەڵات جێگیر دەبێت و کۆیلەیی لێ دەکەوێتەوە.

هیچ بیرمەندێك تائێستا هێندەی رۆسۆ بەرپرسی ئەو چەواشەکردن و لەخشتەبەرییە نەبووە. ئاکامەکانی لە سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەم، پێویستی بە لەسەر رۆیشتن نییە، چونکە هێشتا دەستەویەخەیانین، کەوایە بەم مانایە هەرگیز شێوەی دژوازی نییە، ئەگەر بڵێین رۆسۆ کە بانگەشەی دەکرد، گەرموگوڕترین و بە شەوقترین عاشقی ئازادی مرۆڤە و هەوڵیداوە هەموو کەلەپچەکان بپسێنێت و کۆت و بەندەکانی فێرکردن، کولتور، عورف، زانست، ئەدەب، هونەر و هەرشتێکی دیکە دابماڵێت، و چونکە هەموو ئەو کارانە ناهەقی و دەستدرێژی بۆ سەرخۆی دەزانێت – لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆی یەکێك لە شومترین و ترس هێنەرترین دوژمنانی ئازادی بووە لە سەرانسەری مێژووی هزری نوێدا.

**پەراوێزەکان:**

**1. لە شوێنێکی دیکەشدا دەنووسێت یاساکان سەرچاوەگرتوو لە داب و نەریت و ئەخلاق و رای گشتی (لە سەر دڵی هاووڵاتییان هەڵکۆڵراون، نەك لە سەر دەپەی مەڕمەڕ، یان برنجی)**

**2. dilemma لە لۆژیکدا، (پێوەری دوو لقە) (خاوەن دوو لق) یان (پێوەری دوو ئاست). بەڵگەهێنانەوەیەك کە دوو رێگا دەخاتە بەردەم پێی دووژمن (دوو لقەی پێوەر) و هەرکامێکیان هەڵبژێرێت، تاونبار دەبێت. بەفراوانی بارودۆخێك، کە تێیدا هەڵبژاردنی هەر کەلێنێکی بەدیل زیانی کەسەکەی لێدەکەوێتەوە. (و. ف)**

**3. general will (لە ئەسڵی فەرەنسی: volonte generale) چەمکی تایبەتی لە رۆسۆدا، بێجگە لە (ئیرادەی گشتی) (volonte de tous, will of all) کە بۆ نمونە بەپێی ژمارەی دەنگەکان لە هەڵبژاردندا دەردەکەوێت. مانای وردی لە دەقەکەدا روون دەبێتەوە. (و. ف)**

**4. Jacobins. تاقمێکی توندڕە و لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا. قۆناغی ترسناکیان دەستپێکرد و دوای لە ناوبردنی نەیارانیان لە باڵی راست، کەوتنە وێزەی باڵی چەپ، تەنانەت لە دیکتاتۆری رۆبسپێر لە گەردنی شۆڕشی بەناوبانگی دانتۆنیاندا، کە پێشتر رابەریان بوو. بە رووخانی رۆبسپێر لە 1794، ژاکۆبنەکانیش لە بەین چوون. ناویان هاومانا بە توندڕەووی و توندووتیژی شۆڕشگێڕیە. (و. ف)**

## فیشته

بە رای من، یۆهان گوتلیب فیشتە لە هەموو بیرمەندێکی ئەڵمانی دیکە، بەرپرسی پێشنیازکردنی وێنایەکە لە ئازادی، کە لەگەڵ چەمکی کۆنی ئازادی لە هزری بیرمەندانی خۆرئاوا – واتە بەگشتی بەریتانی، فەرەنسی و ئەمەریکی – لە کۆتایی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە بە توندی دژ و نەیاری بووە.

وای دابنێیت لەنێوان ساڵەکانی 1800 و 1820 لە ئەوروپا سەفەرت دەکرد. بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دەتبینی وشەی (ئـازادی) لە هەموو شوێنێك لە خۆرهەڵاتەوە تاخۆرئاوا بنێشتە خۆشەی سەر هەموو زمانێکە (گەرچی ئەڵمانەکان و نەمساییەکان بەوپەڕی گەرمی و راشکاوی زیاتر لە فەرەنسیەکان و بە ریتانیەکان باسیی دەکەن)، بەڵام مانایەك کە لێیەوە دەستدەکەوێت لە دوو بەشی ئەوروپا زۆرجیاوازە، (ئازادی) لە ئەڵمانیا بە چەمکێك بە کاردەبرێت کە بە رواڵەت لە بە کارهێنانی بیرمەندانی سەربە نەریتی گەورەی بەریتانیا و فەرەنسا جیاوازە.

نوسەرە بەرچاوە سیاسییەکانی خۆرئاوا لەو سەردەمەدا، وەك کۆندەریسە و تام پین و بنجامین کۆنستان، کە نمونەی بیرمەندانی ئەوی دیکە بوون و هەستی بە شەوقیان لەبارەی ئەو بابەتە دەردەبڕی، بە گشتی هەموو ئەو نوسەرانەی کە هزرەکانیان لە هاوچەرخان و لەرۆژگارانی داهاتوو کاریگەری زۆری هەبوو، چ مانایەکییان لە وشەی (ئـازادی) ئیرادە دەکرد؟ دەمەوێت، وەك نموونە، بەشێك لە قسەکانی بنجامین کۆنستان وەربگرم، کە لیبراڵێکی میانڕەو و عاقڵ بوو، بەرهەمەکانی سەربە سەرەتای سەدەی نۆزدەمە و دەکرێت بە وتەبێژی ژمارەیەکی زۆری دیموکرات لیبراڵەکانی ئەو سەردەمەی ئەژمار بکەیت. لە وتارێکدا لە 1819 دوو چەمکی کۆن و نوێی ئازادی پێکەوە بەراوورد دەکات و دەپرسێت هاوسەردەمانی چ مانایەکی (ئازاد)یان لە زەیندایە، پاشان ئاوەها پێناسەی دەکات:

{ئازادی} واتە مافی هەر تاکێك کە تەنیا یاسا بە سەریدا باڵادەست بێت، ئەو مافەی لەئەنجامدا ئیرادەی سەرکێشانەی هیچ کەس، یان کەسەکان دەستگیر، یان قۆڵبەست نەکرێت، یان نەکوژرێت، بە هیچ شێوازێك رەفتاری خراپی لەگەڵدا نەکرێت. {ئازادی} واتە مافی هەموو کەس بۆ دەربڕینی بیروڕا، هەڵبژاردنی کار و پیشە، سودوەرگرتن لە کەلوپەلەکان، هەرچەند لە کاتی ئارەزو بۆ شێوازێکی خراپ و ناڕاست، هاتوچۆ بە بێ دەستەبەرکردنی مۆڵەت و فشار نەکردن لە ناوهێنانی بەڵگە و پاڵنەر. {ئازادی} واتە مافی هەموو کەس بۆ پەیوەندیکردن بە ئەوانی دیکە، چ بە مەبەستی باسکردنی بابەتی جێ هۆگر یان لەکاتی ئارەزوی دەربڕینی باوەڕبوون بە ئایین و مەزهەبەکانی خۆی، یان بەسەربردنی رۆژەکان یان سەعاتەکانی خۆی بە هەرشێوەیەك کە بیەوێت و ئارەزوی بکات. سەرئەنجام، {ئازادی} واتا مافی هەموو کەس بۆ کاریگەربوون لەسەر حکومەت، چ بە کاندیدکردنی هەندێك یان هەموو بەرپرسانی حکومەت و چ بە دیاریکردنی نوێنەر یان دادخوازی بە رادەستبوونی ئەو داواکاریانەی کە سەرچاوەی کارەکان، کەموزۆر بەناچاری دەبێت پێیان رابگەن.

پاشان کنستان درێژەی پێدەدات، کە بارودۆخ لەدنیای کۆندا بەمشێوەیە نەبوو، گەرچی تاك لە کاری کۆمەڵایەتی بە مانای تایبەتی باڵادەستبوو، لە ژیانی تایبەتی زۆر بەرتەسکتربوو، زیاتر کۆنترۆڵ دەکرا؛ ئێستا لە دەوڵەتە نوێیەکاندا، تەنانەت لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، تاك لە کاریگەربوون بەسەر بڕیارەکانی دەسەڵاتدارانی سیاسییەوە بە رواڵەت لاوازە و هەوڵدەدات مافێکی ئەوتۆ دەستەبەر بکات.

بۆئەوەی کە بزانی داکۆکیکارانی نوێی ئازادی لەسەرەتای سەدەی نۆزدە چ مانایەکی (ئازادی)یان لە بیربوو، تاڕادەیەك نمونەیەکی باشمان هێناوەتەوە. بەڵام دەبینی هەر لەو قۆناغە لە ئەڵمانیا بارودۆخ زۆر جیاوازبوو.

فیشتە بەردەوام دەیوت ئازادی تاکە بابەتێکە، کە مێشکم پێیەوە سەرقاڵە. دەیوت: (سیستم {هزری}م لەسەرەتاوە تا ئەنجامی شتێك چما شیکردنەوەی چەمکی ئازادی نییە... هیچ بەشێك یان توخمێکی دیکە ناچێتە ناوی.)1 پاشان پێداگرانە هۆشداری دەدایە خوێنەر - هۆشداری زۆر ئاشکرا - کە تیۆرەکەم زۆر ئاڵۆزە و خەڵکی ئاسایی ناتوانن لە زمانم بگەن، بۆ تێگەیشتن لەو قسە ئیلهامگرتووانە لەدنیای باڵا، جۆرێك ئاڵوگۆڕی دۆخ، یان زاڵبوونە بەسەر نهێنیدا، یان پێوستی بە ئیلهام وەرگرتنە. دەنوسێت:

بە دڵنیاییەوە کەسانی نیمچە خـوێـنـدەوار، بە رەهـایـی لە تیۆرە فەلسەفیەکامنان ناگەن, چونکە بابەتێکە کە باسیدەکرێت بۆ ئەوان بوونی نییە، ئەوان خاوەن ئەو هێزە تایبەتییە نین، کە ئەو بابەتە تەنیا بۆ ئەو و بەهۆیەوە بوونی هەبێت. وەك ئەوەیە کەسێك قسە لەگەڵ نابینای زکماك بکات، واتە کەسانێك کە شتەکان، پەیوەندییان تەنیا بەدەست لێدان دەناسێت، ئەوکاتە بمانەوێت لەگەڵ ئەوان باسی رەنگەکان و پەیوەندی رەنگەکان بکەین.

بەوهۆیە بابەتەکە بۆ کەسانی ئاسایی تێگەیەنراو نییە، کە لەبەخششی هێزی تایبەتی و بە قوڵی ئەودیوو سروشتی دەرکی راستەقینەی گرانبەهاکان بەهرەمەند نین، کە لە هەر نەوەیەك ژمارەیەکی زۆرکەم کەڵکی لێوەردەگرن. فیشتە خۆی بە یەکێ لەم ژمارە کەمە دەزانێت. تێگەیشتن لە جەوهەری ئازادی، شۆڕبوونەوەی تایبەتە بەناخی دنیادا.

پێویستە لە روونکردنەوەی بابەتەکەدا بوترێت، کە زۆرترین سەرقاڵی زۆربەی بیرمەندانی ئەوروپای خۆرئاوا، پاراستنی ئازادی تاك بوو لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا. مەرامیان لە ئازادی دەستتێوەرنەدان بووە، کە لەبنچینەدا چەمکێکی نەرێنی و بابەتی باسی کلاسیك و لەبیرنەکردنی کتێبەکەی جۆن ستیوارت میل لەمەڕ ئازادییە، کە تا ئەمرۆ هیچ کەس رەوانبێژتر، لێبڕوانەتر و قەناعەت پێکەرتر لەو، نوزەی لێوە نەهاتووە.

ئازادی بۆ کۆندەریسە بەم مانایە بوو، هەمان مانای هەبوو بۆ زۆرینەی شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا، کە ئاڵای شۆڕشییان هەڵدا، تا تاك ئازاد بکەن، پاشان بە مەبەستی رزگارکردنی میللەتانی دیکە، سوپاکەیان رەوانەی سەرانسەری ئەوروپا کرد. گریمانە لەسەر ئەوەیە، کە هەرتاکێکی خاوەن هەندێك سەلیقە، بڕێك داخوازیەکان، کەمێك ئارەزو دەیەوێت بەشێوازی خۆی بژیت، بێگومان ناتوانێت رێگە بدات، کە یەکجێ وەها بکات، چونکە لەو کاتەدا ئامانجی هاوشێوەی ئەوانی دیکە هەراساندەکات، بەڵام دەبێت دەوروبەری جۆرێك فەزای بەتاڵ و رێپێدراوبێت، داخوازییە شیاوەکانی خۆی لەو بازنەیەدا بێنێتەدی. نابێت رەخنە لەداواکانی بگیردرێت. ئامانجەکانی هەرکەسێك کردنە هی خۆەتی، ئەرکی دەوڵەت بەرگرتن لە پێکدادان و بەریەك کەوتنە، دەبێت دەوڵەت وەك پۆلیس رێنمایی و شوفێری، یان بە قەولی لاساڵ سۆسیالیستی ئەڵمانی، کە بە گاڵتەجاڕییەوە راڤەیەکی وەهای بەکارهێنا، وەك حەس حەسی شەوانە رەفتاربکات و چاودێربێت، کە خەڵك لەگەیشتن بە ئامانجی تایبەتی کارەکانی رانەکێشرێتە تێکهەڵچوون، کە کەس ئەوەندەی خۆیان مافی داوەریکردنیانی نییە. ئازادی واتە دەستدرێژی نەکردن، بەمەش واتە بەرگرتنە لە دەستدرێژی کەسەکان بۆ سەر یەکتری.

دەربڕینی رۆسۆ لەوبارەیەوە زۆر ئاشکرایە. دەڵێت: (نیازخراپی و بەدخوازیی توڕەمان دەکات، نەك خودی شتەکان.)2 کۆیلەیی بەم مانایەیە، کە یەکێك کۆیلەی یەکێکی دیکەبێت، نەك کۆیلەی خودی کارەکان. دیارە ئێمە وشەی (ئازادی) بە مانای جیاجیای مەجازیش بە کاردەهێنین، چونکە باسی کەسێك دەکەین، کە کۆیلەی داوای ئارەزوەکانی یان کۆیلەی خواردنەوە غازیەکان، یان کۆیلەی هەندێك هزر بێت، ئەوە جیاوازە بەمانای راستەقینەی وشەیەك، کە پێشینەی وەك نموونە مام تۆم، کۆیلەی سایمۆن لگرییە، لە رۆمانی

کوخەکەی مام تۆم. گەرچی مانای مەجازی کۆیلەیی کۆن، هەرچۆنێکبێت خوازەییە؛ دیارە مانای زارەکی یان راستەقینەشی هەیە، کە ئەگەر کەسێك بە دارەوە ببەستنەوە، یان لە گرتوخانەی قایم بکەن، بە هیچ یارییەکی زمانی ناکرێت بوترێت ئازادە، بەڵام ناتوانرێت زۆرتر بە کەسێك نالێن، کۆیلە، کە تووشی جۆرێك لاوازی بووە. رەنگە لە زۆربەی کارەکاندا بێ توانابم، بەڵام لەبەرئەوە پێم نالێن کۆیلە. ناتوانم باڵ لێکبدەم و بفڕم، یان گریمانە بکەی نەتوانم زیاتر لە ژمارە 5 ملیۆن بژمێرم، یان لە بەرهەمەکانی هیگڵ بگەم و بەم هۆیە، بڵێم زۆربەی کارەکانی دیکە لەتوانای مندا نییە، بەڵام چونکە ناتوانم لە بەرهەمەکانی هیگڵ بگەم یان لە ئاسماندا بفڕم، خۆم بە کۆیلە نازانم. کۆیلەیی لە بێ توانایی جیایە؛ کۆیلەیی بەو مانایەیە، کە ئەوانی دیکە، نەك خودی کارەکان، نەهێڵن دەست بۆ هیچ کارێك بەرم. تەنانەت کۆیلەیی ئابوری، کە زۆرجار لە نوسینی سۆسیالیستەکان ئاماژەی پێدەکرێت، بەو مانایەیە پێدانی ماف بە کەسانێك کارێکی بێهودەیە، کە نەتوانن سودی لێوەرگرن: بێهودەیە مافی کڕینی خواردن و جلوبەرگ بدەینە کەسێك، کە فلسی ئیلەڵڵای پێ نییە. زۆرتر بەمجۆرە ئەم مانایە ئەدا دەکرێت، کە ئازادی سیاسی بە بێ ئازادی ئابوری بێکەڵکە. بەڵام گریمانەیەك لە پشتییەوە پەنهانە، کە کەسی رووتوقووت و لە برسان مردو ناتوانێت جلوبەرگ و خواردن بکڕێت، نەك لە بەرئەوەی هەندێك بێ توانایی جەستەیی و سروشتی وەك مرۆڤی گۆج، کە ناتوانێت جگە لەماوەیەکی کەم رێبکات، بەڵکو بەم هۆیەی ئەوانی دیکە دەبنە ئاستەنگی. تا ئاستەنگ نەبێت، ئازادی بە خەیاڵدا نایەت. ئازادی واتای ئازادبوون لە دەستێوەردان و هەراسانکردنی ئەوانی دیکە. ئەگەر دەستوەردان رێکەوت بێت، نەبوونی ئازادی سەرچاوەگرتو لە چانسی خراپ یان خراپ بەڕێوەبردنە، ئەگەر بە ئەنقەست بێت، زوڵم و ستەمکارییە.

ڕەنگە ئەمانە هەمووی دەربـارەی بیرمەندانی خۆرئاوا ڕاستبێت، کە کۆتاییهێنان بەفەرمانڕەوای دیکتاتۆرانەی هەندێك تاکەکانی خۆباڵادەستکەر گەورەترین کێشەیان بوو، کە بە سەر زۆربەی خەڵکدا دەیان سەپاند. بەڵام چەمکێکی دیکەی ئازادیش هەیە، کە لە ناو ئەڵمانەکان پشکوت و دەبێت ئێستا سەرنجی لێ بدەین.

ئاشکرایە کە ئەڵمانەکان زیاتر لەوەی نیگەرانی نیازخراپی، یان بەدخوازی بن، کە ڕۆسۆ جەختی لێدەکاتەوە، زەینییان مژولی خودی کارەکان بوو، کە ڕۆسۆ دەیوت هیچ پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نییە. بە ڕای ئەڵمانییەکان، ئازادی بە مانای ئازادی لە زوڵمی ئاسنینی فەرمانڕەوا بە سەر دنیا دابوو – واتە ئازادی لە یاسای ڕەق و توندی دنیای دەرەوە، نەك کورتەیەك لە شەڕی تاکە شەڕانگێزەکان، یان گەمژە یان خراپ بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی.

تاڕادەیەك ئەم هزرە سەرچاوەی لە بارودۆخی سیاسی ئەڵمانییەکانی سەدەی هەژدە گرتبوو. ئەڵمانییەکان لەم قۆناغەدا، ئازارێکی زۆریان بەدەست بێڕێزی و خەفەتی ترسناکەوە دەچێشت، کە بە هۆی سەرکەوتنەکانی فەرەنسا لەسەردەمی ڕیشیلۆ و لویی چواردە لە سەدەی هەژدە، لە ئەنجامی پەرتکە و دابەشکردنی سیاسی، لاوازی ئابووری، تەسکبینی و نەزانی گشتی هاوڵاتییانی مام ناوەندی ئەڵمانیای دوای شەڕی سی ساڵە لە سەدەی هەژدە، دەستەویەخەی بوون. لەڕاستیدا هۆکارێکی گرنگی تر، پەیوەندی ڕەهای ئەڵمانییەکان بە ئیرادەی سەرکێشانەی پاشاکانیان بوو، کە بە هۆیەوە هەستییان دەکرد وەك خەڵکی دنیا، کەوتونەتە خوار فەرەنسییە سەرکەوتووەکان، یان بەریتانییە ئازاد و سەربەرزەکانەوە.

ئازادی بۆ کەسێکی وەها، چ مانایەکی هەیە؟ ئەگەر لە بارودۆخێکی خەم هێندا بژی، یەکەم شت کە کاریگەری بە سەر ئاگایی تۆوە هەبێت ئەوەیە، کە

دەتوانی کەمترین کاربکەیت، یان هۆکارە مادیەکانت لەبەردەستدا نییە، یان فەرمانڕەواتان ستەمکار و بێویژدان و گەمژەیە، یان کارەساتی سروشتی وەك باران بەسەرتاندا دێتەخوارێ، یان بەجۆرێکی دیکە جوغزت بە دەوردا کێشراوە، هەرچۆنێکبێت لە بارودۆخێکدای ئەو کارانە زۆر کەمن، کە لە دەستتبێت. لە هەلومەرجێکی وەهادا، هزری ئازاد لە لایەك، بە کردەوە دەبێتە کارێکی بەدینەهاتوو، لە لایەکەی دیکەوە ئایدیالێکی بە قوڵی و عاشقانەی ویستراو.

زۆرجار ئەمجۆرە بارودۆخانە لە مێژووی مرۆڤدا دووبارە بوونەتەوە و کاردانەوە بەرامبەریان زۆرتر ئەوە بووە، کە بڵێین: (ئەگەر نەتوانم بەوە بگەم کە دەمەوێت و پێویستم پێیەتی، رەنگە بە وازهێنان لەو تکاو پێداویستییە لەژیاندا زیاتر کامەران بم. بەڵگە نەویستە لە مەراق و ئارەزوی شتێك بەسەربردن کامەرانم ناکەن، کە دەسەڵاتداران بەهەلومەرجی نالەبار دەبنە بەربەستی گەیشتن پێی. بەڵام لەوانەیە بە کوشتنی ئەو ئارەزوە لە خۆمدا، بە ئاسودەیی و خۆشی بگەم، کە لەم ماتەمگەیەدا باشترین جێگرەوەیەتی.)

ئەوە هەمان بارودۆخی ژیانێك بوو کە لەسەردەمی پوکانەوەنی دەوڵەتەشارەکانی یۆنان، رەواقیەکان و ئەپیکۆریەکان باسییان دەکردن؛ هەمان بارودۆخی ژیان، کە لە یەکەم سەدەی زایینی رەواقیەکانی رۆمی و کریستیانیان ئامۆژگارییە گەورەکانیان بەگوێی ئەوانی دیکەدا دەدا؛ لەڕاستیدا هەمان بارودۆخی ژیان، کە بۆ ئەڵمانییەکانی سەدەی هەژدە ئەوەندە زیندو، شەوق ورووژێنەر بوو. زۆرشتم دەوێت، بەڵام بارودۆخ بەربەستی گەیشتنمە پێیان، کەوایە دەبێت لەبەرامبەر دنیای دەرەوەدا داکۆکی لەخۆمان بکەین، پێویستە بە شێوازێك بازنەی خەسارناسی لەم بەدبەختییانە تەسکتربکەینەوە. لەجیاتی شاڵاوبردن بۆ بە دەستهێنانی ئەوەی ناتوانین بە دەستی بێنین، شکان و لەناوچوون، پێویستە ستراتیژیانە بکشێمە دواوە. دەبێت بچمە شوێنێك، کە

دەستی زاڵمان و بەخت رەشانم پێنەگات. ئەگەر ئەو هەموو ماوەیە بوونم نەکەمە ئامانجی تیری دوژمنانە، رەنگە ساغتر بمێنمەوە.

ئەو کــارە، لە روانگەی دەروونناسی و سۆسیۆلۆجییەوە، هۆیەکی سەرهەڵدانی تیۆری رەخنەهەڵنەگری ژیانی دەروونییە. هەوڵدەدەم لەدنیای تایبەتیمدا خۆم پوختە و کۆبکەمەوە. بەخۆم دەڵێم: (دەسەڵاتداری زاڵم دەیەوێت لە هەلی پێشکەوتن بێبەشم بکات، دەیەوێت جەوهەرم لەناوببات، زۆرباشە، با وابکات - ئەو شتانە گرنگ نیین. چیدەوێت باببیات. من ئەوشتانە لەخۆم دووردەخـەمـەوە و فڕێیاندەدەم، چونکە هیچ نیین. نەدەمەوێت بیانپارێزم و نە بە رۆیشتنیان دڵتەنگ دەبم.) ئەو کارە پاشەکشەی ستراتیژی نائاساییە بۆ ناو قەڵای دەروون. بەخۆم دەڵێم: (ئەگەر گیانی خۆم، ئاسودەیی، سەفای ناوەوەم بپارێزم و هزرم لەدەروونمدا بهێڵمەوە، ئەگەر ئایدیالەکانی دەروونم زیاتر پەروەردەبکەم، دەسەڵاتی زاڵم دەستی بەو قەڵەمڕەوە ناگات. رەنگە جەستەم لەتیرهاوێژی بێت، با بیبات، لەوانەیە داراییم زەوت بکات، با بۆ ئەوبێت. زەین و هۆشم لەسەر گیان و خودێتی دەروونی خۆم چڕدەبێتەوە، کە دەستی پێیناگات). ئەو تێڕوانینە سەرچاوەی سەرهەڵدانەوەی تیۆرێکە، کە ریشەی قوڵی دەگاتەوە کریستیانیەت و جولەکە و بە هۆیەوە، ئێمە دوو خودێتیمان هەیە: یەك، نەفسی ناوەوەیی و ئەبستراکت و نەمر، دوو، خودێتی دەرەوەیــی، ئەزموونی، فیزیکی و مادی، کە لەناوچوی بەدبەختییەکان و شویچنکەووتەی یاسای ئاسنین و بێدەرەتانی جیهانی مادییە.

بیرمەندانی زانستە سروشتیەکانی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، پێیانوایە هەندێك لە فەیلەسوفانی سەدەی هەژدە (بیروڕایانوابوو مرۆڤیش وەك هەر شتێك لە سروشتدا، کۆمەڵێك لە گەردیلەکان و شوێنکەوتەی یاساکانی باڵادەست بەسەر مۆلکۆلەکانە) رەخنەگرتن لە سروشتی نەزانی پەتی بوو،

چونکە وت هەرچەندیش یاسا مادی و فیزیکییەکانی دنیا بە زاڵمانە بزانین، ناتوانین بیانگۆڕین و بە کورتی ڕێگەیەك بۆ دەرەوە نییە.

بەمەش پێویستە لەدوو دووژمن رزگارم بێت: یەك، یاسا گومان هەڵنەگرەکان و نەگۆڕی مادی باڵادەست بەسەر ماددەدا، دوو، ئیرادەی تاکە نارەسەنەکان، هەوراز و نشێووی رۆژگار و هەلومەرجی بەدفەڕ. بە هۆی ئەو ئامۆژگارییە زۆر و گەورەیە رزگارم دەبێت لەوانە، کە ئەوەی دەست نایگاتێ لەگەڵ گەورەیی سروشت و بێزار خۆم نیشان بدەم. ئەوەی ناتوانم بەدەستی بێنم، دەبێت بڵێم نامەوێت. ئەگەر ئارەزویەك لەخۆمدا بکوژم، نەهاتنەدی بەئازار نابێت. بە کورتی بە پێی ئامۆگاریەکانی ناوبراو، بەرهەمی بەختەوەری و ناکامی لە گەیشتن بە ئارەزویەکە، بەڵام سردەکێشێنە پارادۆکس جیاجیاوەی ئەو هزرەوەوە. گریمان کەسێك 40 ئارەزوی هەیە و تەنیا بە 10 ئارەزو دەگات، ئەوی دیکە دوو ئارەزوی هەیە و بە هەردوکییان دەگات. کامەیان دڵخۆشتر و بەختەوەرترە؟ ئەگەر ئازادی بەو مانایەبێت دەتوانم هەموو ئەوکارانە بکەم بە دڵمە، ئایا کەسێك کەمتری دەوێت و بەمەش دەبێت کەمتر کاربکات، لە کەسێك دڵخۆشتر و بەختەوەرتر نییە، کە زیاتری دەوێت، بەڵام دەتوانێت ئەو کارانە بکات، زۆر لەوە کەمتر بەدڵییەتی؟

رۆسۆ دەڵێت: کەسێك ئازادە (هەرشتێك ئارەزوبکات، دەتوانێت ئەنجامی بدات). ئەگەر ئارەزوم کەمبێت، لەوانەیە لە بازنەیەکدا بێ ئاکام بم، هەر هێندە گچکەترە، بەڵام ئەو روانگەیە دواجار سەردەکێشێتە خۆکوژی - واتا خۆکوژی بەمانای راستەقینە -. گریمان لە قاچەکانمدا هەست بە ئازارێك بکەم. دوو رێگە بۆ چارەسەرییان هەیە: یەك، دەرمان، دوو، بڕینەوەیان. فەرمانڕەوای زاڵم زۆری و ستەمم لێدەکات. دوو رێگە بۆ بەگژداچوونەوەی هەیە: یەك، کوشتنی، دوو، لەو رێگەیەوە خۆم نەکەمە ئامانجی، کە بیری لێنەکەمەوە.

چیدەوێت بیدەمێ، وازهێنان لە هەموو ئەوەی بتوانی وێنایبکەی، کە لوتکەی تێکچون و بەلاڕێداچووندا بیەوێت لێم زەو بکات. ئەمە پوختەی ئامۆژگاری خودێتیی دەروونییە، کە لایەنگرانی دەڵێن خودێتی دەرەوەیـی لەبەردەم پەلامار، دەستدرێژی کردنەسەر، شایانی بایەخ پێدان نییە و وەك جەستەیەك لە ئاسماندایە، کە یاسا فیزیکییەکان باڵادەستن بە سەریدا و قوربانی شەڕانگێزیی و دەسکەلای چەرخی کارئەکتەرانە.

ئەو تیۆرە لە کانتدا هەندێك دەرئەنجامی نائاسایی گرنگ بەرهەم دێنێت، کە لە فیشتە و هەمو فەیلەسوفەکانی رۆمانتیکی ئەڵمانیا و لەو رێگەیەوە، کاریگەری جێگەسەرنجی بەسەر ئاگایی ئەوروپییەکانەوە هەیە. دەرئەنجامی ناوبراو یەکێکیانە و تاکە شتی بەنرخ لەدنیادا، دۆخی تایبەتی خودێتی دەروونی مەعنەوییە. بەختەوەری، یان کامەرانی شتێکە دەستم پێیناگات و رەنگە پێیبگەم، یان پێینەگەم، پەیوەندی بەزۆر بارودۆخی مادديیەوە هەیە. بەمەش کەسێك بڵێت ئامانجی مرۆڤ بەختەوەرییە، بەدەستی خۆی بڕیاری بێئاکامی و لەناوبردنی بەسەر خۆیدا داوە. ناکرێت تەلاری ئایدیال لەسەر بناغەیەك بێت، کە بۆخۆی پەیوەست بەهەلومەرجەکانی دەرەوەیـە، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای ئایدیالی دەروونی و کارپێکردنی و پشت بەشتێك ببەستێت، کە خودێتیم ئەو ئەرکەم پێدەسپێرێت. ئایدیالی راستەقینە واتا پەیڕەویکردنە لە یاسا ئاکارییەکان. ئەگەر هێزی دەرەوەیی سەرچاوەی ئەو یاسایانەبێت، ئازادنیم و کۆیلەم. بەڵام ئەگەر خۆم ئەرك بەخۆم بسپێرم، کە فڵان کاربکە، ئەوسا، رۆسۆ وتەنی، کۆیلەنیم، چونکە جڵەوم بەدەستی خۆمە، سەرچاوە و چاوگی ئەو کارانەی دەیکەم، جگە لەخۆم کەسێکی تر نییە، ئەوەیە ئازادی. هزری قوڵی کانت ئەوەی گرنگە، شتێکە زۆر بەنرخ بۆ ئێمە (بەنرخ واتە مەبەستێك، بۆخۆی شوێنیکەوێت، نەك وەك هۆکارێك بۆگەیشتن بە شتێکی دیکە)، ئامانجێك،

کە خۆی هەقانیەتی هەموشتێك بسەلمێنێت و هەقانیەتی خۆی پێویستی بە سەلماندن نەبێت، بۆ ئەوە کارێك دەکەین یان خۆی لێبەدووردەگرین، ئەوەی بە مەبەستی هەبوونی بەشێوازێك رەفتاردەکەین، کە هەیە و لەپێناویدا ئەگەر پێویستبێت، ئامادەین گیانمان بەخت بکەین - بنەمایەکی وا کۆتایی پیرۆز، کە باڵادەستە بەسەر کردارماندا، خۆمان لەسەر خۆمان جێگیریدەکەین. نیشانە بەوەی ئازادین. بۆیە، کانت دەڵێت: تاکە کاری پیرۆز لەدنیادا، تاکەشتێك کە چاکەی پوختە، ئیرادەی چاك یان نیازی چاکەیە، بەمانای خودێتی ئازاد و مەنەوی لە جەستەماندایە.

هیچ شتێك جگە لەوە پیرۆز نییە، چونکە چ شتێکی دیکە دەشێت پیرۆزبێت، چ شتێکی دیکە دەشێت بەنرخ بێت؟ هەرکارێك بکەم، بۆ پەیڕەویکردن لە یاسایەکە، کە بۆخۆم لەسەر خودێتی بڕیارم لێداوە. لایەنگرانی قازانج دەڵێن: مەبەستی راست لەهەرکارێك دەبێت خۆشی و بەختەوەرکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بێت، بەڵام ئەگەر ئامانج ئەوەیە، رەنگە تەنانەت قوربانیکردنی مرۆڤەکان، هەرچەند مرۆڤی بێتاوان، بۆ بەختەوەرکردنی ئەوانی دیکە رەوابێت. ئەوانی دیکە دەڵێن: دەبێت وا رەفتاربکەم، کە کتێبی پیرۆز، یان ئایین، یان خوا بڕیاری لێداوە، یان پاشا فەرمانیکردووە، یان کارێك بکەم کە ئارەزو دەکەم، یان سیستمی ئاکاریم (بێبگرە و بەردە بە میراتم گرتووە، یان دەستەبەرم کردووە) ، بە رەوا دانراوە.

لە روانگەی کانتەوە ئەمجۆرە بیروباوەڕە، کفرکردنە. سەرئەنجام مرۆڤ لەدنیادا بەنرخە. شتێك بەنرخە، کە ئایدیالی مرۆڤێکە، شتێکە، مرۆڤێك - کانت یەکسەر لەسەری دەڕوات، مرۆڤێکی عاقڵ - بۆخۆی فەرمان بەخۆی دەکات کاری پێبکات. پێویستە مرۆڤێك لەپێناو چیدا بکەیتە قوربانی؟ لەپێناو ئەوەی لەسەررووبەوەیەتی و بەنرخە، بەڵام ناکرێت هیچ شتێك لەو بنەمایە

بەنرختربێت، کە مرۆڤێك بـاوەڕی پێیەتی، چونکە نرخی هەموو شتێکی پێوەبەندە، یان هۆکاری گەیشتن بە ئامانجێکبێت، کە کەسێکی عاقڵ بۆ خودی ئەو بیەوێت) یان هۆکار کتومت ئامانج بێت.

کانت زۆر باسی گرنگی جەختکردنەوەی لە عەقڵانیەت کردووە، گەرچی لانیکەم هەندێك لە کانتناسان هەمیشە گومانیان هەبووە، ئامانجی لە عەقڵانیەت چییە؟. پێیوابوو، بە گشتی جۆرێك هەڵسوکەوت هەیە و هەموو مرۆڤە عاقڵەکان وەك پێویست خوازیارنی. نامەوێت لێرەدا بچمەناو ئەو بابەتەوە، کە راست، یان درۆدەکات، چونکە لە بابەتەکە دووردەکەوینەوە، بەڵام دەبێت لە تیۆرەکەی بیخەینە مێشکمانەوە، کە بەڵێن بەوەی شتێك بەنرخە، واتە بڵێین لای خودێتی دەروونی ئێمە هیچ هێزێك لە دەرەوە نابێت، دەستدرێژی بکاتەسەر، یان تێکیبدات، یان بیکاتە کۆیلە، یان بیچەوسێنێتەوە، یان تەفروتووناى بکات، ئەو شتە لەبری ئایدیالە. داکۆکی سۆزبزوێنی کانت لە تـاك، لێرە سەرچاوەدەگرێت. بەبرواى ئەویش وەك رۆسـۆ، (گەرچی بەڕێکوێکی توندتر و راشکاوانەتر) تاکە کارێکی خراپ و ناڕەوا، رێگەنەدان بە مرۆڤێك بژاردەی خۆی هەڵبژێردێت. بەرزترین تاوان، زەبوون، بێنرخ و شەرمەزارکردنی مرۆڤێکی دیکەیە، یان بەجۆرێك رەفتارکردن لەگەڵی، کە گوایە سەرچاوەی بەهاکان نییە، چونکە رێز لێگرتنی لە لایەن خەڵکەوە، سەرمایەی دنیای بەهاکانییەتی. فریودانی کەسێك، بە کۆیلەکردنی، سودوەرگرتن لە ئامڕازی مرۆڤێکی دیکە، بۆ گەیشتن بە ئامانج، واتا مەبەست و ئامانجی، ئەوەندەیئامانجەکانی خودی ئێمە، عەقڵانی و پیرۆزنین و درۆیە، چونکە بڕوا بەوە شتێك بەنرخە، مەبەستی هەموو مرۆڤێکی عاقڵە. ئەو تیۆرە بەهەستە لێرەوە سەرچاوەدەگرێت، بەوپێیە پێویستە من بە مرۆڤێکی دیکە - واتا ئەو بوونەوەرانەی ئەرکی سەرشانمە لەدنیادا رێزیان بگرم – رێزی بگرم، چونکە

مرۆڤەکان زادەی بەهاکانن، بەرهەمییاندێنن و زۆری چالاکییەکانیان بەهای خۆی هەیە و هەموو کارێك بکەین و درێژە بە ژیان بدەین، لە کاتی پێویست، ژیانمان بکەینە بەڵاگێڕی.

ئەنجامێکی تر، ناکرێت ئەخلاق و رێسای ئەخلاقی وەك کاری راستەقینە ئاشکرابکەیت. لە سەدەی هەژدە - نەك لەو سەدەیەدا، بەڵکو تاڕادەیەك لەتەواوی مێژووی فەلسەفە، جگە لە خواوەندییەتی جولەکە و کریستیانیەت- پێداگرتنە لەوەی ناکرێت وەك مەسەلەکانی پەیوەند بەکاری راستەقینە، وەڵامی مەسەلە ئەخلاقیەکان بداتەوە. پێشتر رووغکردەوە، هێلڤتیۆس و هەموو هاوڕێکانی، بەردەوام ئەو پەندە بە گوێی ئەوانی دیکەدا دەدەن، بەڵام ئەو بیروباوەڕە بۆ کانت تەواو راست نییە و بۆ جێگرەوانی چەند نزیکببینەوە، کەمتر راستە.

بۆئەوەی بزانم چ بکەم، پێویستە گوێ لەهاواری دەروون بگرم. لەو هاوارەدا بڕیار و فەرمانەکان دەبیسترێن و ئایدیالێك دەبنە ئامۆژگاری، کە دەبێت رەفتاریان پێبکەم. بەڵام فەرمان، بڕیار و رێنمایی دەبێت چ بکەم، بە وتەی کانت، (کاری رەها)، وەك بڵێی فڵان بارودۆخ چۆنچۆنییە؟. بێسودە لەدنیای دەرەوەدا، بەدوای ئامانجە ئەخلاقیەکاندا بگەڕێین. ئامانجی ئەخلاقی لەجۆری شتەکان نییە و جگە لە فڵان بارودۆخی راستەقینەی گەشەی دار، یان وەك پەڕینەوەی یۆلیۆس قەیسەرە لە رووباری رۆبیکۆن. ئامانجی ئەخلاقی، بڕیار یان فەرمانە، فەرمان نە راستە، نە درۆ و ناتوانی بە دیتن ئاشکرای بکەیت. رەنگە فەرمان راستبێت یان هەڵە، قوڵبێت یان تەنك، لەسەر بنەمای چاکە و خۆپارێزی، یان رەزیلی و خراپەکاری، شایانی تێگەیشتن یان تێنەگەیەنراو -، بەڵام هەرچۆنێك بێت، وەسفی هیچ ناکات. بڕیاردەدات و فەرمان دەکات و دەتبزوێنێت.

ئەوە لەئاگایی ئەوروپییەکان کاتێکی زۆر گرنگە. دەبینرێت بەپێچەوانەی بۆچونی زۆرێك لە فەیلەسوفەکان، لە ئەفلاتونەوە تا ئەمڕۆ، ئەخلاق کۆمەڵێك کاری راستەقینە نییە. ناتوانێت بەوپەڕی هێزی تایبەتی، بۆ تێگەیشتن لەکاری واقیعی ئەخلاقی، ئەخلاق ئاشکرابکات. ئەخلاق فەرمانی پێدەکرێت و بەمەش شیاوی ئاشکراکردن نییە. ئەخلاق ئاشکراناکرێت، لەنەبوونەوە دێت، کەسێك دروستی دەکات، نەك بەدوایدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. بۆیە، ئەخلاق هاوشێوەی ئەفرێنراوی هونەرە. هەڵبەتە کانت بە ئەنجامێکی وا نیمچە هونەری ناگات، کە لە رێسای بابەتی گشتی و لە ئاشکراکردنیان، بە دروستی باسییاندەکات، بەڵام لێینزیکدەبێتەوە. باوەڕی بەپێوەری تێکڕایی، ئەقڵی و جێگەبڕوی سەرجەم مرۆڤەکان هەیە، بەڵام ویستی ئەو -زمانی هاواری دەروونی- هەندێکجار ئاڕاستەی شوێنی دیکەیە. کاتێك دەگەینە رۆمانتیکە ئەڵمانییەکانی کۆتایی سەدە، ئەوکارە ئاشکراتردەبێت. کاتێك هونەرمەند بەرهەمێکی هونەری دادەهێنێت، سەرقاڵی چییە؟ پەیڕەوی لە راچڵەکانی دەروونی دەکات و چی لەدەروونیدایە دەریدەبڕێت. لە وەڵامدانەوەی خواستە دەروونیەکان، شتێك دەئەفرێنێت، ئەوەی لە دەروونیدایە هەڵیدەڕێژێتەدەرەوە و لە هەمووی باڵاتر، بەشێوەیەکی تایبەتی کار، رەفتار و شتێك دروست دەکات - نەك فێربێت، یان ئاشکرا ، یان ئەنجامگیریی بکات، یان لێی بپرسێتەوە، یان بیربکاتەوە.

لەوانەبوو دەربارەی بیرمەندانی پێشو بڵێت، بەڕێگەی شێوازی نیوتن، کە یاسا فیزیکییەکانی ئاشکراکردن، ئەوانیش راستی هەندێك کارییان ئاشکرادەکرد، کە بەختەوەری ئامانجی راستەقینەی مرۆڤە، یان ئامانجی شایستەی مرۆڤ نییە، یان ژیان خەسڵەتی ماددی، یان گیانی هەیە، یان هەرشتێکی دیکە، بەڵام کاتێك هونەرمەند بەرهەمێکی هونەری دادەهێنێت، ئایا هیچ ئاشکرادەکات؟ گۆرانی پێش ئەوەی بوترێت، لە کوێ بوو؟ پێش ئەوەی بەرهەم بهێنرێت، لە

کوێ بوو؟ گۆرانی بە وتن یان بەرهەمهێنان دێتەبوونەوە. تابلۆ پێش ئەوەی بکێشرێت، لەکوێ بوو؟ بە تایبەت دەربارەی شێوەکاری ئەبستراکت – وەك میوزیکێك کە رووتەڵییە – وێنای زەینی هونەرمەند، ئـەوەی دەیویست بیخولْقێنێت، پێش خولْقاندنی لەکوێ بـوو؟ کـاری هونەرمەند، جۆرێك چالاکی بەردەوامە و ئەوەندە بەسە، کە لەپەیڕەویکردنی ئەندازەی جوڵەی دەروونی ئەنجامدەگرێت. پەیڕەوی لەڕاچڵەکانی دەروونی، واتە بەدیهێنانی ئایدیالێکە، هونەرمەند لەپێناویدا دەژیت، خۆی بۆ تەرخاندەکات و بە پەیامی خۆیدەزانێت.

گرنگە بیربهێنینەوە، گەرچی کانت نەگەیشتە ئەنجامێکی ئەوتۆ، بەڵام بناغەی بیروباوەڕی ئەخلاقی دانا. ئەو بیروباوەڕە دوو ئاماژەی تەوەرییە. یـەك، ئەخلاق جۆرێك چالاکییە. هاوڕێیانی ئینسکلۆپیدیای فەرەنساو کەسایەتییەکانی رۆشنگەری لە ئەڵمانیا باوەڕییانوابوو، سەرەتا راستی لەمجۆرە کارانەدا ئاشکرادەکەین و پاشان مەعریفەیەك، کە بەدەستمانهێناوە، بە کاریگەری بەکاریدەهێنین، بەڵام بە پێی باوەڕی نوێ، ئەخلاق جۆرێك چالاکییە، نەك سەرەتا تیۆربێت و پاشان کار. دووەم، ئامانج لەسەربەخۆیی مرۆڤ جگە لەوە شتێك نییە. ئامانج لەسەربەخۆیی مرۆڤ، تۆ قوربانی هێزێك نیت نەتوانیت جڵەوی بکەیت. پێشتر رۆسۆ لە وتەیەکدا دەیوت: تەنیا نیازخراپی و بەدخوازیی تورەمان دەکات، نەك شتەکان، بەڵام ئەو کەسانەی ئاماژەمان پێکردن، لەدەسەڵاتی کارەکان زیاتر دەترسان، تا دەسەڵاتی کەسەکان. نیاز لە ئارەزوی سەربەخۆیی، کە دژی سەربەخۆییە، من سەربەخۆ نیم. سەربەخۆ نیم، چونکە دۆڕاوی هەڵچون و هەستەکانم، دۆڕاوی شەوقەکان، ترس و ئومێدەکانم و ناچارم دەکەن ئەوکارانە بکەم، کە نامەوێت ئەنجامییان بدەم و پاشان پەشیمان ببمەوە، تۆبە بکەم و بڵێم ئەگەر دۆخم باشتر و خاوەنی

خۆم دەبووم، کاری وەهام نەدەکرد. ئارەزوی سەربەخۆیی واتا، تۆ بەندەی ئەو هۆکارانەی جڵەوکردنیان بەدەست تۆنییە. سەربەخۆیی دژیەتی. سەربەخۆیی واتا وەها کاردەکەیت، چونکە وا ئیرادە دەکەیت - بە دەربڕینێکی دیکە، تۆ چالاکیت، هەڵڕسکاو نیت.

ئەوە (تۆ)ی، کە دەڵێین کاردەکات، چالاکە و جەستەت نییە بۆتە قوربانی هەموو ئازارەکانی جەستە و سەربە یاسا فیزیکیەکانە، لە قەڵەمڕەوی ئازادیدا دەجوڵێت. ئامانج لەسەربەخۆیی، رزگاربوونە لەهەموو پانتاییەکانی هێزە دوژمنکارەکان، یان کوێر، یان ئەو هێزانەی هەرچۆنێك بێت بەرپرسیارییان نیم، وەك یاسا فیزیکییەکان، یان هەواوهەوەسی دەسەڵاتدارانی زۆردار، کاری تێدادەکەن. سەربەخۆیی یان ئازادی، بریتییە لە فەرمانکردن بەخۆم و پەیڕەوی لێکردنی، چونکە هەر ئیرادەیەك بکەم، کاری پێدەکەم. ئازادی، واتە پەیڕەوی لە فەرمانەکانی خۆم. چەمکێکە، رۆسۆ و کانت، لە ئازادی ئەخلاقی لەبەرچاویانە. هەر مرۆڤێك بەمجۆرە بەنرخە و بەمەش پێویستە مرۆڤەکان رێزی لێبگرن. لەم رووەوە، دەست لێدان، گۆڕین و ئاڵوگۆڕی مرۆڤەکان، هەرکارێك لەگەڵییان بەناوی بنەمای بابەتی، واتا لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ و بوونی متمانەی سەربەخۆ لێی قەدەغەیە، کە هێلڤتیۆس بە بیانوی بەختەوەری خوازیاری بوو. پاڵنەر، تاکە شتێکە ئەژمار دەکرێت. من بەرپرسی جێبەجێکردنی هیچ بەرنامەیەك نیم، چونکە یاسا فیزیکیەکان تێیدا بەشدارن. ناتوانی بە بەرپرسی کارێکم بزانیت، جڵەوی بەدەستی منەوەنەبێت. پێویستبوون، پێداویستی، توانینە - ئەگەر کارێك لەتواناتدا نەبێت، ناتوانێت پێتبڵێت، پێویستە ئەنجامی بدەیت. بەمەش ئەگەر چەند ئەرکێکم لە ئەستۆبێت، ئەگەر ئەخلاق هەبێت، ئامانجەکان یان مەبەستەکان هەبن، دەبێت بیانکەم و خۆم لەشتی تر بەدووربگرم، دەبێت هەموویان لەودیوو قەڵەمڕەوی پارێزراو، بەدووربن

لە دەستێوەردان. بۆیە، ناکرێت گەڕان بەدوای بەختەوەری ئەرکی من بێت، چونکە سۆزەکانی بەختەوەری بەدەست من نییە. ئەرکی من پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە بە تێکڕا لەبەردەست مندابێت – واتە هەوڵ لەپێناویدا، نەك گەیشتن پێی. تەنیا ئازادم، خودێتی دەروونم بە پتەوی بهێڵمەوە.

ئەو بیروڕایە، هەندێك ئاکامی بەرهەمی سیاسی گرنگی لێکەوتەوە. یەکەم کاریگەری خێرای، جۆرێك ڕێبازی لەسەر بنەمای ڕۆچوونە دەروونەوە، دەوڵەمەندبوون لە یاساو ڕێسا باوەکانی ئەخلاقی. ئەگەر پاراستنی بابەتی خودێتی، تاکە ئەرکی مرۆڤە و شتێکە ئەژماردەکرێت، ئەگەر مرۆڤ بەرپرسی راستی و پتەوی خۆیەتی و دەبێت چاودێری بکات، کە دەستپاك و راستگۆ بێت و کەس فریونەدات، کەوایە ئەوەی لەدنیای دەرەوە دەگوزەرێت – واتە قەڵەمڕەوی سیاسی و ئابوری و گۆڕەپانی جەستەی مادی نیشاندراوی کەڵەکەبوون بە هۆکارە دەرەکییەکان، چ فیزیکی و هەر شتێکی دیکە – هەموویان دەکەونە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئەخلاقی فیشتە لە یەکەم قۆناغ، کتومت وەها بیریدەکردەوە.3

فیشتە باوەڕیوابوو، پێویستە تاك ئازاد بێت. دەڵێت: من تەواو ئافرێنراوی خۆمم، یاسایەکم قبوڵ نییە، خراوەڕووەکانی سروشت پەسندبکەم، چونکە دەبێت قبوڵی بکەم، ئیرادە دەکەم باوەڕم پێیهەبێت.4 پێیوایە کارێکی جێبابەخی، ئەوەی دەدرێت نییە، ئەوەی گرنگە، واتا ئەوەی دەخرێتە ئەستۆم، ئەرکمە، بەسەرمدا بڕیاری لێدەدرێت، بەشێکە لە پەیامم. فیشتە رایدەگەیەنێت، ئەو یاسایە، نەك لە قەڵەمڕەوی کاری واقیع، بەڵکو لە خودێتیمان بەدەستدێت، واتا خودێتی پەتی و رەسەن، بەوتەی ئەو، شتە هاوتەریبەکانی ئەندێشە و ئامانجەکانم، لەدنیای دەرەوە دەخوڵقێنێت و فۆڕمییان پێدەبەخشێت، چونکە بەسەریاندا سەروەری و زاڵدەبم و دنیای دەرەوە، ناچاردەبێت خزمەتم

بکات.5 ئەو وێنا ڕۆمانتیکییە کە هیچ شتێك لە دنیادا لە متمانە، خۆنەویستی، لەخۆبووردوویی گرنگتر نییە.

ئەو بیرە ئەوەندە گرنگە، پێویستە کەمێك زیاتر لێیبکۆڵمەوە. لە رابردودا - لانیکەم دوای ئەفلاتون - حەکیم یان فرەزانا بوو، وەسفدەکرا و خەڵك بەچاوی گەورەیی لێیانیدەڕوانی. حەکیم دەیزانی چۆنبژی. هەندێك پێیانوابوو حەکیم پەیوەندی بە خواوە هەیەو خواپێیدەڵێت: چ بکات و راستی چییە. هەندێکی دیکە وایاندەزانی، حەکیم کەسێکی تاقیگەیە، وەك پاراسیاسۆ یان دکتۆر فاوستۆس، یان کەسێکە بێجگە لەتوێژینەوە ئەزموونیی و بە پیت و فەڕەکانی، بەجۆرێك دیتن و دەروونبینی تایبەت، توانای ئاشکراکردنی کاری نائاسایی هەیە. ئەخلاقیش وەك جۆرەکانی تری مەعریفە، بریتییە لە ئاشکراکردنی هەندێك راستی و گرنگترین ئامانج ئەوەبوو، کەسەکە بکەوێتە پێگەیەکەوە، راستی مەعریفە بەرهەمبهێنێت. ئەگەر خۆت لە راستی نەدەگەیشتی، پێویستە بۆ پسپۆڕ بگەڕێیتەوە و ستایشی بکەیت. کەسێك سیمبول و بە گەورە دەزانرێت، کە پێغەمبەر بێت، یان پێشبینیکەر و هەقیقەتبین، یان فەیلەسوف، چونکە تاکە کەسێکبوو دەیزانی چ بکات و دنیا چۆنە. رەنگە کیمیازان، رۆژێك کانزای کەم بەها بکاتە زێڕ و بتوانێت ئێکسیری ژیان بدۆزێتەوە. خاوەنڕا لەدنیای سیاسەتدا، دەیزانی چۆندەبێت حکومەت بکات، چونکە لە سایکۆلۆجی مـرۆڤ و سروشتی کۆمەڵگە گەیشتبوو، کە بزانێت زانستی خۆی چۆن لەگەڵ تەبای بکات. زانا ستایش و بە گەورە دەزانرا، چونکە دەیتوانی راستییەکان ئاشکرابکات.

هەندێك بابەتی پاشەکەوتکراوی ژێر فۆکسی مەعریفە، دێنەپێش، نەك بۆ ئامانجێکی لەژیاندا، بەڵکو پێویستە لەپێناویاندا، گیانی خۆت بەختبکەی.

شەهیدانی کریستیانیەت، لەپێناو حەقیقەتدا مردن. بەرەوپیری مەرگ چوون, دەیانویست شایەتی نمونە، مەعریفە، زانایی و حیکەمەتێك بدەن، کە خۆیان و کەسانی متمانەپێکراوییان سودی لێوەردەگرن، بەڵام پەتی فیداکاری و مردن لەپێناو بیروباوەڕدا، پەتی گیانفیداکردنت لەپێناو ئایدیالی دەروونی بەوهۆیە، کە ئایدیالی ئەو ئیتۆیە و هی هیچ کەسێکی تر نییە -. گەر کەسێکی بڕوادار بە ئایینێك جگە لە ئایینی تۆ، ئازایەتی دەنوێنێت و لەپێناو باوەڕێك دەکوژرێت، تفت لە تەرمەکەی و گاڵتەت پێنەدەکرد. ستایشی ئازایەتییت دەکرد و سەد حەیف و مەخابن، کە پیاوێکی وەها ئازاو سروشت پاك، دەبوایە لەپێناو ئەو بیروباوەڕە پوچەدا بمرێت، بەڵام، هەرچۆنێك بێت، بە هۆی گیانفیداییەکەی لەپێناو بیروباوەڕی پوچ، ستایشی ناکەیت.

که دەگەینە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، رابردو وەردەچەرخێت. دەبینین ئایدیالیزم ستایشی دەکرێت، بەڵام ئامانج لە ئایدیالیزم چییە؟ ئایدیالیست خزمەتی ئامانج یان ئایدیال بکات و بتوانێت فەرمان بەخودێتی دەروونیەکەی بێنێتەدی، کە لای سروشتەکانی خوارتر سەرنجڕاکێشە - وەك سامان، دەسەڵات، سەرکەوتن و خۆشەویستی - پشتیتێدەکات. پاڵەوانی ئایدیالی ئەوتۆ، راپەڕینی رۆمانتیزم لەئەڵمانیا، لایەنگرانی کارلایل و میشلە لەگەنجیدا، رادیکاڵەکانی روسیا. لە هونەرمەندە گەورەکان، بتهۆڤن کاریگەری زۆری لەسەر زەین و خەیاڵی ئەوروپییەکان هەبووە. بتهۆڤن لەدنیای خەیاڵدا، پیاوێکی دەستکورت، ئاڵۆز، پێنەزان و توندە تەبیات و ناشرین، کە لە ژوورێکی سەربە تەنەکەگیراودا دەژیا، رووی لەدنیا وەرگێڕابوو، ماڵی دنیای نەدەویست و چەندی پاداشتی پێدەدرا، رەتیدەکردنەوە، رەتیدەکردنەوە تا زیاتر نناخی دەوڵەمەند بکات و لەخزمەت خەونێك دابێت، کە لەسەریدا

پـەروەردەی دەکرد و لەویژدانیدا فەرمانانە لە هاوار و ژاوە ژاودابـوو، دەریبڕێت. دزێوترین کار، بەخۆفرۆشی و خیانەت لە ئایدیال دەزانرێت. کاری وەها، قێزەون و نەفرەت وروژێنەربوو، چونکە وای بۆدەچوون، بەپێی هێڵی فکری کانت، بەها بە ژیان دەدات و سەرچاوەی هەموو بەهاکانە، جیاوازی لەنێوان چاکەوخراپەدا دەکات و هەقانیەت دەسەلمێنێت، ئەوەیە روانگە، یان خەونی دەروونیی.

ئەم تێڕوانینە لەسەرەتای سەدەی نۆزدە دەگاتە لوتکە، خاڵێکی گرنگ بریتییە لەوەی ئایا ئەوەی خەڵك بەدوایەوەن راستە، یان درۆ؟، بێسەروبەرە و بێمانا دەزانرێت.6 ئەو کەسە وەسفیکراوە خۆی لە دیواری ژیان دەکوتێت و بە کەمترین گریمانەی کامەرانی و بێ پرسینی ئاکامی کارەکەی لەخۆی، سەرکەوتن، یان مردن دەبێت، ملی رێگەی شەڕ دەگرێت. چونکە هیچی تری پێناکرێت. وێنای مارتین لۆسەر، زەینی و پەسندە، بزمارکوت دەوەستێت و ناجوڵێت، چونکە خزمەتی ئامانج، یان ئایدیالی دەروونی خۆی دەکات، واتا خۆڕاگری، راستی، دروستی، لە خۆبووردویی، تەواوکردنی نەفس و سەربەخۆیی، ئەمەیە هونەرمەندی، قارەمانی و فرەزانایی –،بکرێت بوترێت، مرۆڤی چاك.

شتێکی ئەوتۆ تەواو جوان، دەرکەوتنێکی نوێیە. ئەگەر مۆزارت و هایدن دەیانبینی جوڵەی ورەیی و دەروونییە، تێیاندا بەنرخ دەزانرێت، پەنجەی سەرسامییان دەگەست. هونەرمەندانێك بوون، خاوەن بەرهەمی میوزیکی جوان و هونەرپەروەران لەبەر جوانییان رایاندەگەیاندن و گوێگران وەسفییاندەکردن. مۆزارت و هایدن پرۆفیشناڵبوون، زۆر شتییان دروستدەکرد، کارسازبوون، نەك کاهین و پێغەمبەر. هەندێك مێز و کورسییان ئامادەدەکرد، هەندێك سەمفۆنی، باش، یان زۆرجوان، کاری بلیمەتی بێت، دانەرەکەی، وسفدەکرێت.

بەڵام کە دەگەینە سەدەی نۆزدەیەم، دەبینین هونەرمەند لەجێگەی پاڵەوانان وەستاوە، وەستاوی و کوژران، تەوەری ژیانییەتی. لەگەڵ دەوڵەمەندان، دەسەڵاتداران، نارەسەنان، بێفەرهەنگەکان، تەنانەت رۆشنبیرانی تەسکبینی چاوچنۆك، سروشت رەخنەگر - واتە ئەوکەسانەی رۆسۆ، یەکەم هەورە بروسکەی بەسەردا باراندن و کارلایل و نیچە و دی، ئێ. لارنس بەدوایدا رێیانکرد - دەبێت بەگژیاندا بچیتەوە و لەبەردەمیان بوەستی، تا خۆت بنوێنی، لە رکابەرەکەت بدەی، سەربەخۆ بیت، کار و بارودۆخ جگەلەوەی لەناخی خودێتی دەروونی خۆت دەیهێنیتەدەر، دەستگیر، ئامانجتان دیاری و کۆتت نەکەن.

ئەوەندەی ئەو کارە پەیوەندی بەهونەرمەندانەوە هەبێت، ئایدیالێکی کراوەیە و ئەمرۆ کەس رەتیناکاتەوە. ویژدانی ئەخلاقی ئەمڕۆ فۆڕمییان بە هەمان بۆچوونی رۆمانتیزم داوە، کە لەسەر بنەمایان، وەسفی ئایدیالخواز، تاکە پاکەکان و خۆڕاگر دەکەین، چ هاوڕای ئایدیالەکانیان بین، یان دژ و هەندێجار بە نەزان و گەمژەیان بزانین، وەك سەدەکانی هەژدەیەم و پێشتر، کە هەرگیز ئەو کەسانە جێی ستایش نەبوون و خەڵکانی روخۆش و خۆشەویست، بەڵام بەگەمژە ئەژماردەکران، کەچی مەسەلەکە بەدفەڕیشی هەیە. ئەخلاق بۆ شتی داهێنراو دەگۆڕێت، نەك هەوڵی پەیداکردنی. ئەخلاق کۆمەڵێك راڤەی هاوتای واقیعیەتی ئاشکرابووی سروشت، نییە. لەبنەڕەتەوە سروشت پەیوەندی پێوە نییە، سروشت لەڕوانگەی کانت و فیشتە، کۆمەڵێك مادەی بێگیانە و ئیرادەی خۆتی لەسەر هەڵدەچنیت. لێرەدا لەوێنای وەرگیراوی سروشت، پەیرەوی سروشت، هاوشێوەی سروشت، زۆر دوورکەوتووینەتەوە. بەپێچەوانەوە، ئێستا فۆرم بەسروشت دەدەین،

سروشت دەگۆڕین، سروشت گرفتی بەردەممانە، سروشت جگە لەمادەی خاو هیچ نییە، بەڵام ئەگەر وابێت، ئەخلاق خۆدوورخستنەوەی کەسایەتی خۆتبێت، رەنگە چالاکی سیاسیش، جۆرێکە لەخۆ دوورخستنەوە. کەسایەتی ناپلیۆن باڵی بەسەر ئەوروپادا دەکێشا، هەوك چۆن هونەرمەند فۆرم بە کارەکەی، میوزیسەن دەنگەکان و شێوەکار رەنگەکان دەدات، ناپلیۆنیش بە مرۆڤەکان لە فەرەنسا، ئەڵمانیاو روسیا - ناپلیۆن بەرزترین نیشانەی ئەخلاقە،7 چونکە کەسایەتی خۆی بەرجەستەدەکات، خۆیدەنوێنێت و لەخزمەت ئایدیالی دەروونی خۆیدایە، کە هەمیشە پێشیدەخات.

لەنەکاو قەڵەمبازێکی گەورە لە هزری فیشتە روودەدات - لە تاکجیاو تاککەوتوو، بە گروپ وەك بکەر یان بەرناس یان خودێتی راستەقینە. چۆن شتێکی وەها دێتەدی؟

من ئازادم،بەو مەرجەی کەس نەبێتە ئاستەنگی بەردەم ئەو کارانەی دەیانکەم، تەنها بەمەرجی کارابوونی خودێتی دەروونم، ئەو کارانەدەکەم و نابێت دەستدرێژییان بکرێتەسەر.8 خودێتی هەمان روحە، بەڵام لێکجیاو تاککەوتو نییە، فیشتە لێرەدا بەرێگەیەکدا، رێدەکات، دەیگەیەنێتە دەرئەنجامی نائاسایی و وردە وردە لەو بۆچوونە نزیکدەبێتەوە، کە ئامانج لە خودێتی، هەموو مرۆڤێك نییە، خودێتی پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە، خودێتی مرۆڤ نەك بەرئەنجامی مێژوو، نەریتەکانە، بەڵکو، بەوتەی بێرك، بە کۆمەڵێك ئاڵقەی پێکەوە بەستراوی روحی، یان ورەیی، پەیوەندی بە مرۆڤەکانی دیکەوە دەکات و بەشێکە لە سیمبولی گشتی. راستی ئەوکارە تا ئەو جێیەیە لەخشتەبەرە، ئەگەر بڵێین خودێتی هەمووکەس بوونەوەرێکی تاکە، فڵان ساڵ لەدایکبووە، ژیانی، فڵان ناوەندی تایبەتی هەبووە، لە فڵان

شوێن و مێژوو، مردووه. فیشته لێرەوە بەرە و چەمکی خودێتی دەڕوات و دەڵێت: خودێتی ڕاستەقینە و ئازاد، خودێتی نیشاندراوی ئەزمون نییە، کە جلوبەرگ داپۆشراوە و کات و شوێنی هەبێت،9 بەڵکو خودێتی هاوبەشی هەموو جەستەکان، یان لەشەکانە، جۆرێك زەبەلاحی خودێتییە، گەورەتر و خوایی، کە فیشتە هەندێکجار بەمانای سروشت، خوا، مێژوو، میللەتێك دەیناسێنێت.10

فیشتە لەم بۆچوونەوە دەستپێدەکات، کە تاك لەخزمەت ئایدیالی دەروونی تایبەتی دەرەوەی دەستپێکەیشتنی سروشت، یان دەسەڵاتدارانی زاڵمە، پاشان بەم هزرە دەگات، کە تاك بەتەنیا و بێکۆمەڵگە و مرۆڤ بێگروپ هیچە و لەبنچینەدا، ناکرێت بوترێت هەیە. بەخەیاڵی فیشتە، تاك لەئەزەلەوە نییە و دەبێت نەمێنێت. تەنیا گروپ – Getting - هەیە.11

مەسەلەکە بەسادەیی دەستپێدەکات. پێویستە هەموو مرۆڤێك، دینکەی خۆی، بۆ کۆمەڵگە ئەدابکات. پێویستە لەناو مرۆڤەکاندا جێبگرێت، هەوڵبدات مرۆڤەکانی تر، کە خزمەتێکی زۆریانکردووە، لەلایەکەوەپێشیبخات. بە وتەی فیشتە: مرۆڤ لەناو مرۆڤەکاندا، دەبێتە مرۆڤ، چارەنوسی مرۆڤ، ژیانە لەکۆمەڵگەدا، گەر تەنیا و گۆشەگیرە، مرۆڤ نییە و دژی سروشتی خۆیەتی.12

فیشتە بەم بـاوەڕە گەیشت، بـەڵام لەسەرخۆ هەنگاوینا. خودێتی لەفەلسەفەی کامڵبوی فیشتەدا، خودێتی واقیعی نە تۆی، نە من، نە هیچ کەس، نە هیچ گروپێکی تاکەکان. خودێتی واقیعی، قەدەری هاوبەشی مرۆڤاکانە، دیاری و بەرجەستەکردنی مەبدەئییە، وەك خوا لەهەموو ئایینێکی خوایی، لەڕێگەی خاڵە کۆتاییهاتووەکان، من، تۆ، خەڵك خۆی نیشاندەدات و سەرهەڵدەدات. بەرجەستەبوونی لەزەوی، کۆمەڵگە بە پێی ئەم وێنایە،

که کۆمەڵگەی کۆمەڵێك تاکە و پزیسکەکان، کە زادەی ئاگرێکی گەورەبن، لەگەڵ پەیوەندی ئەودیو سروشت یەکییانگرتۆتەوە، هەر پزیسکێك لە رەوتی ئاگاداری سیستمە ئەخلاقیەکان، لەناخەوە درەوشاوە، دەجوڵێن و بەئاگایی لەخودێتی دەروونی خۆت، سەردەکێشێتە ئاگرێکی گەورەوە.13 ئەو تیۆرە، ئامۆژگاری ئاخاوتنە و فیشتەش وەك هیگڵ، بیرمەندی زانستە ئایینیەکانبوو، هەرگیز ئەوگریمانەیە سودی نابێت، کە ئەو دوو بیرمەندە سیکولارە، دنیایی بوون، هەردووکییان بەقوڵی کەوتبوونە ژێرکاریگەری کریستیانەتەوە و رەنگە مرتەد بێنەبەرچاو، بەڵام هەرچۆنێك بێت، بیرمەندی زانستە ئایینیەکان بوون و بیرمەندی زانستە ئایینیەکانی تر، لەئەمڕۆوە بە فەیلەسوف ئەژماردەکرێن.

فیشتە بەمجۆرە لەچەمکی گروپ بەو وێنایەدەگات، کە کەسی راستەقینە، یان راستیین، کە لە گوزەرگای مێژوو، خۆنوێنی واتە پێشڕەوی ئەخلاق-، یان بارکردنی بڕیارەکانی سەرپێچی لێنەکراوی ئەخلاقییە، لە سروشتی رام و سیستماتیك -، وشیارترین مرۆڤیش نییە، بەڵکو کۆی واتای نەژاد یان میللەت یان جۆری مرۆڤ،ە.14 ئەمە جەوهەر و پوختەی وتارە ناودارەکانی فیشتە، بەردانگ بە میللەتی ئەڵمانیایە، کە لە 8- 1807 لە بەرلین، کاتێك پێشکەشکرا، شار لەبەردەست ناپلیۆن دابوو، فیشتە بە ئەڵمانیەکانی دەوت، راپەڕن و خۆڕاگربن. بۆ نیشاندانی ئامانجی و چەند لەو رێگەیەدا رێیکرد، بەشێك لەو وتارانە دەخەمەڕوو، کە باسی خو، کرداری ئەڵمانیا دەکات و دەڵێت: خو و کردەی جیهان دوو جۆرە:

یان بە سەرەتای رەسەنێتی مرۆڤێك - واتا باوەڕت بە ئازادی، کامڵبوون، پێشکەوتنی بێکۆتایی جۆری مرۆڤ-هەیە،15 یان بە هیچکامییان. رەنگە هەست، یان تێگەیشتنێکی دیتنت، لە پێچەوانەکەی هەبێت. هەموو کەس، کە لە دەروونی خۆیدا هەستبە بزاوتی ئافرێنەری ژیاندەکەن، یان

وایدابنێین لەو بەخششە بێبەشبن، لانیکەم پوچی و بێهودەیی توڕدەدەن و چاوەڕێی دەرفەتێك دەکەن، شەپۆلی خرۆشاوی ژیانی ڕەسەن، پێیانبگات، یان گریمان هێشتا بەو خاڵە نەگەیشتبن، هەرچۆنێك بێت، لە داهاتوو هەستی سڕینەوە، لاڵبوونییان لەبەرامبەر ئازادی، هەیە ئەوانەی لەبارەی ئەو کارە، هەست بە خۆشەویستیدەکەن، نەك نەفرەت و ترس – هەمویان بەشێکن لەمرۆڤایەتی بەرایی و وەك نەتەوەیەك، نەتەوەی سەرەتایین، کورتوکرمانجی، بەمانای تایبەتی وشە نەتەوەن. مەبەستم، نەتەوەی ئەڵمانییە. لەلایەکەی دیکەوە، هەموو ڕازیبوون بەوەی نوێنەری بەرهەمی لاوەکی، شوێنکەوتویی، دەستی دووەم بن و بۆچونێکی بەمشێوەیان هەیە، بێگومان بە بارودۆخی ناوبراویش دەگەن و باجی بیروڕای خۆیان دەدەن. پێویستە بە پاشکۆ، یان لکاو بە ژیانیان بزانی و کەڵك لەو کانیاوانە وەرناگرن، کە پێشتر هەبوون و هەرماون، زایەڵەی دەنگێکی کپن، کە بەر تاوێرێك دەکەون، بەرزدەبێتەوە. وەك نەتەوەیەك، نامۆ و بێگانەن و لەنەتەوەی سەرەتایی دەسڕدرێنەوە. میللەتێك تا ئەمڕۆ، سسیفەتی ئەڵمانی، یان بەدەستەواژەی سادەتر، پێیدەوترێت نەتەوە، بەردەوام شایەتی چالاکی ئەفرێنەر و جوانی خۆی، لەگۆڕەپانی جیاجیادا خستۆتەڕوو. سەرئەنجام کاتیەتی، کە فەلسەفە، سەرانسەر ئاخنراو بەوشیاریی، ئاوێنەیەك لەبەردەم ئەو میللەتە بگرێت، تا میللەت بە تێگەیشتنی ڕوون، خۆی بناسێت و هەرلەوبارودۆخەدا بەئاشکرا ئاگاداری پەیامێکبێت، کە جۆرێك پێشئاگایی پەنهانی لێیهەبووە و سروشت بەسەر بەڵێنەکەی داداوە. ئەمڕۆ هاوارێکی گومان هەڵنەگر، بەردانگی بووە، ئازادانە، ئارام و ئاشکرا بە پێی پێشبینییەکان، کە لەخۆی دەستەبەری کردووە، کامڵبێت و ئەو ئەرکەی خراوەتە سەرشانی، جێبەجێبکات.

هەموو باوەڕبووان بەکارێکی وەها، پەیوەندی بەو نەتەوەوە دەکەن، پەیامەکەی داهێنانە. هەرکەسێك بە پێچەوانەوە، بـاوەڕی بە بوونی ئاگادار، یان پاشەکشە، یان چەرخی مێژوو هەبێت، یان سروشتی بێگیان بە سکانداری جیهان بزانێت، چاوپۆشی لەزێد، وڵات و زمانی، ئەڵمانی نییەو پێمان نامۆیە، دەبێت خۆزگەی پەیوەندی پچڕان بە نەتەوەی ئێمە، بخوازێت.

پاشان سرودە گەورەکەی ستایش و سەرکەوتن، هـاواری بەرزی شۆڤێنیستی و ناسیۆنالیستی، دەستپێدەکات. سەربەخۆیی و ئیرادەی تاك دەگۆڕێت، بۆ پراکتیزەکردنی هێزی گشتی و میللەت، بە بەرجەستەکردنی ئیرادەی یەکگرتو لە بەدواداچونی حەقیقەتی ئەخلاقی، بـەڵام ئەو پێشکەوتنە گشتییە ئاڕاستە و ئامانجێکی نابێت، ئەگەر میللەت رابەری نەکرێت، رابەری نیمچەخوایی، فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرانە، فەرمان بە رۆشنگەری هزر و زەینی میللەت رانەپەڕێت. نوسینەکەی فیشتە: ئێمە پێویستمان بە رابەرە، بە کەسێکە، لەچوارچێوەیەکدا فۆڕممان پێبدات. لەنەکاو هاواردەکات: بۆ ئەولا، بۆ ئەملا! کەسێك کە فەرمان بە ئەڵمانیزم دەکات. هیوادارین کەسێك خزمەتێکی وەها دەکات، پاشامان بێت، بەڵام هەرکەسێك بێت، دەبێت چاوەڕوانی بکەین بێت و رێکمان بخات، ساز و ئامادەمان بکات.)16

بە کورتی، دوبـارە گەڕاینەوە سەرەتا. لە وێنای کەسی سەربەخۆ و خودموختار دەستمانپێکرد، نیگەرانە کەسێك دەستدرێژی نەکاتەسەر حەریمی، خوازیاری ئازادی رەهایە لەژیاندا و دەیەوێت تەنیا بەدوای ئاگایی دەروونی و ویژدانی خۆی بکەوێت، بەڵام دەڵێین ژیان هونەرە، رێکخسنە، ئافراندن و خۆئەفراندنە بە هۆی پرۆسەی (ئۆرگانیك).17 بوونەوەری کراوە و نزم،

هەردووکیان بوونییان هەیە، بە هەمانجۆر کە لەدەروونی منیشدا سروشتی کراوە و سوشتی نزم بوونی هەیە، دەتوانم لە قەیرانەکاندا بە لوتکەی بەرزبگەم، کاردانەوە و هیواداربوونەکانم بهاڕم و بەناوی بنەممایەك، کە دەمگەیەنێتە باڵاو بەرزی، کاری پاڵەوانانە و خۆنەویستانە بکەم. ئەگەر بتوانم نانەجیبی و نزمی لەخۆمدا بچەپێنم، کەوایە رابەر، یان نەژادیش، دەتوانێت کەسنی نزم و نانەجیب، سەرکوت بکات، هەروەك جەستەی تاوانکار، گیان تێکدەشکێنێت.

لێرەدا، دەگەینە پێوەری چارەنوسسازی نێوان تاك و میللەت، ئەو خوازە ئۆرگانیکە، یان چواندن بە بوونەوەری زیندو و ئۆرگانیك، بازنەی رێپێدراوی خواوەندی بەجێدێڵێت و بەدەستی بێرك و رۆسۆ، لە قەڵەمڕەوی دنیا، یان سیکولار، دەبێتە کۆیلە و لە فیشتە زۆر بەهێزترە. فیشتە بوونەوەری پێکهاتەیی، کە ئاوێتەیەکی دەستکردە، بوونەوەرێکی یەکپارچە و تەواو، واتا میللەت، بەگژیەکدادەکات، کە زیندو و بێوێنەیە، رەنگە بنەما، یان سەرەتای باڵاتر - بنەمای باڵاتری وەك میللەتی گەورە و مێژوو دەرکەون - لەودا زاڵە.18 گەورەترین مەئموری هێزێکی وا باڵادەست، فەرمانڕەوای وڵاتی کراوە، یان رابەری خواییە، ئەرکی سەرشانیەتی، کە بەهەمانجۆر هونەرمەندی ژەنیاری ساز، گۆرانی دەڵێت، شێوەکار و پەیکەرتاش فۆڕم بە مادە و بەرژەوەندی دەدەن و گۆرانی بێژ نەخشەی ئاوازەکان دادەڕێژێت، تا نەغمەیەك بۆ میللەتەکەی بژەنێت و فۆڕمی بوونەوەری یەکپارچەو زیندوی پێبدات، بەڵام ئازادی، ئازادی تاك، ویژدانی تاك، چاك و خراپ - چ بەرهەمی تاك، کە پێشتر بەرهەمی داهێنان بوون - لەم ناوەدا بوونەچی؟ ئازادیی تاك، کە پێشتر باسمانکرد و نوسەرانی بەریتانی و فەرەنسی داکۆکییان لێدەکرد، ئازادی هەمووکەس، کە لانیکەم لە سنورێك رێپێدراوبێت بەئارەزوی خۆی بژیت، هەرچۆنێکی بیەوێت، کات بەفیرۆ بدات و بەشێوەی خۆی روو

لەخراپەبکات، چی پێخۆشە بیکات، چونکە ئازادی بەهایەکی وا پیرۆزە-ئەمانە چونە کوێ؟ ئازادی تاك لای کانت، بەهایەکی پیرۆزە، بەڵام بەڕای فیشتە بژاردەیەکە، ئەوپەڕی توانای سەرپشکی کەسە بۆ هەڵبژاردنی. ئەو هۆکارە هەڵمدەبژێرێت، من ئەو هەڵنابژێرم. رادەست و رەزامەندی ئیمتیاز ئەرکە، جۆرێك فڕین، تێپەڕین لەخود و گەیشتن بەئاستێکی باڵاترە. ئازادی، بە گشتی ئەخلاق، تەرکی نەفس لەبەرامبەر سەرووی خودێتی -دینامیزمی جیهان -ە. بەوشێوەیە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بیروڕایە، کە ئـازادی واتە رادەستبوون.

فیشتە بۆخۆی بناغەی تێفکرینی خودێتی، بەجۆرێك هێزی ئیرادەی باڵایی و ئایدیالیستی دانابوو، کە پەیوەندیەکی ئەوتۆی بەژیانی خاکەڕایی مرۆڤەکانەوە نەبوو، پاشان لەکۆتایی تەمەنی بینی، بە پێی ئەو ویستە باڵایانە، ژیانی خاکی داڕشت و فۆڕمی پێدا، بەڵام لایەنگرانی ئیرادەیان، بۆ گۆڕەپانی کاری دنیایی و رۆژانە گواستەوە. لەجیاتی عەقڵ، جەختیان لەئیرادە کردەوە، ئەوجێگۆڕکێیە بۆچوونێکی هێنایەئارا، کە ئازادی دەستێوەرنەدان و هەراسان نەکردنە و توانا بە هەموو کەس بدات، بە ئارەزوی خۆی هەڵبژێرێت. ئەو بۆچوونە هاتەئارا، کە ئازادی واتە دەربڕینی پێکهاتەکانی دەروونی و خۆ سەپاندن بەسەر هۆکاری کار و ڕامالینی کۆسپەکانی سەر رێگەکەیەتی. سڕینەوەی بەربەستەکان، تەنها بەزاڵبوون بەسەریان دا گونجاوە: لەبیرکاریدا بەتێگەیشتن لەمەسەلەکان، لەژیانی مادی بەبوونە خاوەنی، لەسیاسەتدا بە وڵات کرانەوەیی. بۆچونی پوختی هزرەکانە، کە میللەتی ئازاد، واتە میللەتی سەرکەوتو، ئازادی واتە دەسەڵات، وڵات کرانەوەیی لەگەڵ ئازادی یەکە.

بۆ ئەوەی پیشانیبدەین ئەو بۆچوونانە چ ئەنجامێکییان لێدەکەوێتەوە، بەشێك لە نوسینی شاعیری ئەڵمانی، هاینریش هاینە دەهێنینەوە، کە لەوکاتەدا

لەپاریس دەژیا. ئەو رستانەی لە 1834 بەوئامانجە نوسیوە، هۆشداری بداتە فەرەنسیەکان، تا دەسەڵاتی ئەندێشە، بە کەم نەگرن:

هزر، هەوڵدەدات پراکتیك بێت، وشە ببێتە جەستە، ئێستا وەرە و بزانە، مرۆڤێك ... ئەوەندە بەسە هزری خۆی دەربڕێت تا جیهان خۆی لەخۆیدا فۆڕم بگرێت... چونکە، جیهان ئاماژەی دەرەوەی وشەیە و بەس.

هوشیاربە ئەی پیاوانی گەردن بەرزی کار، هیچ نین مەگەر ئامڕازێکی ناخودئاگا بەدەست پیاوانی هزرەوە، کە پێشتر بەبێدەنگی خودێتی، بەرنامەی کاری تۆیان دیاریکردووە. ماکسی میلان رۆبسپێر، جگە لەدەستی جان جاك رۆسۆ، شتێکی دیکە نەبوو، هەمان دەستی خوێناوی، کە جەستەیەك، روحەکەی رۆسۆی ئەفراندبوو، لە منداڵدانی کات هێنایەدەر... رەخنەی عەقڵی پەتی کانت... شمشێرێك بوو، سەری (دییزمی - deism)19 لە لەشی جیاکردەوە.

فەیلەسوفی ئەمەریکی، جوسایارویس، جوان ئەندێشەی فیشتەی، بە زمانی خۆی دەربڕیووە: جیهان شیعرێکە... لەژیانی دەروونی، لەخەوناندا دیتومانە. بەمەش ئەگەر لەڕوانگەی بابەتی و روحی، لێکدی جیاوازبین، جیهانی هەریەك لەئێمە، لە جیهانەکەی دیکە جیاوازە. گۆرانیبێژ، خاوەن بانك و دز، هەریەکەو دنیای خۆیان دەخوڵقێنن. گشتیتر لەوەی کە هاینە هزرێکی وای لەسەردایە یان نا، لەرزی هزری ئەمجۆرە تێڕوانینە دایدەگرێت و ئەو چارەنوسە حەتمییەی لەدنیای خەیاڵدا، بەچاوی خۆی دەدیت: کانتگەلێك سەرهەڵدەدەن، هیچ شتێکی نیای دیاردە پەتییەکان بە پیرۆز نازانن، بە شمشێر و تیر، بێویژدانانە، دەکەونە بناغەکانی ژیانی ئەوروپا و دوا ریشەی رابردو دەردەکێشن. فیشتە چەکدارەکان دێن، کە سەردەکەوێتە سەر ئیرادەی دۆگما و دەمارگیری، نەترسی کرێکارییان، نەك بەرژەوەندی کەسی.) ئەو تاکانە، باوەڕدارەکانی ئایینی هەمە خوایی، بێباکانە لەپێناو

بنەماكانیان دەجەنگن، چونكە بێكۆت و مەرج و رەهان، مەترسییان لەچاوی ئەواندا ترسە. فەیلەسوفانی باوەڕ بە رەسەنێتی سروشت، خۆیان و هێزی تۆفان و وێرانكەری سروشت، بەیەك دەزانن. تور، خوای ئەڵمانی هەورە بروسكە، پتكی كێوی پەیكەری خۆی دەخولێنێتەوە و كڵێساكانی كۆمەڵگەی گۆتیك خاپوردەكات. كریستیانیەت، تاكە هێزێك بوو، پاشەكشەی بە بەربەرە توندوتیژەكانی ئەڵمانی كرد، بەڵام هەركە تەلیسمەكە بشكێنێت، هەموو شتێك ژێرەوژووردەبێتەوە. هاینە بە فەرەنسیەكان دەڵێت: گەمە بە پشكۆكەی ناودەستت بكەە ئەگینا دەیسوتێنێت. لەهەمووی گرنگتر، بە شاعیری شۆڕشگێڕی نقومی خەون، پێنەكەنی.

هزر، لە پێش كردارەوەیە، كە بڵێسە پێش گرمە دێت. گرمەی ئەڵمانیش ئەڵمانییە، پەلەی نییە و لەسەرخۆ دێت، بەڵام هەر دێت، كە بانگی گرمەئاسای بگاتە گوێ، هیچ نەعرەتەیەك لە مێژووی جیهان، هەرگیز بەو پێگەیە نەبووە ئەوسا دەزانی، هەورە بروسكە بەسەر ئامانجدا دایكردووە. لەو نەعرەتەیە، هەڵۆ مردووەكان لەئاسمانەوە دەكەونە خـوارەوە و لەدوورەدەستترین بیابانەكانی ئەفەریقیا، شێرەكان دەخزێنە لانەكانیانەوە. نمایشێك لە ئەڵمانیا نیشاندەدرێت، كە لەپێوانە پێی، شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بە هەشتێكی خوڕەم و هێمن دێتە بەرچاو.

هاینە فەرەنسییەكان وشیاردەكاتەوە، چەپڵە بۆ ئەو نمایشە گلادیاتۆرە لێنەدەن، لەئەڵمانیا دەستپێدەكات. پێیاندەڵێت: ئەڵمانیا ئازادبووە، لە یەكێتی پیرۆز و هەموو ئەو قۆزاق و كرواسیانەی بۆ ئێوە ترسناكترە. چونكە... چونكە ئێمەی ئەڵمانی هیچ شتێكمان لەبیرناچێتەوە، بەردەوام بیانویەك بۆ شەڕ هەیە. بە جەختكردنەوە هۆشداری دەدرێتە فەرەنسییەكان، كە چەكەكان دانەنێن. هاینە پێیاندەڵێت: لەبیرتان نەچێت، لەپێگەی خوایانی یۆنانی،

لەسەر لوتکەی شاخی ئەڵمپ، لەناو خوایانی رووتوقووت، کە خواردنیان هەنگوینە، لەو هەموو ئەوشادمانیە و ئاسودەیی، خوا ژنێکە، زەڕڕەیەك لە لەشی دوورناخاتەوە و بۆخۆی سەری لەسەر هەڵناگرێت و نێزە دانانێت - ئەو، خوا ژنی ژیرییە.)

چارەنوس، ئەو پێشبینییەی بەڕاستگێڕا. تاوانی کەڵەکەبووی خەڵك، نابێت لە مێژووی بێهودە، لەبارەی هیچ بیریار، یان فەیلەسوفێك بە تەنیایی بنوسی. لەگەڵ ئەوەشدا، لەدووبارە بیرکردنەوەدا، دەبینین هێڵێکی راست و زۆر سەیر لە لیبراڵیزمی دەمارگیری کانت، بەو هەموو رێزەوە بە سروشتی مرۆڤایەتی و مافە پیرۆزەکانی دەگات فیشتە، کە ئازادی بەمانای خۆنواندن و سەپاندنی ئیرادە بەسەر ئەوانی دیکە و لابردنی کۆسپەکانی سەر رێگەی گەیشتن بەخواستەکان، وێنای میللەتێك دەبینێت، کە لەوەڵامدانەوەی داوای دەروونــی، عەقڵی باڵایی، خستویەتیە مێشکەوە، سەرکەوتووانە لەڕێگەی بەدیهێنانی چارەنوس هەنگاو دەنێت و هەر کۆسپێکی مادی لەبەرامبەریدا، دەبێت وردوهاڕ و لەناوببرێت. رێگەیەکی دوورودرێژی بۆچوونی بەریتانی – فەرەنسی، لە ئازادیمان تەیکردووە، بەوپێیە، هەمووکەس مافی خۆیەتی کەڵك لە بازنە یان فەزای خاڵی لەدەستدرێژی وەرگرێت و لەو گۆڕەپانەدا بە ئارەزوی خۆی رەفتار بکات، خراپە یان چاکە بکات، هەڵبژێرێت چونکە توانای هەڵبژاردنی هەبووە، بژاردەی هەڵبژاردن، خۆی لەخۆیدا بە پیرۆز دادەنرێت.

ئەم دوو بۆچوونە لەبارەی ئازادی، سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لە ئەوروپا باویان بوو. پرسیاری، کامەیان راستە و کامەیان درۆ، پرسیارێکی رواڵەتییە، بێ وەڵامە. لەم دوو بۆچوونەدا، دوو رای کەللە رەق لەبارەی ژیان، پێچەوانەیە: یەك، لیبراڵ و دوو، دەسەڵاتگەرا، یەکیان کراوە و ئەوی دیکە داخراو، هەرکە وشەی (ئـازادی) لە هەردوکیاندا، بە هێمایەکی راستەقینە ئەژمارکرا، هەم شایانی سەرنج، هەم شوم وناموبارەکە.

**پەراوێزەکان:**

فیشتە: بێرلین دوای پەخشکردنی وتارەکەی لە رادیۆ دەربـارەی فیشتە، بە مەبەستی گواستنەوەی راستەوخۆی رستەی جیا جیای دیکەی بەرهەمەکانی فیشتە، بڕیاریدا لە پەراوێزی دەقە دابەزیووەکەدا بدوێت. لە وتارێکی دیکەیدا دەربـارەی فیشتەش، گریمانەدەکرێت هەمان نوسخەی پەراوێزە و سودی لە وەرەقەیەك وەرگرتووە، کە وتە وەرگیراوەکانی تێدا نوسیووە، گوایە هەندێك لەو وەرەقانە ماون. کاتێك دەقی دابەزیوم هەڵەچنی کرد، بۆ ئەو پەراوێزانە و وەرگرتنی وتەکان، راوێژم بە گونار بیك، راوێژکارێکی فیشتە کرد، بە هاندانی بێرلین چاوی بە هەمواندا خشاندەوە و پێشنیازیکرد دەستەواژەی زیاتری فیشتە بخرێتەسەر دەقەکە. پێشنیازێکی دیکەی، لە شوێنێك دەقەکە رێکبخرێتەوە تا لەگەڵ تەواوی رەوتی وەرچەرخانی هزری فیشتە باشتر و بە دیتنی زیاتر بەراورد بکرێت. بێرلین ئەو پێشنیازەی قبوڵکرد،و بەمەش لێرەدا پەیڕەوی لێکراوە، بەڵام بۆ زیادکردنی وتەی زیاتر، چاوی بە دەقەکەدا نەخشاندەوە. منیش نەمویست لە دەقەکەدا جێگەی وتە زیادکراوەکان بکەمەوە، چونکە یەك، هاوسەنگی ئەو وتاردانە، نەك لەپێوانە بە وتاردانەکانی دیکە، بەڵکو لەچوارچێوەی خۆشی تێکەڵاو دەبێت و دوو، لەو سنورە تێدەپەڕی، کە بۆخۆمم دیاریم کردبوو، بەڵام لەو گەڕانەوانە، دەستەواژەی وەرگیراوی زیادکراوم هێناوە.

1. نامەیەك بە مێژووی 8ی ژانویەی 1800 بۆ Karl Leonhard Reinhold ر. ك

2. یان بە وەرگێڕانی وردتر: سروشتی مرۆڤە، بە خاکی بەرگەی پێویستی کارەکان بگرێت، بەڵام نەك نیازخراپی و بەدخوازی ئەوانی دیکە.

3. پاشان وردەوردە هزرێکی دیکەی دەستکەوت بەومانایە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیاو لێکجیانییەو وەك دروستکراوی کۆمەڵگەیە، وەك هەیە. رەنگە لێرەدا فەیلەسوفی ئەڵمانی هێردێر، کە پاشان زیاتر باسیدەکەین، کاریگەری زۆری لەسەر دانابێت. (یاداشتی بێرلین).

4. هەرئەوە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەی بەم رستانە: هەر گیانەوەرێك هەرئەوەیە، کە هەیە.

تەنیا مرۆڤ لەبنەمادا هیچە. دەبێت ببێتە ئەوەی شایستەیەتی، چونکە دەبێت بوونەوەرێك بێت بۆ خودێتی خۆی، کەوایە دەبێت بە هۆی خودێتییەوە وەهابێت.

5. دەمەوێت خوای سروشت بم، دەبێت {سروشت} خزمەتم بکات. دەمەوێت دەسەڵاتی باڵام بەسەردا هەبێت، بەڵام نابێت هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر مندا هەبێت. دەبێت بۆخۆی بە رەهایی سەربەخۆبێت، هەموشتێك پەیوەست بێت پێیەوە. کەوایە ئەوەی پێویستە هەموو شتێك لەگەڵ خۆیەتی. فبشتە لە پێناسەکردنی، هۆکارێتی زاتی بە هۆی خودەوە و بۆ خود، بە سەربەخۆیی رەهای سەرانسەری سروشتی، دەخوێنێتەوە. دوا دورترمان، سەربەخۆیی، بریتییە لە... بارودۆخێك، هەموشتێك سەربە من بێت و من لە هەموشتێك سەربەخۆبم، هەرشتێك کە ئیرادەی بکەم، کە بەوچەشنە ئیرادە دەکەم، لە جیهانی هەستپێکراوم بێتەدی، وەك لەشم، کە خاڵی دەسپێکی هۆکاری واقیع بوونی رەهای منە. دەبێت جیهان بۆ من ببێتە ئەوشتە، کە لەشی من بۆ منە. ئەو ئامانجە دەستپێڕانەگەیشتووە، بەڵام دەبێت بەردەوام لێینزیکببمەوە – واتە لە جیهانی هەستپێکراودا، لەسەر هەموشتێك کاربکەم تا هۆکارێك بێت بۆ دەستگەیشتن بەو دوا ئامانجە. لە رێگەی رادەستی پێشداوەری و بیروڕامانەکان بۆ بارەگای یاسای راستەقینە، واتا یاسای ئاکار، سەرەتا فێردەبین، کە لەبەردەم ئەندێشەی یاسا سەردانەوێنین و بێدەنگ بین؛ سەرەتا ئەو یاسایە خۆپەرستیمان جڵەودەکات، کە دەبێت یاسای ئاکار باڵادەست بێت بەسەریدا. بەرهەمدارترین ئامادەیی بۆ پاکبوونەوەی بیروڕاکانمان، عیشقی ئازاد و بەتاڵ لە لوتبەرزی بۆ حەقیقەت لەبەرخاتری خودی ئەوەیە. هەموکەس یاسای ئەخلاقی بۆ ئاشکرادەکات. هەموکەس ئەو هێزە بنچینەییەی ئەخلاقی هەیە، فەرمانی پێدەکات ئازادانە، بەئارەزوی خۆی و سەربەخۆ لەهەر هێزێکی دەرەکی، فڵان شت ئیرادەبکات.

6. کانت باسی عەقڵی دەکرد و هەندێك پێوەری بۆ دیاریکردنی جیاوازی فەرمانە ئاکارییەکانی راست و درۆی بە دەستەوەدەدا، بەڵام کاتێك دەگەینە سەدەی نۆزدەیەم، شتێکی وا کارپێکراو نییە. (یاداشتی بێرلین)

7. نەك لە روانگەی فیشتە، كە ناپلیۆنی بە هونەرمەندی درۆزن و نامۆ بە بەها بابەتیەكان دەزانی و لێی بێزاربوو. (یاداشتی بێرلین)

8. ئەو شێوازە پەتییەی خودێتیمان، بە تێكڕا دژی ماهیەتی ئەزموونە. خودێتی دەروونی، بە مەرجێك بەسەر ئیرادەی مرۆڤدا باڵادەستە، كە رەسەن و بە رەهایی لەسەر بنەمای خۆی بێت، نەك لەسەر هیچ شتێكی دەرەوەی خۆی. خۆشی و بەختەوەریمان لە دنیادا پەیوەستە بە چالاكی هەڵقوڵاوی خۆمان، كە لە دەسەڵاتی باڵاو بە پێی ئامانجەكانی خۆمان سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤ ئازادە و دەبێت بە ئازادی بمێنێتەوە، هیچ سەرچاوەیەك جگە لەو یاسایە، یاسای ئەخلاق لە ناخیدا، رێپێدراو نییە هیچ فەرمانێكی پێبكات، ئەوی دیكە حكومەتی بەسەردا بكات - چونكە مرۆڤایەتی لەناخیدا نامێنێت و دەبێتە ئاژەڵ، ناتوانم بە بێ لەدەستدانی مرۆڤایەتی، تاكی و ئازادی خۆم، رێبدەم هیچ یاسایەك بەسەرمدا بسەپێنرێت.

9. ژیانی مرۆڤ و هەموو سەدەكانی مێژوویی، قۆناغە پێویستییەكانی كاتێك و ژیانێكی نەمرن... واتا، ژیان Gattung - وەرگێڕانی ئەو وشەیە كێشەخوڵقێنە و بە نزیككردنەوە رەنگە بە مانای گروپ، كۆمەڵ، جۆر یان نەژاد بێت. نەخشەی مێژوو ئەوەیە، كە Gattung ئازادانە خودێتی لە رێگەی مێژوو بۆ نموونەی پەتی عەقڵ بگۆڕێت، ئێستا تاكەكان لەبەرچاوی فەیلەسوفەكان بزردەبن، هەمویان پێكەوە دەكەونە ژێر كۆمەڵێكی گەورەوە. بیركردنەوە، بیركردنەوەی هیچ تاكێكی تایبەت بیركردنەوە نییە، كە نەشێت هەرگیز سەربەخۆبێت، بەڵكو بیركردنەوەی تەنیا و نەمرییە، كە هەموو تاكەكان لەو ئەندێشە پەتییەدان. ئایین بریتییە لە... كە تێكڕای ژیان، وێكهاتنەوەی پێویستی ئەو تاكە ژیانەی رەسەن، تەواو ئەخلاقی و پیرۆزە، Gattung، بزانرێت.

10. پرۆسێسی روانگەی ئەودیو سروشتی تایبەتی هەیە، كە لەهەر نەوەیەكدا لە بەردەست ژمارەیەكی بژاردە و بە قەدەرا پەنجەكانی دەست - بە تایبەت خودی فیشتە -یە و بۆ تێگەیستن لە ئەركی مرۆڤ سودی لێوەردەگرن. خودێتی ئازادی لەناخمدا، خودێتییەكە هیچ دەسەڵاتدارێكی زۆردار دەستی ناگاتێ و بە رەهایی ئازادە، كەڵك لەو روانگەیە تایبەتە كارایە

وەردەگرێت. لە ڕوانگەی فیشتە، بڕینی ئەو پرۆسەیە وەك کارکردن بە میتۆدی عارفان و هەقیقەتبینان و پێغەمبەرانی کۆنە، کە هەستییاندەکرد لەبەردەم شتێکی گەورەتر لەخۆیان و لەخودێتی فیزیکی خود – لە بەردەم دەسەڵاتی بێبڕانەوە – واتا خوا، سروشت، خودێتی ڕاستەقینە – دان. (یاداشتی بێرلین)

11. ئەگەر لەبابەتەکە ڕامێنین، دەبینین تاك بوونی نییە و نابێت بەهیچ حسابێك وەربگیردرێت، بەڵکو بە تەواوی ونببێت؛ تەنیا Gattung هەیە.

12. هەروەها: چەمکی تەنیایی، نەك چەمکی بوونەوەرێکی تەنیا، بەڵکو چەمکی دولایەنەیە، هیچ کات نەك سەربە من، بەڵکو... بەردەوام سەربە من و سەربەو، سەربە ئەو و سەربە منە، ئاگاداری هاوبەش{ە} کە تێیدا، دوو ئاگاداری لە ئاگادارییەکدا یەکبگرن.

13. ئازادی، ڕزگاربوونی مرۆڤ لە زۆر هۆکارێتی سروشت، لەمەودوا هۆکارێتی خودی تاك نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە (Gattung) بە هۆی تاکەکانەوە خۆی ڕزگار دەکات. توانای ئەقڵی مرۆڤ، شوفێری مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەدەسەڵاتی هێزە کوێرەکانی سروشت، تەنیا لەژیانی Gattung دەدرەوشێتەوە و هەرگیز لە بوونی تاکی پەتی درەوشاوە نییە، کە ئامانجی شوفێری، پاراستنی خود و بەختەوەری کەسییە. ئەو ژیانە یەکتاو نەگۆڕەی عەقڵ، لەچاوپێداخشاندنەوەی زەوی لەناو ژمارەیەکی زۆری تاکەکان دابەشدەبێت و بەمەش لە تێکڕاییەکەیدا لە ژیانی یەکتای تێکڕا Gattung دەردەکەوێت. باڵاترین هەڵەو بنچینەی حەقیقی هەموو هەڵەکانی دیکەیە... تاك خەیاڵ بکات بە تەنیا دەتوانێت بۆخۆی، بۆ خودی خۆی هەبێت و بژی و بیربکاتەوە و کاربکات، یان کەسێك باوەڕی وابێت بۆخۆی، واتە ئەو کەسە تایبەتییە، هزری ئەندێشەکانی خۆیەتی، بێ ئاگا لەوەی کە هزرێك لە هزری تێکڕایی و پێویستە. ئەقڵ لە ژیانی یەکتای Gattung دیارە؛ ئەگەر عەقڵ ڕێنیشاندەری ژیانمان نەبێت، تەنیا تاکییەت و لوتبەرزی دەمێننەوە. کەوایە ژیانی ئەقڵانی بریتییە لەوەی کە: تاك خودێتی لەناخی Gattung لەبیر بکات و ژیانی خۆی بە ژیانی کۆمەڵەوە ببەستێتەوە و لەڕێگەیدا گیان بەخت بکات و ژیان بە پێچەوانەی ئەقڵ بریتییە لەوەی: تاك جگە لەخۆی

بیر لەهیچ شتێك ناكاتەوە و بەدوای هیچ شتێكەوە نەبێت، جگە لە بەختیاری خۆی... كەوایە یەك نرخ و گرنگی هەیە، كە بیربردنەوەی خۆتە وەك تاك، تەنیا یەك رەزیلی هەیە، لە هزری خۆتدا بوونە... هەركەسێك تەنیا بۆخۆی چێژی بوویت، لەفكری خۆی دابێت، بیەوێت جیا لە ناخی Gattung و نەك لەبەرخاتری ئەو بژی... بێ نرخ، سوك و سروشت خراپ و چارەڕەشە. ژیانی خۆی بكاتە قوربانی Gattung بە مانای قوربانیكردنی ژیانی خۆی لەپێناو ئەندێشەیە، مەبەستی فیشتە لە (ئەندێشە) بە یەكسانی، هەم عەقڵە و هەم ئازادی... بەمەش تەنیا ژیانی ئەقڵانی، واتا ژیانی نزیك بە ماف، راستی و چاكە، ژیان كەسێكە خودێتی لەبیر داوای ئەندێشە دەباتەوە و بەدوای هیچ چێژێكدا ناگەڕێت، مەگەر تێكڕای چێژەكانی دیكە، فیدای ئەندێشە بكات.

14. هیچ كارێكی تاكی ناتوانێت لەخۆیداو بۆخۆی هەبێت، رەنگە هەموو شتێك لەناخی تێكڕا بۆ تێكڕا هەبێت. حەقیقەت دەربارەی تێكڕا بەم راستییە پشتگیری دەكرێت، كە بەشەكانی بە گەڕانەوە بۆ تێكڕا ئاشكرادەكرێن و مانا دەدۆزنـەوە... بەشەكان بە هۆی ئەو تێكڕاییە دەبنە بنچینە. تەنیا شتێك مژدەی بەردەوامی، ژیان وەك ژیان و نەك بەردەوامی بوونی نابەردەوام و تێپەڕ} دەدات، بەردەوامی {بوونی} میللەتە، كە بۆ رزگاركردنی تاك، دەبێت ئامادەی مردن بێت تا{میللەت} بتوانێت بژی، بە هۆیەوە زیندوبێت و تاكە ژیانە، كە ئەو هەرگیز ئارەزومەندی بووە.

15. بێرلین لێرەشدا وەك زۆربەی بابەتەكان، بابەتێك باشتردەكات، كە هێناویەتییەوە، گەرچی راستی وشە و مانا لەبری خود ماوەتەوە. بەم رستەیە بەراوردی بكە: بێگومان بەهرەمەندبوون لە كەسێتی و كردەی بەهێز لەگەڵ ئەڵمانی بوون یەكە.

16. بەراوردی بكە بە: هەركەسێك زانست و دەسەڵاتی هەبێت، نەك مافی خۆیەتی، بەڵكو ئەركی پیرۆزی لە ئەستۆیە، كە مرۆڤەكان بەزۆر بخاتە ژێركۆتی یاساوە – واتا ئەگەر بەمچەشنە بێتەپێش، كەسێك بەنی مرۆڤایەتی ناچاربكات. ئەو كەسە كێیە، كە مافی خۆیەتی زەبەلاحی سەروەر بێت؟... ئەو كەسەی زۆرترین دیتنی زەمانە و لە خەڵكی خۆی بەهرەمەندە. رۆژێك

کەسێك دێت و دەبێت بێت وەك بە تەقواترین کەسە لەناو قەومەکەی خۆی، هەروەها رابەریانە. رێگەیەك دەدۆزێتەوە بۆ رێکخستنی جێگرتنەوەی باشترین کەس.

17. دەبێت ئاپۆرەی تاکەکان، یەك لەتێکڕای بەش نەکراوی ئۆرگانیك وەربگیردرێن. فیشتە دەڵێت: گەوهەری راستی هونەر، وەك هەرشتێکی بلیمەتانە، یەکگرتنی ئۆرگانیکی. فیشتە پرۆسەی قاڵبگرتن و داهێنانێك دەخاتە بەردەست حکومەت، کە ئیرادە و داواکاریەکانی تاکی مرۆڤ بەو هۆیەوە، لەگەڵ ئەرکی ئەخلاقی یەکدەگرن. دەوڵەتی رەها... دەستکرد{مرۆڤ}ە، بەو مەبەستە نەخشەی کێشراوە، کە هەموو هێزەکانی تاك بەرە و ژیانی Gattung ببات و لەناخیدا تێکەڵیان بکات. ئامانجی حکومەت هەمان ئامانجی Gattung و بریتییە لەوەی بەتێکڕایی پەیوەندی مرۆڤەکان بە پێی یاسای عەقڵ رێکبخرێن. لە دەوڵەتی کامڵدا، تاکیەتی هەموان لەتێکڕایی Gattungە. ئامانجی دەوڵەت... لە ئامانجی جۆری مرۆڤ جیانییە، واتە یاسای ئەقڵ باڵادەست بێت بەسەر تێکڕای کارەکانی مرۆڤدا. دەوڵەت لە پێگەی بەرزترین بەڕێوەبەری (verweser) تێکڕای کارەکانی مرۆڤ، وەك... سەرپەرشتی نەزان و گچکە، مافی خۆیەتی گروپی دوایی بۆ مەبەستی رزگاری و نەجاتی خۆیان، ناچاربکات.

18. ئێستا دەوڵـەت، شتێك لە کۆبەرهەمی بەشەکانی خۆی زیاترە: بۆچوونی تەواو راستەقینە... نەك تەواو خەیاڵی... نەك لەسەر کۆکردنەوەی یەك یەکی تاکەکان، بەڵکو یەکێتی دابەش نەکراویان. لە دەوڵەت و لە رێگەی دەوڵەت، هەمویان دەبن بە یەك، بەڵام نەك لە بۆچوونی تێکڕایی وەك پێکهاتەیەك، بەڵکو بە راستی یەکی گرتووە وەك تێکڕاییەك... عەقڵ یەکە، نمونەی لەجیهانی هەستپێکراویش یەکە، عەقڵ بۆ چەند بەشی راستەوخۆ دابەش ببوو، بەڵام دامەزراوەی سروشتی دەوڵەت بەکاتی، کۆتایی بەو سەربەخۆییە هێناوە و بەشە جیاجیاکانی تواندەوە و کردییە شێوەی تێکڕاییەك. سەرئەنجام، تێکڕای جۆری مرۆڤ ئەخلاق دەئەفرێنێتەوە و پێکەوە یەکگرتویان دەکات.

بۆچوونی گریمانە {لە دەوڵەت} کاتێك ڕووندەبێتەوە، کە بۆچوونی بەرهەمی سروشتی ئۆرگانیکی وەك دارێك بەشایەتی بگرین... هەربەشێکی دارەکە، هەرچەندیش خوازیاری

پاراستنی خۆی بێت، دەبێت پاراستنی تێکڕای دارەکەی بووێت، چونکە بەو مەرجە پاراستنی خۆی مسۆگەر دەبێت... بەمەش دەبێت پێش هەمووشتێك لە تێکڕا و سەرووتر لە هەرشتێك بپارێزێت. هەر تاکێك بەشێك لە تێکڕای ئۆرگانیکی گەورەتری دەوڵەتە: لەجەستەی ئۆرگانیك، هەربەشێك هەوڵدەدات تێکڕا بپارێزێت و بە پاراستنی تێکڕا، خۆی دەپارێزێت، هاوڵاتیش بەمشێوەیە بە دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە... هەر بەشێك و هەر هاوڵاتییەك بە پاراستنی خۆی لە پێگەیەك، کە تێکڕای پێسپاردووە، تێکڕا لە پێگەی خۆی دەپارێزێت، تێکڕا بۆخۆی دەگەڕێتەوە و خۆی دەپارێزێت.

19. deismبەشی خواناسی عەقڵی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، کە لایەنگرانی لەو باوەڕەدابوون عەقڵ و ئەخلاقی مرۆڤایەتی، بنچینەی ئایینە و خوا دوای ئافەریدەکردنی جیهان و یاساکانی باڵادەست بەسەریدا، دەست لەکاری ئافەریدەکردن وەرنادات و هەرجۆرە دەستوەردانێك لە سەرچاوەی سەروو سروشتی، دەبێت بە گوماناوی دابنرێت. (و. ف)

## هیگڵ

هەموو ئەو ئەندێشانەی لە باسەکەمدا سەریان هەڵداوە، ڕەنگە سیستمی فەلسەفی هیگڵ زۆرترین کاریگەری بەسەر هزری هاوچەرخەوە هەبووبێت. سیستمی هیگڵی، هەسارەیەکی ئەفسانەیی پانوپۆڕە و وەك زۆربـەی هەسارەکانی لەم شێوەیە، هەم بۆ ڕوونکردنەوە، هەم بۆ ئاڵۆزکردن و پەنهان ئاشکراکردنی بابەتەکان، توانا زۆرە، کە لێینزیکدەبێتەوە. هەم ڕووناکی هێناوە و هەم تاریکی – لەوانەیە تاریکی زیاتر لە ڕووناکی، بەڵام ڕێککەوتنێك لەو بوارەدا نەبووبیت. هەرچۆنێك بێت، سیستمی هزری هیگڵ، وەك دارستانێکی زۆرتاریکە کەسانێك، کە هەنگاو دەنێنەناوییەوە، بەدەگمەن دەگەڕێنەوە تاپێمان بڵێن چییان دیتووە. تەنانەت هەندێکجار، کە دەگەڕێنەوە، وەك هۆگرانی میوزیکی واگنەر، بە ڕواڵەت گوێیان هەتا هەتایە بەدەنگێگ ڕاهاتووە، جگە لە هارمۆنییە کۆنترەکان، سادەتر و باڵاتر، لە ڕابردو بیستویانە. بەمەش هیچ کات بەیارمەتی زاراوە نوێیەکانی سیستمی ناوبراو، ناتوانی بە ئاسانی تێبگەیت ڕوانگەیەك، کە  ئەوان دەستەبەریانکردووە، بریتییە لەچی؟، بەڵام گومان لەوەدا نییە،  کە لایەنگرانی هیگڵ بانگەشە دەکەن، پێشتر کارەکانیان لەدەرەوە دەبینی، ئێستا لەناوەوە دەیبینن. پێشتر ئاست و توێکڵی دەرەوەیان دەبینی، بەڵام ئێستا خود، ئامانجی دەروونی و لێی ڕادەمێنن، کە هەموشتێك بۆلای ئەو ڕەوانە. ئێستا لەڕوانگەی (دەروونی) بە لێکجیاکردنەوە لەڕوانگەی (دەرەوەیی) دەڕوانن، جیاوازیی ناوەوە و دەرەوە، لەڕووی تێگەیشتنی تێکڕای سیستمەکە، یەکلا کەرەوەیە.

کاتێك سەیری شتە مادییەکان، وەك مێز، کورسی، دار و بەرد دەکەین، شتی جیاجیا و جوڵەکانیان دەیبینین. دەتوانین وەسف و ڕیزبەندییان بکەین و دیسانەوە بە ڕیزبەندی گوشراوتر، بیانبەینە قاڵبی فۆرمۆلەکانی

گشتییەوە. ئەو فۆرمۆلانە وەسف و پێشبینی ڕەفتاری شتەکان ئاسان دەکەن و ڕێگەدەدەن هەندێکجار باسی رابردویان بکەن. کاتێك دەپرسین بۆچی شتێك بەمجۆرە ڕوودەدات، لەبزی (بۆچی) دووماناى هەیە: مانایەك، زانستە سروشتییەکان وەڵامیاندەدنەوە. ئەگەر بپرسم: بۆچی مێز نافڕێت و هەر لەسەر زەوی دەمێنێتەوە؟ لەوەڵامدا، زۆربەی کارەکانی واقیعی مۆلکۆلەکان، پەیوەندییان و بابەتێکی یاسا فیزیکییەکانی باڵادەست بە سەر مۆلکۆلەکان بە گوێمدا دەدرێت، بەڵام هەمووی ئاگادارکردنەوەمە لە یاساگەلێکی زۆر تێکڕایی هاوشێوەکان. نیوتن و گالیلۆ، بلیمەتی خۆیان لە شێوەبەندی لانیکەمی فۆرمۆلەکان نیشانداوە، کە بەوپێیە دەتوانین ڕەفتاری شتەکان بە شێوەیەکی شیاو و لۆژیکی، بەکەمترین زەحمەت ریزبەندی بکەین، بەڵام گریمان پرسیارێکی زۆر جیاواز بکەین: چیم پێدەڵێن تەواو تێیدەگەم، تۆ باسی مێزەکە دەکەیت چ دەکات، دەڵێیت: مێزەکە بۆ نموونە نافڕێت و لەسەر زەوی دەمێنێتەوە، چونکە سەربە ریزێك بوونەوەرە، پەیڕەوی لە یاسا دەکەن، بەڵام دەمەوێت بزانم، بۆچی مێز وا ڕەفتاردەکات، کە بپرسم مانای ڕەفتاری چییە؟ یان بە دەربڕینێکی باشتر، ئامانج لە ڕەفتارکردنەکەی چییە؟ بۆچی پێویسە جیهان وا ڕێکخرابێت، کە مێز بۆ ئاسمان نەفڕێت؟ بۆچی، بۆ نموونە، دار گەشە دەکات، کەچی مێز گەشە ناکات؟ ناتوانرێت بەو (بۆچی)ە لەگەڵ ریزکردنی ڕووداوەکان، وەڵامی بداتەوە، یان بەناوبردنی یاسا، کە بکرێت بەوپێیە شوێن و جوڵەی هەرمۆلکۆلێك دیاری بکەیت. دەمەوێت بزانم بۆچی هەندێك کار ڕوودەدەن، کە دەپرسم: بۆچی فڵانکەس شەقازللەیەکی لە فڵانکەس دا؟ تۆ وەڵام نادەیتەوە: چونکە هەندێك لە مۆلکۆلەکان، کە دەخولێنە، فڵان کاریگەرییان بەسەر خولانەوەی خوێنیدا هەبووە، ئەو کارە وا کاری لە ماسولکەکانی کرد، کە دەستی بەرزبۆوە، هتد. بە مانایەك هەموویان ڕاستن

و وتنیان کێشە نییە، بەڵام وەڵامی پرسیارەکەی من نییە. وەڵامی زۆر ئاساییتر، بڵێیت فلانکەس کارێکی وەهای کرد، چونکە تووڕەببوو، یان دەیویست بە فلان ئامانج بگات. ئەو کارەی کرد تا تۆڵە بکاتەوە، بە ئازاردانی کەسی بەرامبەر دڵی دامرکێتەوە. بێگومان پرسیارکردن لەبارەی کەسەکان، بەدڵنیاییەوە لەجێگەی خۆیدایە، رەنگە بە دڵنیاییەکی کەمتر، دەربارەی گیانەوەرانیش نابەجێ نەبێت و بەدڵنیاییەکی زۆرکەمتر لەبارەی دارەکانیش بەجێبێت، بەڵام لەبارەی شتە مادییەکان یان زۆرێك لە بوونەوەرەکانی بە رواڵەت بێگیانی دنیا، هەرگیز شیاو و لۆژیکی نییە.

فەیلەسوفە گەورە رۆمانتیکەکانی ئەڵمانیا پێیانوایە، تاوانی زانستی سەدەی هەژدەیەم، تا ئاستێك سەدەی حەڤدەیەم، یان هەرچۆنێکبێت، تاوانی راڤەکارانی فەلسەفی روانگەی ئەو زانستە، تێکەڵکردنی دوو بەشی روونکردنەوە، یان دۆزینەوەی هۆکاربوو - واتە باوەڕ بەوەی بەشێکی روونکردنەوەکە لەمەڕ کاری مادیی بەکاردەهێنرێت، کاتێك دەپرسین بۆچی؟ مەبەستمان داوای واقیعیەتی کارەکانە. بە وتەی ئەوان، کە دەپرسین: چ روودەدات یان چ پێشهات دەبێت؟ کەی پێشهات دەبێت؟ لەپاڵ چ شتێك پێشهات دەبێت؟ چ شتێك پێشتر و پاشتر لە چ شتێکی دیکە دەبێتە پێشهات؟، ئەو پرسیارانە بە هەمان مانایە، کە بپرسین: بۆچی کەسەکە فلان کاری کرد؟ بۆیە دیکارت وتی «مێژوو، زانست نییە» - چونکە هیچ جۆرە یاسایەکی تێکڕایی نییە، لەبارەی مێژووەوە راستبێت. مێژوو وەها رەوانە و جیاوازییەکان، ئەوەندە پتر و لەسەرووی هاوشێوەییەکانن، کە بابەتێکی وا نابەردەوام و ناجێگیر، زانیاریی ئەوەندە کەمە، ئەوەندە کەم دووبارەبوونەتەوە و یەکرێتمن، مەحاڵە بتوانێت کۆیبکاتەوە و رێکیبخات و لەژێر چەند فۆرمۆلێکی پتەو جێبگرێت. بۆیە، دیکارت پێیوایە، مێژوو کۆمەڵێك دەنگۆ و حیکایەتی گـوازراوەی موسافیرانە و شایانی ناوی زانست نییە.

بەکورتی، بیرمەندانی سەدەی هەژدەیمیش، پێیانوابوو، کەسێك میتۆدی روون و سیستماتیك نەیگرێتەوە، خۆی توشی سەرئێشە نەکات – هەڵبەتە مەبەست میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان بوو.

پێشکەوتنێکی گـەورەی، پێشکەوتنەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، پێداچوونەوە بوو بەم روانگەیە. وترا، رەنگە روانگەی پێشوو، دواقسە نەبێت لەم مەیدانەدا، لەوانەیە پرسیار لە (بۆچی) لەوە سەرنجراکێشتربێت. بۆ نموونە، ویکۆ – سسەرەڕای ئەوەی بلیمەتێکی ئازاو رۆشنگەر بوو، کەچی ئاگای لەبیرمەندانی ئیتالی بەرایی سەدەی هەژدەیەم، بوو – بابەتێکی لەبارەی مێژوو نوسی، وتی پوچە، کە شتێك لەجۆری مێز، کورسی و دار، باسی مرۆڤەکان بکەین، چونکە زانیارییەکانمان لەبارەیانەوە بەمانایەك، زانینەکانمان لە بابەت شتە سروشتییەکانە، تێکڕای بەهاو متمانەی زانستە سروشتییەکان، لەسەر بناغەی هەڵە رۆنـراوە. دەتوانین بڵێین چۆن مێز، کورسی و بەرد، دەبینین، هەمیشە چۆنن، شێوازییان چۆنە، پێش، پاش و هاوشانییان چ بووە – بەدەستەواژەیەکی دیکە، لە رووی کات، شوێن و ژمارە، لەشێوەی بوونەوەرێك، یان دەیانخەینە لیستێکی دنیاوە، بەڵام بۆ مێژوو، زیاترمان لەدەستدێت. ئەگەر بپرسن یۆلیۆس قەیسەر بۆچی وا رەفتارەی کرد، بەوەسفکردنی تایبەتمەندێتی جەستەیی و جوڵەکانی وازناهێنین. باسی پاڵنەرەکانی دەکەیین، بەڵام بە گریمانە، پێمانوابێت مێز و کورسیش پاڵنەریان هەیە، ناتوانین باسی بکەین، چونکە نازانین مێزبوون، یان کورسیبوون، چ دۆخێکە، بەڵام دەزانین شێوەی مێز و کورسی چۆنە. بە باوەڕی ویکۆ، ئێمە لە رێگەی روانگەیەکەوە، کە بە یارمەتی هێزی خەیاڵ بەرهەم دێت، زیاتر لەبارەی یۆلیۆس قەیسەرەوە دەزانین. بە بەراوارد بە خۆمان، دەزانین ئیرادە، سۆز، هەستی هەبووە، بەکورتی، مرۆڤ بووە. دەتوانین وەك خۆمان باسی

کەسایەتیەکانی مێژووییش بکەین و روونیبکەینەوە، کە نەك چییانکردووە، بەڵکو مەبەست و ئامانجیان چ بووە و چ هەستێکی دەروونیان هەبووە، کەوایە گرنگەکە، هەمان جیاوازی نێوان دەروون و بێروونە.

هێردێری فەیلەسوفی ئەودیو سروشتی ئەڵمانی، لەو رووەوە پێیوابوو ئەگەر بتوانین وەسفی ژیانی میللەتێك بکەین، ئاساییە بپرسین: دۆخی ئینتما، بۆ فڵان میللەت چۆنە؟ ئاساییە بپرسین: هەر لە بنەڕەتەوە ئینتما یانی چی؟ گەر بڵێم: فڵانکەس ئەڵمانییە، بەس نییە، بنوسم لە فڵان وڵات، لە فڵان ئاو و هەواو لە فڵان مێژوو هاتۆتە دنیاوە و هاوشێوەی فیزیۆلۆژیکی، یان فیزیکی هەندێك کەسی ترە، کە بە ئەوانیش دەوترێت ئەڵمانی. کاتێك دەڵێم ئەو (سەربە) ئەوانە، لەوە گرنگترە، دەڵێم: هەستدەکات سەربە ئەوانە، هەستدەکات ئەڵمانییە، ئەو وتەیە لانیکەم بەو مانایەیە، کە ئەڵمانییەکانی دیکە ئارەزودەکەن، ئەویش ئارەزو دەکات، ئارەزوی لەگۆرانی ئەڵمانییە، خواردن و خواردنەوەی ئەڵمانییەکان، ئارەزوی لە ژیان و یاسادانانیانە، گرێدانی قەیتانی پێڵاوەکانیانی پێجوانە. هەرکە کەسێك هەست بکات ئەڵمانییە، واتا بەهرەمەندی لەپەیوەندی تایبەت لەگەڵ ئەڵمانییەکانی دیکەیە، کە وەسفکردنی مادیی، یان فیزیکی رەفتارناسێك، لە رەفتارە رواڵەتیەکان، یان دەرەوەیی، ناشێت تێکڕای لەخۆبگرێت. کە دەڵێم: کەسێك ئەڵمانییە و بەبیستنی گۆرانی ئەڵمانی دەکەوێتە سەما و دڵی خۆشدەبێت، کاتێك ئاڵای ئەڵمانیا بەشەکاوەیی دەبینێت، نابیت دەستەواژەی گۆرانیەکانی ئەڵمانیا، بە میتۆدی مادیی، یان زانستی، یان فیزیکی شیکاربکەین. گۆرانی ئەڵمانییە، بەرهەمی نەتەوە و شێوەیەکی تایبەت و ئامانجی تایبەت، ئەو گۆرانیەش ناشڵێم، پێویستە بۆنی تایبەت، بەڵکو دەبێت زمانی رەوانی تایبەتی هەبێت، دەبێت لە کردەی تایبەت، روانین و تێڕوانینی تایبەت بۆ ژیان سەرچاوەبگرێت و دەریببڕێت. نەك ئەو گۆرانییە، بەڵکو دامەزراوەی

زۆر گەورەتر و بەردەوامتریش، وەك سیستمی یاسادانان و سیاسی ئەڵمانیا و رەفتاری ئەڵمانیەکان پێکەوە، شێوەزار، هێڵ و هەر کارێك دەیکەن، هەرجۆر و هەستێکی هەیانە، هەموو دەربڕی ئەو تێڕوانینەن بۆ ژیان.

ئەو چۆنایەتییە هاوبەشە چییە، کە بەهۆیەوە نەتەوەیەك بە ئەڵمانی ئەژماردەکرێت؟ بە باوەڕی هێردێر، بریتییە لە ئینتمابوون بۆ گروپێکی تاکی تایبەتە. مانای خەسڵەتی تاکی، لەم رستەیەدا چییە؟ هێردێرت دەڵێت: کە باسی ئامانجەکان دەکەیت، پێویست ناکات و نابێت خۆت تایبەت بە تاکەکان بکەی. کاتێك دەپرسی بۆچی فلانکەس فلان کاردەکات، زۆرجار لەچوارچێوەی دەروونناسی وەڵامتدەدەنەوە، دەڵێن: چونکە دەیەوێت، یان مەبەستیەتی فلان کاربکات. رەنگە پرسیارەکەت پەیوەندی بە ناکەسییەوە هەبێت. رەنگە بپرسی: بۆچی ئەڵمانییەکان پیتی گۆتیك بەکاردەهێنن، بەڵام فەرەنسییەکان بە کاری ناهێنن؟ وەڵامی ئەو بەشەی (بۆچی) ، زیاتر لەوەی هاوشێوەی وەڵامی ئەم پرسیارەبێت، کە بۆچی ئەو مۆلکۆلانە ئەمجۆرە کاریگەرەیان هەیە و مۆلکۆلەکانی دیکە کاریگەری جیاواز؟) وەك وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە: بۆچی فلانکەس بە کەوچك ناندەخوات، بەڵام ئەوی دیکە بە دەست؟

واتــا، ئێستا گەیشتوینەتە لێواری بۆچوونی ئامانجی ناکەسی، یان سەرووی کەسی، یان گشتی، کە هەڵبەتە سەرەتای سیستمی ئەفسانەییە، بەڵام سیستمێکی زۆر بە کەڵك، بێگومان نەماندەزانی چۆن باسی گروپ و کۆمەڵگەکان بکەین. کاتێك دەڵێین: میللەتێك بلیمەتی تایبەتی هەیە - بلیمەتی پرتوگالیەکان لە بلیمەتی چینییەکان جیاوازە - ناڵێین پرتوگالیەکی مام ناوەند، مرۆڤێکی بلیمەتە و لەبلیمەتێکی چینی جیایە. دەمانەوێت بڵێین میتۆدی پرتوگالیەکان لە دروستکردنی کەشتی و شێوەی دەربڕینی بیروباوەڕیان، رووی هاوبەش، یان جۆرێك هاوشێوەیی خێزانیی هەیە، گشتگیرە، بەڵام هاوکات

هاوشێوەیی چینییەکان جیاوازە. بەم هاوشێوەییەی خێزانی و شیکاری، بە مەبەستی تێگەیشتن لەوەی بریتییە لەچی، دەڵێین جیاکاری مێژوویی. کاتێك کەسێك دەپرسێت: بۆچی فلانکەس بەمشێوەیە دەنوسێت؟، ئەو وەڵامە قبوڵە، کە بڵێت چونکە سەربە بنەماڵەی میللەتی پرتوگالییە، سەربە گروپێکی تایبەت لەو تاکانەیە، کە لە بەرازیل، یان پرتوگال، یان گویا دەژین، روانگە و بەهای تایبەتییان هەیە و لەگەڵ هەندێك لە ئەزموونەکان، هەست بە هاودەمی و ئاشنایی و لەگەڵ هەندێکی دیکە، هەستی نامۆیی رەها دەکەن. ئەو بۆچی، هەمان بۆچییە، کە ویکۆ و هێردێر باسییاندەکرد، ئەو وەڵامەی دراوتەتەوە، زۆر جیاوازبوو لەو وەڵامەی، زانست دەیدانەوە. هیگڵ هەوڵدەدات گشتییەت بە بۆچی بدات، چونکە باوەڕیهەبوو، کە بە هەموو پرسیارەکانی لەبارەی دنیا، دەتوانێت وەڵامی پڕماناتری بۆچی، بداتەوە.

بەمشێوەیە ئەو مانایەی دەربڕی، کە دنیا لەفەرمانی خۆکرانەوەی گیانی جیهان، یان روحی جیهانە. روحی جیهانیش شتێکە وەك روحی تاك، جگە لەوەی هەموو دنیا لەخۆدەگرێت و لەگەڵی یەکە. ئەگەر بتوانی لەمێشکی دنیا بوونەوەرێکی گیانداری خاوەن روح بەرجەستە بکەیت، بەکورتی باڵاتر و بەشکۆتر، کە تاکەکان روح، نیاز، ئامانج و ئیرادەیان هەیە. رەنگە ئەوکاتە بپرسی: بۆچی رووداوەکان بەمشێوەیە روودەدەن؟ وەڵام: چونکە بەشێکن لەجوڵەی روحی گەورە و ئامانج، نیاز و لایەنگریەکانی تایبەتی خۆی هەیە، کە مرڤەکان ئامانج، نیاز و لایەنگیرییان هەیە. لەکوێ دەزانین، کە ئەو لایەنگیرییە چۆنە؟ چونکە خۆمان بەشێکین لێی، هەرتاکێك، توخمی کۆتاییهاتووی تێکڕاییەکی کۆتاییهاتووە، ئامانج و ئاڕاستەی تایبەتی تەواوە، بەڵام رەنگە بپرسی، بەڵگەی ئەو بانگەشەیە هەیە؟ بێگومان هیگڵ شتێك بەناوی بەڵگە ئەزموونیەکان، یان زانستی ناخاتەڕوو. دەردەکەوێت مەسەلەکە لەوتەزای روانگەی ئەودیو

سروشتی، یان مەسەلەی بڕوابوونە. بانگەشە دەکات: ئەگەر ئەوەی دەیڵێت ڕاست نەبوو، ژمارەی واقیعیەتە (نەشیاو)ەکان لە ئاست تێدەپەڕی. ئەگەر دەتپرسی بۆچی گیایەکان، یان بەردەکان بەمچەشنەن، کە هەن، وەڵامەکەتییان بەمانای جێسەرنجت لەوشەی بۆچی، واتە ئەگەر بپرسی کێ ئەوانەی بۆ چ مەبەستێك لەبەرچاوگرتووە، ناتوانین وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بدەینەوە. ویکۆ پێشتر وتبووی، تاکە کەسێك شتێك دروست بکات، دەتوانێت لە سروشت و ماهیەتی بگات. رۆمان نوس هەرشتێك، کە بشێت دەربـارەی کەسایەتی چیرۆکەکەی بفامێت، دەفامێت، چونکە خۆی ئافەریدەی ئەو کەسایەتیانەیە. هیچ شتێك نییە، نەیزانێت، چونکە بۆخۆی ئەفراندونی. کاتێك فامین بەو مانایەبێت، تەنیا خوا دەتوانێت لە دنیا بگات، چونکە بۆخۆی دروستیکردووە، ئێمەش دەتوانین لەو شتانە بگەین، کە بۆخۆمان دروستی دەکەین. سەعات ساز لەسەعات دەگات، کە چیرۆکنوس لە کەسایەتی چیرۆکەکەی، بەڵام رەنگە بپرسین: ئەی مرۆڤەکان چۆن؟ ئایا دەتوانین لە هەموو مرۆڤەکان بگەین؟) بەڵگە نەویستە، بە مانایەك کە ئەوانی دی قسەمان لەگەڵ دەکـەن، یان هەندێك دۆخ دەردەبڕن، واتە کاتێك خەمبار و ژاکاو، یان بە کەیف و خۆشحاڵ، یان تورە دێنەبەرچاو، تێدەگەین لە چ بارودۆخێکدان و ئامانجییان چییە، بەڵام نەك بەو مانایەی لە بەرد و مێزدەگەین، بەڵام هەرگیز پرسیار لەڕوانگەی، یان ئامانجی مێز ناکەین. پێمانوانییە رەنگە مێز، ئامانجێکی هەبێت. مێز هەر مێزە. بێمانایە بپرسین: مێز ئامانجی چییە؟، چونکە پرسیارێکی وا، مێز بۆ بوونەوەرێکی گیاندار و خاوەن هەست دەگۆڕێت، لەکاتێکدا گومانمان نییە، بەڵام ئەو پرسیارە لەبارەی مرۆڤەکانی دیکە رەوایە بەم بەڵگەیە، بە گومانی هیگڵ و رۆمانتیکەکان بە گشتی، بە مانایەك هەمووومان کەڵك لەو (رۆح)ی گشتییە وەردەگرین، کە هەر مرۆڤێك ناوەندێکی کۆتایی هاتویەتی و چونکە

بۆخۆشمان مرۆڤین، لەجۆری تێگەیشتنی ئەودیو سروشت یان روانگەی نیمچە دوورئاگایی بەهرەەمەندین، پێماندەڵێت مرۆڤەکان چۆنن. بەمەش مێژوو جگە لە شرۆڤەی ئەزموونی مرۆڤەکان شتێکی دیکە نییە. مێز و کورسی مێژوو، یان بەسەرهاتییان نییە، چونکە ئەزموونیان نییە، مێژوو چیرۆکی ئەفرێنراوی مرۆڤ، خەیاڵکردنەوەی، ئیرادە، نیاز، مەبەست، ئامانجەکانی و هەمووشتێکە، کە مرۆڤەکان بخەنە چوارچێوەی کارەوە و هەستبکەن، نەك بەسەرهاتەکانی دەرەوە، کە بەسەریان بێت. ئێمە بە هەست و هزر و شێوازی چالاکیمان، مێژووی مرۆڤ دەخولقێنین، بەمەش چونکە خولقێنراوی ئێمەیە، دەشتوانین تێیبگەین. بۆیە، زانی مێژوو،رامانە لە ناوەوە، بە روانین لەدەرەوە، لە مێز و کورسی دەگەین.1

هیگڵ دەڵێت: تێکڕای دنیا تێکڕاییەکی گـەورە و هەستییە، کەوایە دەتوانین تێبگەین، کە هەر بەشێکی چ دەکات، بەو مەرجەی، لەڕوانگەی ئەودیو سروشتەوە لە ئاستی بەهێزترین زەین دیارە و لەجێبەجێکارترین ئەقڵ بەهرەمەندبین. ئەگەر بارودۆخەکە وەها نەبوو، رووبەڕووی مشتێك واقیعی (پەتی) دەبووینەوە و هەرگیز توانای جیاکردنەوەی نەبوو. لەوکاتەدا، ئەگەر دەمانپرسی: بۆچی ئەم بەردە لەسەر زەویە و ئەو بەردە خەریکە بەربێتەوە لەئاسمانەوە؟، وەڵامییان دەدایەوە، بۆچی لەبارەی ئەو بەردانەوە بێمانایە، واقیعیەتێکی رووت و (نەشیاو)ە، بەڵام واقیعیەتی رووت و (نەشیاو)، لە روانگەی هیگڵ و فەیلەسوفەکانی ئەودیو سروشتی پەیڕەوی شێوازی فکرییەکەی، وەکو سوکایەتیکردنە بە عەقڵ. واقیعیەتی رووت و (نەشیاو) ، بەو هۆیەی جیاناکرێتەوە و وەکخۆی لەبەرامبەر تێگەیشتنمان راوەستاوە، بۆ ئێمە پەسندکراو نییە و بە جیانەکراوەیی دەمێنێتەوە، مەگەر لە سیمبولێکدا جێیبکرێتەوە و ئێمە بەسیستمی ئامانجدار و لەخۆگری پەیوەندی دروستی

بکەین، بەڵام سیمبول چییە؟ سیمبول شتێکە، نەخشەیەکی هەبێت. شێوەکار سیمبولی هەیە، چونکە کەسێك وا نەخشەی کێشاوە. سەمفۆنی سمیبولی هەیە، چونکە، رەنگە سیمبول وابکات بەشە جیاجیاکانی، شیاو و لۆژیکی بێنەبەرچاو، ئامانج و مەبەستی تێکڕایی هەیە و سەمفۆنیاش، چ لەزەینی ئاوازدانەر، چ لای ژەنیاران، چ لەڕوانگەی بیستەران، هۆکاری گەیشتنە پێی و توخمەکانی سەمفۆنیا، واتە نەوا جۆراوجۆرەکان، هەمویان بە پێی نیاز و ئامانج لە مۆدێلێکی تایبەتی کاردەکەن. بەمەرجێك، بە تێگەیشتن لە سەمفۆنیا، دەتوانین لەو سیمبولە بگەین.

تێگەیشتن لەو بەشە تایبەتییە، واتە دەرککردنی ئەلگۆکان. تێدەگەین ئەڵمانی بوون، یان فەرەنسی بوون، واتای چی؟ کەسێك ئەڵمانییە، بەشێك بێت لە مۆدێلی گشتی ئەڵمانی بوون، مۆدێلێك: ئەزموونەکان، ئومێدەکان، ترسەکان، شێوەی رێکردن، هەستان و هەمووشتێکی ئەڵمانییەك لەخۆبگرێت. ئەوکاتە ئەگەر بڵێین: زۆرباشە، بەڵام کەسێکی وا لەمۆدێلێکی گەورەتر، کە تێکڕای دنیای لێپێکدێت، چ رۆڵێك دەبینێت؟، وەڵام: کەسێك دەتوانێت لەوکارە بگات، کە دەتوانێت تێکڕای هەموو شتێك ببینێت. لە لایەکەی دیکەوە، تێکڕا، ئەگەر خۆئاگایی هەبوو، دەیتوانی بەناوی تێکڕا خۆی ببینێت. ئێمە تەنیا بەشەکان دەبینین. بەشی گەورەتر دەبینین و هەندێك بەشی گچکەتر، بەڵام هەرچۆنێك بێت، هەر پلەیەك لە تێگەیشتن کاتێك دەلوێت، کە هەرشتێك بەناوی بەشێك لە شتە گەورەترەکان دەرك بکەین.

لێرەدا دەپرسین: رۆح چۆن ئیش دەکات؟ چ میکانیزمێك، چ مۆدیلێك بەکارهاتووە؟ هیگڵ پێیوابوو وەڵامی ئەم پرسیارەی دۆزیوەتەوە. دەیوت رۆح، ئەوەی بەدیالێکتیك دەیخوێنێتەوە، کاردەکات. لە روانگەیەوە دیالێکتیك، تەنیا لەچوارچێوەی هزر، یان ئاەفەریدەی هونەر مانادەدات، لەبارەی دنیاوە راستە،

چونکە جۆرێك کاری تێفکرین، یان جۆرێك کاری خۆڕسکی لە دنیادا هەیە. هۆی خۆڕسکیی، واتە هیچ شتێکی دیکە نییە.2 دیالێکتیك چۆن کاردەکات؟ کەموزۆر وەك مرۆڤەکان کاردەکەن و کاتێك دەیانەوێت بیر لەوەڵامی پرسیارەکان بکەنەوە. یەك، بیرۆکەیەك بەمێشکدا دێت، پاشان بیرۆکەیەکی دیکە دەخەنە ئەو مەرجوکۆتانەوە و بیرۆکەی یەکەم دەگۆڕێت. بیرۆکەکان پێکدادەدەن و لەپێکدادان و لێکدژی بیرۆکە، مەرج و کۆتەکان – لەنێوان بیرۆکەو رەخنە لێگیراوەکانی، یان بیرۆکە و تەواووی بیرۆکەکانی، کە گۆڕانکاری تێدادەکەن – شتێکی دیکە سەرهەڵدەدات، کە نە یەکەم بیرۆکەیە و نە بیرۆکەی بەرامبەری، بەڵام بریتییە لەتوخمەکانی هەردووکییان و بە وتەی هیگڵ، سەروویان دەکەوێت و تێیاندەپەڕێنێت، بارودۆخی کۆمەڵەکان، یان (هاودەروون) یان، پێیاندەڵێین سەنتێز. بیرۆکەی یەکەم، بارودۆخ، یان دەروون، یان تێز، دووەمییان بارودۆخی بەرامبەر، یان وەکیەکی دەروون، ئەنتی تێز، سێیەمییان بارودۆخی کۆمەڵگەکان، یان هاودەروون، یان سەن تێز دەخوێنرێتەوە. بەمەش گەرچی هیگڵ ئەو خوازە تایبەتییەی بە کار نەدەهێنا) لەسەمفۆنیایەکدا، سەرەتا تیمی بریتی لەمیلۆدی یان ئاوازێك بەگوێ دەگات، پاشان میلۆدی یان ئاوازێکی دیکە دێت، کە گوایە دژیەتی، شتێك روودەدات و ناکرێت بوترێت تیمی دووەم و تیمی یەکەم رەتدەکاتەوە و لەناوی دەبات و نەك بەردەوامییەتی، بەڵکو جۆرێك ئاوێتەیە، کە دوو بیرۆکەی یەکەم لەناودەبات و شتێك دێنێتەئارا، کە هەم بەگوێ ئاشنایە چونکە بەجۆرێك لەپێکدادان و لێکدژی هەردووکییان هەڵقوڵاوە و هەم هاوکات تازەیە. بە باوەڕی هیگڵ، دنیا بەمشێوازە کاردەکات. چونکە مۆدێلەکان، چ لە هزر و چ لەهەرجۆرە چالاکییەکی بە ئاگایانەیی، کە ئێمە شتێکی لە بارەوە دەزانین، بە هەمانشێوە کاردەکەن.

هیگڵ بەشە پێکهێنەرەکانی دنیا بۆ سێ کۆمەڵی بە ئاگا، خود ئاگا و بێ

ئاگا دابەشدەكات. گیاكان و گیانەوەران و بوونەوەرەكان ئاگان، واتە جۆرێك مەبەست و ئامانج لەكارەكەیاندا هەیە و ئیرادە و رەنگە هزرێكی پلەخوارتریشیان هەیە. تەنیا بوونەوەرەكانی خۆئاگا مرۆڤن، چونكە نەك بیردەكەنەوە، بەڵكو دەتوانن ئەو رەوتە دیالێكتیكە لەخۆیاندا ببینن. دەتوانن ئەو كرانەوەیە، بەركەوتەی هزرەكان، رەوتە نارێكەكانی ژیانی خۆیان ببینن، دەتوانن ببینن چۆن سەرەتا كار دەكەن، پاشان نیوەی ناكەن، ئینجا كردن و نەكردنەكان ئاوێتەی یەك دەبن و بۆ شێوەی جۆرێكی نوێی كاركردن دەگۆڕێن. دەتوانن لەخۆیاندا بەدوای ئەم رەوتە خواروخێچ و مارپێچە بكەون. هیگڵ دەیەوێت بەسەرهاتی تێكڕای شارستانیەتەكان، لەو چوارچێوەیەدا روونبكاتەوە. دەڵێت خەڵك لە سەدەی هەژدەیەم توانیویانە جیاوازیەكان روونبكەنەوە، نەك گۆڕانەكان. بۆ نمونە، مۆنتیسكۆ ورد و قەناعەتپێكەر، چۆنیەتی كاریگەری كەشوهەوای لەخەڵكدا روونـدەكـردەوە، یان هێلڤیتیۆس بە دورودرێـژی روونیدەكردەوە، كە پەروەردە و خوێندن، یان ناوەند، چۆن كاریگەری بەسەر خەڵكەوەدەبێت. بیرمەندانی دتری سەدەی هەژدەیەم، بەزێدەڕۆیی لەپێوانە مرۆڤیان لەبوونەوەرە بێهەستەكان جیادەكردەوە، كە مرۆڤ، یان لانیكەم لەشی مرۆڤ، یان كۆئەندامی تورەیی، یان رەنگە لایەنێكی دیكەی، چۆن بووە ئەوەی ئێستا، بەڵام پێویستە چۆن گۆڕان روونبكاتەوە؟ ئیتالیای ئەمڕۆ لەڕوانگەی فیزیكییەوە كەموزۆر هەمان ئیتالیای سەردەمی رۆمەكانە. دەریاكان هەمان كاریگەریان بەسەر لێوارەكانیانەوە هەیە و نە ئاو و هەوای لەنەكاو گۆڕاوە و نە گژوگیاكانی، بەڵام ئیتالیای ئەمڕۆ راستەوخۆ، لە رۆمەكانی كۆن جیاوازە.

بیرمەندانی سـەدەی هـەژدەیـەم باوەڕیانوابوو، مرۆڤە سەرچاوەی ئەوكارەیە، بەرئەنجامی پەروەردە و خوێندن و حكومەتە؛ بە باوەڕی كەسانی وەك هێلڤیتیۆس، هۆكاری روودانی كارەساتەكان، كە تا بەرایی قۆناغی بوونی

ئەقڵانی مرۆڤ، مێژوو بەمانە ئاخنراوە، کە مرۆڤەکان لەژێر حکومەت، یان، بە گۆڕانێکی باشتر، حکومەتی خراپ بەسەردەبەن - واتا ژمارەیەکی زۆر نەزان، یان لەوانەیە گەمژە لەگەڵ گەندەڵی حکومەت، حکومەتییان بەسر ژمارەیەکی زۆر نەزانەوە دەکرد، بەڵام هیگڵ وتنی ئەو هۆکار بە پێویست نازانێت. ئەگەر بەوجۆرەی لایەنگرانی زانستی ماتریالیزمی، یان ماددی سەدەی هەژدەیەم، وەك پێویست باوەڕیانهەبوو، مرۆڤەکان بەوئاستە کەوتبوونە ژێرکاریگەری دەرەکییەوە، ئاسان نەبوو جیاوازی زۆری گەشە و کرانەوەیی روونبکەیتەوە. ئەم کارە لەسەر بنەمای دیالێکتیك - واتا لەسەر بنچینەی جۆرێك جوڵە یان دینامیزمی - شایانی روونکردنەوەیە. هۆکاری پێشکەوتن، هەمان پێکدادانی تێز، ئەنتی تێز و تێکهەڵچونی بەردەوامی هێزەکانە. ئەم هێزانە تاکە هزرەکان نین لەمێشکی خەڵکدا، بەڵکو لەچێوەی دامەزراوەکان، مەزهەب، ستراکتۆرە یاساییەکانی سیاسی، هەندێکجار جوڵە زۆرەکانی مرۆڤایەتی، لەکۆچکردنی نەتەوەکان، شۆڕشەکان، وەرچەرخانی هزری و عەقڵی زۆر فراوان، لەکێشمەکێشی بەردەوامی دەروونی تێز و ئەنتی تێز، تاخاڵی لوتکە، خۆی لەخۆیدا بەرجەستەبوون و دەرەوەیی دەدۆزنەوە. لەپڕ تەقینەوەیەك روودەدات و سەن تێز، وەك قەقنەس، لەخۆڵەمێشی تێز و ئەنتی تێزدا دێتەدنیاوە.

پێویست ناکات ئەم رووداوە، شێوازی هەستپێکراوی فیزیکی بەخۆوەبگرێت، شێوەی شۆڕشی خوێناوی بدۆزێتەوە. رەنگە بەفۆڕمی بێداری کولتوری گەورەی رێنیسانس، یان فۆڕمی دەرکەوتنی هونەری، هزری، بابەتی بەخۆوەبگرێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت، هەمیشە قەڵەمبازە بۆ پێشەوە. رەوتەکەی، جوڵەی قەڵەمبازانە، نەك بەردەوام و یەکڕیتم. یەك، کێشەی نێوان هەر هێزێك و هێزی دژی، قوڵدەکاتەوە، پاشان خاڵی لوتکە دێت و بازدانی

گەورە و قەڵەمبازی پانتایی زەینی مرۆڤ - نەك هەر زەینی مرۆڤ، بەڵكو تێكڕای دنیا – بەئاستی نوێ ڕوودەدات. پاشان دووبارە ئەم ڕەوتە دەستپێدەكاتەوە، هێزەكانی دژی، لەناخەوە تازە دەركەوتووەكان قوتدەدەن، تا دوبارەكێشە و مشتومڕ زیادبكاتەوە، بە خاڵی لوتكە بگات و قەڵەمبازی داهاتوو ڕووبدات. مێژوو، بە ڕای هیگڵ، واتا پسان و تراژیدیەكان، هەمان ڕەوت ڕووندەكاتەوە. تراژیدییەكانی ژیان، لەهەمان لێكدژی حەتمی دەردەكەون. بە بێ ئەو لێكدژیانە، لەنێوان میللەتێك و میللەتێكی دیكە، دامەزراوەیەك و دامەزراوەیەكی دیكە، شێوەیەكی هونەری و شێوەیەكی دیكە، جوڵەیەكی كەلتوری و جوڵەیەكی دیكە، لەبناغەدا جوڵەیەك ڕوونادات، بە بێ لێكدژی و ناتەبایی، جگە لەمردن شتێك نابێت. بیرمەندانی سەدەی هەژدەیەم باوەڕیانوابوو، كە شەڕ، خراپە، خەم، ئازار، نەخۆشی، تراژیدی ئەنجامی هەڵەكان، ڕێكخستنی خراپ، ناكارایە و لەدنیای كارا، هەمویان چارەسەر دەكرێن و هاوڕایی باڵدەكێشێت. هێگڵ ئەو ڕوونكردنەوە بەڕواڵەتی و ناتەواو دەزانێت. پێیوایە لێكدژی هێمای كرانەوە و گەشەكردنە، ئەوە دەگێڕێتەوە، كە پێشهاتێك ڕوودەدات، شەپۆلەكانی ژیان لەدەرەوونەوە بە كاژی ئەزموونەكانی ڕابردو دەكەون، لێیدێنەدەر و كاژە كۆنەكە بە خەرمانی مێژوو، تاقیكردنەوەی لێكترازاو، پارچە پارچە دەكەون، كە كاریان تەواو بووە و پێویستە بە ئەرشیفی ڕابردوی مردو بسپێردرێن.

هەندێكجار ئەو وەرچەرخانە، بەوێنەی چالاكی نەتەوەیی ڕوودەدات و جاریوایە پاڵەوانانی وەك ئەسكەندەر، قەیسەر و ناپلیۆن دەردەكەون، ئەم بازدانانە لە كەسی خۆیاندا بەرجەستە دەكەن. بێگومان ئەو كەسانە زۆر شتییان وێرانكردووە و بێگومان هۆكاری زۆربەی ئێش و ئازارەكان بوون، بەڵام ئەو كارە، ئاكامی حەتمی هەرجۆرە پێشكەوتنێكە. تا بەریەككەوتن نەبێت، پێشكەوتن نابێت. كانتیش پێش هیگڵ، پێش ئەویش مەندەویل و ویكۆ، وایان وتبوو.

دەپرسین: ئەوقسەیە مانای چییە، کە مێژوو ڕەوتی عەقڵانییە؟ لەروانگەی هیگڵەوە، چەمکی عەقڵانی بوونی هەر ڕەوتێك، واتە بەناچاری تێگەیشتنییەتی. بەدەستەواژەیەکی دیکە، هێزێك بەئێوە دەڵێت ڕوودانی ئەو ڕەوتە ناچاری بووە و ناشێت هەرگیز ڕوویدابووایە، کە هیگڵ ناویدەنێت عەقڵ. بۆ ئەوەی بزانین هیگڵ لە پلەبەندی هزرەکانی خۆی چۆن بەم ئەنجامە گەیشتووە، نموونەیەك دێنینەوە. ئێمە چۆن فێری ڕاستییەکان دەبین - کە 2 کەڕەت دوو، یەکسانە بە 4 -؟ سەرەتا ڕووبەڕووی واقیعیەتێکی پەتیدەبینەوە. پێویستە قوتابی لەسەرەتادا خشتەی لێکدان ئەزبەر بکات، هێشتا نازانێت، بۆچی 2 کەڕەت 2 دەبێت یەکسان بێت بە 4. ئەوکارە لەسەر یادەوەری و مێشکییەتی، بڕیارێکی ناچارییە، کە ئەرکی سەرشانیەتی فێری بێت و بە یادەرەوەری بسپێرێت، بەڵام کاتێك فێری بنەمای بابەت و ڕێسای بیرکاری دەبێت، تێدەگات کە 2 کەڕەت 2 نەك یەکسانە بە 4، بەڵکو ناشێت هیچ بێت جگە لە 4. پاشان، پێویست ناکات توتیئاسا بیڵێتەوە، بەڵکو مەسەلەکە دەبێتە بەشێك لە شارەزایی سروشتی کەسەکە، لەکۆکردنەوە و لێکدان. بۆیە، هیگڵ پێیوایە، کاتێك مێژوو دەخوێنینەوە، دەگەینە ئاستی عەقڵانیەت، سەردەکەوینە قۆناغێکی تایبەتی وریاییەوە، تێدەگەین ڕووداوە مێژووییەکان بەشێوازێك ڕوویان نەداوە، کە دەبینین، بەڵکو دەبوو وا ڕوویدەن، نەك بە مانای هۆکارێتی میکانیکی، کە لەفیزیادا باسی دەکرێت، بەڵکو بەمانایەك، بەڵگەهێنانەوەیەکی بیرکاری، شوێن ڕێسای پتەو و وردبکەوین، یان سەمفۆنیایەك، کە ڕێسایەکی جێگیری تێدانییە، بەڵام دەتوانین بڵێین: هەر پارچەیەکی بەدوای پارچەکەی دیکەدا دێت، بەوتەی هیگڵ، پاشماوەی عەقڵانی، یان پارچەی پێشترە، بەشێوازێك کە دەڵێین قۆناغی پێشوو، ماناو لۆژیکی نییە مەگەر قۆناغی داهاتو تەواوی بکات، هەروەك بەدوای مۆدیلی فەرشێك بکەوین. کاتێك بەم ڕێگەیە فێری

بیرکاری یان میوزیك بین، له جیهانی بیرکاری، یان میوزیك، به ئازادی دێین و دەچین. مۆدیلەکەیان لەگەڵ شێوازی هزر، هەست و کارەکەمان دەبێت و هەستناکەین، له دەرەوەی ئێمه، یان بەسەرماندا سەپێنراوە، هەستناکەین یاسای ترسناك هەن، تەنگاومان دەکەن و بەشێك لەبوونمان، دەمانەوێت، ژیانمان نین و ناچارین لەگەڵییان هەڵبکەین.

هیگڵ پێیوایه، کەسەکه بەمشێوازە رووبەڕووی دنیای دەرەوە دەبێتەوە، که جیاوازی دەکات لەنێوان ویستی - واته نیاز و سیاسەت و ئامانجەکانی - ئەوەی لەدەرەوەیەتی: واتا شتەکان یان کەسانێك، که لەدەرەوەنی، رێگەی کرانەوەی تەواو ئازادانەی کەسایەتییەکەی دەبەستن، بەڵام هەرکه تێدەگات بۆچی هەموو شتێك بەشێوەی بوونیەتی - دەبێت وابێت - لەگەڵ تێگەیشتن لەو خاڵە، ئیدی ناتەوێت بارودۆخەکەی لێجیابێت. کاتێك فێردەبیت، که 2 کەڕەت 2 یەکسانه به 4، فێردەبیت بۆچی دەبێت یەکسان بێت به 4، ئیدی ناتەوێت بێجگە لەوەبێت. ناتەوێت ئەنجامی کەڕەت 5 بێت، ئەنجامی لێکدانی 2 کەڕەت 2 نەك تەنیا دەکاتە 4، بەڵکو دەتەوێت که 4 بێت، چونکه بۆتە بەشێك له مۆدیلی عەقڵی هزری تۆ. رێسای بیرکاری له رێسای گشتی بەڵگەهێنانەوە - بەمەش له شێوازی تێفکرین و کاری ئێوە - کێشکراو و یەکسان دەبن.

چەمکی کێشکردن، یان یەکسانبوون، گرنگی ژیاری فەلسەفەی هیگڵە. له زانست و به پێی هەستی باو، وای بۆدەچن، که یاسا واتا گشتاندنی رووداوەکان، بەڵام به پێی بۆچوونی هیگڵ، یاسا کۆی رێسا، مۆدێل و شێوازەکانه به هەمان مانا، که بیرکاری، یان لۆژیك، یان میوزیك، لەسەر بنەمای رێسا کاردەکات و پێشدەکەوێت. بۆچوونی یاسای گشتی، یان تێکڕایی شتێك، که ناتەوێت جگه لەوەی هەیه شتێکی دیکه بێت، واته بۆچوونی وەك رێسایەکە، که خۆی لەگەڵی یەك و یەکسان دەبینێت، میتۆدێکە، بێگومان بەوپێیه بیردەکەیەوە یان

بێگومان بە کاریدەهێنیت، نەك یاسای ئاسنین، کە ئاشکرابووە تا لەدەرەوەی تۆ کاربکات، یان کۆسپی خۆڵێنەدزراوە و نەشکاوە، کە بێهودە خۆی تێدەکوتێت. لەلایەکەی دیکەوە، ڕێساو میتۆدی پێداویستی بوونی بە کارهێنەرانی، یان بوونی کەسەکانە. تۆ ڕێسا بە کاردەهێنیت، یان بەگوێرەی ئەوان دەژیت. هەروەك، دنیا پەیڕەوی لە یاسا دەکات، بەڵام ئەگەر پێتوابێت، دنیا سەربە ڕێسایە، شتێکی ئەوتۆ لەو بۆچوونە دوورنابێت، کە لەراستیدا دنیا دراما، یان نمایشێکی گەورەیە و ئەکتەرەکان ئەو رۆڵانەی تێدادەبینن، کە پێیاندراوە. ئینجا، پێویستە شانۆنامەنوسیش هەبێت، ئەگەر بکرێت پێشبینی بکەیت، کە ئەکتەرەکان متمانەی شانۆنامەنوسییان بەدەستهێناوە و لە نیازی گەیشتون، ئەوکاتە کەموزۆر دەگەیتە بۆچوونی هیگڵ، کە کاری جیهان چۆنە.

بیروباوەڕێکی کۆنی ئایینی، یان ئەودیو سروشت بووە، کە هەرچەند یاساکان لەسەرەتاوە بە کۆسپ و بەربەستی زاڵ نەبوو بەسەریاندا، دێنەبەرچاو، بەڵام هەرکە لە مەبەست و ئامانجەکانییان بگەی، بە ئاسانی و ئازادانە سودییان لێوەردەگریت. کاتێك دەبیتە بیرکاری زان، لە پڕێکدا لەچوارچێوەی بیرکاری بیردەکەیتەوە، هەروەها دوای کێشکردنی ڕێسای ڕێزمان، ڕاست دەنوسیت، بێگوێدانە ئەوەی لەدەرەوە، کەلێنبەندی ترسناکی ڕێساو بڕیارگەلی ستەمکاریت بەسەردا سەپێنراوە. ئەگەر بتوانیت لەگەڵ سروشتیش وا خۆت ڕێکبخەیت و وریایانە و لێبڕاوانە خۆت لەگەڵی بەیەك و یەکسان ببینیت، کە یاسا سروشتییەکان هاوڕێکی ڕێساو مۆدیلەکانی بەڵگەهێنانەوە، ئیرادی و هەستی ئێوەبن، ڕوانگەیەکت لە دەروون دەستدەکەوێت، دەکرێت بوترێت لەگەڵ سروشت، ئامانج و نیازی، یەکتانگرتووە. ئەم یەکگرتنە لەگەڵ دنیا، بەردەوام بەشێوازێك گەمارۆی ئامانجی عارفان و حەکیمەکانی ئەودیو سروشتی داوە. هیگڵ زمان و دەربڕینی قورس، ئاڵۆز، نادیار و هەندێجار بەنرخ، لە

باسکردنی ئەو هزرەی بەکاری دەهێنا، ئەم پارادۆکسە لەوە ئەنجام دەگرێت، کە ئازادی واتە ملدان بۆ پێویستی، یان زۆرەملێیی.

یەکێك لە کۆنترین مەسەلەکان لە سیاسەتدا، ژیان، ئەودیو سروشت، ئەخلاق و هەرشتێکی دیکە، ئەگەر من سەربە جەبری هۆدار یان پێویستی هۆکارێتیم، دانایەکی رەها پێشبینی هەر جوڵەیەکم دەکات، کەوایە چۆن دەکرێت بوترێت ئازادم؟ گەر یەکێك هەیە دەتوانێت باسی هۆی هەرکارێکم لەرابردو، ئێستا، داهاتو بکات و ئاگای لەهەموو یاساکانی باڵادەست بەسەر کارەکانمەوە هەیە، کەوایە چ مانایەکی هەیە بڵێن: من دەتوانم هەموکارێك ئەنجام بدەم، کە بمەوێت؟ ئایا من توخمێکی یەکڕاست، بڕیار لەسەردراو بەپێویستی هۆکارێتی لەدنیای یەکپارچە نیم؟ هیگڵ پێیوابوو، کێشە هەمیشەیەکەی چارەسەر کردووە. جیهان بەبڕوای ئەو، وەك دیتمان، هەندێکجار هێواش کەڵەکەبوو، جاروبار بە تەقینەوە، گەشە دەکات و کامڵ دەبێت. ئەو هێزانەی بزاوتێك لەناکۆکییان سەروەدەردەنێت، بەرکەوتەیان، بازدانی تەقینەوەیی قۆناغی داهاتووە، هەندێکجار بۆ دامـەزراوەی وەك ئایین، دەوڵـەت، کولتورەکان و سیستمی یاسایی دەگۆڕێن، جاروبارەش لە فۆڕمی تاکەکان، گروپەکان، حزبەکان و پەیوەندی کەسیدا دەردەکەون، کە هەمان جوڵەی دیالێکتیکییە، بەڵام ئەگەر توانیم لەم کارە بگەم، چۆن دەگونجێت دژایەتی بکەم. ئەگەر هونەر یان زانستێك، وەك لۆژیك، یان میوزیك، یان بیرکاری تێبگەم، چۆن دەشێت خوازیاری شتێکبم دژیەتی؟ تێگەیشتن، نەك بە مانای قبوڵکردن، بەڵکو داواکردنی شتێکە، تێی بگەین، چونکە ئەوەی تێی بگەین، بەشێك دەبێت لەو کەسە، کە تێیگەیشتووە و بۆ بەشێك لە ئامانج، مەبەست و رەوتی کامڵبوونی بەرەو ئامانج دەگۆڕێت. ئەوکارە گریمانەی ئەزموونی یان تیۆری زانستی نییە. مۆدێلی هیگڵی دیتن، یان روانگەی ئەودیو سروشتی، ئاست و سنوری بۆنییە،

کە هیچ واقیعیەتێك ناتوانێت پوچەڵی بکاتەوە، هەموو تێز، یان ئەنتی تێزێك تێیدا جێیدەبێتەوە. دەتوانی جێی هەموو شتێکی تێدابکەیتەوە و هیچ شتێك ناسڕێتەوە، چونکە هەر رووداو، کەسێك و توخمێك لە جیهاندا لەگەڵ هەر رووداو، هەر کەسێك و توخمێك، یان تەبایە، یان ناتەبایە - لە هەریەك لەم دوو کەلێنە، یان بە هۆی هەماهەنگی،، یان بە بەڵگەی ناهەماهەنگی، لەمۆدێلی هیگڵدا جێیدەبێتەوە. ناشێت هیچ بەڵگەیەك لەسەر پوچەڵکردنەوەی رایەکی وەها هەبێت، چونکە هەرشتێك، کە هەندێکجار دژی ئەو بێتەبەرچاو، دووبارە یەکێك لەتوخمەکانی لێکدژ لەناویدا، کێشدەکرێت.3 تیۆری داروین، یان نیوتن عەقڵانییە، چونکە، بەپێچەوانەی دیالێکتیك، دەتوانێت تاقیبکاتەوە و پێشبینیبکات، کە بەڵگەیەکی زۆر بۆ رەتکردنەوەی هەبێت، بەڵام مۆدێلی هیگڵ، هیچ جۆرە روونکردنەوەیەکی زانستی، یان عەقڵی بەدەستەوە نادات و چوارچێوەیەکە بۆ تێکڕای کارەکان.

با بزانین ئەم روانگە، یان دیتنەی ئەودیو سروشـت، چ دەخاتەسەر ئازادی مرۆڤ. هیگڵ لەم بارەیەوە زۆر سەرکەوتووانە دەدوێت. چما ئازادی هەرئەوە نییە دەمەوێت بیکەم، بەدەستی بێنم، بگەم بەوەی لەژیانمدا بەدوایدا دەگەڕێم؟ بەمەرجێك ئەو کارە شیاوە، کە بە پێچەوانەی یاسای باڵادەست بە سەر جیهاندا، کارنەکەم. ئەگەر بە روویاندا بوەستمەوە، بێگومان شکستدەخۆم. یەکەم، بنەمای عەقڵانیەت ئەوەیە، کە مەوێت ببمە شتێك. بە پێچەوانەی عەقڵانیەتە، کە مەوێت لەناوبچم، یان خۆزگەی بارودۆخێك بخوازم، ویست و ئارەزو و ئامانجی تێدانییە. ئەگەر مەوێت ببمە بیرکاریزان، پێشێلکردنی مەبەستە بەوشێوەیە رەفتاربکەم، گوایە 2 جاران 2 یەکسان نییە بە 4. ئەگەر مەوێت فڕۆکە دروستبکەم، کارێکی خۆکوژییە، کە بە گژ یاسای ئایرۆدینامایکدا بچمەوە و سەرپێچی بکەم. گەر مەوێت کاریگەرێتیم بەسەر

مێژووەوە هەبێت، پێویست ناکات سەرپێچی لەیاساکانی باڵادەست بەسەر مرۆڤ و دامەزراوەکان بکەم. ئەم سەرپێچی نەکردنە، یان نەوەستانەوە جگە لە بێدەنگی و رادەستبوون، گەرچی دەمەوێت ئازادبم، دەچمە ژێرباری. تێگەیشتن لەوەی بۆچی ناشێت شتەکان جگە لەوەبن، کە هەن، واتا نامەوێت شتێکی دیکەبن، چونکە تێگەیشتن لەهەرشتێك، تێگەیشتنە لە بەڵگەکانیەتی. ئەگەر بمەوێت شتەکان جگەلەوە بن، کە عاقڵن، بێگومان شێتم. لەروانگەی هیگڵەوە، ویستنی دنیا شتێکی دیکەبێت لەوەی هەیە، وەك داوا بکەیت 2 جاران 2، یەکسان بێت بە 17. ئەگەر یاساکانی مێژووش وەك یاساکانی بیرکاری پەلکێشی جەوهەری هزرم بکرێن، هاوکات بمەوێت ئەو یاسایانە شتێکی دیکە بن، کە هەن، وەك بمەوێت بۆخۆم چۆنم جیاوازبم، یان کە بە رێنمایی رێسا کاردەکەم، ئەو رێسایەم نەبێت، یان هەم بیربکەمەوە و هەم بیرنەکەمەوە. ئەگەر لەشکسپیر دەگەیت، ناتوانی هاوکات بتەوێت هاملێت وەك فالستاڤ بێت، چونکە ئەو داوایە واتە تێنەگەیشتن لەنیازی شکسپیر، تێناگەیت شکسپیر بۆچی هاملێتی بەمشێوەیە و فالستاڤی وەها خوڵقاندووە. کەسێك بیەوێت شارلمانی {814 – 742ز.} دوای لویی چواردەیەم {1715 – 1638ز,} بێت، وابزانێت هیچ کێشەیەك نەبووە، کە کرامۆڵ {1658 – 1599ز.} لە سەدەی نۆزدەیەم بژیت و بسمارك لە سەدەی حەڤدەیەم، نەیوانیووە تێبگات، کە جیهان چۆن درووستبووە. یەکێك خوازیاری لێکدژی بێت، لە عەقڵ دوورە. بۆیە، بەردەوام دەبێت بمەوێت ئەو کەسەبم، کە هەرچۆنێك بێت ناچارم ببم، کەسێك ئازادە، ئەو شتەی هەیە، دەیەوێت. ئازادی رەها واتا بەرەوپێشچونی هەموو شتێك بە ویستی تۆ و هیچ ئاستەنگێك نەبێت، بەڵام تەنیا روحی رەها، واتە هەموو ئەو تانەی هەن و تێکڕای بوونەوەرەکان، تەواو ئازادن. تێکڕای جیهان بەڕەهایی ئازادە، ئێمە ئەوەندە ئازادین، خۆمان لەگەڵ بنەما

عەقڵانییەکانی جیهان، یەکگرتوو ببینین. بیرکاریزانی ئازاد ئەو کەسەیە، هزری بیرکاری هەبێت، کەسێك لە مێژوودا ئازادە، بێگومان بە پێی یاسای عەقڵانی، باڵادەست بەسەر ژیانی تاکەکانی مرۆڤ و مێژوودا سەربکەوێت. کەسێك دڵخۆش و بەختەوەر و ئازادە، بزانێت لەکوێیە، لە چ کاتێکدایە و بەوپێیە کاربکات. ئەگەر کار نەکەی و کارا نەبیت، بەسەر تۆدا کاردەکەن و هەڵڕسکاو دەبیت، دەبیتە هەویری مێژوو، بە وتەی سینیکا دەبیتە کۆیلە، کە خواکان چارەنوست بەملاولادا دەبەن، نەك فرەزانایەك ڕێنمایی چارەنوس بکات. لە هیگڵدا، لەچاوی سەرکەوتوانەوە لە مێژوو دەڕوانین، بێگومان نەك لەچاوی ژێرکەوتوان. بەجۆرێك مێژوو دەبینین، کەسانێك بەو مانایە، توانییان تێبگەن، مێژوویان دیتووە. ڕۆمەکان فاتح و سەرکەوتووبوون، سەرکەوتن بەومانایەیە، کە مێژوو بزەتان بۆدەکات و بەئاڕاستەی مەلەدەکەیت. ڕەنگە کاپادۆکیاکان4، کە بەدەستی ڕۆمەکان تێکشکان، زۆرجیاواز بیردەکەنەوە و تێگەیشتنی جیاوازییان بۆ دنیا هەبوو، بەڵام ئەگەر بەڕاستی تێی گەیشتبان، نەدەشکان، چونکە تێکشکان، کەوایە دەبێت دروست لە دنیا نەگەیشتبن.

بەمەش ڕاست تێگەیشتن لەشتەکان، سەرکەوتن، مانەوە، واقیعیبوون بەمانای جێسەرنجی هیگڵ، هەمووی یەکە. بێگومان، مێژوو لە ڕوانگەی هەر مرۆڤێکەوە پڕ لە تاوانکاری و تراژیدییەکانە. ئەوەیە ڕێگەی دیالێکتیك و بەس. بە وتەی هیگڵ، مێژوو ڕەوتی بەردەوام و هێمن نییە، دەشتی سێبوری بەخش و بە پێی وازانینی ڕۆسۆ، قوڵپەقوڵپی جۆگەلەکانی سروشت نییە - ڕوانگەیەکی وەها زۆر لەحەقیقەت دوورە. مێژوو، بە پێی نوسینی هیگڵ، جبەخانەیەکە، کە بەختەوەری خەڵك و حیکمەتی دەوڵەتان و فەزیلەتی تاکەکان بۆ قوربانیکردن هێناویانەتە ئەوێ، مێژوو پانتایی شادمانی نییە، قۆناغە خۆشەکانی، لاپەڕە سپی و نەنوسراوەکانن. مێژوو چۆن دروستدەکرێت؟ بەدەست ژمارەیەکی بە قەدەرا

پەنجەکانی دەست و مرۆڤەکانی، کە باڵاترین بوونەوەری عەقڵانین -، بەڵام نەك بە پێی ویست و ئارەزوەکانییان.

ئەوانە پاڵەوانە گەورەکانی مێژوون، کە لەخاڵەکانی لوتکە و ساتەکانی سەنتێز دەردەکـــەون. رەنگە لەم وەهــا زانینە دابــن، کە بــەدوا ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەون. {یۆلیۆس} قەیسەر و ئەسکەندەر، پیاوانی چاو لەبەرەو ژووربوون و بەرزترین ئارەزویان، زیادکردنی دەسەڵات و سام و شکۆی خۆیان، یان زاڵبوون بە سەر دژوومنان بوو، بەڵام مێژوو لەئەوان زاناترە، نیوەئاگا وەك شەڕی ئامرازەکانی خۆی، سودوەردەگرێت. هیگڵ وەك فێڵی عەقڵ، باسی ئەو کارە دەکات، دەڵێت مێژوو، هەڵچونەکان {یان هەست و ورووژانەکان} بۆ خزمەتی خۆی بە کاردەهێنێت، بەڵام ئەوەی بوونی بە هۆی ئەو راچڵانانە پێشدەخات، تاواندەکات و زیانی بەردەکەوێت. بە کورتی، عەقڵی بێ ئاست و سنور، یەکتاو هەمەگیر، بەوتەی هیگڵ، رۆحێك هەیە، رووداواکان گەشەی پێدەدەن. چونکە جگە لە رۆح هیچ شتێکی دیکە بوونی نییە. هاوکات ئەم گەشەکردنە خۆ – گەشەکردنە، چونکە هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت گەشەی پێبکات. ئەگەر بتوانین تێبیگەین، بە رەزامەندی و ئارەز و دەبینە ئامڕازی کاری ئەو. ئەگەر نەتوانین تێبیگەین، لەگەڵیدا دەجەنگین و کارمان تەواوە.

روو وەرگـێـڕان لــەوەی مایەی هۆکارێتی ئەقڵییە و وەستانەوە لە بەرامبەری، شێتییەکی خۆکوژی و ترۆپکی گەمژەیی و جۆرێك ناکامڵی و ناپێگەیشتنە. زەینی بوون، توندترین سوکایەتی پێکردنە، کە لای هیگڵ، بتوانی بە شەخسەنەی بکەی. کێ گوێی لەوەیە، فڵان خوێندکار چۆن بیر لە تیۆری ئەقلیدس، ئامۆژگاریەکانی نیوتن و ئەنیشتاین، دەکاتەوە؟ بێزاری لە دنیا، سوکایەتی پێکردنی، بەگژداچوونەوەی، دنیای بە پێی سروشتی خۆیان نەدۆزیەوە، سکاڵاکردن لێی، بڵێی واقیعیەتەکان هەموویان لەدژی تۆیە،

نائومێدی لەم راگوزەرە، خوێناوی بوون لە تێراچونی چقڵەکانی ژیان - بە بڕوای هیگڵ هەمویان، بەڵگەودەلیلی بێنرخی، نابینایی، تێنەگەیشتن، گەمژەیی، سەرئەنجام رەزیلی و پەستییە.

دەمەوێت ئەم بابەتە کەمێك روونتربکەمەوە. هیگڵ باوەڕیوایە، تێگەیشتن لەمێژوو، تێگەیشتنە لەماهیەتی کار بە گشتی، کە خۆی لەخۆیدا، واتە جۆرێك خۆیەکسان دیتنی وشیارانەیە، لەگەڵ مۆدێلی ئەوان. بەمەش ئازادبوون و عەقڵانیبوون یەکە، عەقڵانی بوون واتە تێگەیشتنە، تێگەیشتن یەکسانە بە کێشکردن {هەرشتێك} لەبوونی خۆیدا. ئازادنەبوون واتە رووبەڕوو بوونەوەی بەربەستە دەرەکییەکان. کاتێك بەسەر کۆسپێکدا زاڵدەبیت، تۆ دەبیتە کۆسپی، هەروەك ئەگەر قەدەغەکرابیت بچییە ناوملْکێکەوە، کاتێك بیکڕیت، یان زەوتی بکەیت، دەبیتە خاوەنی ملْکەکە و لێتقەدەغە نییە بچیە ناوی و ئازادی.

هیگڵ پێیوایە هاندان، یان بە توندی ئیدانەکردنی رەوتی بێ ئاست و سنورێك، کە دەبێت هەموشتێك لەسەر بنچینەکەی لێکبدرێتەوە، بێماناو گەمژانەیە. ئاگاداربوون لەتێکڕای رەوتی بابەتی مێژوو، پاشان تاریفکردنی هەندێك لەبەشەکانی وەك جێپەسندمانە، بەتوندی ئیدانەکردنی هەندێك لەبەشەکانی دیکەی وەك، بێویژدانی، نادادپەروەری، زێدەڕۆیی و هەڵە خەرجییە، جگە لە رۆچوونەناو هەوەس و ئارەزوی زەینییەوە، هیچ مانایەکی نییە، ئەوە بۆخۆی یەکسانە بە لاوازی لە سەرووتر و سەرووترکەوتن، بەوتەی هیگڵ، کۆمەڵگەی مەدەنییە، کە لەداوا ئابوریەکانی خەڵك، واتا ئارەزوە تایبەتییەکانیان بۆ درەوشانەوە، سامان، خۆشگوزەرانی و ژیان خۆشی، بەسەرچوون، بیرمەندانی رواڵەتبینی وەك لۆك لەو ئاستەدا ماونەتەوە. دیتنی ئاوەژوبوونەوەی دۆخی مرۆڤ و پاشان ئیدانەکردنی، چونکە ستەم و دڵڕەقی بەرامبەر بێ تاوانان، بەڕەوا دەبینێت، لەڕوانگەی هیگڵەوە، لەدڵەوە ساویلکانە و دزێوە، وەك

ژماره 3 بە توندی ئیدانە بکەی، چونکە گوایە ریشەی دووەم، یان رەگی ئەو ژمارەیە نییە. کێ دەیەوێت بزانێت فلانکەس، چۆن بیر لەرووداوە ترسناکەکانی دنیا دەکاتەوە؟ ناخۆشحاڵییەکان، واقیعیەتی رووداوی پەیوەست بە هەستە تێپەڕەکانی تاکیین. کەسێك لە گەورەییدا توانای خۆی بە راستی دەردەخات، خۆی بگەیەنێتە ئاستی و تێبگات، کە کارێکی گەورە و چارەنوسساز روودەدات، کە هەندێکجار مرۆڤ دەگاتە ئاستێکی نوێ، کە خۆی لەخۆیدا چاوخشاندنەوە بە واقیعیەتەکان و سیستمی بەهایی وەردەچەرخێنێت، هەستی بۆنکردنی بۆ تێگەیشتن لەو پێگە مێژووییە هەبێت.

لە هیگڵدا، جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان کاری زەینی، کەسی، قازانجخوازانە، تایبەتی چینی مام ناوەند و تاکخوازانە لە لایەك، کە هەرچەند رەنگە قۆناغی پێویستی کامڵبوونی مرۆڤ بێت، بەڵام بێگومان، پێیوایە، تابەرایی سەدەی نۆزدەیەم هەڵوەشابۆوە، لە لایەکەی دیکەوە، کاری بابەتی، عەقڵانی، بەهێز، جەبری، یەکلا کەرەوە و بەڵگەدار، ئەو وتەنی، کاری جیهان مێژوویی. ئەم جیاوازیە لەسەرانسەری بەرهەمەکانیدا دەبینرێت. هیگڵ شەیدای کەڵەپیاوییە، کە کۆمەڵگە بونیاد دەنێت، یان خاپوری دەکات، مێژوو توانای زاڵبوون و بەرگری نەکراوی خۆی تێدا کورتدەکاتەوە، کە هاوکات هەم هۆکار و هەم ئامانجی رەوتی بێئامانی مێژووە. ئەوجۆرە پرسیارانە، کە ئەو کەڵەپیاوە بەشان و شەوکەتە، ئایا باش و بە نرخ و گرنگە و دادپەروەرە یان نا، لەڕوانگەی هیگڵەوە، بێمانا و بێ بایەخ و تەسکبینانەیە. چونکە ئەو خەسڵەتە پێویستی بە بوونی بەهاکانە، کە لەگەڵ گۆڕانەکان دێنەئارا یان هەڵدەوەشێنەوە، کە کەڵەپیاو، هۆکاری گرنگی هاتنەئارایانە. بە بڕوای هیگڵ، مەسەلەی دادپەروەری، یان نادادپەروەری پیاوێکی وەها، پەیوەندی بە سیستمی تایبەتی بەهاکان، بازنەی تایبەتی کار و کردەوە، ساتی تایبەتی مێژوو، هەر کاتێکی دیاریکراوەوە هەیە.

کەڵەپیاوانی رابردو، بۆخۆیان زادەی ئەو بەهایانەن. زۆرجار شایەتحاڵانی نەوەیەك، دەبنە یاسادانەرانی نەوەی داهاتو. بەمەش قسەکردن لەوەی فڵان شت خراپ و ماڵوێرانییە، ناهەق، ترسناك و تورەکەرە، وەکو بڵێی لەقۆناغێکدا ئەو شتە وەسفکراوە، بەو وەسفکردنە، پرۆسەی گـەورەی عەقڵانیەت پێیگەیشتووە، بەڵام بە وەرچەرخانی خودی ئەم پرۆسەیە، بە هۆی هەنگاوی بێبرانەوەی پاڵەوانێك، شۆرشەوە، شەرەوە، بە سەرهەڵدانی پاڵەوانێکی زۆر گەورە، کە تێروانین و کاری مرۆڤ بگۆرێت، بەهاکانی سەردەمی رابردو خۆی لەخۆیدا هەڵدەوەشێنەوە و ئەوەی لەنەوەیەکدا، خراپ و قێزەون دەنوێنێت، لەنەوەی داهاتو، نزیکەی سەروەر دێنەبەرچاو. بۆیە، دەبێت پەلە نەکەین، چونکە ئەوەی مێژوو لەداهاتودا دەستەبەری بکات، بەهای دەبێت. ئەگەر بەهات بوێت واقیعی بێت، دەبێت بابەتی بێت، بابەتی، جیهان – واتە عەقڵ، مۆدێلی جیهانی- ویستویەتی، هەمانشتە، کە لە قۆناغی خۆرانەگری داهاتوو کامڵبوون، یان گەشەیانکردووە، یان کرانەوەی لەسەرخۆ، یان رەوتی حەتمی – یان هیگڵ وتەنی، رەوتی خوا لەدنیادا، کە لای ئەو یەکسانە بە هەنگاوی دەوڵەت – مۆدێلی جیهانی، یان عەقڵ دێنێتە مەیدان.

مۆدێل لەتاك گرنگترە، چونکە لەبنچینەدا تاك چییە؟ تاك بۆخۆی هەرهێندە شایانی تێگەیشتنە، کە رەنگێك، دەنگێك بە تەنیا، وشەیەك لەدەرەوەی رستەیەك، کە وشەکە بەشێکە لێی. وشەکان لە رستەدا مانایان دەبێت، رەنگەکان و دەنگەکانیش، چ لە سروشت و چ لەبەرهەمە هونەریەکان، کاتێك مانایان دەبێت، کە لەدەقێکدا دەستەبەربوون، ببینرێن، یان ببیسترێن. کەوایە بۆچی دەبێت مەسەلەکە، لەبارەی مرۆڤەکان جیاواز بێت؟ هیچ یاسایەك نییە، بەتەنیا کەسێك بگرێتەوە. من ئەو شتەم کە هەم، چونکە لە دەقی کۆمەڵایەتیدا، لە کات و شوێنی تایبەتیدام. بە کەڵەکەیەك لەبەشی هاورەگەزەکانم، بە ئەندامانی خێزانەکەم، بە شارەکەم، بە

نەژادم، بە ئایین و مەزهەبم، بە وڵاتم، بە زیندو، مردو و ئامادە نەبووان لکاوم. وەك جۆرێك خاڵە هەستیار و گرفت سازەکانی کارێك، یان بابەتێك، یان ئەنجومەنی پەیوەندی بەشە لەشومار نەهاتووەکانم. من و هەرکەسێك کە پێکەوە لە گروپەکانی پێوەند دورتر و نزیکتر - یان، بە وتەی بێرك، لە کۆمەڵگەی گەورەی زیندووەکان و رۆیشتووەکان - مۆدێل پێکبهێنین، بە کورتی وەك ناوەندێکین، کە بەشە لە شومار نەهاتوەکامنان تێدا کۆدەبنەوە و وەك تیشکەکانی بازنەیەك لە ئێمەوە پەخش دەن. بۆ تێگەیشتن لە هەرکەسێك، دەبێت لەناوەند، دۆستان، پەیوەندی، ژێردەست و باڵادەستان تێبگەیت، دەبێت تێبگەی چ دەکات و لە راگوزەری چ شتێك و چ کەسێك، چی بەسەردا تێدەپەڕێت. ئەوکارە نەك لەم رووەوە پێویستە، کە ئاشکرای دەکات کێییە، بەڵکو بەم ئاڕاستەیە پێویستە، کە بە مانای راستەقینەی وشە نییە، مەگەر وەك بەشێك لە تێکڕای ئەو مۆدێلە، هەروەك دەنگێکیش بە تەنیا نییە، مەگەر بە تێگەیشتنێکی تەواو شیاوی چاوپۆشی، وەك رووداوێکی فیزیکی پەتی، ئێستا لە بەشێکی تایبەت، لە ئاوازێکی تایبەت، کە بە سازی تایبەتی و لە دەقێکی تایبەت بژەنرێت. هیگڵ چەند ئەنجامگیریەك لەم مەسەلەیە دەکات. یەك، ئەنجامگیریەکی بەناوبانگی، تاك لەتوخمی دەرهەستەیی مۆدێلی (بەڵگەدار) کۆمەڵایەتی، کەم دەکاتەوە، دوو، رەتی کەسانێك دەداتەوە کە دەڵێن ئەمچەشنە مۆدێلانە جگە لەڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پەتی شتێك نین و دەوڵەت، یاسا و هۆکارە دەستکردەکانن، کە بۆ ئاسودەیی تاکەکان بەرنامەڕێژیکراون، سێیەم سوربوون و جەختکردنەوەی، کە تاکەکان وەك توخمەکان، یان بەشەکانی تۆڕی دەوڵەت و یاساکان، بتەوێت و نەتەوێت، بەجۆرێکی ئۆرگانیك و زیندو تێیدا یەکدەگرن. ستایشێك لێرەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هیگڵ دەیبەخشێتە دەسەڵات و تواناو شکۆی دەوڵەت، لەبەرامبەر هەوەس و ئارەزوەکان، یان ئارەزوی هاوڵاتییان، یان شوێنکەوتەی.

بێگومان، رای یاساناسانی هاوسەردەمی هیگڵ، کە بە سەرچاوەی مێژوویی یاساکان رازیبوون، لەزۆرلاوە عەقڵ پەسندبوو. دەیانوت دامەزراوە یاساییەکان بەفەرمانی سەرکێشانەی پاشاکان، یان ئەنجومەنەکان دانەمەزراون و هۆکارێك نین، بە سەرنجدان بە بەسودی ئەوان و بۆ دابینکردنی فلان قازانجی فلانکەس، یان چین داهێنرابن، بەڵکو پێویستە لایەنێکی لە گەشەی لەپڕێکدا، یان نیوە وشیاری کۆمەڵگە و دەربڕی تێڕوانینی بۆ ژیان، هزرەکان، ویستەکان، ئایدیال، ترس، ئومێدەکان، باوەڕەکان و پەیوەندی نیوە دەربــڕدراوی ئەژماربکرێن، هەم دامەزراوە و هەم جەوهەری ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك هەیە و ئەوەی وادەزانێت هەیە، بزانرێن، بەڵام سەرئەنجام ئەم سەرنجانە لە هیگڵ دا پەلکێشی زێدەڕۆیی کرا و بۆ سیستمی ئەفسانەیەکی شوم و بەدخوڵق گۆڕا، کە رێگەدەدات تاکەکان بێسنوور ببنەقوربانی کێشەکانی دەوڵەت، یان نەریت، یان ئیرادە، یان چارەنوسی میللەت، یان نەژاد، سەرباری هیگڵ ئەبستراکتی وای «مەلموس» دەناساند. هەرچیەك بێت، نابێت لەبیرمان بچێت، کە دنیا لە شمەکەکان و کەسەکان پێکهاتووە و بەس. کۆمەڵگە، یان دەوڵەت، نە هیچە و نە کەس، شێوەیەکە، شتەکان و کەسەکان بەوپێیە رێکخراون، یان بڕیارە رێکبخرێن، مۆدێلە کۆمەڵایەتییەکان نە قبوڵ و سەلیقەیان هەیە، نە ئیرادە، نە داواکاری، نە چارەنوس و نە بژاردەیەك، بەڵام هیگڵ وا باسیدەکات، کە گوایە مۆدێلی جۆری وڵاتان، یان مەزهەبەکان، یان کەسەکان، یان شتەکان راستەقینەترن، گوایە شەقامەکان خانوەکان ناهێننەئاراوە، بەڵکو، وەك ئەو چیرۆکە بە ناوبانگەی هانس کریستیان ئەندرسن، شەقامەکانن، کە ماڵەکان دیێننەئاراوە.

دەوڵەت لەسەرووی هەموو مۆدێلەکانەوەیە. باڵاترین مۆدێلە، چونکە وەك ئەڵقەی پەیوەندی ئاسنینی فیشتە، هەموو مۆدێلەکان بەیەکەوە گرێدەدات و

یەکپارچەیان دەکات، دەوڵەت مرۆڤایەتییە، بە کورتی، لەئاستی باڵای وشیاری، ئەگەر سیستم و دیسپلین قبوڵبکەین، کە دنیا بەڕێگەیەکدا ڕێدەکات، دەبێت قبوڵمان بێت، کە ڕێگەیەکی شیاوە، قبوڵمانبێت، مۆدێلێکی خاوەن سیستمە و لەهەموو شتەکان ڕێکوپێکترە. هەرکەسێك دژی بوەستێتەوە، بڕیاری مردنی بەسەردا دراوە. بە هەق، چونکە مێژوو هەموو هەقێك بەرزی دەکاتەوە و بەرەوپێشی دەبات و هەرچی ناهەقە ڕەتیدەکاتەوە. تاکە سەرچاوەی هەق، ڕەوتی واقیعیەتە، نە داوەری تاك، نە هیچ کۆمەڵە یاسایەکی تایبەتی، نە هیچ کۆمەڵە بنەمایەکی ئاکاری، بەڵکو بڕیاری سەرپێچی لێنەکراو و داوای مێژوویی. هیگڵ بەردەوام باسدەکات، داوای مێژوو چییە و مێژوو چ شتێك ئیدانە دەکات؛ شێوازی قسەکردنی ئەمڕۆشمان، کە دەڵێین فلان میللەت، یان فلانکەس چۆن تاوانبارە بەبڕیاری مێژوو، گۆشەیەکە لەهەمان واقیعگەرایی هیگڵی؛ وێنای زەینی دەسەڵات و پەرستنی دەسەڵات و جولان بە ئاڕاستەی زۆر، بەهۆی نەفسی زۆرەوەیە. بە بڕوای هیگڵ، ئەو زۆرە، پڕۆسەیەکی خواییە، کە هەرچی پێویستە وردی بکات، تەفروتونای دەکات، هەرچی کاتی زاڵبوونی هاتبێت، دەیباتە سەر تەخت - هیگڵ پێیوایە ئەو کارە، جەوهەری پڕۆسەکەیە. پاڵەوانانی کارلایل و زەبەلاحی پیاوی نیچە و ڕاپەڕینەکانی دەسەڵاتپەرستی مارکسیزم و فاشیزم، هەریەکە بەشێوازی تایبەتی خۆی، ئەخلاق بە بەرهەمی سەرکەوتن لە مێژوودا دەزانن،5 هەموویان لەو سەرچاوەیەوە سەرهەڵدەدەن. لێرەوە دژکارییەك سەرچاوەدەگرێت، کە هیگڵ هەمیشە لە نێوان گەورەپیاوان و مرۆڤی ئاسایی دروستیدەکات، لەنێوان شەڕڤانانێك، کە بە تەشوێکاری ڕێگەی خۆیان دەکەنەوە و مرۆڤ بەپلەی بەرزتر و نوێ دەگەیەنن، بوونەوەری مرۆڤایەتی مێرووولەئاسا، ئەرکەکانیان ئەنجامدەدەن بێ ئەوەی بپرسن، ئایا بردنی بارێکی وەها پێویستە؟ ئەو هزرە لەجیاوازی ئێمە، هەروەك خۆمان دەڵێین، لەنێوان

واقیعگەرایی و ناواقیعگەرایی، هەر زیندووە. واقیعخوازانە، زۆرجار بەمانای ناخۆش و بێویژدانانەیە و خۆنەدزینەوە لەوەی زیاتر بە پێچەوانەوەی ئەخلاق دادەنرێت، نەچووە ژێرکاریگەری تێبینی نەرمی سۆزداری و ئەخلاقی.

هیگڵ بەوپەڕی دڵنیاییەوە، باسی پێویستی هەنگاوی ناخۆشییەك دەكات، كە زۆرجار مامۆستایانی دوڕوو، گۆشەگیری ئەخلاقفرۆش ئیدانەی دەكەن. دەڵێت: گانگرین، بەگوڵاو چارەسەر ناكرێت. پێشكەوتن دەرئەنجامی كاری پاڵەوانانە، كە لە پێگەی بەرزتر لە ئەخلاقی هاوپەیمانی و كۆندا وەستاون، چونكە بەرجەستەكردنی رۆحی مرۆڤە، بە بەرزترین پلە، لە پێگەیەكی وەها بەرز و لەسەر لوتكەیەكی وا بەرز، مرۆڤ ئاسایی ناتوانن ئەوە دیاری بكەن، بەو پێگە بەرزەدا دەڕوات. هیگڵ دەڵێت: پاڵەوانان نەك لەپەراوێزی نەریتەكانی هێمن و پیرۆزی كاتی تێپەڕیو ... بەڵكو لەسەرچاوەیەكی ناوەڕۆك پەنهان،... لە رۆحی دەروونی پەنهان، تێرئاو دەبن. بەمەش سەروەری ئاسایی، لێرەدا راست نین. جارێك هیگڵ لەبارەی پاڵەوانەكانی دەورووژێت و خەم دەخوات، كە ئەسكەندەر بە لاوی مرد، یۆلیۆسی قەیسەر كوژراو ناپلیۆن بۆ دوورگەی سنت هۆڵن، دوورخرایەوە. هەندێكجار لە توڕەییان و بێبەزەییانەی دەلەرزێت. ئەوەی بە پاڵەوانانی دەڵێت، بە نەتەوەكانیشی دەڵێت. نەتەوەكانیش ئەركی قورس جێبەجێدەكەن، كە مێژوو خستوونییە سەرشانی، مێژوو هەركە كاری پێیان نەما، رەتییان دەكاتەوە. نەتەوەكان ئەو كۆمەڵگەئاسایەن، كە هەندێكجار پرۆسەی گەورەی مێژوو، دەیانپۆشێت و جاریوایە دایاندەكەنێت و چۆنی بووێت بەدەورووبەریدا پەرتوبڵاویان دەكات. هەر نەتەوەیەك، دوای فڕكردنی جامی تاڵی مێژوو، كە بەتینوێتی نەشكان، لەحەسرەتیدا بەسەردەبات، بەئامانجەكەی دەگات و دەمرێت. هەروەك نەتەوەیەك دوای رۆڵگێڕانی، پێ لەسەر زیندوبوون دابگرێت، لەڕووی سیاسییەوە، نشوست، بێزاركەر و وەزاڵەهێن دەبێت.

مێژوو ڕەوتی بابەتی گەورە و کەفوکوڵ هێنە، هەرکەسێك پەیڕەوی نەکات، دەیسڕێتەوە و لەناویدەبات، بەڵام ئێمە بۆچی دەبێت قەڵەمی لێبووردن و چاو لەم بێویژدانیە بپۆشین؟ بۆچی پێویستە پاکی ڕوودانی شتێك، خۆی لەخۆیدا پاساوی بۆبێنێتەوە، دوژمنایەتییمان هەیە؟ ئایا ئێمە ئەوەندە دژی دۆڕاوەکان، قوربانیەکانی مێژوو، دۆنکیشۆتین؟ ئەوەندە لەگەڵ کەسانێك، کە لەژێر چەرخەکانی پێشکەوتن دەپلیشێنەوە؟ ئایا پێمانوایە خراپەی سروشت بووە، کە دۆنکیشۆت ڕەخنەی لە سواوی، بێنرخی، بێئەخلاقی، پەستی کاروباری واقیعی هەبوو، گەرچی لەنەزانییەوە، دەکۆشا ئایدیالی کراوەتر بێنێتەئارا؟ هیگڵ نایەوێت بێدەنگ، ئەم مەسەلەیە تێپەڕێنێت. لەڕوانگەیەوە، ئەو خەونەی شەهیدان لەسەریاندا پەروەردەیان دەکرد، نە تەنیا کاریگەر، نە خاو، نە لۆمەکردن بوو، بەڵکو نیشانەی شەڕانگێزی و ڕەزیلی بوو. تاکە شتێك، کە دەکرێت ناوی شەڕ و خراپەی لێبنێیت، وەستانەوەیە لەبەرامبەر پرۆسەی جیهانیی، چونکە ئەو پرۆسەیە، لە زاراوەی هیگڵ دا، وێناو بەرجەستەبوونی عەقڵە، دژایەتیکردنی، پێچەوانەی ئەخلاقە. بۆیە هیگڵ، لەو کەسانەی سەرنجییان لەسەر قازانجی هەموو شتێکە، سەربە هەستە ڕواڵەتییەکان، هاوڕێیان و چاکەکارانی بیربڵاو، خەڵکانێك، کە دەیانەوێت خەڵك دڵخۆش، بەختەوەرتر بن، لەدیتنی تراژیدیای زۆر، شۆڕشەکان، ژوورەکانی گاز، ئازار و نەخۆشی ترس ورووژێنەری مرۆڤ، دەستی پەکو تێکهەڵدەسون – لەهەمویانە بێزارە و بە چاوی سوك تەماشایان دەکات. لەڕوانگەیەوە ئەو کەسانە، نەك خەمبارانە کوێر بوون و بزاڤی مێژوو نابینن، بەڵکو بێگومان ڕەفتاریان پێچەوانەی ئەخلاقە، چونکە بەهاندانی چاکەی زەینی «سۆبجێکتیڤ» لەبەرامبەر چاکەی واتایی «ئۆبجێکتیڤ»، بەگژ چاکەی واتاییدا دەچنەوە، ئێستا چاکەی زەینی بیرکاری زەینییە و لە وڕێنەیەکی پێکەنیناوی زیاتر نییە، گەر چی لەوانەیە بۆماوەیەکی کەم ببێتە بەربەستی ڕێگاکە، سەرەنجام وردو دەهاڕدرێت.

هیكڵ بە پەخشانی لیڵ و نیوە شاعیرانەی، ڕێزی دەسەڵات دەگرێت. پارچەیەك هەیە، كە بەتایبەت ئەم بابەتەی تێدا دیارە. لە 1806، هیگڵ سەرقاڵی تەواوكردنی دوا لاپەڕەی بەرهەمە گەورەكەی، دیاردەناسی رۆح، بوو. ئەوكاتە لە شاری ینا دەژیاو تروسكەی ئاگرێكی لەدوورەوە دەبینی، سوپای فەرەنسییەكان شەوی پێشو، لەشەڕی گەورەی ینا لەكەمپەكانیان دایانگیرساندبوو، لەپڕێكدا بەخەیاڵی داهات، بابەتییانە مێژوو دەیبینێت. كاتێك ئەم بیرۆكەیە بەهێزبوو، دوای چەند رۆژێك هیگڵ دیتی، ناپلیۆن بەسواری ئەسپێك بەشاردا رادەبرێت و نوسی: (ئیمپراتۆر - گیانی جیهان -م بینی، كە بەسواری بە شاردا رادەبوورێت... بەڕاستی هەستێكی سەیرە دیتنی كەسایەتیەكی وا، جەستەی لەخاڵێكی بێوێنە لەشوێنێك چەقگیر بووە، لەكاتێكدا بیرۆكە زاڵ و فەرمانانەكەی، سەرانسەری جیهان دەبڕن و بڵاودەبنەوە.) - بە لێكدانەوەیەكی دیكە، زەینی گەورە، هێزی زل، چەنەبازی زۆر، مرۆڤەكان و شتەكان، لەژێر مستی ئاسنینی، تێكوپێكدەدات. ئەوەیە روانگەی هیگڵ لە بارەی مێژووی بابەتییەوە.

دەتوانین لەوبارەیەوە بڵێین هەموو مرۆڤێكی مام ناوەند، ئەو هاوكێشەیە رەتدەكاتەوە، كە باشی و سەركەوتن هەر یەكە، چونكە مانای باشی و هەق نییە لای ئێمە. ناشێت كەسێك پێمانبڵێت، رۆیشتن بۆ شەڕی هێزی باشتر و گەورەتر، پێچەوانەی ئەخلاقە. لەڕوانگەی هیگڵەوە، پێچەوانەی ئەخلاق نییە، سەرئەنجام ئەگەر لەكۆتاییدا كاریگەری لەگەڵ تۆ بێت و شەهیدی ئەمڕۆ، ببێتە پاڵەوان و یاسادانەر و دیكتاتۆری بەیانی، پێیوایە باشبوون بە چەمكی كۆتایی و گەورە و جیهان مێژووییەكەی، یەكسانە بە سەركەوتن. ئەم بەشەی بەرژەوەندخوازی سیاسی، سەركەوتن پەرستییە، بۆ ئێمە قێزەون، هیگڵ هیچ بەڵگەیەكی راست ناهێنێتەوە، ئەم تورەییە بسڕێتەوە. چاوخشاندنەوەی فراوان و لەبار بە مێژوودا، تاكە شتێكە لەڕوانگەكەی هیگڵ دا هەیە، پێیوایە

پەرستنی ئەوەی لای بەهای حەقیقییە، پەرستنی راستەقینەیە، هەر یەکە. هیگڵ لەوباوەڕەدایە، بەهای حەقیقی بەهای کاریگەرە، مێژوو سوپایەکی بەهێزە، کاتێك هەموو توانای نەهاتۆتەدی و هەموو شەهیدان و ئایدیالگەرایان قەڵاچۆ و لەناودەچن، لەشەقامە پانوپۆڕەکاندا، سەرکەوتوانە ڕیزدەبەستن، ئەخلاق واتە سەرچەماندەوە لەبەرامبەر راستییەکان. بەکارهێنانی هێمای تایبەتی سیستمی فەلسەفی هیگڵ لەسیاسەتدا ئەوەیە، کە ئەوەی کاریگەربێت و بەکاربێت هەمان، باشەیە و مافی ئەوشتەیە، کە هۆی سەرکەوتن بێت و بەرگرییەکان تێکبشکێنێت و شایانی تێکشکاندنی بەرگرییەکان بێت. بەمەش سەیر نییە، کە هیگڵ هاوڕای بڕیارەکانی مترنیخ بۆ سانسۆر و سنوردار کردنی ئازادی دەربڕین بوو، لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، سەیرنییە کاتێك شای پروس، لە زانکۆی بێرلین کردییە مامۆستا، کە هەرگیز لەوکاتە تایبەتییەدا، خوازیارنەبوو هیچ لیبراڵێك لەو پۆستە تایبەتییە دابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ویژدان پشتگوێبخەین. هیگڵ خزمەتێکی گرنگی بە پێشکەوتنی شارستانیەت کرد، تاڕادەیەك تاکە بنیاتنەری مێژوونووسی بوو، لە روانگەی دامەزراوەکانەوە. پێشتر هێردێر و ویکۆ ئاماژەیان پێکردبوو، بەڵام هیگڵ بوو ئەو راستییەی خستە یادەوەری هاونەوەکانی خۆییەوە، کە مێژووی مرۆڤایەتی، لانیکەم هەمانهێندەی مێژووی پاشاکان، بەرپرسان، شەڕانگێزان، وڵاتکەرەوان و یاسادانەرانە، مێژووی دامەزراوەکانیش هەیە. سەرباری، هیگڵ بوو ئاشکرای کرد خەڵك لە مێژوو بەدوای کاری تێکڕاییەوە نیین، بەڵکو بەدوای یەکتاو تاکییدا دەگەڕێن، لەو رووەوە مێژوو، لە زانستە سروشتییەکان جیاوازە. قسەکانی هیگڵ لەبارەی زانستە سروشتییەکان، سەرچاوە لەنەزانی و بەشێوازێك نامۆ، وشك، حەتمی و زۆرجار پێکەنیناوییە، بەڵام لەگەیاندنی ئەومانایە زۆر بەرچاو روونبوو، کە زانستە سرووشتییەکان بەردەوام بەدوای

شتە هاوبەشەکانی بینیندا دەگەڕێن، تا بەدۆزینەوەی زۆربەی شتەکان – گشتیتر، ئەتۆمەکان، مێزەکان، فیلەکان، بوومەلەرزەکان – یەکسان و یەکڕیتم، یاساگەلێك دەرببڕن، کە لەهەندێکلاوە بێشوماری ئەتۆمەکان، مێزەکان و باقی شتەکان راست دەربچن، بەڵام لەمێژوودا، کەس بەدوای شتی ئەوتۆدا ناگەڕێت. کاتێك کە بابەتێك لەبارەی رۆبسپێر، یان ناپلیۆن دەخوێنمەوە، نامەوێت هیچ کەس پێم بڵێت، رووی هاوبەشی ناپلیۆن لەگەڵ شەڕانگێزان، یان ئیمپراتۆرەکانی دیکە چ بوو؟ نامەوێت بزانم رۆبسپێر لە چ لایەنێکەوە، هاوشێوەی تێکڕای یاساناس و شۆڕشگێڕان بـووە. دەمەوێت بزانم چی لەهەردووکییاندا گرنگ، تایبەتمەندی دەگمەنی هەریەکەیان بوو. کاتێك بابەتێك لەبارەی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، یان رێنیسانس دەخوێنمەوە، کەمتر سەرنجم لەسەر هاوبەشییەکانی ئەم دوو رووداوە گەورەیەی شارستانی مرۆڤایەتی و وەرچەرخان لە بابل، یان لەناو ئەزتەکەکانە. رەنگە ئەوکارە سەرنجی سۆسیۆلۆجان رابکێشێت، یان بۆخۆی رۆشنگەربێت؛ بەڵام مێژوونوس زیاتر لەئاماژەکردن بە لێکچووەکان، گەیاندنی جیاوازییەکان و نەخشەکێشانی پۆترێتێك، نەك رادیۆگرافی رووداوە دەگمەنەکان و بە رەهایی دیار، کۆمەڵێك لە رووداو و کەسەکانە. هیگڵ ئەو چەمکەی، هەم لەبارەی تاکەکان، هەم لەمەڕ دامەزراوەکان بەکاردەهێنا. بێگومان پێش سەدەی نۆزدەیەم، هیچ کەس پێیوانەبوو نوسینی ژیاننامەی سوپایەك، دامەزراوەی حکومەتی وڵاتێك، یان وەرچەرخانی ئایینێك، مومکین بێت. هیگڵ وا لە مێژوو رادەما، کە گوایە باسی خۆکرانەوەی رۆحی نائاسایی و کۆتایی نەهاتوی جیهان دەکات. روانینی وا، وێڕای ترس و تاڵی و لایەنە ئسانەییەکەی، هاوکارییەکی زۆی دەرکەوتنی میتۆدی تازەی مێژوونوسی، واتە مێژووی پەیوەندی کارەکانی بەیەکەوە کرد. رەنگە جوانترین سەرکەوتنی هیگڵ، هێنانەدی ئەندێشەی مێژووی هزربوو. بە

دڵنیاییەوە پێشتر هیچ کەس، خۆی لەقەرەی ئەوکارە نەدابوو، پێیوانەبوو ئەو کارە ئاسان بێت، کە مێژووی بیری فەلسەفی، یان هەر بیرێکی دیکە، نەك بەسەریەکەوە لاواز و نەگونجاو – واتە یەك، ئەم فەیلەسوفە و فەلسەفەکەی و پاشان یەکێکی دیکە –، بەڵکو بە رەوتی کامڵبوونی هزرەکان، لەججیلی بەدوای یەکدای بیرمەندن و بە سەرنجدان بە پەیوەندی نزیکی فکرەکن لە گۆڕانکارییەکانی ئابوری، یان کۆمەڵایەتی، یان تێکڕای وەرچەرخانەکان لەهەر کۆمەڵگەیەك، یان کولتور، بنوسێت. ئەمڕۆ هەموویان بەجۆرێك بەڵگەنەویستن، کە کەمتر کەسێك داهێنان و نوێگەری هیگڵی لەبیرە.

جگە لەوە، هیگڵ نەك هەر بەهایەکی لەژماردن نەهاتووی بۆ مێژوو، بەها مێژووییەکان دانابوو، بەڵکو زۆر جەختی دەکردەوە، کە هەموو شتێکی مێژوو گرنگە و شتەکانی دیکە، گرنگ نین. تەنانەت زۆر لە هێردێر بە دڵنیاییەوە، لەم بارەیەوە دەدوا، کە ناتوانی بە ئاشکرا جیاوازی لەنێوان واقیعیەتی پێکەوەلکاو و پێکەوە نەلکاو، مێژوودا بکەی، چونکە جۆری جلوبەرگ پۆشین، نانخواردن، کەشتیەوانی، گۆرانی وتن، شێوەزار و رەنگە هێڵی نەتەوەیەك، لە هەنگاوی فەرمی، واتە شەڕ، پەیماننامەکان و جۆری حکومەتیەکەی رۆشنتربێت. لە تێکڕای رەوتی مێژوو، کە نەتەوەیەك رۆڵی تێدا بینیوە و تاتوانیبیتی لەسەر شانۆ دەرکەوتووە و پاشان بە بڕیاری چارەنوس، لە شانۆ چۆتەدەرەوە، هەرگیز ناکرێت بوترێت، چ شتێك بۆ جیاکاری و دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەو رەوتە، بەسود بێت.

دەرئەنجامی ئەخلاقی، لەشێوازی کۆنی مێژوونوسی وەردەگیردرێت، بە گشتی رابردو بۆ پەندوەرگرتن لە هەڵە و کارە دزێوەکانی پێشینان، جێی چاوتێبڕین بوو. هیگڵ بەمشێوەیە رەخنەی لە مێژوونووسی دەگرت و ستایش و لۆمەکردنی رابردوانی ئیدانە دەکرد و کەسانی عاقڵ و پەیڕەوی عەقڵانیەتی

ئاگادار دەکردەوە، لەگەڵ هێزی گەورەی مێژوو، لە یەکێتیدا ببینن، گەرچی ڕەنگە ئەو هێزانە بنەئاکامی پێویستی دەسەڵات پەرستی و شێوازێکی ئازایانەی واقیعخوازی سیاسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاریاندەکرد، هەموو واقیعیەتی مێژوویی، خاوەن بەهای وەکیەك بێنەبەرچاو. کەوایە وایدەنواند، کە پێویستە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەرکێشەیەك، بۆ مێژوو بگەڕێیەوە –، مێژوو بەدەر لە ئەزموون، مێژووی روحی، یان بابەتی، بەڵام هەرچۆنێك بێت، مێژوو. مێژوو بە خەڵك بڵێت چۆن بژین، بەمشێوەیە دەکەوێتە پێگەی رابردوی خواکان. مێژوو رووی تیۆرێکی نوێی دادپەروەری خوایی بەخۆوەگرتبوو، دەبوایە هەقانیەتی حیکمەتی خوایی ئاڕاستە بکات. مێژوو بە پێی ئەو تێڕوانینە نوێیە، مێژوونوسی وەك سەدەی هەژدەیەم، کە واقیعیەت بەپێی فڵان پێوەری زەینی باش و خراپ ریزبەندی دەکرد، لەبەهاو متمانەی دەخست، سەنگ و شێوازی نوسینی مێژووی زیاد دەکرد، کە سەرئەنجام دیقەت و ئەمانەت، بە یەك چاو لە هەموو واقیعیەتەکانی دەڕوانــی و لە گریمانەترین گۆشە و کەنارەکان شوێنی هەڵدەگرتن. مێژوو گەیشتبووە لوتکەی  گرنگی و تێکڕای جێگەی سەرنج بوو، چونکە دەیتوانی تۆڕی یەکتاو زنجیرەی ئەو توخمانە ئاشکرابکات، کە دنیا لەپێگەی کەسایەتییەکی تاك کەوتوویان پێکدێت و پێویستە مرۆڤەکان بە بەش و ئەندامەکانی بزانی.

هیگڵ سەرنجمانی بەهۆکارە ناخودئاگاکانی مێژووەوە لکاند: واتە هێزە پەنهان و هاندەرە گەورەکانی ناکەسی، یان پێیوایە هەوڵە نیوەخۆئاگاکانی عەقڵ، بۆ پراکتیزەکردنی هەبوونی خود، لەوانەیە ناویانبنێت هێزە نیوە وشیار و هۆکارە نهێنییەکان، گوماناوی دەروونی و پێمانوایە گرنگی ئەمرۆکەیان لانیکەم یەکسانە بە نیازی ئاگایانەی بەرپرسان، پاشاکان، شۆڕشگێڕانی تورە و

بێویژدان، سەریکێشایە سڕینەوەی کەسێتی و ئەگەر ڕێمانپێدرابێت سود لەم لێکدانەوەیە وەربگرین، تێبینییە ئەخلاقیەکان لە مێژوودا.

میتۆدی هێگڵ بۆ بەکارهێنانی بەرهەمی هونەری، هەستی لوتبەرزی، جوانی هونەر و بە گشتی مەیدانی جوانناسیش بەهامەندە. بۆخۆی پێیوابوو، دیسپلین و دیقەتی بەزمانی شێوێنراو و ئاڵۆزی ڕۆمانتیکەکان بەخشیووە، بەڵام پێوابوونێکی پوچ بوو. بە رواڵەت شێوە، چۆنایەتی فریودانی هونەری بەخۆوەگرت، بەڵام ناوەڕۆکەکان بەئاڵۆزی مانەوە. سەرباری هەموو هوڵەکان، چەمکەکان خاو و دوور لەدیقەتن. هەموو زاراوە ڕۆمانتیك و فەیلەسوفەکانی ئەودیو سروشت و شاعیرانی ئەڵمانی ئەو سەردەمە – چەمکەکانی باڵادەستی و یەکپارچەیی، لێکدژی دەروونی، هێزگەلێك کە لە لایەك یەکتری لەناودەبەن و لە لایەکەی دیکەوە تێکەڵ دەبن و یەکتری بەرهەمدا دەکەن، چەمکی یەکێتی، کە هەم بیروباوەڕە و هەم مەبەست، مۆدێل و ئامانج، هەموو ئەو شتانەی هەم هەیە و هەم پڕۆسە، هەم بوونە و هەم بوون – کاتێك هەموویان لە لۆژیك، مێژوو، لە زانست بەکاربهێنرێن، پەلکێشی ئاڵۆزی و وڕێنە دەکرێن، بەڵام لەوەسفکردنی کارە وەسفنەکراوەکانی جوانی و پڕۆسە دەروونی و بەرهەمە هونەریەکان، پشکی بـژاردە دەدۆزنــەوە. زاراوە ڕۆمانتیکەکان، لەوەسفکردنی ئەزمونە کەموزۆر وەسفنەکراوەکان، زۆرترین کاریگەریان دەبێت، چونکە یادەوەری ورووژێنەر، ناوردەکار، داوای داواکارییە ئاڵۆزەکانن و پشتییان بە گەنجینەیەك لەوێنای خەیاڵی و خوازەیی بەستووە. پێویستە چۆنچۆنی وەسفی شیعرێك، سەمفۆنیایەك، یان هەر ئەزمونێکی هونەری بکرێت؟ دوورنیە باشتربێت، هیچ نەڵێیت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت شتێك بڵێین، زمانی ڕەوان و بە گشتی تێگەیەنراوی بیرمەندانی وەك هیوم، ڤۆڵتێر و تەنانەت هێلڤتیۆس، کە هزرییان روونبوو، ڕەوان و پاراو دەیاننوسی، لێرەدا

بێ سودە. هەندێکجار میوزیك لۆژیکیە، کە باسی جۆرێك گەشەی دیالێکتیکی بکەین: ئاوازێك لەگەڵ نەغمەیەکی دیکە بەریەکدەکەوێت و پاشان هێمن ریتمییان دەدۆزێتەوە و هەموو پێکەوە دەسڕدرێنەوە، بەڵام زیندو دەبنەوە و باڵادەکەن، هێزە لێکدژەکان پڕبارتر یەکدەگرن و لەبەشە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەوڵەمەند و کامڵتردەبن. لێرەدا، رەنگە باسی گەشەی هێزە نیوە پەنهان و نیوە وشیارەکان بکرێت، کە لەپڕێکدا وەك بارانێکی زێڕین و بەشکۆ بەخوڕ دادەکەن. زمانی رەشوتاری و هاوکات زۆر خەیاڵ ورووژێنەری هیگڵ – لەو زیاتر، فەیلەسوفەکانی دیکەی رۆمانتیك، شلینگ و براکانی شلگل، نوڤالیس، تەنانەت کولریج و تاڕادەیەك کارلایل – چەند کاتێك بەسود وەرگرتن لەخوازەکانی وەرگیراو لەمیوزیك و ژینگەناسی، دزە دەکاتە دڵی داهێنانەوە. زمانێکی ئەوتۆ وادەگەیەنێت، کە جەوهەری سیمبول کرانەوەیی سەمفۆنیایەك، ئۆپێرا، میوزیکی کڵێسایی چۆنە – واتا پەیوەندی بەرامبەری نابەڵگەدار، هاوکات زۆر واقیعی دەنگ، هەستەکان و تەنانەت ئامانجە ئەخلاقیەکان؛ ئەوشێوازە دەربڕینەی نیوە شاعیرانە، هەرچەند لەبابەتەکەدا مەترسی شاراوەیی لابردنی لەگەڵە، لەوانەیە وردە وردە، هەستی زیندوتر لە هێڵی تێکڕایی کەلتورێك، ئایدیالەکانی قوتابخانەیەکی هونەری، یان فەلەسەفی و تێڕوانێنی نەوەیەك بە دەستەوەبدات -کە شیکارکردنی بەزاراوەی وردتر، لۆژیکی گونجاوتر و نزیکتر لەواقعیەت ئاسان نابێت، زاراوەکانی بە بەهرەمەندبوون لە پێوەرەکانی دروست و ئەمانەت، لە قەڵەمڕەوگەلێك، کە هاوکاری باسی وردتربن، حەقیقەت زامندەکەن. لە رەخنەی ئەدەبی و مێژووی هونەر و مێژووی رەوتی هزرەکان و شیکاری شارستانیەتەکان و هەر بوارێك، کە باسی شیعر و پەخشان کراوە، میتۆدی هیگڵ، چەمکی تێز و ئەنتی تێز، وەسفی ئاڵوگۆڕی هەموو شتێکی لەدژی و هاوسەنگی نابەردەوامی هێزە

لێکدژەکان، خۆشی و هەستیاری و شیوازی دەربڕینی لە ئەوروپییەکان دا گۆڕیووە.

هەڵەی راستەقینەی هیگڵ ئەوەبوو، گومانی لەجۆرێك بەرهەمی تێکڕای هونەری، دنیای هەبوو، کە ئەفرێنراوی خۆیەتی و بەمەش باشترین هۆکاری وەسفکردنی ئەوجۆرە زارانە، کە نیوەی لە ژینگەناسی و نیوەی لە میوزیك وەرگیـراوە. لەئەنجامدا، زۆربــەی را هەڵە و ناڕاستەکان، بەسەر مرۆڤدا سەپاند، کە بەها کتومت واقیعیەتە و چاکە شتێکە، سەربکێشێتە سەرکەوتن: بابەتێك، کە کەسەکانی خاوەن هەستی ئەخلاقی، چ پێش هیگڵ و دوای ئەو، بەگوماناوی ئەژماریانکرد. تاوانی گەورەی، هێنانەئارای شیعری ئەفسانەیی ئاسۆیی و ستونی زۆربوو، کە دەوڵەت و مێژوو لەناویدا، بە کەسێك دەزانرێت، تاکە مۆدیلێك بوونی هەیە، کە تەنیا دەتوانی بەڕوانگەی ئەودیو سروشت، دیاری بکات. هیگڵ، قوتابخانەی مێژووی سەربەخۆی لەو ئەزمونانە دامەزراند، کە تێیدا کاری جێگرتوی ئاسایی، لەبەرچاو ناگیردرێت، چونکە بەپێچەوانەی مێژوونوسی ئاسایی، کە پێویستە خەمهێنەر و راڕا و بێئەزموون بەرەوپێش بچێت، فەیلەسوفی کۆك و پۆشتە بەڕوانگەی باشتر، بۆ هێزێکی دوبینی عەقڵانی، واتا بەشی هەقیقەتبینی، کە تواناى دەداتێت بەوپەڕی دڵنیاییەوە لەهەواڵی رووداوەکـان ئاگاداری بکاتەوە. دەتوانێت ئەنجامگیری هەموو رووداوێك بکات.

بەڵام هیگڵ، وێڕای هەموو خەوشەکان، سیستمێکی فراوانی هێنایەئاراوە، کە ماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر زەینی مرۆڤەکاندا کێشابوو. لە مۆدێلێکی وا تێکەوەتەنراودا، جێگەیەك بۆ ئازادی نییە، کە تاکە شێوازی خۆنوێنی، پەیڕەویکردن لەسیمبولێك بێت؛ و ناویدەنێیت ئازادی، واتە جۆرێك فەزای بەتاڵ، هەرچەند بچووك نەبێت و تێیدا مافی دەنگدانت هەبێت، کەس ئازرت

نەدات، لەوجێگەیە، ئەگەری ئازادی نییە. ئازادی بەدەربڕینی هیگڵ، یەکسان بەهێنانەژێربار، یان خاوەنی کۆسپی ڕێگەکەتە، پێویستە ئەوەندە لەم ڕێگەیەدا بەرەوپێش بچیت، تا هەمووشتێك بهێنیتەژێربار و ببیتە خاوەنی، ئەوکاتە سەروەریت بەسەر دنیادا دەبێت. تا لەوکارە سەرنەکەوتویت، گەورەترین کار، کە لەدەستت بێت، تێبگەیت بۆچی دەبێت وابیت، کە دەبێت ببیت، لەجیاتی ناڵەوهاوار، فیغان و سکاڵا لە لێکدورکەوتنەوە ترسناکەکان، کە لەسەر شانتە، دڵخۆشانە پێشوازییان لێبکەیت، بەڵام دڵخۆشانە چوونە پێشوازی ژێرباریان، ئازادی نییە.

هەمیشە کەسانێك ویستوویانە لەدەزگایەکی قایم و پتەو ئاسایشییان هەبێت، لەجیاتی ئازادبوون، لەسیستمێکی وشك و دەمارگرژدا، بگەنە کونجێکی بێ ترس، کە بەمافی خۆیان دەزانن. هیگڵ، پەیامێکی سێبووری بەخشی بۆ ئەو کەسانە هەیە، بەڵام ئەو بیرۆکەیە لەبناغەوە توش بوو بە تێکەڵکردن و هەڵەی زۆرە. هەڵەی مێژوویی ترسناکە، کە بڵێین ئازادی وەك بۆخۆمان تێیدەگەین، یەکسانە بە هەستی سەربە شوێنی دەگمەن، کە تێیدا لەهەموو ئاستەنگێك پارێزراویت، چونکە دەتوانی پێشبینی ئاستەنگەکان بکەی و ڕەنگە جۆرێك حکومەت، فرەزانایی، تێگەیشتن، وەفاداری، بەختەوەری، یان پیرۆزی بێت، بەڵام ئازادی نییە. جەوهەری ئازادی، هەمیشە لەتوانینی چۆنیەتی دەنگدانت دابووە، چونکە ویستوتە بە ئارەزوی خۆت، بێ زۆرەملێیی، بێ هەڵلوشرانەناو دەزگایەکی گەورە، وا دەنگبدەیت؛ جەوهەری ئازادی لەوەدابووە، کە مافی بەرگری کردنت هەبێت، هەموشتێکت قبوڵ نەبیت، لەپای بیروباوەڕی خۆت بوەستی، چونکە بەهی خۆتیدەزانی. واتا بە بێ ئازادی ڕاستەقینە، نەهیچ جۆرە ئازادییەك و نە تەنانەت وەهمی ئازادی هەیە.

## پەراوێزەکان:

1. نامەوێت لێرەدا بچمە راستی ئەو جیاوازییەوە، چونکە لە بابەتەکە دووردەکەوینەوە. (یاداشتی بێرلین)

2. هیگڵ باوەڕی بە خوای دیاریکراو نەبوو، بە گریمانە کریستیانی بوو، بە کریستیانییەکی لە ئایین هەڵگەڕاوە دادەنرا. چونکە لەو باوەڕەدابوو، کە بیروباوەڕی ئافەریدەیی، واتا خوا، لەگەڵ تێکڕای دنیا یەکە. (یاداشتی بێرلین)

3. کەسێك دەیوت هەموو کارێکی راستەقینە، کە لەگریمانەی هیگڵ جێینەبێتەوە، یەکسەر لەوتەزای ئەو شتانەدا جێیدەبێتەوە، کە جێ بۆ کردنەوە نین و جۆری تایبەتی سەبەتەی وردە کاغەز بۆ ئەوانەیە جێیان نابێتەوە. (یاداشتی بێرلین)

4. خەڵکی کاپادۆکیا: ناوچەیەکی کۆنە لە ئاسیای گچکە... ئێستا لەبەشی خۆرهەڵاتی تورکیای ئاسیایە... لەبەرامبەردا کولتوری کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست... نەریتی خۆماڵی ئاسیایی خۆی پاراست... بە تەواوی تەسلیمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی نەبوو... لە 17ی ب م دەوڵەتی رۆم کاپادۆکیای بە قەڵەمڕەوی خۆیەوە لکاند و کردیە ویلایەتێکی رۆمی...) ئینسکلۆپیدیای فارسی. (و. ف)

5. مارکسیزم کەمێك لە فاشیزم، وەفادارترە بۆ هیگڵ، چونکە گریمانە دەکات، جڵەوی دەسەڵات بەدەست چینەکانەوەیە و چینی ناوەندی سەرووی مرۆڤایەتییە، بەڵام فاشیزم زیاتر گۆڕەپان بۆ ئیرادەی توندوتیژی و فەرمانی تاك چۆڵدەکات. (یاداشتی بێرلین)

## سان سیمۆن

کۆنت هانری دی سان سیمۆن، گەورەترین غەیبزانی ڕووداوەکانی سەدەی بیستە. نوسین و ژیانی پەرێشان و تەنانەت تێکتەنراوبوو. لەژیانیدا بەژێر و دوورنواڕ زانراوە. زۆر خراپ دەینوسی – لە نوسینەکانیدا، تیشکی بینینیەکانی تێکەڵی بەشە درێژخایانە ساویلکانە و سەیروسەمەرەکان دەکـرد. دوای مردنی، زیاتر بە ناوبانگ بوو. کارل مارکس، کە زۆری لێوە  فێربووبوو، بۆ ڕیزی سۆسیالیستەکانی، وەکدەڵێن، شاری یۆتۆپیایی دایبەزاند، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هێنانەدی ئەو ڕوانگەیە هەبوو، کە سان سیمۆن، وێڕای وزەی زەین و توانای، زۆر ساویلکە، گەمژانە و شێتانەی چەسپین بە بیرێکی دەگمەنەوە، شایانی خوێندنەوەی تێروتەسەل نییە، بەڵام ئەگەر بەراوردی پێشبینیەکان بکەین، پێشبینیەکانی کارڵ مارکس و سان سیمۆن بەراووردبکەین، بەرەنجام زیاتر لە قازانجی سان سیمۆن تەواودەبێت.

سان سیمۆن لەتەمەنیدا، هەوڵی زاڵبوون بەسەر ئەو هزرەی دەدا، کە مەسیح تازە سەرهەڵدراوە و هاتووە دنیا ڕزگار بکات، لەسەردەمێکدا دەژیا، کە زۆربەی خەڵك، هەمان هەستییان لەبارەی خۆیانەوە هەبوو. بە هۆی ئاپۆرەی نائاسایی کریستیانیانی خۆبەگەورە زان، هەرگیز قۆناغێکی بەراوردکراو بە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و بەرایی سەدەی نۆزدەیەم نەبووە. بە ڕواڵەت هەموویان لەو ڕۆژانـەدا پێیانوابوو، کە توانای قوڵبینی و خەیاڵکردنەوەی دەگمەنییان هەیە و بە بڕیاری چارەنوس، تێکڕای شەڕانگێزیی و بەڵای یەخەگری مرۆڤ، لەکۆڵدەکەنەوە. ئەگەر ڕۆسۆ بخوێنیتەوە، ئەو هەستەت لا دروست دەبێت پێیوایە گەرچی پێشینانێکی هەبووە، بەڵام سان سیمۆن دواتیشکی داوەتێ. بە هەمانشێوە فیشتە: هەستدەکەیت دەڵێت لۆسەر، عیسای مەسیح، فەیلەسوفە گەورەکانی یۆنانی گرنگبوون، بەڵام تەنیا سان سیمۆن سەرچاوەی

درەوشانەوەیە، کە پەیوەندی بەکرانەوەی دەروازەکانی بیرمەندانی پێشو، زۆرجار نیوە، یان کردنەوەی 1\4یان بە رووی مرۆڤدا، هەبووە، سان سیمۆن بە لەخۆبووردویی و پەیامی ئەرکی سەرشانی، هەتا هەتایە چوار کلاورۆژنەوە بکاتەوە.

هەمان هەست لەخوێندنەوەی هیگڵیش دا دەستەبەردەکەیت، کە وایدەزانی لە پێکهاتەی هاوڕاو زۆر، سەرجەمی تێکڕای ژیری و فرەزانایی و زانستی مرۆڤایەتییە، بۆخۆی بەرەنجام و سەنتێزی هەموو بیرکردنەوەکانی پێشووە و بەمەش کاری داهاتووی لایەنگران و بەنی مرۆڤ، چنگکەوتن و بەکارهێنانی بەرەنجامی رێنماییەکانیەتی. ئاشنابوون بە سۆسیالیستە یۆتۆپیاکان لە فەرەنساش، سان سیمۆن و فۆریە و تەنانەت جێگرەوەکانیان بازار و ولرۆ، ئەو کاریگەرییە دەبێت، کە دەیانەوێت بڵێن: بەڵێ، پێشینانێك هەبوون؛ موسا، سوکرات، مەسیح، نیوتن، دیکارت و بیرمەندانی گرنگی دیکە هەبوون، بەڵام بەهێما و بەخوازە قسەیانکردووە و تەنیا گۆشەیەك لە راستییان بەدەستەوە هات. ئەوەی دەمەوێت بەئێوەی بڵێم، بابتەکە ئاشکرا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سان سیمۆن، بیرمەندێکی گرنگ و سەرسوڕهێنەرە.

دەمەوێت ناوی هەندێك لەئامۆژگاریەکانی بهێنم، کە لەداهێنانیان، لەهیچ کەس کەمتر نەبووە. دانانی هەر ئامۆژگارییەك، یان بیرۆکەیەك بۆ جەستەیەك و جەستەیەکی وەك زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەمیشە زۆر دژوارە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەبێ سڵەمینەوە لەدژایەتی، دەکرێت سان سیمۆن لەئەڵمانیەکان زیاتر،، بە باوکی قوتابخانەی مێژوو – تەوەری ئەوروپا بناسێنی و بڵێی کەسێك بوو، رەخنەی لەمیتۆدە نامێژووییەکانی سەدەی هەژدەیەم گرت و خوددی خۆی لەمێژووی کۆییەوە، کە بناغەی قوتابخانەی مێژوونوسی فەرەنسای، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا، سەقامگیر کرد و چەکوچۆڵێکی بەدەستەوەدا،

کە لەجیاتی نەخشەی ئاڵۆزی ئایدۆلۆژیای ئایدیالیستەکانی ئەڵمانیا لەوکاتە، بەهۆیانەوە مێژووی راستەقینە و بەڵگەدارییان نووسی.

سان سیمۆن نەك هەر باوکی مێژوونوسی - هەرچۆنێك بێت لە فەرەنساو دوورنییە، لەئەوروپای خۆرئاوا -یە، بەڵکو باوکی ئەندێشەیەکە، کە من ناویدەنێم شرۆڤەی تەکنۆلۆژیای مێژوو. شرۆڤەی تەکنۆلۆژیا، تەواو لە شرۆڤەی ماتریالیستی، یان مادی یەکنییە، بەڵام ریشەیەتی، لەهەندێکلاوە، زۆر جوانتر و پەسندترە. سان سیمۆن یەکەم کەس بوو، چینی کۆمەڵایەتی بە چەمکی تازە و هەبوونی ئابوری، کۆمەڵایەتی و راستەوخۆ سەربە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پێناسەکرد - واتا پێشکەوتنی کەرەستەی ئامێری و ئەو شێوازانەی، کە خەڵك بەهۆیانەوە بەروبووم رەنێودێنن، دابەشی دەکەن و بەکاریدەهێنن. بە کورتی سان سیمۆن یەکەم کەس بوو، سەرنجی جدی توێژەرەوانی بۆ هۆکارەکانی ئابوری لە مێژوودا راکێشا. لەهەر شوێنێك باسی کۆمەڵگە و ئابوری بەرنامەڕێژکراوە، هونەرسالاری و پێویستی وەك دەڵێن فەرەنسییەکان، (دیریژیزم)1 و دژایەتی بە ئازاد کردن بێت؛ لە هەر شوێنێك شتێك بەناوی (دەستی نوێ)2 هەبێت؛ لەهەر شوێنێك بانگەشەی لایەنگری جۆرێك ئۆرگانیزەیی عەقڵانی بۆپیشەسازی و بازرگانی و بە کارهێنانی زانست بە قازانجی کۆمەڵگەو بە گشتی لایەنگری لەهەرشتێك، کە ئێستا بە بەرنامەڕێژی حکومەت بەستراوەتەوە، بەجیاکردنەوەی لە ئازادگوزاری، لە گۆڕێبێت - بە کورتی لەهەرشوێنێك باسی ئەم بەشە ببیسترێت - بیرکەگەلێك کە دەکەوێتە سەرزمانان، سەرچاوەی لەدەستنوسە نیوەبڵاوکراوەکانی سان سیمۆن گرتووە.

بێجگە لەمە، سان سیمۆن لەهەمووکەس زیاتر، داهێنەری بیری حکومەتی هەڵکەوتە بەسەر کۆمەڵگە، بەسود وەرگرتن  لە جۆرێك ئەخلاقی دەوالیزمی بووە. لە ئەفلاتون و بیرمەندانی پێشوو، شتی وەها هەبووە، بەڵام سان

سیمۆن، نزیکەی یەکەم کەسە، بەڕاشکاوی دەڵێت: بۆ کۆمەڵگە گرنگە، خەڵکانی دەستەبژێر جڵەوی حکومەتییان بەدەستەوەبێت، نەك دیموکراسی، کە لەڕوانگەی تەکنەلۆژیاوە لەپێداویستی و توانای سەردەم بگەن؛ چونکە زۆربەی مرۆڤەکان، گەمژە و سەربەگێچەڵن، پێویستە تایبەتمەندی واقیعبینی کۆمەڵگە، پەیڕەوی لە جۆرێك ئەخلاق بکەن و جۆرەکەی دیکە، بە مێگەلی مرۆڤە شوێنکەوتوەکانی خۆیان بخۆن. بەمەش بیری ئەخلاقی دەوالیزمی، کە زۆر لەبارەیەوە بۆ نمونە لەوەسفکردنی کابوسی شارە ترسناکەکانی ئالدس هاکلی و جۆرج ئۆروێل بیستومانە، لەتیۆری زێڕین و گەشبینانەی سان سیمۆن سەرچاوە دەگرێت، کە هەمیشە پێوەرێکی وا دەوالیزمی، بە نائەخلاقی و ترسناك نەدەزانی، بەڵکو پێیوابوو تاکە ڕێگەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤ بەرەو دەروازەکانی بەهەشتە، کە بەگومانی ئەو، تێکڕای بیرمەندانی سەدەی هەژدەیەم، مرۆڤایەتی شایانییەتی و ئەگەر گوێ لە ئامۆژگاریەکانی بگرێت، زۆر زوو پێیدەگات.

سان سیمۆن داکوتەرترین پەلامار ئاڕاستەی دروشمەکانی سەدەی هەژدەیەم، ئازادی مەدەنی، مافەکانی مرۆڤ، مافە سروشتییەکان، دیموکراسی، ئازادی پەڕینەوەی ئابوری، تاکخوازی و نەتەوەخوازی دەکات؛ بۆیە پەلاماری کارەکانی پێچەوانەی بیرمەندانی سەدەی هەژدەیەمی دەدا، یەکەم کەسە دەبینێت کارو ڕەوتی هەڵسوڕانی فرەزاناکان لەسەر کۆمەڵگە لەگەڵ حکومەتی خەڵك بەرکەوتەی دژبەری هەیە؛ دەبینێت ناتەبایی نێوان کۆمەڵگەیەك، کە کۆمەڵێك لە فرەزاناکان بیبەن بەڕێوە، کە هەر ئەوان بزانن بەرەو کام ئامانج بڕوات و چۆن مرۆڤەکان بەرەو ئەو برەتێنێت و لە لایەکەی دیکەوە ئەو ڕایەی، کە حکومەتکردن بەسەر خۆی، لەفەرمانڕەوایی ئەوانی دیکە باشترە. ڕەخنەی لەحکومەتی باش ناگرێت، بەڵام دەزانێت، واتای بێتوانایی حکومەتە بەسەر

خۆیدا. سان سیمۆن یەکەم کەسە بەڕە لەسەر ئەو بابەتە هەڵدەداتەوە، بۆیە، لە سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەمیش نرخ، بۆ پەلاماردانی ئەندێشەکانی لیبراڵی سەدەی هەژدەیەم دادەنێت. نەك هەر رەنگی سەردەمیانەی هەیە، بەڵکو هۆی داهێنان و نوێگەری تێدایە. گوایە یەکەم کەس بووە، هەستی بە رەهەندی لۆژیکی بیروڕایەك دەکرد و لەهزری زۆر رواڵەتی تر و بە رووکەش ئاشکراتری بیرمەندانی گەورەی سەدەی هەژدەیەم، لە فەرەنساو ئەڵمانیا، لەگەڵ بیروڕا دژبەرەکانی هەموان، یەکییاندەگرتەوە.

سان سیمۆن یەکەم ئایینی دنیایی داهێنا – واتا یەکەم کەس بوو تێگەیشت مرۆڤ، ناتوانێت تەنیا بە عەقڵی تەکنەلۆژیا بژیت، دەبێت وابکات هەستەکان، گوڕوتینەکان، غەریزە ئایینیەکانی مرۆڤیش بجولێنرێت. یەکەم کەس بوو، نەك بە روانینی سارد و دڵڕەقانە، بەڵکو بەوپەڕی جۆشوخرۆش و سۆزی گەرم و خۆڕسکی خۆی، ویستی جێگرەوە بۆ ئایین دابنێت. ئامانج، رووی جیاواز و دنیایی و مرۆڤایەتی لە مەسیحیەت، بێ خواکانە، کە دوای سەدەی نۆزدەیەم، بەشێوازی جیاجیا باوی بوو، وەك ئایینی مرۆڤایەتی کانت، یان هەموو نیمچە ئایین و ئەخلاقەکانی رەنگ ئایینی، کە باوەڕ بەجێگرەوە دەزانرێت بۆ کایە پێکردنی عەقڵی، لەجیاتی دۆگمایی کوێر و دژە زانستی خوازانانی بیرتەسکی رابردوو. ئەوەندە بەسە ئەگەر نەڵێین: کەس لە داهاتودا، لەڕوانگەی کاریگەری و تواناوە، ناتوانێت شان لەشانی سان سیمۆن بدات، لانیکەم بە یەکێك لەسەردەمسازترین، نوێگەرترین و کاریگەرترین، بیرمەندانی سەردەمی خۆمان بزانین. وەك نیشانماندا، ئەویش وەك بیرمەندە باسکراوەکانی دیکە، زیاتر، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بۆ سەدەی ئێمە، مەسەلەیە.

لە مێژوو – تەوەرییەوە دەست پێبکەین، پێموایە، شکستی شۆڕشی گەورەی فەرەنسابوو، کە مێشکی سان سیمۆن و هاوڕۆژگارانی سەرقاڵدەکرد.

سان سیمۆن لە 1760 هاتەدنیاوە، لە 1825 مرد. بۆ روونکردنەوەی دەقگرتنی راکانی وەك دەیانبینین، پێویستە کورتەیەك لەژیانی باسبکەیین. سان سیمۆن ئەندامی خانەدانی گەورەی سان سیمۆن بوو، کە نزیکەی پێش سەد ساڵ دۆکی بەناوبانگ سان سیمۆن، نوسەری کتێبی بەناوبانگی یادەوەریەکانیشی، لەوەوە هاتبوو. زۆر شانازی پێوەدەکرد و رەگەزی خۆی بە شارلمانی دەگەیەنێت. رستەکانی خوارەوەی لەبارەی ئەم مەسەلەیەیە:

دەنوسم، چونکە هزری نوێم هەیە. بیرەکانم بەشێوەیەك دەردەبڕم، کە لە زەینمدا فۆڕمییان گرتووە و ئارایشت و دارشتنەوەیان بۆ نوسەرانی پرۆفیشناڵ جێدەهێڵم. لەنەوەکانی کۆنتەکانی ویرماندوا و میراتگری ئەدەبی دۆك سان سیمۆنم و بەمەش بەشێوازی خانەدان زادەیی دەنوسم. هەر کارێکی گەورەی ئەنجامدراو و قسەیەکی گەورەی وتراو، لەدەست و زمانی خانەدانانەوە هاتووە. کۆپەرنیك، گالیلۆ، بیکن، دیکارت، نیوتن و لایب نیتس، خانەدان بوون. ناپلیۆنیش ئەگەر بە رێکەوت بەر کورسیەکی پاشایەتی چۆڵ نەکەوتبوو، لەجیاتی ئەوەی هزرەکانی پراکتیزە بکات، دەی نوسیین.

نمونەیەکی باشی نوسینی پڕ هەراوهۆریا و خۆنوێنی سان سیمۆنە. دەڵێن بەردەستەکەی راسپاردبوو، هەموو بەیانیەك بەم وشانە لەخەو خەبەری بکاتەوە: (هەستە جەنابی کۆنت – دەبێت کاری گەورە بەدەستی ئێوە ئەنجام بدرێت.)

سان سیمۆن ئاکار ماندو، بێ ئۆقرە، مێشکێکی بەهێز و دڵێکی گەرم بوو. بەگەنجی چووە ئەمەریکا و لەوێ خزمەتی سەربازی کردووە و لەگەمارۆدانی یورك تاون، بە فەرماندەیی جەنەراڵ واشینگتۆن، بە شداری کردووە. دوای شەڕی ئازادی بەخشی ئەمەریکا، چۆتە مەکزیك و هزری چاکسازی کۆمەڵگە، بەهۆی نەخشەی گەورەی تەکنەلۆژیا، یەخەی بەرنەدەدا، هەوڵیدا قەناعەت

بەنوێنەری پاشای ئیسپانیا، لەو وڵاتە بکات، بەرزەخی پاناما ببڕێت و کەناڵێکی تێدا هەڵکەنێت، کە پێیوابوو شۆڕشێکی بازرگانی لەو ئاوانەدا دەکات. لەو رۆژگـارەدا، هێشتا کاتی ئەو بیرۆکەیە نەهاتبوو، کەس سوکە ئاوڕێکیشی لێنەدەدایەوە. سان سیمۆن لە مەکزیکەوە چووە هۆڵەندا، تا هۆکاری پەلاماردانی کۆلۆنیالەکانی بەریتانیا بێت، لەوێوە سەفەری بۆ ئیسپانیا کرد و هەوڵیدا کەرەستەی هەڵکەندنی کەناڵێك، لەنێوان مەدرید و دەریادا ئامادەبکات. سەرقاڵی ئەوەبوو، بە هۆی هەڵکەندنی کەناڵ و سپاردنی کارێك بە ئاو، واتە سروشت، کە مرۆڤەکان بەو هەمو ماندویی و هەڵەخەرجییەوە ناچاربوون بیکەن، سروشت بخاتە خزمەت مرۆڤایەتیەوە. بێئاکام بوون و شۆڕشی گەورەی فەرەنسا هەڵکەندنی کەناڵەکەی ئیسپانیای رەتکردەوە، کە لەسەروبەری جێبەجێکردن بوو.

سان سیمۆن لە شۆڕشی گەورەدا، هاوڕای ریفۆرمخوازان بوو. پێشتر قوتابی دالامبێر، بیرکاری زان و نوسەری گەورە و هەڵەچنی ئینسکلۆپیدیابوو، لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەم، لەنزیکەوە هەندێك لەهاوڕێیانی ئینسکلۆپیدیای دەناسی و دەیویست ئەڵقەی پەیڕەوانی رۆشنگەری لەو سەدەیەدا، بە ئامادەیی خۆی تەواو بکات. بەوهۆیەوە، وازی لە نازناوی کۆنت هێناو ناوی خۆینا، مسیۆ بۆن هۆما.3 لەشۆڕشدا لایەنگری شۆڕشگێڕانی ژیروەندەن بوو، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو شۆڕش گەیشتە قۆناغی ترسناك، چونکە سان سیمۆن لەخانەدانەکان بوو، بڕیاری دەستگیرکردنی دراو چی وای نەمابوو قۆڵبەست بکرێت. کەسێکی دیکە بەهەڵە لەجیاتی دەستگیرکرا، بەڵام سان سیمۆن هەرکە پێی زانی، بۆ ئازادکردنی خۆی ناساند. لە قۆناغی ترسناکدا، بەشێوەیەکی پەرجوئاسا خۆی رزگارکرد، هەرکە بە سەلامەتی بۆی دەرچـوو، بەهەمان شەوق و گەرمی هەمیشەیی و بەم تیۆرە، کە دەیەوێت مرۆڤایەتی ریفۆرم بکات، چووە رەوتی

ژیانەوە. بە باوەڕی ئەو، دەبێت خەوشێکی گەورە لە دۆخ و کاری مرۆڤەکان هەبێت، کە ئەو هەموو بیرۆکە بەرزانەی کەسانی ئاکار بەرز و بەهرەمەند لە زانایی رەها، وردەکاری سروشت، هۆشی قوڵ و سەرنجی ورد بۆ حەقیقەت، کوشتوکوشتارەی شمشێری گیوتین(مقصلە)ی لێبکەوێتەوە، بەڵام کەسێك هەوڵی ریفۆرمی مرۆڤایەتی بدات، دەبێت تێکڕای زانست و هونەر بزانێت و فێری بێت و بیخوێنێتەوە، پێکی ئەزموون فڕبکات، لەڕاستی نرخ و گرنگی و رەزیلەت بگات، دەبێت تادەتوانێت، سود لەئەزموونی زیاتر و فرەجۆرتر وەربگرێت. دەبێت هەرچی زیاترە لەکون و کەلەبەرەکانی ژیان بگات و بە کورتی، بژیت. دەبێت بۆ ئەو کارە پارەی هەبێت. بەداخەوە زەویەکانی سان سیمۆن لەشۆڕشدا زەوتکرابوو. بەمەش بەوپەڕی توانایەوە چووە مامەڵەی داراییەوە، بەشداری کڕین و فرۆشتنی زەوی زەوتکراوی خانەدانەکانی کرد، سامانێکی زۆری پاشەکەوتکرد، بەڵام شەریکە ئەڵمانیەکەی، بارون ریدێرن، بە فرتوفێڵ هەمووی لەدەست دەرهێنا و گەیشتە هەمان بارودۆخ کە لە شۆڕش دەستیپێکردبوو – واتە بێپارەیی،بەڵام تائەوکاتە تەمەنی بەسەر بردووە و ژیاوە. بەردەوام ئێواران میوانداری فیزیکزانەکان، کیمیازانەکان، فیزیۆلۆژیستەکان و بیرکاریزانەکانی کردبوو، کە بەسەرنجڕاکێشترین پیاوانی سەردەمی دەزانین و ئومێدەواربوو، فێری نهێنی کار و پیشەکەیان بێت. پێشتر لە دالامبێر فێری بیرکاری ببوو. پاشان گلەیی لە ژیان دەکرد، کە ئەو بیریارانە خواردنەکەیان خـواردووە و لەژێر ئاسمانی شیندا باسی هەمووشتێك بکەن ئەوەنەبێت، دەیویست پرسیاری لەبارەوەبکات. هەرچۆنێك بێت، سان سیمۆن بە پرژوبڵاوی فێری بابەتی پەرتوبڵاوبوو، وەك خۆفێرکاران خەیاڵی بەهێزبوو. بەردەوام ئاڵۆزی و بگرەوبەردەی نامۆ فەرمانڕەوای بوو. قوڵترین و درەوشاوەترین هزر بەنۆرە، لەنوسینەکانیدا بەفشقیاتی رەهاوە جێگەکانیان ئاڵوگۆڕێ دەکەن. بەنموونە،

کتێبی ئازادی دەریاکان دەخوێنیتەوە، کە لەو زەمینەیەدا، چەند تیۆرێکی سیاسی هەبوو، پاشان بێئەوەی بزانی گەیشتویتەکوێ، دەبینیت لە ناوەڕاستی وتارێکی هێزی کێشکەر، یان وزەی راکێشەری عیرفانی، گیرتخواردووە، نەك قورسی  بە واتای یاسای نیوتن، بەڵکو عیرفانی، کە لەمەیدانی هزری و فیزیکی کاریگەری دەبێت. یان پێتوایە، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دەخوێنیتەوە، بەڵام لەپڕێکدا دەبینیت نوسەر دەڵێت: جۆری مرۆڤ، وەك تاکی مرۆڤایەتییە، بیرێك کە پێشتر لە پاسکاڵیشدا چنگدەکەوت، تەمەنی بەنزیکەی 40 ساڵ، لەنێوان 35 و 45 گەیشتووە، دەخوێنیتەوە، کە تەمەنی خەڵکی فەرەنسا نزیکەی 21 ساڵە. لە لاپەڕەکانی داهاتویدا، سەرنجڕاکێشترین بابەتی راکانی لەبارەی وەرچەرخانی مرۆڤ لە سەردەمی یۆنان و رۆم تا مەسیحیەت، لە سەدەکانی ناوەڕاست دەخوێنیتەوە، پاشان دەبینی لەپڕ نوسەر دەڵێت: هۆمێر دیموکراسی داهێنا، کە داهێنەری ئایینی فرەخوایی بوو، چونکە لەناو خواکان، لەسەر لوتکەی کێوی ئۆڵمپ، دیموکراسی فەرمانڕەوابوو، بەمجۆرە دیموکراسی لەسەر زەویش هاتەئاراوە، بەڵام ئێستا هەموو لایەنەکان خەیاڵی، گوماناوی، سادە بیرکردنەوە و پێکەنیناوی سان سیمۆن دەخەینەلاوە. هەندێکجار گریمانەی، بۆچی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا شکستی هێنا، جوانترین گریمانەیەك بووە، کە کەسێك لەو سەردەمەدا خستبوویەڕوو. بەوتەی خۆی، هەموکەسێك ئەو کارەساتەی خستبووەڕوو. بۆچی شۆڕش شکستیهێنا؟ لیبراڵەکان دەیانوت بە هۆی حکومەتی تۆقێنەرەوە؛ بە دەربڕینێکی دیکە، چونکە شۆڕشگێڕەکان وەك پێویست لیبراڵ نەبوون و رێزیان لەمافەکانی مرۆڤ نەدەگرت. دەمارگیر و ئایینی و موحافزکاران دەیانوت چونکە مرۆڤەکان لە نەریت و وتەی خوا دابڕاون، گیانی خوا بەسەر کەسانێکدا هاتەخوار، کە عەقڵی سەربەخۆی مرۆڤ، مرۆڤایەتی خۆی لەباوەڕبوون بەخوا بە باشتر زانی.

سۆسیالیستە توندڕەوەکانی وەك بابۆف، دەیانوت شۆڕش وەك پێویست نەچووەپێش، کەلوپەلەکان وەك یەك دابەش نەکران، هەرچەند رەنگە ئازادی هاتبێتەدی، ئازادی بە بێ یەکسانی ئابوری هیچ نییە. زۆر روونکردنەوەی تریش، بەڵام روونکردنەوەی سان سیمۆن، هەرچەند لەڕوویەکەوە هاوشێوەی روونکردنەوەکەی هیگڵ بوو، زۆر بەڵگەدارتر و لەبڕان نەهاتو و بەمرۆڤی زیندو بەسترابووەوە، مێژووی راستەقینەبوو، لە پێوانە بە هزرەکانی ئەودیو سروشتی ئاڵۆزی سێبەرکردوی، وەك سێبەری کڵێساکانی کۆمەڵگەی گۆتیك، کە پێدەچێت مەنزڵگەی هەمیشەیی هیگڵە. سان سیمۆن دەیوت لەقسەکانی نەگەیشتوون و راکانی لەبارەی مێژوو، لەبەرهەمە سەرەتاییەکاندا خستەڕوو. سان سیمۆن، باوکی ئاشکراکردنی نیوەی ماتریالیستی مێژووە. پێیوایە مێژوو، بەسەرهاتی مرۆڤی زیندووە، کە دەیانەوێت هێزەکانی خۆیان دەوڵەمەند و هەمەلایەنە پـەروەردە بکەن، کە سود لە سروشت وەردەگـرن؛ پێویستە ئامڕاز و چەکو تەقەمەنیان هەبێت. لە ئەنجامدا، بە هۆی هێزی ئافرێنەر، نوێگەری، داهێنان و هەموشتێکی بەردەستیان بەکاربهێنن، تا باشترین چەکەکان بدۆزنەوە بۆ بیرکردنەوە، ئیرادە کردن، سەرکەوتن بەسەر سروشت و بەدیهێنانی داواکانیان، بەوتەی سان سیمرۆن، بەرژەوەندییان دابین دەکات.

داهێنانی چەکەکان بەمشێوەیە، خۆی لەخۆیدا تەکنەلۆجیا پێشدەخات و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا سەردەکێشێتە دەرکەوتنی چینەکان، چونکە چەکدارەکان، دەتوانن بەسەر بێچەکەکاندا زاڵبن. ئەو بیرە بنچینەییە زۆر سادەیە، بە دڵنیاییەوە، زیاتر مارکس لە سان سیمۆنی وەرگـرت. خەڵکانی بەتوانا، زیرەك، لێهاتو، ئامڕاز و چەکانەیان داهێنا، بۆیە دەتوانن زیاتر سود لەسروشت و خەڵك وەرگرن، لەجیاتی ئەوەی لەچینێکدا ببنە هاوگروپ، خەڵك دەبینن لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەستەبژێرانە، یان تایبەتمەندیەتی باشتردان، بەڵام

ئەو زاڵبوونە زۆر ناخایەنێت، چونکە خەڵك یاخی دەبن و پێیانوایە ئەگەر بۆخۆشییان ئافرێنەری عەقڵی خۆیان بەکاربهێنن، دەتوانن شتێك دابهێنن، نەك زیاتر لەئێستا سود لە سروشت وەرگرن، بەڵکو رەنگە دەستەبژێران بڕوخێنن. دەستەبژێرانیش وەك هەموو دەستەبژێران، وردە وردە لە زەمەن دوادەکەون، هزرییان دۆگما دەبێت و ئاگایان لەوە نییە، داهێنان و دۆزینەوە لەچینی خوارتر بەردەوامە؛ وێڕای تێپەڕینی زەمەن، بە چەکی بەرهەمهاتوی کۆن، گەر بکرێت سود لەم دەستەواژەیە وەربگیردرێت، یان هەرچۆنێکبێت بەشێوازەکانی ژیانی ئابورییەوە لکاون، کە لەمەودوا شایستەی چەکی نوێ و پێشکەوتنی تازەی تەکنەلۆژیا نین. کۆیلەکان سەرکێش و تورە، کارا، داهێنەر و بەرزەفڕ، چەکەکان تەواو دەکەن و لەکاتی خۆیدا، دەستەبژێران لەسەر کار لادەبەن و بە دەسەڵات دەگەن، بەڵام چینی نوێش لە کات دوادەکەوێت و بەزۆری کەسانی دیکە دەیانهێننە ژێر رکێفی خۆیان، کە کەڵکییان لێوەردەگرێت.

ئەم بابەتە لە روویەکەوە کتومت شرۆڤەی مارکسیستی و ماتریالیستی مێژووە، بەڵام قسەکەی سان سیمۆن لە وتەکەی مارکس جیایە، دەڵێت: هەموو هزرەکان، یان ئەندێشەکان، لەژێر دەسەڵاتی هەلومەرجی دابەشکردن، یان بەرهەمهێنان و هۆکارە ئابوریەکانە. بە بۆچوونی سان سیمۆن، کاتێك ئەندێشەکان لەدایك دەبن، کە بەرژەوەندیەك بخەملێنن. خەڵك مژولی داهێنان و دۆزینەوە دەبن و هزرگەلێکیان بە مێشك دادێت و بیرکاری، یان شیعر، یان هەرشتێکی دیکە دادەهێنن، بەڵام لە کاردانەوە بە بارودۆخی گشتی سەردەم - کاتێك وەها وەڵامی پاڵنەرە تایبەتیەکانیان بداتەوە، کە پاڵنەرەکان بۆخۆیان تا ئاستێك، پابەند و مەرجدار بەناوەندی ئابوری و شێوەی ژیانی خەڵکن. بەبڕوای سان سیمۆن، ئەندێشەکان کاریگەری راستەوخۆی سەربەخۆی گەورەیان هەیە، زۆر زیاتر لەوەی مارکسیستەکان ئامادەن قبووڵی

بکەن و بەمەش داهێنانەکان و بەتایبەت چینەکان هەمانهێندەی بەرهەمی کامڵکردنی تەکنەلۆژیا، بەرهەمی ئەندێشەکانن. بۆ نموونە، پێیوایە کۆیلەداری ئەندێشەیەکە، کە لەقۆناغێکی تایبەت هاتەدنیاوە و خەڵك دیتییان گەر کۆیلەکان بەکاربێنن، پلە بەپلە زیاتر بێکارەدەبن؛ هەر بۆیە، هەڵوەشانەوەی کۆیلەداری بە هۆی سەرهەڵدانی کریستیانیەت بوو، نەك بە پێی شرۆڤەی مارکسیستەکان، پەیوەندیی بەفشاری هەلومەرجی ئابوری و نائابوری شوێنی سەرهەڵدانیانەوە هەبێت، بەڵام ئەندێشەکان، هزرەکان، یان فکرەکانی مەسیح، هۆکاری هەڵوەشانەوەی کۆیلەداری بوو، بە گشتی ماهیەتی ئایینی و بابەتی و ئەخلاقییان هەبوو، ئەگەر ئەو فکرانە دەرنەکەوتبان، پێویست نەبوو کۆیلەداری لەو سەردەمەدا هەڵبوەشێتەوە. بۆیە، سان سیمۆن جەختێکی زۆر لە رۆڵی بلیمەتی دەکاتەوە لە مێژوودا و دەڵێت: ئەگەر بلیمەتەکان نەبن و دەرفەتی کاریان نەدرێتێ، بە کورتی، ئەگەر بیرۆکەی پیاوە گەورەکان زیاتر لەهەلومەرجی زەمانە و تێینەگەن، پێشکەوتن دوادەکەوێت. هەرگیز پێشکەوتن خۆی لەخۆیدا نایەتەدی و وابەستەی جۆرێك میکانیزمی حەتمی و خۆلێنەدزراوەی پێکدادانی چینەکان، یان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نییە.

سان سیمۆن لێرەدا بەم بۆچوونە گەیشت، کە پێویستە مێژوو جۆرێك کامڵبوونی مرۆڤ، لـەڕووی هێنانەدی پێداویستیەکانی بزانرێت، بەمەش لەشوێنێك پێویستیەکان جیاوازبن، شێوازی بەدیهێنانییان جیاوازدەبێت. داوەری حەتمی سەدەی هەژدەیەم لەبارەی سەدەکانی ناوەڕاست و رابرد، ناساندنیان وەك قۆناغەکانی تاریکی، نەزانی، دەمارگرژی، خورافات، سەردەمانێکی پوچ، شایانی ئیدانەکردن و بێزاری، بە بەراورد بەدەرکەوتنی رووناکی عەقڵخوازی سەدەی هەژدەیەم، رایەکی زۆر نامێژوویی، قبوڵ نەکراو و شایانی داکۆکی نییە. پێویستە بارودۆخ، پێودانگی داوەری هەمووشتێك بێت. ئەو بیرۆکەیەی

ئەوەندە لە بەرچاومان سادە و ئاشنایە، هەرگیز بۆ خەڵکی بەرایی سەدەی نـۆزدەیـەم ئاشنانەبوو. سـان سیمۆن، ئـەو بیرۆکەیە لە هێردێر روونـتر دەردەبڕێت، کە پێویستە هەموو شتێك بە سەرنجدان بە بارودۆخی داوەری بکرێت. سەدەکانی ناوەڕاست، کە پێیدەڵێین سەدەکانی تاریکی، لە سەردەمی خۆی، تاریکی نەدەنواند. سەدەکانی ناوەڕاست قۆناغێك بوو، بەپێداویستی زۆر جیاواز لەپێداویستیەکانی ئێمە، دەبێت هەموو سەردەمێك پشتگیری، یان بەتوندی ئیدانە، ستایش، یان سەرزەنشت بکرێت، گەورە یان بچوك و پێشکەوتو یان دواکەوتو دابنرێت، بە پێی توانایەك بۆ هێنانەدی پێویستیەکانی ئەو سەردەمە، نەك پێویستییەکانی فلان قۆناغی داهاتوی تێکڕای نامۆ پێی. سان سیمۆن دەڵێت: بەردەوام بابەتی ئەندێشەی پێشکەوتن دەبیستین، بەڵام لەوبارەیەوە کە پێشکەوتن چییە، چمان پێدەڵێن؟ ئەم پێشکەوتنە حەتمی و نەگۆڕە چییە کە بە هۆیەوە سەدەی هەژدەیەم لە سەدەی حەڤدەیەم باشترە، سەدەی حەڤدەیەم لەسەدەی شازدە، سەدەی شازدە لەهەموو سەدەکانی پێشوو؟ هۆکەیمان پێدەڵێت، کە مرۆڤەکان لە سروشت فێردەبن و ئەقڵییان بە کاردەهێنن و بۆ چاکەی هاوبەش کاری زۆرتر ئەنجام دەدرێت، - بەڵام ئەمانە لێکدانەوەی ئاڵۆزن: ئێمە نازانین ئامانجی خەڵك لە عەقڵ، یان سروشت چییە؟ پاشان سان سیمۆن دەڵێت: با هەندێك لەپێوەرەکانی پێشکەوتنتان پێبدەم، کە هەم واقیعی و بەڵگەدارە، هەم دەتوانین لەدەستنوسی مێژوو سودیان لێوەربگرین. بەڵێنەکەی خۆی دەباتەسەر و چوار پێوەر بۆ پێشکەوتن بە دەستەوەدەدات، کە زۆر سەرنجڕاکێشن.

یەکەمین پێوەری: کۆمەڵگەی پێشەنگ، یان پێشکەوتووە، کە لانی زۆر هۆکار بۆ هێنانەدی زۆرترین پێداویستی مرۆڤەکانی پێکهێنەری بڕەخسێنێت و زۆربەی پێویستیەکان بێنێتەدی، پێشەنگە. لەسەرەتاوە تا کۆتایی، هزری

تەوەری سان سیمۆنە. مرۆڤەکان پێویستی دەستنیشانکراویان هەیە - نەك پێویست بۆ گەیشتن بەخۆشی و بەختەوەری، یان ژیری و فرەزانایی، زانست و مەعریفە، فیداکاری و گیانبەختی - بەڵکو، بۆ هێنانەدی ئەو پێویستیانەیە. دەبێت ئەم پێویستیانە بە بێ پرسینی هۆکارەکەیان نەهێڵرێن، هەرشتێك کە هاوکاری دەوڵەمەندکردن، پەروەردەی هەمەلایەنەیان بکات و بەلانی زۆر گەشەی کەسێتی لەزۆرترین لایەنی شیاو هاوکاری بکات، پێشکەوتنە، یان پێشەنگ.

دووەمین پێوەری: ئـەوەی پێشەنگ بێت دەرفـەت و توانا دەداتـە باشترین تاکەکان، بە بەرزترین پلەکان بگەن، کە لەڕوانگەی سان سیمۆنەوە، لێهاتوترین، ئەفرێنەرترین، بەئاگاترین، تێڕامانترین، بە تواناترین و کاراترین تاکەکانن و دەیانەوێت تامی ژیان بکەن و لەچاوی سان سیمۆنەوە، چینەکانی مرۆڤەکان زۆر کەمن: کۆمەڵە کەسانێك کە بەهاو پانتایی ژیان بەرزدەکەنەوە، دەیانەوێت کارێك بکەن و شتگەلێك بۆ خەڵك بڕەخسێنن، رووداوێك رووبدات و پێویستییەکان بخەملێنن، خەڵکانێکی کەسانێکی دیکە، کە دەیانەوێت شەوق و توندییەکان، دەنگەکان نزم بکەنەوە، رێبدەن مەسەلەکان دامرکێنەوە و نەمێنن، دژی جموجۆڵن و بە گشتی کار دابەزێنن و بەرەو داڕووخان و هەرەس بچن و سەرەنجام بێئاکام بن.

سێیەمین پێوەری پێشکەوتن: رەخساندنی لانیزۆری یەکێتی و بەهێزییە، بە ئامانجی شۆڕش یان هەڵکوتانەسەر.

چوارەمین پێوەر: هێنانەئارای بواری داهێنان و دۆزینەوە و مەدەنیەت. بۆ نموونە، سودوەرگرتنە لەفەزای ئەو کارە و بەمەش کۆیلەداری لەکاتی خۆیدا، بەدامەزراوەیەکی پێشکەوتو دەزانرا - هەروەك، داهێنانی هێڵ، یان هەر شتێکی دیکە.

ئەمانە پێوەری هەستپێکراو و واقیعین، سان سیمۆن دەڵێت: ئەگەر بە پێی ئەوانە، داوەری مێژوو بکەیت، بەوپێیە وێنای دۆگماتیزەکانی رێنیسانس لە سەدەی هەژدەیەم وەردەچەرخێت، کە ئاڕاستەیان دەکردین. ئەگەر لە هەنگاوەکانی پاپا گرگۆریۆسی حەوتەم، یان سان لویی سەردەمی خۆیان بڕوانین، سەدە تاریکەکان، تاریك نەبوون. هەرچیەکبێت، ئەو دوو شەقامەیان نۆژەنکردەوە، زۆنگاوەکانیان وشککرد، نەخۆشخانەیان دروستکرد، خەڵکانێکییان فێری نوسین و خوێندنەوە کرد، لەسەرووی هەموویانەوە، یەکێتی ئەوروپایان پاراست، بەردەمی پەلاماری خۆرهەڵاتیەکان گرت بۆ ئەوروپا، 60 ملیۆن دانیشتوانیان بە شارستانی کرد و 60 ملیۆن خەڵك، کەموزۆر بەتێکڕایی لەژێر فەرمانی رژێمێك ژیان و توانیان بەیەکەوە هەمامەنگ گەشەبگەن. هەرگیز سەردەمێکی لەمچەشنە سەردەمی تاریکی نییە، کە پچڕان و پەرێشانی و ناکامیەکانی بۆ خەڵك، لەداهاتوو کەمترە، پێشەنگ و پێشکەوتووە و زۆرترین خەڵك بتوانێت لەوکاتە تایبەتەدا، بە خواستەکانیان بگەن. سەدە تاریکەکان، قۆناغی پڕبەرهەمترین گەشە و پـەروەردەی مرۆڤ ئەوکات و لەو ئاستەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دابوون، ئەم شت و دامەزرانەوانە تێدەپەڕن و کۆن دەبن و لەناودەچن. داهێنانی نوێ دەردەکەون، دۆزینەوەی نوێ ئەنجامدەدرێن، بلیمەتی نوێ دێنە گۆڕەپانەکەوە، کە خۆی لەخۆیدا زەینی خەڵك دەجوڵێنن و دەبنەهۆی پێویستی تازە. دامەزراوە کۆنەکان لەئاست پێویستییە نوێکان نابن، یان کەس و گروپەکان بەرژەوەندییان تێدا دەستەبەر کردووە و نایانەوێت لەدەستی بدەن. ئەو دامەزراوانە پێویستی نوێ دەخەنەژێر فشارەوە و سەرکوت و دەیانوەستێنن و پێشکەوتن سستدەکەن، بەڵام ئێستا پیر و کۆن دەبن و کەسێك دێت، کە لەناویان دەبات، واتا شۆڕش، شۆڕش هەمیشە واتای دەرکەوتنی کەسێك، بۆ لەناوبردنی دامەزراوە کۆن و بێکەڵکەکان دەگەیەنێت.

بەمەش مێژوو لەروانگەی سان سیمۆنەوە، ژەنینی جۆرێك ئاوازی یەکڕیتمی بە نۆرەی هەیە، کە لایەنگرانی ناویدەنێن قۆناغی ئۆرگانیك و قەیرانی. مەبەست لە قۆناغی ئۆرگانیك، مرۆڤ یەکگرتووە و گەشە و پەروەردەی هەماهەنگە و جڵەوبەدەستانی بە گشتی، گرنگی بە بەهای پێشکەوتن دەدەن - کە ئامانجی پێشکەوتن، رەخساندنی دەرفەتێکی زۆرە بۆ دابینکردنی زۆربەی پێداویستیەکانە (بە چاوپۆشین لە ماهیەتییان)، بۆ زۆرترین خەڵك. ئامانج لەقۆناغی قەیرانی، لەناوچوونی ئەو رێکخستن و رێوشوێنە کۆنانە و خودی دامـەزراوە پێشکەوتووەکان رووبـەڕووی ئاستەنگ دەکەنەوە و مرۆڤەکان دەزانن ئەوەی دەستییان دەکەوێت، ئەوە نییە دەیانەوێت و گیانێکی نوێ دەردەکەوێت، سەروبەندی درزدانی شوشە کۆنەکانە، کە تێیاندا هەستیپێکراوە - قۆناغێکە، بەوشێوەیەی سان سیمۆن لە رۆژەکانی خۆی رادەما، سەردەمی پیشەسازی هاتووە، بەڵام دەستکرد و پێکەنیناوی لەچوارچێوەیەکی کۆنی فیودالی دا، گیری خواردووە.

سەردەمی قەیران، وێرانکردن بەسەر بنیاتناندا زاڵە، گەرچی لەڕوانگەی ئاستی سەردەمەکان، لەخوارتر و نزمترە، بەڵام بە رای سان سیمۆن، حەتمی و پێویستە. سان سمۆن لەبارەی سەدەی هەژدەیەم و هۆکارەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا دەڵێت: شۆڕش یاساناسان و فەیلەسوفانی ئەودیوی سروشتی سەروبەرکردووە، کە لەبنەڕەتەوە خەڵکانی وێرانکەرن. یاساناس چی دەکەن؟ چەمکەکانی مافە رەهاکان، سروشتی و ئازادییەکان بەکاردەهێنن. ئازادی، چەمکی نەرێنی هەیە. پەنابردنەبەر چەمکی ئازادی، واتە کەسێك دەیەوێت شتێکتان لێوەربگرێتەوە، ئێوە بە بەڵگەی ساختە هەوڵدەدەن بیپارێزن. بە کورتی، بارودۆخێك هاتۆتەپێش مرۆڤ، یان زۆربەی، بژێوی پێویستی ژیانی نییە و هەستدەکەن گەمارۆدراون و سەرکوت دەکرێن. بەمەش کۆمەڵێك

بەناوی مافناسان، یان فەیلەسوفانی ئەودیو سروشت رادەسپێرێت، ئەوەی بۆخۆی ناتوانێ ئەنجامی بدەیت، ئەنجامی بدەن. واتا بەهەر رێگەیەکی شیاو شتێك لەچینی دەسەڵاتدار دەربکێشێتەدەر، کە بۆخۆت لە لاوازییان ناتوانیت بەپەنابردنەبەر توندوتیژی، دەسەڵاتداران ناچاربکەیت پێتبدەن. کەوایە مافناسان کەسانێکن کاریان ساختەکردنی بەڵگەی بەهێز و لاوازە بۆ لەناوبردنی دەزگای پیر و پەککەوتەی حکومەت و نەریتێکی پوچەڵ بووەوەیە، کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوان دەحنکێنن، فەیلەسوفانی ئەودیو سروشت، بە تایبەت لە سەدەی هەژدەیەم کەسانێکن، سەرقاڵی کاری زۆر پێویستی سستکردنی پێگەکانی ئایینی کۆنن. سان سیمۆن دەڵێت: کریستیانیەت لە رۆژگاری خۆی زۆر چاکبووە – بەهەمانشێوە جولەکە – بەڵام دەبێت گەشە بکات و پێش بکەوێت. ئەگەر گەشە نەکات، شەق دەبات و لەناودەچێت. بۆیە، لە هەموو ریفۆرمخوازانی ئایینی، زیاتر لە لۆسەر بێزارە. پێیوایە پیاوێك بوو بزمارکوت داکوتراو بە باوەڕی تایبەتی خۆی، کە بێگومان بۆ رووخاندنی مەزهەبی کاسۆلیك پێویستبوو، چونکە کاسۆلیزم، بە باوەڕی سان سیمۆن، لەسەردەمی لۆسەر، کۆن و پوچەڵبووەوە و زەبروزەنگ بوو. لۆسەری ملکەچی کتێبی پیرۆز، تەورات و ئینجیلی کردە بەدیلی هەموان. کتێبی پیرۆز بۆ هۆزێکی نیوە گچکەتری جولەکەکان، کە لە وڵاتێکی گچکەی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەژین نەشیاو نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ دوژمنی گەشە و پەرەپێدانی میللەتان نابێت. ئەمڕۆ پێویستیمان بە نەرمی و گۆڕانی بەردەوام و پێشکەوتنی هەمیشەییە. کڵێسای کاسۆلیکی رۆمی، هەر رەخنەیەکی لێبگیردرێت، لانیکەم خاوەن سەردەمی حەتمییە. لەهەندێك لایەنەوە دواکەوتوو، لەلایەکەی دیکەوە سەرکوتکەر و ستەمکارە، بەڵام بە پێی گریمانە کۆتایی نەهاتووەکانی یاسایی و بەو وتەیەی، کە چاوگی کاریگەر و بەڵگەداربوون، نەك دەقێکی چاپکراوی

نەگۆڕ، بەڵکو ناوەندی مرۆڤایەتی، شایانی گۆڕانی پێکهاتو لەنەوەکانی بەسەریەکەوەی ئەو مرۆڤانەیە، کە هەریەکەیان کەمێك لە نەوەی رابردو جیاوازە، مەزهەبی کاسۆلیك، لەسەرانسەری سەدەکانی ناوەڕاست ئەوەندە خۆگونجێن بوو، بتوانێت مرۆڤەکان بەرەو سەرکەوتنی گەورە رێنمایی بکات. رێك هەمانشت بوو، کە لۆسەر کۆتاییپێهێنا. یەکێتی ئەوروپای لەناوبرد، ئایینی کردە گرێ کوێرەی نەکراوە و بە بنەمای تایبەتی و رەها رازیبوو. سان سیمۆن، لە هیچ شتێك ئەوەندەی بنەمای رەها بێزار نییە. پێیوایە، هیچ شتێك جێگیر و بەردەوام نییە، هیچ شتێك رەها نییە، هەموو شتێك وەردەچەرخێت، هەموو شتێك کاردانەوە لەبەرامبەر جوڵەی کات، پێشکەوتن، وەرچەرخانی مرۆڤ، داهێنانەکان، دۆزینەوە نوێکان، زەینەکان، گیانەکان و دڵەنوێکان نیشاندەدات. بۆیە، سان سیمۆن بە کاسۆلیزم رازییە و دژی پڕۆتستانیزمە، بەڵام لە کۆتایی تەمەنی، هەرگیز کریستیانییەکی توند ئایینی نییە.

شۆڕشی گەورەی فەرەنسا چ بوو؟ شۆڕشێك بوو، لەکۆتایی قۆناغێکی دوورودرێژی کارێکی درێژخایان روویدا. لانیکەم سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم، پیشەسازی و بازرگانی گەشەی دەکرد و هەندێك گۆڕانکاری ئابوری زۆر ناخۆش و تێکدەر، بـەردەوام روویـدەدا. کەسانێك، کە فەرمانڕەوای بەنی مرۆڤ بوون، ئاوڕیان لەم کارە نەدەدایەوە. خراپ بەڕێوەبەریەتی کەسانێك، کە لە رابردویەکی کۆندا دەژیان، وایکرد تێنەگەن سەردەمی پیشەسازی نوێ هاتووە، یان دەسەڵاتی راستەقینەی ئێستا کەوتۆتە دەست چینی مام ناوەند و سان سیمۆن لەباسی دەسەڵاتی جەماوەری دا، کە داگیری دەکەن، لەهیچ شوێنێك وا بە راشکاوی بەیان و تەماشای ناکات. لەئەنجامدا، حکومەتی فەرەنساش، هاوشێوەی حکومەتی میللەتانی تر، لەهاوشانی ئەو گۆڕانکاریانە و گرتنەبەری رێوشوێنێك، بۆ داواکاری گۆڕانکاریەکان داما. کاتێك لەدەوڵەت

داوای هاوکاری کرا، گەنجینە بەتاڵ بوو. چینی سێیەم،4 کە تا ئەوکاتە ئاگادار نەبوو دەسەڵاتی بە دەستهێناوە، لە پڕێکدا تێگەیشت، پێویستی بە سازش نییە، چونکە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و دەبێت سودی لێوەربگرێت. بۆچی دەبوایە تاکەکانی ئەو چینە لەبەرامبەر شتێکدا خۆڕاگربن، کە دەیانتوانی زەوتی بکەن؟ بۆچی دەبوایە پەنابەرنەبەر بەڵگەهێنانەوە و قەناعەت، کاتێك دەیانتوانی سود لە هێز وەربگرن؟ شۆڕش بوو.

بە کورتی، بە پێی شیکردنەوەی سان سیمۆن، شۆڕشی گەورە بەومانایە بوو، کە چینی مام ناوەند بەئاگاداربوون لە چینایەتی، پێگەی راستەقینەی خۆی، لەو راستییە گەیشتووە، کە دەتوانێت بەپوچەڵکردنەوەی چەند رێسایەکی سادە و راماڵینی چینایەتی پوچەکی پێشوو، قەشەکان و خانەدانەکان و سەربازەکان، کە تا ئەوکاتە سواری پشتی ببوون و لەدنیای نوێ، هیچ هۆکارێکی بوونیان نەبوو، هەموان سەرکوت بکەن، بەڵام یاساناسان چ رۆڵێکیان هەبوو؟ بەڵگە و دروشم بدەنە چینی مام ناوەند، بەڵام هەموو دروشمێك بە تێپەڕینی کات کۆن دەبێت و دروشمەکانیشییان – (دەسەڵاتێك ئی خەڵکە) و (ئازادی مرۆڤ) و هاوشێوەیان – وەك دروشمی دواکەوتوانی نەیاریان، پوچ و بێمانابوو. هەمان کاری یاساناسان کردبوویان، پێویستبوو مۆریانەکان ستونی بینای کۆن بخۆن، کە دەبوایە داڕمێت. یاساناسان، لاشەخۆر و گۆڕ هەڵکەنانێکن، کە دەبێت رژێمی کۆنی نیوەوێرانە لەناوبەرن، بەڵام ناتوانن قەڵایەکی نوێ بنیادبنێن. ئەو کارە مرۆڤی داهێنەر و بنیاتنەری پێویستە، نەك کەسانێك کە لەبازدان، تەفرەدان، سەرلێشێواندنی بابەت و کورتبین و ناملکەنوسی لەهەلومەرجی سانسۆر راهاتوون و نوسینەکانیان لەناو دڵییان جیاوازە، نەك یاساناسانی تەڵەکەباز و سەرئەنجام تەسکبین، کە زەین و فکریان هەماهەنگ و هاوسازی کاری گەورەی داهاتو نییە، بەڵام یاساناس ئاسا، جێمتمانەی چینەکانی خوارتر

بوون وناميلكەی شۆڕشگێڕيان دەنوسی و جڵەوی دەسەڵاتييان رادەستی ئەو چينانە كرد، شۆڕش لەكيس چوو. كەسانێك كەسانی نوێ بوون، دەبوايە شۆڕش بەرەوپێش بەرن، واتا بازرگانە گەورە نوێكان، بەڕێوەبەرە گەورە نوێكانی پيشەسازييەكان، خاوەن بانكە گەورە نوێكان و خەڵكانی دنيای مۆدێرن.

لێرەدايە يەكێك لە جوانترين، نوێترين، خوڵقێنەرترين و جێبەجێكارترين هزرەكانی سان سيمۆن، دێتە گۆڕەپانەكەوە. دەڵێت: لەهەموو سەردەمێكدا، بەجۆرێك دەسەڵات دابەشدەكرێت. خەڵكانێك بەگرنگ دەزانرێن، خەڵكانێك بەگرنگ نازانرێن. خەڵكانێك نوێنەری نەوەی نوێ و ئەوە لەئاسۆی داهاتودايە و خەڵكانێك نوێنەری نـەوەی كۆن و ئـەوەی بـەرەو مردنە. لەسەدەكانی ناوەڕاست، لۆردە فيوداڵەكان نوێنەری بنەمای پێشكەوتن بوون، چونكە لەو دێهاتيانە، كە لەوكاتە كاڵاكانی پێويستی مرۆڤيان بەرهەمدەهێنا داكۆكييان دەكرد و نەاندهَشت لەكارەكانيان رابوەستن. بە گشتی سەرئەنجامی كۆششيان لەپێناو بەهێزكردن و پێشكەوتنی ئەو سيستمە بوو. سيستم پێويستی بە سەرباز و قەشەكان بوو. مەسيحيەت لە رۆژگاری خۆيدا، هێزی پێشكەوتنی زۆربوو، تا هێزێكی پێشكەوتن بوو. قەشەكانيش، كە پەروەردەكردنيانی لەئەستۆ بوو، پياوانی پێشڕەو بوون و رێنماييەكانيان زياتر لەئايينی رۆمەكان، يۆنانيەكان، ئايينی جولەكە، لەگەڵ پێويستيەكانی سەردەم دەگونجا، بەڵام ئەوانيش وردە وردە كۆن بوون و شوێنەكەيان بە كۆمەڵی زۆرجياوازی تاكەكان سپارد. ئەمڕۆ كەسانێك لە تاكەكانی ريزی جياوازن، كە بەگرنگ دەزانرێن، واتە بيرمەندان، خاوەن پيشەسازەكان، بانكەكان، پسپۆڕان و سەرئەنجام نوێنەرانی زانست و پيشەسازی، نەك قەشە و عەسكەرەكان و دەرەبەگەكان. زانست و پيشەسازی هاتون و دەمێننەوە، سودوەرگرتن لە زانست بۆ بەديهێنەرترين شێواز، تاكە رێگەيەكە بتوانێت دنيا رێكبخات و مرۆڤەكان تێيدا ويستەكانيان بخەملێنن، كە

گەشە بە رایەڵە گەورەی نوێی بازرگانی و پیشەسازی، لەسەرووی هەموویانەوە، بانکداری متمانەیی، دەدات.

سان سیمۆن بەشێوەیەکی نائاسایی سەرقاڵی گرنگیی بانکدارانە، چونکە نقوم بوون لەیاری مێژوویی و بە زۆری لەژێر کاریگەری مێژوو، چەمکی کامڵ و پێشکەوتوی ئەو راستییە، کاریگەری بەسەرەوە هەبووە، کە هیچ شتێك لەجێیەکدا پەنگ ناخواتەوە و هەمووشتێك لەهەر سەردەمێکدا، رەنگە نەك دیارە کتومت، بەڵکو وەك شتێك لەسەردەمێکی دیکەدابێت. زۆرجار دەپرسێت کێ لەسەردەمی ئەو وەك کەسانێکە، کە بۆ نمونە لەسەدەکانی ناوەڕاست، یان لەئیمپراتۆریەتی رۆم، یەکگرتویی و ناوەندییان هێنایەئارا. گەورەیی رۆمەکان ئەوەبوو کە تاڕادەیەك دەسەڵاتییان بەسەر هەموو مرۆڤدا دەکرد و یاساکانیان جیهانگربوو. سەدەکانی ناوەڕاست گەورە بوو، چونکە کڵێسا جیهانی دیسپلین و بەشارستانی کرد، بەمەش پێشی بە شەڕانگێزی و تەسکبینییە ناوخۆییەکان و بە هەدەر و بە فیرۆدان گرت. بە رای سان سیمۆن، خراپترین تاوانەکان بوو، نەیهێشت سەرچاوەی مرۆڤایەتی بە ئاڕاستەی تاك کەوتوو، تایبەتی و تاکی وێران و لەناوبچێت. ئێستا کێ هاوشێوەیەتی؟ سان سیمۆن دەڵێت: بانکەکان، متمانەکان، ئەختاپوس و هێزی گشتی گەورەیە، کە هەموو بەیەکەوە دەبەستێتەوە و کەسانێك، کە بەناچیزی ئەژمار بکەن و فەرمانەکەی بخەنە ملیان و پێیانوابێت پێویستییان پێی نییە، لەناودەچن. گەورەترین دەسەڵاتی جیهانی، پەیوەندی بەرامبەرە لەکاری دارایی نێودەوڵەتیی دا، بەڵام سان سیمۆن، بە پێچەوانەی کابیت، یان تەنانەت سیسمۆندی نزکەی لە هەمانکات، هەرگیز ئەو دەسەڵاتە گەورەیە بە رژێمێکی ستەمکار و خوێنمژی خەڵك ناناسێنێت و هەڵناکوتێتە سەری، بەڵکو بە هێزێکی گەورە و بزمارداکوتەر و ناوەندی پێدەر و هۆی بەردەوامی ئەژمار و پێشوازی لێدەکات، چونکە یەکگرتویی بۆ ئەو واتا هەموو شتێك.

چڕبوونەوەی عەقڵانی سەرچاوە، تاکە ڕێگەی گەشە و بووژانەوەی مرۆڤە، بەو ئامانجەی لە لەناوچونی هەرشتێك، پێش بە خاوەنداریەتی هەرکەسێك، هونەر و ئەدەبێك، توانایەك، ئارەزویەکی خەڵکان بگیردرێت و بە باشترین شێوازی گونجاو و شیاو بکەونەکار. هەرشتێك یەکێتی لێبکەوێتەوە، لەهەمو ئەو شتانە باشترە، کە پەرت بکات. پەیڕەویکردن لەدەسەڵاتدارانی گەمژە خراپە، بەڵام لەوە خراپتر بێسەروبەرە و ئاڵۆزییە و سان سیمۆنیش وەك هۆبز، دوای شۆڕشی سەدەی هەژدەی بەریتانیا، لە هەمووشتێك زیاتر لە خوێنڕێژی بێمانا، توندوتیژی، ڕژانە سەرشەقامی ئاپۆرەی هەرچی و پەرچی، ژاکۆبنەکانی شەیدای مەستی دروشمەکانی وەرگیراو لەیاساناسانی زمانپاراوی لە ڕۆژگار نەگەیشتوو، زراوی چووە - بەمەش خاوەن پیشەسازی و خاوەن بانك و بازرگانان دەپەرستێت و کۆمەڵگە بە دامەزراوەیەکی بازرگانی گەورەی وەك ICI 5 و جەنەراڵ مۆتۆڕز وێنادەکات. پێیوایە دەوڵەت، کۆن و پوچەڵبۆتەوە، هەرچەند لەڕابردو بوونی بۆ پاراستن و پاسەوانی تاکەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتی کڵێساو دەستدرێژییەکانی پێویستبوو، بەڵام لەپڕێکدا ڕەخنە لەم تێبینییە دەگرێت، کە قەشەکان لەرابردو، واخۆیان نیشاندەدا بیرمەندن، بەڵام ئێستا متمانەیان نەماوە، پاسەوانیکردن لەبەرامبەریاندا پێویست نییە و بەمەش، کڵێسا زیندو نییە، بەشی بەسود و داهێنەری دەوڵەت، کە سەرچاوەی گەشەکردن، کرانەوەی ئابوری، کۆمەڵایەتی و بابەتی مرۆڤەکان بوو، لە باری قورس و هەناسەبڕی کڵێسا، بارگەی تێکناوە و دەوڵەت خۆشی بۆتە مردویەکی ستەمکار و ناپێویست. بۆیە، سان سیمۆن بە ڕاشکاوی دەڵێت: ئێستا پێویستمان بە دەوڵەتێکە، کە بووبێتە جۆرێك دامەزراوەی پیشەسازی، بۆ ئەندامیەتی هەمومان، واتە کۆمپانیای شاخئاسای بەرپرسیەتی سنوردار، یان ڕەنگە بەوجۆرەی بێرك، بە شێوازی هزری مێژوویی، بۆخۆی دەیخاتە مێشکەوە، کۆمپانیایەکی بەرپرسی بێسنور. نەك خوازیار

و بەشەوق و گەرموگوڕ باوەڕی بە شتێکە، کە بێرك ناویدەنێت: بەشداری لەهەموو زانستەکان، هونەر و ئەدەبەکان، باشییەکان، بەڵکو هەروەها داخوازی بەشداری بە راسترین مانایە، کە دەوڵەتی جێسەرنجی رای بێرك، سەلمێنراو بینا نەبوو بە بەشداری لێکبدرێتەوە - واتە بەشداری لە بازرگانی، قوماشەکانی چیت و کالیکۆ، کە بێرك دژی بوو، لە بازرگانی، پیشەسازی، فرۆشتنی پێویستییەکانی مرۆڤ، زانست و مەعریفە، کە مەحاڵە مرۆڤەکان بێ ئەو، بتوانن هیچ کارێك بکەن.

چ ئامانجێکی کۆمەڵگەی لە بەرچاوە؟ سان سیمۆن دەڵێت: پێماندەوترێت چاکەی هاوبەش، بەڵام ئەو لێکدانەوەیە زۆر ئاڵۆزە. ئامانج و مەبەست لە کۆمەڵگە، گەیشتنە بە کەماڵی نەفس و خۆکرانەوە، مەبەست لە کۆمەڵگە، بۆ خەملاندنی پێداویستییەکانی مرۆڤیك، باشترین بەکارهێنانی مەعریفەی بەدەستهاتوو لەزانست، هونەر، ئەدەب، پیشەکان و دەنگۆی ئەو مەعریفەیە، پەرەپێدان و لانیزۆری کۆکردنەوەی بەرهەمەکەی لە قازانجترین پێکهاتەی چالاکیەکانی پانتایی زانست و هونەر و پیشەکانە. بە وتەی ئەو، بەرزنرخاندنی کەسانێك وەك ئەسکەندەر بەسە، بژین کەسانی وەك ئەرخەمیدس. بەدیوێکی دیکە دا، بەرزنرخاندنی بەرپرسان و قەشە و پاشاکان بەسە. ئەستێرەناس و ئەستێرەگەرو وەرزشکاران، سەردەمیان بەسەرچووە و مردوون. ئێمە پێویستمان بە بیرمەندان و خاوەن پیشەسازییەکانە، چونکە خاوەن ئەو قەڵەمڕەوەن، زانست و پێداویستییەکانی ئەمڕۆی تێدا چنگدەکەوێت. کەسانێکی کار راپەڕێنەرن، کەسانێکن ئێمە لەسیستمێکدا دەژین، کە هێناویانەتەئارا، هەرچەند ئێمە و بۆخۆیان لەو کارە بێئاگایین، هێشتا گەمژانە فەرمانی پاشماوەی فیودالی جێبەجێدەکەن و تێناگەن، کە بە پەلەپیتکەیەکی پەنجەی گچکە دەتوانن دووری بخەنەوە، بەڵام بۆدەبێت بەرگەی بارودۆخێکی وەها بگرین؟ تێکڕای

مێژوو، چیرۆکی شەرمەزاری سودوەرگرتنی مرۆڤەکانە لە مرۆڤ، ترسناکترین بابەتی لەناوچون و بەخەساردانە. بۆچی دەبێت مرۆڤەکان هێزی خۆیان لە سودوەرگرتن لەمرۆڤەکانی دیکە بەخەساربدەن، لەکاتێکدا دەتوانن سود لەسروشت وەربگرن؟ کاتێك مرۆڤێك، مرۆڤێکی تر دەچەوسێنێتەوە، هەم زاڵم هێزێکی زۆر بەخەساردەدات و و هەم مەزڵوم، کە بەگژی دادەچێتەوە. دەبێت زاڵم کۆتایی بە زوڵم بێنێت و مەزڵوم بە بەرگری، دەبێت هەردوو بە بنیاتنان و بەدیهێنانی کولتوری مادی، خۆیان بکەنە قوربانی سودوەرگرتن لەسامانی ئادەمیزاد، واتا سروشت. هەموو لاواندنانەوەکانی سان سیمۆن لە وەسفی بەرهەمهێنان، لێرە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەبارەی یاساکان. ماف، ژاوەژاوێکی بێمانایە، بەرژەوەندی هەیە و بەس. مرۆڤ هەموو کاتێك بەرژەوەندی دەوێت و رەنجی بەرهەمهێنەران، دابینکردنی ئەو بەرژەوەندییەیە. تاکەکانی مرۆڤ بۆ دوو ریزی گەورە دابەش دەبن: بێکاران و کۆششکاران، یان هەندێجار بە لێکدانەوەی سان سیمۆن oisifs، بێکارەکان و producteurs بەرهەمهێنەران، یان بێتواناکان و کرێکاران. ئامانج لەکرێکاران، بە رواڵەت کرێکارانی دەستی، یان پرۆلیتاریا نییە، ئامانجی هەموو ئەوکەسانەیە کاردەکەن، بەڕێوەبەران و هەڵسوڕێنەرانی کارگەکان و خاوەن پیشەسازیی و بانکەکان.

لەهەمووی گرنگتر پێوستە پسپۆڕمان هەبێت، نەك خاوەن زانست و پیشەی جیاجیا. هەژاری، سەرچاوە لەبێتوانایی دەگرێت، دەبێت بەرنامەڕێژی گشتی و هەماهەنگی، جێگی خەسارەتی ترسناکی بەرهۆی رکابەری بگرێتەوە. بەرنامەی پیشەسازی چڕمان، بۆ کۆمەڵگە دەوێت. لەجیاتی رکابەرێتی، هاوگروپی و هاوکاریمان دەوێت، چاوەڕوانی کاردەکەین و لەکاتی پێویستی کاری زۆرەملێیی، چونکە دوائامانجی مرۆڤ کارە و دەمانەوێت لەهەر دەرفەتێك بۆ لانی زۆری پێشکەوتنی توێژینەوەکە سودوەربگرین – بۆ پێشکەوتنی هونەرەکان، چونکە

تا کەسانێك هێزی خەیاڵکردنەوەی مرۆڤ بووروژێنن، کە لەگۆڕەپانی سۆز و وروژاندن کاردەکەن، هیچ کارێك ناکرێت. لەم پێشکەوتنە گەورەیەی مرۆڤ، هونەرەکانیش رۆڵییان هەیە، دەستەواژەی بەکارهێنان و پابەندکردنی سۆز و وروژاندن و مامەڵە و هێزەکانی مرۆڤایەتی، لەو رووەوە ئەمڕۆ بەمچەشنە بەدەستهاتووە، واتە جۆرێك سیستمی پیشەسازی خۆی لەخۆیدا بەرهەمهێنەر، کە هەموکەس بەشی تێدابووە، هیچ کەس داماو و بێ نوا نابێت و هەموو کارەسات و خراپیەکانی یەخەگری مرۆڤ، بارگەوبنە تێکدەنێن. بۆ ئیدارەدان و ستراتیجی سیستمێکی ئەوتتۆ، دەبێت تایبەتی، یان دەستەبژێرمان هەبێت، بێگومان چونکە خەڵك زۆر گرفتاربوون و ئەو قسەیەی سان سیمۆن لێرەدا، هاوڕێیانی ئینسکلۆپیدیا لە سەدەی هەژدەیەم، نەیانتوانی هەڵسوڕێنەرانی بێننەدی.

پێویستە ئەو گروپە تایبەتییە، یان دەستەبژێران، دەبێت لە کێ پێکبێت؟ رای سان سیمۆن لەبارەیەو چەندینجار بە درێژایی تەمەنی گۆڕا. سەرەتا پێیوایە، پێویستە دەستەبژێران بیرمەندان بن، بەڵام پاشان باوەڕی دەگۆڕێت و پێیوایە گروپی دەستەبژێران، دەبێت لە خاوەن بانك و پیشەسازییەکان پێکبێت. لەسەرەتای تەمەنی باوەڕی بە گروپە نهێنییەکانی، ئەنجومەنەکانی نیوتنی هەیە، واتە جۆرێك بەشداری هەرەوەزی، یان کولتورستانی زانستی نێودەڵەتی، کە بەئەندامیەتی هەموان و جۆرێك سیستمی راپرسی گوماناوی ببرێت بەڕێوە و هونەرمەندان و خاوەن پیشەسازیەکان و بانکداران لەناویدا، بە شێوازێکی کەس نەناس و ئاڵۆز کۆببنەوە، بەڵام سەرەنجام، بیرۆکەی پەرلەمانی پێکهاتو لەسێ بەش لای سان سیمۆن بەرهەم دێت: یەك، ژووری داهێنان، کە لە ئەندازیاران و هونەرمەندان، شێوەکاران و شاعیران و نمونەیان پێکبێت، واتا پیاوانی هزر و ئەوانەی لەهونەرەکان، یان لەزانستدا، رووناکی بلیمەتی

یەکەمییان تێدا سەرهەڵدەدات؛ دووەم، ژووری لێکۆڵینەوە و چاودێری، پێکهاتوو لەبیرکاریزانان و فیزیکزانان و فیزیۆلۆژیستەکان و هاوشێوەیان، سەرەنجام، ژووری بەڕێوەبەران و راپەڕێنەران، واتا خاوەن پیشەسازی و بانکەکان و ئەوانەی لەبواری رێکخستنی کارەکان شارەزان، چونکە کاتێك لەو ماهیەتەدەگەن، تێیدا دەژین و کێشمەکێشی مانەوە و پێویستی رکابەرێتی فێری کردون چ کارێك ئاسانە و قورس.

سان سیمۆن بەرنامەی جیاجیای تریشی هەیە، کە هەمیشە هەموو دەگەنە ئێرە، کە دەبێت بەرهەم بێنین، دەبێت داهێنان بکەین. دروشمی گەورە، ئافرینەرییە. پێویستە هەموکەس، توانای خۆی لەهەموو لایەنێکەوە پراکتیزە بکات. دەبێت ئەم هزرەی سەدەکانی ناوەڕاست، تاهەتایە بشاردرێتەوە کە تـەواوی داواکـاری مرۆڤ، کۆتکردنی نەفس و رەتکردنەوەی نەفس و دورکەوتنەوە لەخولیاکانی جەستە و شەیتانەکان بۆ ژیانی دەروونییە. دەبێت ئەو ئامۆژگاریەی مەسیح نەمێنێت، کە لە ئاخرەت پاداشت وەردەگرین و لەم دنیایەدا دەبێت جەستە گوێڕایەڵی روح بێت. دەبێت هەماهەنگی لەجیهانی نێوان جەستە و روح دا دروست بکەین . رۆح ناتوانێت بە بێ گەشەی گەورەی مادی کاربکات؛ هیچ گەشەیەکی مادی ناکرێت بە بێ بێداری گەورەی روحی، بە بێ دەرکەوتنی هزرەکانی بلیمەتی و پێشکەوتنی مرۆڤ، لەهەموو لایەکی شیاو. ئەم وێنایە هاوشێوەی بۆچوونی تینتورەتۆیە لە تابلۆی بەهەشت، کە زۆربەی مرۆڤەکانی ناوی، دەست لە ناودەست دڵخۆش و چالاکانە ئەڵقەیان بەستووە و تا هەتایە شایی دەکەن، پێدەچێت هەموو هێز و تواناو تکا و هۆگرییان لێوڕێژ - تەنانەت لێوانلێو - لەخۆشی و شادی نیعمەتێکە، خاوەن پیشەسازی و بانکەکان توانای بەرهەمهێنانیان هەیە و لەمەودوا تێکشکاوی دامەزراوە کۆن و تایبەت بە یاسا پێکەنیناویەکان نین.

سان سیمۆن دەڵێت: پێویستە گەورە و بژاردەکانی قەوم، یان دەستەبژێران بەئەخلاقی دوفاقی رەفتار بکەن، راوێــژی قسەکانی لەم بارەیەوە زۆر سەردەمیانەیە. بۆ نمونە، بە وتەی ئەو، سەیرە کاهینەکانی میسری کۆن، کە یەکەم و کۆنترین دەستەبژێران بوون، بیروباوەڕیان لەوە جیابوو، کە دەرخواردی خەڵکییان دەدا. ئەوە زۆر باشە و دەبێت کارەکان وەها ئەنجام بدرێت، چونکە دەبێت خەڵك وردە وردە رابهێنرێن و ناتوانن چاوەڕێ بن، یەکسەر رووبەڕوی حەقیقەت ببنەوە. بەمەش دەبێت گروپێکی گچکەی خاوەن پیشەسازی و بانکەکان و هونەرمەندانمان هەبێت، کە لەسەرخۆ مرۆڤ لە شیر بگرنەوە و لەسیستمی پیشەسازی رۆڵی تایبەتی خۆیان بەرجەستەبکەن. ئەوە جۆرێکە لە فیودالیزم، کە دەیناسین. دەستەواژەی بەناوبانگی، هەرکەسە و بە پێی توانا....6، کە کۆمۆنیزم لەسەر بنەماکەی بونیاتنراوە، لە سان سیمۆن و لایەنگرانیەتی. ستالین لەسەر بنەمای هزری سان سیمۆن باسیدەکرد، کە هونەرمەندان – بە نمونە چیرۆکنوسان –ئەندازیارانی گیانی مرۆڤن7 و ئەرك و رۆڵییان تیۆر بەکارهێنانە، نەك تیۆرسێنی پەتی، دوائامانجی هونەر خودی هونەر نییە، بەڵکو قاڵبگیری و بە مەرجکردنی مرۆڤەکانە. کەوایە دەبێت هەموو کەس ئەندازیار بێت، چ ئەندازیاری مادی بێگیان و چ ئەندازیاری گیانی مرۆڤ، بەڵام ئەگەر قەرارە ئەو کارە بکرێت، نابێت مستێك بیروباوەڕی ئەودیو سروشتی کۆن و رزیو، ببنە ئاستەنگی رێگەکەمان. بەمەش سان سیمۆن بیر لە رێوشوێنی دژی دیموکراسی دەکاتەوە، چونکە دیموکراسی بەهیچ شوێنێکت ناگەیەنێت. هیچ بەرنامەیەکی گەورە ئەنجام بەدەستهێنراو نییە، مەگەر وشیارانێك لەسەردەمێك بگەن، کە تێیدا دەژین و بەتوانایەك کار بکەن، کە لەدەستییاندا چڕبۆتەوە، چونکە، دەشێت تەنیا پسپۆڕان، کارەکان رێکبخەن. هەموو ئەو کارانەی تائێستا بەئەنجام گەیەنراون، پسپۆڕان ئەنجامییان داون، مەحاڵە بە نموونە، لەئەنجامی

شۆڕشی گـەورەی فەرەنسا، کە خوێن ڕشتن و بگرەوبەردە و دواکەوتویی ترسناکی مرۆڤ بەرەنجامی بووە، هەرگیز پسپۆڕان لەمۆد بکەون.

بەخاڵی هاوبەش، ئازادیش دروشمێکی پێکەنیناویە. ئازادی هەمیشە بەدیهێەری پشێوی و ئاڵۆزییە. ئازادی هەمیشە کاری نەرێنی و دژی زوڵم و جەوروستەمە لەدەرەوە، بەڵام لە ڕژێمی پێشکەوتو، کە شتەکان پێشکەوتون و زوڵم و جەور نییە، هیچ نییە بمانەوێت لەبەرامبەریدا بوەستین و پێویستمان بەدژە داکوتەر هەبێت. ئازادی تیئێنتیئاسایە و دەتەقێنێتەوە، بەڵام لە سەردەمی بنیادنان، ئافەریدەگی لەبەرامبەر سەردەمی وێرانکەر، لانیکەم بۆ ئەو مەبەستە نابێت کەس تیئێنتی بەکاربهێنێت. هەموو هاوار و فیغانی سان سیمۆن، لەوەی کە ئازادی ترسناکە و دەبێت سەرکوت بکرێت، لێرە سەرچاوە دەگرێت.

لەگەڵ ئازادکردنی {ئابوری}8یش، هـەروا مامەڵە دەکـات. سان سیمۆن لەقۆناغێکی تەمەن، باوەڕی بە ئازادکردن هەبوو، مریدی دامەزرێنەری بوو، ناویدەنا: ئادام سمیتی بەهەشتی، بەڵام پاشان ڕای گۆڕی و وتی: ئازادکردن، بگرەوبەردەی ڕەهای لێدەکەوێتەوە، مەحاڵە کارێك ئەنجامبدرێت، مەگەر ڕاستەوخۆ لەچەقەوە بەرنامەی بۆدابنێین. لەئەنجامدا، دەگەینە بۆچوونێکی ترسناکی پلەبەندی فیودالی نوێی گەورە، کە سەرەتا خاوەن بانکەکان، پیشەسازیەکان کەمێك خوارتر، ئەندازیاران و تەکنۆکراتەکان دیسانەوە خوارتر، هونەرمەندان و شێوەکاران و نوسەران لەنزمترین پلەی دان. هەر مرۆڤێك هێزی خەیاڵکردنەوە و ئەفرێنەری هەبێت، کە خزمەتێکی پێ بکرێت، لەم پلەبەندییە، لەم ڕژێمی فیودالییە ئاسۆیی و ستونیەدا، کە شتەکانی بە سیستمێکی وشك و نەگۆڕ ڕێکدەخرێت، پێگەیەکی هەیە. پێشکەوتن بەم ڕێگەیە چنگدەکەوێت، سەربازەکان بەمجۆرە هەنگاودەنێن، لەڕوانگەی سان سیمۆنەوە، هەمومان سوپایەکین، سەرانسەری مێژوو سوپایەکە – تاڕادەیەك سان سیمۆن بە هەمان ناو، ناوزەدی دەکات.

بەهەمانجۆر، بە توندی دژی یەکسانییە و بە هاواری گەمژانەی جەماوەری ستەملێکراوی دادەنێت، کە پەیوەندی بە دنیایەکەوە نییە، کە حکومەتی عەقڵانی سەروبەری کردووە. ئێمە پێویستمان بە بەڕێوەبردنی کارەکانە، نەك ئیدارەدانی خەڵك.9 بەڕێوەبردنی کارەکان،، واتە رێنماییکردنمان بەرەو ئامانجی راست، واتە هێنانەدی داواکاریەکانە بە باشترین و کارامەترین میتۆدی شیاو. ئەگەر مرۆڤ ئامانجێکی وەهای هەبێت، کەوایە دروشمی گەورە، کە دەبێت بە هاوار رابگەیەنرێت برایەتییە، نە وەك یەکی و نە ئازادی، چونکە بەدڵنیاییەوە هەموو مرۆڤەکان بران.

بەم تێبینیانە دەگەینە دوا قۆناغی هزری سان سیمۆن، واتە nouveau christianisme ، یان مەسیحیەتی نوێ. سان سیمۆن لەدوا تەمەنی هەستیدەکرد پێویستی بە ئاینێکە و دەبێت کارێك بکات، چونکە ناسین، یان مەعریفەمان لە تەکنەلۆژیا چنگ ناکەوێت، پێوستە بیروباوەڕی مرۆڤەکان لەخاڵێك چڕبێتەوە و تەوەرێکی هەبێت. دەڵێت: سەردەمی سیسیرۆن بخەیتە مێشکتەوە: هێشتا رۆمەکان دەچوونە پەرستگەکان، بەڵام ئایینەکەیان لەسەرەمەرگ دابوو، سیسیرۆن پێیوابوو دەبێت کاژی ئایین بپارێزرێت، گەرچی خۆی باوەڕی بەناوەڕۆك و جەوهەرەکەی نییە، بەڵام کاری کردنیّ نییە. زۆربەی خەڵك نە باوەڕیان بەخوای مەسیحە و نە بە رێنماییە فەرمیەکانی مەسیحیەت، کەچی کڵێسا بەسود دەزانن، پێیانوایە غەریزە شەڕانیەکانی مرۆڤ جڵەودەکات، بەڵام کاتێك باوەڕ کۆن و رزیبێت، بێ سودە و کڵێسا لەبەریەکدەترازێنێت. توێکڵ بە بێ ناوك، ناتوانێت درێژە بەبوون بدات. بەمەش دەبێت ئایینێکی نوێ و باوەڕی تازە بێنینەئاراوە، کە وەڵامی پێداویستیەکانی سەردەم بداتەوە. سەردەمی زێڕین لەپێشمانە، نەك ئەوجۆرەی نەریتە کوێرەکان دەڵێن: لە پشتەوەمانە؛ کەوایە دەبێت بەهەنگاوی بەپەلە بەرەو رووی بچین. منداڵەکانمان پێیدەگەن، بەڵام، بەوتەی سان سیمۆن، دەبێت رێگاکەیان نیشان بدەین.

پێویستە چۆن ڕێگاکەیان نیشان بدەین؟ سان سیمۆن بەئاشکرا نازانێت، بـەڵام دەڵێت: بە خۆشەویستی و هاوگروپ بـوون. ئەگەر مرۆڤەکان لەپێداویستی یەکتری بگەن و خۆیانی بە خاوەن بزانن، ئەوکاتە خەیاڵی داهێنەریان بە ئاڕاستەی زۆرترین و هەماهەنگترین بەرهەمهێنانی کاڵاکان دەکەوێتە کار، کە هەرکەسەو بە پێی پێداویستی بەریدەکەوێت. ئینفانتەن، رابەری کۆمەڵی سان سیمۆنەکان دوای مردنی، دەیوت: تۆ لایەنێکی منی، من لایەنێکی تۆم.10 ئەم کۆمەڵە گچکەیە بووە کۆمەڵێکی ئایینی، دوای گواستنەوەی بۆ دەورووبەری پاریس، بەریوانکەی بۆ ئەندامەکانی درووو، کە بەداوێك لەدواوە گرێدەدرا، تا هەر ئەندامێك بۆگرێدانی، پێویستی بە ئەندامێکی دیکەبێت، ئەمە نمونەی هاوکاری بوو، لەجیاتی ڕکابەرێتی. تابلۆیەکی زۆر جوان و ناسکی ئەو قۆناغەی ریمۆن بۆنیۆر بەجێماوە، کە فلیسین داڤیدی ئاوازدانەر، بە بەریوانکەی سان سیمۆنیەوە دەبینرێت. لەسەر سینگی بەریوانکەکە پیتی گەورەی Dی و لەناوەوە D، تارەکانی هارپ چنراوە. سان سیمۆنیەکان عاشقی تەپەی پێ و خرمەی ناڵی چوارپێ و زرمبوهوڕی تەپڵ و دەهۆڵی سەدەکانی ناوەڕاست بوون و دەیانویست پلەبەندی سەدەکان، لە قاڵبەکانی پیشەسازی، لەنویوە دابڕێژنەوە. ئەوەبوو لە سان سیمۆندا، رەسەنێتی هەبوو.

هەر هەوڵێك بەئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی گونجاو و زانست بۆ چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ بەکاربهێنرێت -، بەڵام نەك وەك سەدەی هەژدەیەم، کە مەسەلەی چارەسەری کێشە ئەبەدیەکان خرابووەڕوو، هەمیشە هاوشێوەبوون، نەك لە چوارچێوەی بنەمایەك، کە لەدڵی مرۆڤێك نەخش بوون، یان لە سروشت بە دەستهاتون، یان بە روانگەی میتافیزیکی، یان بە هەر هۆیەکی دیکە دۆزراونەتەوە، هەرگیز ناگۆڕێن، بەڵکو بە پێی

ئەو بەهایانەی گرتنەبەری کات وەردەچەرخێن - ئاشکرایە لەکاتێکی وەهادا سان سیمۆنیزم، کام داهێنان لەداهێنانی تر کاریگەر بووە و کام مرۆڤەکان کاریگەریان بەسەر مرۆڤەکانی دیکەوە هەبووە، پێمانوایە دەبێت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگونجێنیت و بوونەوەرێکی تاکانە، یەکپارچە، بەرنامەبۆڕێژراوی لێبێنێتەدی و نابێت رێگەبدات تاکەکان بێکۆتوخەیاڵ بەسەربەرن و بچنەناو کاری دڵگیرانەوەیان، تەنیا لەبەرئەوەی دڵگیریانە، چونکە نازانن لەوانەیە بەمکارانە بارودۆخێك تێکبدەن، کە رەنگە زۆربەی ئەوانی دیکەی ناوی تواناکانیشیان پراکتیزە بکرێن. ئەندێشەی سان سیمۆن لەبارەی بەرنامەی، دەستی نوێ، لەسەردەمی فرانکلین رۆزفلێت، یان بەرنامەی سۆسیالیستی بەریتانیای دوای شەڕی جیهانی دووەم، بەمشێوەیە شێوازەکانی گونجاوتر و مرۆڤانەتری بە خۆوەگرت، لە بارەی کۆمەڵگەکانی بەرنامەڕێژکراو و فەرمانی فاشیستی، یان کۆمۆنیستی، شێوازی توندوتیژ و بێویژدانانە و درندانەی دۆزیەوە. دەبارەی پاشان، ئەو هزرەش لە سان سیمۆن وەرگیراوە، کە دەبێت ئایینی نوێی ئەم جیهانی، یان سیکولاری دابمەزرێت، کە ئەفیونی جەماوەربێت و بەرەو ئایدیایەك رێنماییان بکات، کە بە عەقڵ تێیناگەن. بە هەمانشێوەیە ئەو هزرە، کە هەمومان بەشێکین لە رەوتی پێشکەوتوی مێژوو -، بەمەش هیچ ئامانجێکی رەها نییە و دەبێت هەموو ئایدیالێك بە کامڵبوونی خۆی هەڵبسەنگێندرێت، واتا تاچەند پێویستی ئێستایە، نەك پێویستی فڵان سەدەی رابردو، یان داهاتو - متوربەکردنی ئەو هزرە بەو ئەندێشەیە، کە مێژوو، مێژووی تەکنەلۆژیای ناجێگیرە، چونکە تەکنەلۆژیا نمونەی بەرزترین ئاستی چالاکی گیانی مرۆڤە و دەبێت مرۆڤەکان بۆ دوو گروپ دابەش بن: کارکەران و کار نەکەران، ئەهلی قسە و ئەهلی بەرهەمێنان، کارا و هەڵسڕکاوەکان.

تەوەری سەرانسەری ئەم بۆچوونە، زانست، یان بە دەستەواژەیەکی باشتر، زانست پەرستییە - واتا باوەڕبوون بەوەی دەبێت کار لەژێر دیسپلینی توند و نەگۆڕ و بەدەست کەسانێکەوەبێت لەمادەی بنیادنەری جیهان بگەن، گشتیتر لە مرۆڤایەتی و نامرۆڤایەتی، ئەنجام بدرێت، ئەگینا بەرهەمەکە جگە لەبگرە بەردە و ناکامی هیچی دیکە نابێت. ئەو کارە تەنیا بە دەست هەڵکەوتوان، یان دەستەبژێرانەوە مەیسەرە و دەبێت دەستەبژێران بەناچاری کار بە ئەخلاقی دووفاقی بکەن - یەك، بۆخۆیان و دوو، بۆ خەڵك. ئازادی، دیموکراسی، ئازادکردنی ئابوری، تاکخوازی، فیودالیزم - ئەم بۆچوون و دروشمانە، وشەی بێمانا هەموو دەبێت بڕۆن جێگە بۆ شتی روونتر و بوێرانەتر و نوێتر بکرێتەوە، وەك کۆمپانیا گەورەکانی بازرگانی، سەرمایەداری دەوڵەتی، رێکخستنی زانستی، رێکخراوی ئاشتی جیهانی، پەرلەمانی جیهانی، فیدراسیۆنی جیهانی. هەمویان هزرەکانی سان سیمۆنن.

سان سیمۆن باوەڕی بە شۆڕش نەبوو، چونکە شۆڕشی دیتبوو. باوەڕی بە توانای قەناعەت پێکردن هەبوو، بەڵام پێویست ناکات شۆڕش هۆ بێت. بەقوڵی مژولی بەدیهێنانی داواکاریەکانی مرۆڤ بوو. لەاوجێگەی مردندا، بەلایەنگرەکانی وت: یەکترتان خۆش بووێت و یارمەتی یەکتر بدەن. سەرانسەری ژیانم لەم هزرەدا کورتدەبێتەوە، کە هەموو مرۆڤەکان لە گەشەو پەروەردەی هێزی خود، بە ئازادترین شێوازی دڵنیایی بەرهەم بێنن، هەروەها: بەدڵنیاییەوە حزبی کرێکاران دادەمەزرێت، مەبەستی لە کرێکاران، بەرهەمهێنەران بوو - ئایندە لەگەڵمانە. سان سیمۆن لیبراڵترین، بیرکراوەترین، گەشبینترین و سادەترین کەس بوو. ئەو حزبە دامەزرا، بەڵام نەك بەومانایە تەواو، کە باوەڕی پێی هەبوو، کەچی هەموو ئەو قسانەی لە

بارەی خۆشەویستی و هاوگروپی و ئۆرگانیزەکردن، کە سان سیمۆن هاوڕێیان و بەجدی مرۆڤی بۆ رادەسپێرێت، ئازادی چی بەسەردێت؟ ئازادی نەك بەچەمکی پوچی، سیمۆن وتەنی، یاساناسانی سەدەی هەژدەیەم، بەهەمان دژەداکوتەر بۆ تێکەوەدانی پاشماوەکانی فیودالیزم سودیان لێوەردەگرت، بەڵکو ئازادی راستەقینە، مەدەنی، مرۆڤەکان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراو، کە بەدڵی خۆیان کاربکەن؟ سان سیمۆن لەم بابەتەدا، شتێکی ترسهێنەرتر لەهەر شتێك دەڵێت، کە وتویەتی، چونکە دژی ئازادییە. بەلایەوە گرنگ نییە کێ و بە چ پلەیەکی زوڵم و جەور، گشتیتر لەیەکێتی پیرۆز، یان لویی هەژدە، فکرەکانی بێنێتەگۆڕێ. سان سیمۆن جیاوازی ناکات و پشت بە هەمویان دەبەستێت. دەڵێت: باسی ئازادی، کە چینی مام ناوەند وەها دەورووژێنێت، لەچینەکانی خوارەوە رووبەڕووی گوێپێنەدان دەبێتەوە، چونکە هەمووان دەزانین شارستانیەت لەبارودۆخی ئێستادا، سودوەرگرتنی سەرکێشانە لەتوانا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر باری ژیانییان نییە. کەسانی بچوك، چینەکانی خوارەوە، گەورەترین و نەدارترین توێژی مرۆڤ، کە بنیاتنانەوەی مرۆڤایەتی بەبێ ئەوان مەحاڵە، گرنگی بە ئازادی نادەن و توانای دادپەروەرییان نییە، کە هەمان قسەیە لە سەدەی نۆزدەیەم، لە چرنڤیسکی بیرمەندی سۆسیالیستی چەپگەرای روسیا بیسترا. خەڵك پەرلەمان و ئازادی و مافەکانیان ناوێت، ئاواتی بۆرژوازین. خەڵك پێڵاویان دەوێت، هاوار بۆ داواکردنی نان و پێڵاو، نەك داوای ئازادی زۆر، لەگەڵ دروشمەکانی لیبراڵی، پاشان سەربەندی حزبە توندڕەوەکانی چەپگەرا، تا لینین و ستالین بوو. ریشەی ئەو ئاوازە شومەش، بۆ سان سیمۆنی میهرەبان و مرۆڤ دۆست و خانەدان دەگەڕێتەوە.

## پەراوێزەکان:

1. dirigisme. بەرنامەڕێژی ئابوری و کۆنترۆڵی حکومەت. (و. ف)

2. New Deal. هەڵسەنگاندن و ئۆرگانیزەکردنی بنەڕەتی بە ئەرك و بەرپرسیەتی حکومەت بە ئامانجی هێنانەئارای بەرهەمەکانی درێژماوە لە ئابوری و کۆمەڵگەدا. فرانکلین رۆزفلێت سەرۆك کۆماری ئەمەریکا یەکەمجار ئەم زاراوەی لە وەسفکردنی بەرنامەکەی خۆی بۆ رزگارکردنی ئەمەریکا لە دابەزینی ئابوری و بێکاری یەخەگری وڵات لە 1930 بە کارهێنا. (و. ف)

3. Bonhomme(وشەیەکی فەرەنسی) واتە مرۆڤی سروشت چاك و باش و ئاسایی. (و. ف)

4. Third Estate. لە فەرەنسای سەدەکانی ناوەڕاست، بە پێی نەریت، کۆمەڵانی خەڵك بۆ سێ چینی خانەدان، پیاوانی ئایینی و باقی تاکەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبوون. مەبەست لە چینی سێیەم، جەماوەری کۆمەڵگە: بازرگانەکان، جوتیاران، پیشەوەران، خاوەن قەڵەم، رۆشنبیران و باقی خەڵکی لێپێکدەهات. ئەم پۆلێنکارییە هەڵوەشاوە، بێگومان لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ وشەی (چین)مان لە بەرچاوە، تەواو جیاوازە. (و. ف)

5. کورتکراوەی Imperial Chemical Industries. کۆمپانیای زەبەلاحی بەریتانی و یەکێك لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی مادەی کیمیاوی و بۆیاغ و ریشاڵی دەستکرد و دەرمان لە جیهاندا.(و. ف)

6. ئەمە یەکەم بەشی وتەیەکە، کە بووە سەر دەپەی لوگلوب. لەکاتێکدا لایەنگرانی سان سیمۆن خاوەنی بوون. لە درێژەیدا هاتووە: هەر توانایەك بە پێی کارەکەی، کە بە گێڕانەوەی مارکسیستەکان، بەمشێوەیەی لێهات: بۆ هەرکەس بە قەدەرا پێویستی.

7. ئەم لێکدانەوەیە بە وەرگرتن لە وتەیەکە، کە رۆژی 26ی ئۆکتۆبەری 1932 ستالین لە ماڵی ماکسیم گۆرکی وتی و دەقەکەی لە دەستنوسە بڵاونەکراوەکانی لە ئەرشیفی گۆرکیدا هەڵگیراوە. گۆرکی بە بێ وشەی مرۆڤ لە وتارێکدا لە 1932 بەردانگ بۆ کۆنگرەی نوسەران لەم رستەیەدا بەکاریهێنا: دەبێت دەوڵەتی پرۆلیتاریای هەزاران میکانیکی کولتور و ئەندازیاری رۆح، گرانبەها پەروەردەبکات. بنەماو سەرچاوەی ئەم هزرە بۆ بەرایی 1920 دەگەڕێتەوە، کە مایاکۆفسکی باشی رۆڵی نوسەران، کارەکەیانی بە ئەندازیاران چواند.

8. laissez faire. زاراوەیەکی فەرەنسییە واتە ئازادکردنی خەڵك لەئابوری و دژایەتیکردنی دەستێوەردانی حکومەت، جگە لە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و ئارامی و خاوەندارێەت. (و. ف)

9. پارچەی جێسەرنج لەوێ کتومت بەمچەشنەیە: لە 1816، سان سیمۆن رایدەگەیەنێتك سیاسەت زانستی بەرهەمهێنانە و پێشبینیدەکات، کە سیاسەت بە تەواوەتی پەلکێشی ئابوری دەکرێت. ناسینی هەلومەرجی ئابوری، کە لە بنچینەدا دامەزراوەی سیاسییە، لەوێ بەشێوەی کۆرپەلە سەرهەڵدەدات، بەڵام هەمانکات لەوێ بەڕوونی ئەو هزرە دەربڕدراوە، کە فەرمانڕەوایی سیاسی بەسەر مرۆڤ لەداهاتودا، بە بەڕێوەبردنی کار و رێنمایی پڕۆسەی بەرهەمهێنان دەگۆڕێت، واتا لەناوچونی دەوڵەت، کە بەم دواییە دەربارەی ئەو هەمو گاڵەگاڵە بووە. لە euvres سان سیمۆن، مێژووی باسکردنی ئەم هزرە 1817 دراوە.

10. یان کتومت: تۆ لایەنێکی ژیانی منی و من لایەنێکی ژیانی تۆ.

## دۆمیستەر

جۆزێف دۆمیستەر، لەڕوانگەی زۆربەی هاوسەردەمانییەوە، کەسایەتییەکی بەترس و خۆف بووە - نەك بە هۆی نوسینەکانی، بەڵکو کەموکورتییەکانی بوو. هاوسەردەمەکانی دەرفەتێکی ئەوتۆی بینینیان نەدەبوو، چونکە دۆمیستەر، گرنگترین ساڵەکانی ژیانی لەخزمەت پاشادی ساردنی و لەدەرباری روسیا لە سانپترسبۆرگ، بە دیپلۆماتیکی بەسەربرد. ترس و خۆفەکەی، لەڕوانگەی هاوسەردەمانی بە هۆی توندوتیژی، یەکدەنگی، جدی نائاسایی، دۆگمایی گوێنەبیستانەو پێداگربوو، کە بە هۆیەوە دەیویست هەر تیۆرێکی پەسندنەکراوی، دابکوتێت و تێکیبشکێنێت.

ئەمیل فاگە، وردترین و بەویژدانترین رەخنەگری دۆمیستەر بوو، لە سەدەی نۆزدە لە فەرەنسا، بەمچەشنە وێنەی ئاسایی لەزەیندا، بێلایەنانە بەرجەستەدەکات: لایەنگرییەکانی کەللەڕەقی ستەمکار و حکومەتی رەها، بێئامانی حکومەتی ئایینی، سەرسەختی پلەبەندی پاشاکانی بۆربوون، پاڵپشتی سێتاییبوونی ترسناکی پاپاو پاشاو جەلاد، هەمیشەو لەهەموو شوێنێك داکۆکیکاری وشکترین، داخراوترین، رەقترین چەقبەستووەکان، رووی ئەهریمەنانەی سەرچاوەگرتو لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە لایەك هەوڵدەری بیرمەند، لە لایەکەی دیکەوە مەئموری پشکنینی بیروڕا، سەرئەنجام جەلاد. فاگە لەشوێنێکی دیکە دەنوسێت: مەسیحیەت بەلایەوە تۆقێنەر، ترسوخۆف بڵاوکەرەوە و بێچەندوچوون پەیڕەوی لە ئایینی حکومەت دەکات، باوەڕی، هاوبەشییە کەمێك پاکوخاوێن، بۆخۆی پاسەوانی خودی ڤاتیکانە. هەڤاڵێکی، باسی مەسیحیەتی ترس و تۆقاندن بڵاوکەرەوەی دەکات. ئێدگار کینە، پرۆتستانتی کاریگەر وەرگرتو لە رۆمانتیکە ئەڵمانیەکان، دەنوسێت: خوایەکەی بێویژدان و بێ رابردو، یاریدەدەرەکەی جەلادە، مەسیحەکەی، کۆمیتەی

هەمیشەیی ئاسایشی گشتییە.1 میگڵ دی ئۆنامۆنۆی فەیلەسوفی ئیسپانی لەسەردەمی ئێمەش، باسی قەسابخانەی دۆمیستەر دەکات.

ئەوە وێنایەکی دۆمیستەرە، کە بە گشتی لزەیندا نەخشبووە. سانتبوو، دایهێناوە و بیرمەندانی سەدەی نۆزدەیەم، بەردەوامییان پێداوە. هەمیشە لەدۆمیستەر وێنادەکرێت، کە کەسایەتیەکی دەسەڵاتخوازی دەمارگیر و پشتیوانی دەمارگیرتری دەسەڵاتی پاپایە؛ پیاوێکی لەخۆبایی، کۆنەپەرست و نەگۆڕ، خاوەن ئیرادەی بەهێز و دەسەڵاتی باوەڕ نەکردەی، بەڵگەهێنەرەوەی پێگەی دەمارگیری بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زێدەڕۆ و ناخۆش؛ پیاوێکی درەوشاوە و رۆژگار تاڵ؛ تێکۆشەرێکی سەدەکانی ناوەڕاستی سەربە سەدەیەکی تێپەڕیو، لەهەوڵی بێهودە بۆ وەستاندنی رەوتی مێژوو؛ پێوەندی نالەباری بەرجەستە و ترس ورووژێنەر، دوژمنی خەسڵەت، تاك و تەراو سەرئەنجام مەخابن؛ لە باشترین دۆخدا، خانەدان زادەیەکی داخ ورووژێنەر، کە جیهانی فریودەر و بێنرخی، نەگونجاوی تێیدا لەدایکبووی خستۆتە ململانێوەوە و ئیدانەی دەکات، لەخراپترین دۆخدا، کۆنەپەرستێکی سەرسەخت، لاسار، خۆڵیکردۆتە چاوی خۆیەوە و سەردەمی نوێی سەرسامکەر، کە نەفرەت لەزێدەڕۆیی سەرەڕۆیی و دڵڕەقی لاواز لەدیتن، یان هەستی چاکییەتی، لەعنەت و نەفرەتی دەکات.

بەرهەمەکانی سەرنجڕاکێش، بـەدەر لەعورف، ناواقیعی و لەجیاتی دواهەوڵی زەبونانەی فیودالیزمی سەردەمەکانی تاریکی، بەمەبەستی وەستانەوە لەبەرامبەر رەوتی پێشکەوتن ئەژماری دەکەن –، بەڵام بە گرنگی نازانن. رەخنەگرانی سەدەی نۆزدەیەم، بە پێی گۆشەنیگاو تێڕوانینەکانیان، بە داکۆکیکاری ئازا، بەڵام بڕیار لە سەردراو بە شکانی مەرامی لەدەستچو، یان پاشماوەی نەزان و بێزاری ورووژێنەری نەوەی بێویژدانی کۆن وەسفی دەکەن، بەڵام هەردولا، چ رازی و چ دژ، بێگومان بەردەوام ئەژماری دەکەن،

که سەردەمەکەی بەسەرچووە و دنیاکەی پەیوەندی بە هیچ شتێکی دنیای مۆدێرنەوە نییە. ڤیکتۆر هۆگۆ و لامنە، سانت بۆ و فاگە، جێمز ستیڤان و مۆرلی و بەتایبەت هارۆڵد لاسکی، هەمویان لەم بیروباوەڕە بەشدار بوون. لاسکی بابەتێکی لەبارەی دومیستەرەوە نوسی و رای خۆی دەربڕی، کە کارەکەی تەواوبووە و دەبێت بخرێتەلاوە.

رەنگە ئەو رایە، لە سەدەی نۆزدەیەم شیاو بنوێنێت، بەڵام ئەمڕۆ پوچ و پێکەنیناویە. رەنگە دومیستەر بە زمان و دەربڕینی رابردو قسەی کردبێت، بەڵام ئەوەی دەیڵێت، جەوهەری رەهای دژە دیموکراسی سەردەمی ئێمەیە. لە پێوانە بە هاورۆژگارانی پێشکەوتوی، لەسەرووی مۆدێرنیتەوەیە و دەبێت بوترێت، نەك لەسەردەمی خۆی دوا نەکەوتبوو، بەڵکو لەپێشتربوو. ئەگەر هزرەکانی راستەوخۆ کاریگەرییان نەبوو، نائامادەیی سەردەمەکەی هۆکاری بوو. دەبوایە سەدەیەك تێپەڕێت تا رێنماییەکان و لەسەروویەوە، تێڕوانین و هەڵوێستە فکریەکەی بەرهەم بێت، بەوشێوەیەی بەرهەمهات.

وایدەزانی تێکوپێکدانی هەموو شتێك، ئەرکی سەرشانیەتی، کە سەدەی هەژدەیەم بنیاتی نابوو. دەبێت روونیبکەمەوە، کە چۆن بەمشێوازە ئەندێشەیە گەیشت. دۆمیستەر لە 1753 لە شامبری ساڤۆ هاتۆتەدنیاوە، ئەوکاتە بەشێك بووە لە بەرنامەی پادشایی پیەمۆن - ساردنی. ئەو ناوچەیەی دۆمیستەر بەدرێژایی تەمەنی هاوڵاتی بووە، لەسەدەی هەژدەیەم تاڕادەیەك رۆشنگەر بووە، هەروەك ساڵانێکی زۆر پێش فەرەنسا، فیودالیزمی هەڵوەشاندەوە. دۆمیستەریش وەك خانەدانە لیبراڵەکانی دیکەی، ریفۆرمخوازێکی گونجاو، نە کۆنەپەرست و نە مێشك وشك بوو. بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، گەیشتبووە تەمەنی پیاوی، لەسەرووی سی ساڵەوە بوو، وەك خەڵکانی تر، لەشۆڕشدا ژیابوون - وەك سان سیمۆن، شیلەر، هیگڵ - بەتوندی

دژییان بوو. دیمەنی حکومەتی تۆقێنەری ژاکۆبنەکان شتێکبوو، بەدرێژایی تەمەنی فەرامۆشی نەکرد و بەدوژمنی کەللەڕەقی هەموو شتێکی لیبراڵ، دیموکراتیك، پایەبەرزی و پەیوەست بە رۆشنبیران، رەخنەگران، بیرمەندان، بەجۆرێك هێزەکانی هۆکاری شۆڕشی گەورەی فەرەنسای گۆڕی. هەرکە باسی ڤۆڵتێر دەکات، وەك باسی دوژمنی باب کوشتەی خۆی بکات.

دۆمیستەر هاوڵاتی ساڤۆ بوو، چووە دەربار و دوای دەستدرێژی فەرەنسا بۆسەر ساوڤۆ، نامیلکەی دژەشۆڕش نوسی، نامیلکەکان بە قەڵەمی چزودار دەنوسران و تەڕوپاراوی وئازاردان و دەربڕینی دەنگییان توند بوو، کە یەکسەر سەرنجی رادەکێشا، بەڵام پاشای ساردنی بەبوونی لەدەربار، هەستی بە نیگەرانی دەکرد. دەربار زۆر تەنگ و داخراوبوو، تائەندازەیەك گۆشەنیگای داخراوی هەبوو، دۆمیستەر، درەوشاوەتر، کاراتر، داهێنەرتر و سەرنجڕاکێشەرتربوو، کە بەئاسانی لەناوەندێکی وەها جێیبێتەوە، بەڵام لە لایەکەی دیکەوە، پیاوێکی زۆر بە توانابوو، بەنوسینە درەوشاوەکانی زۆر سەرنجی رادەکێشا. بەمەش بڕیاردرا بینێرنە شوێنێکی زۆر دور، لەسەر ئەم بنەمایە بەپۆستی وەزیر، یان هاوتای وەزیر، پاشای ساردنی رەوانەی سان پترسبۆرگ، دەرباری روسیای کرد و لە 1803 تا 1817 لەوێ بوو.

دۆمیستەر پیاوێکی زیرەك، بەناوبانگ، گفتولفت شیرین، هاونشین و هاوڕاوێژ و خۆشەویست بوو؛ لەکۆڕی ئەرستۆکراسانی سانپترسبۆرگ، هەموو بەدوای هاونشینیەوەی بوون و بە سەرنجڕاکێش، ئەدەب و ئاکارباشی تایبەتییان دەزانی. ئەویش لە ژیانی سانپترسبۆرگ چێژی دەبینی، مەفتونی حکومەتی پاشایەتی روسیا ببوو، یەکسەر لەگەڵ دەورووبەرانی ئەلێکساندەری یەکەم، تزاری روسیا، پەیوەندی باش بەیەکەوەی گەیاندن، کە ئیمپراتۆر لەکاتی جیاجیا، وەك راوێژکار سودی لێوەردەگرت.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی روسیا لەگەڵ ناپلیۆن، بە فاکتەرێك کە دروست ئاشکرا نییە،، ئەلێکساندەر داوای ئامادەبوونی دۆمیستەری کرد بۆ ساردنی، – رەنگە لەبەرئەوە بووبێت مەزهەبی ژمارەیەك ژنی نمایشکاری، بۆ ئایینی کاسۆلیك گۆڕی بوو، پاشان هەندێك لەو ژنانە رۆڵی زۆریان لە کۆڕی کاسۆلیکی ئەوروپای خۆرئاوا دیتووە، یان لەبەرئەوەبووبێت دۆمیستەر بەکەسایەتی بەهێزی، زیاد لەئاستی خۆی دەستی لەسیاسیەتی روسیا وەردەدا. هەرچۆنێك بێت، پاشای ساردنی، کە گەڕابۆوە سەر کورسی پاشایەتی، بانگیکرد. دۆمیستەر گەڕایەوە تۆرینۆی پایتەختی ساردنی، کارێکی رێوڕەسمی پێدرا، لە 1821 رێزو شانازی پێوەکردنێکی زۆری هەبوو، بەڵام بە بێ هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی، یان بێجگە لەوە مرد. ناوبانگی بە گشتی دوای مردنی زۆر بوو.

وەك وتم: ئەو ئامانجەی دۆمیستەر، بەوپەڕی توانایەوە هیممەتی بۆکردبوو، تەفروتوناکردنی سەدەی هەژدەیەم و هزرەکانی بوو. ئەو گریمانەیە هەڵەیە، کە هزرەکانی سەدەی هەژدەیەم، بینایەیەکی یەکپارچەبوو. ناکۆکی قوڵ لەنێوان هەندێك لەبیرمەندانی سەدەی هەژدەیەم هەبوو، بەڵام هەندێك هاوبەشی، لەنێوانیاندا دەبینرێت. رەنگە هەندێك باوەڕیان بەخوا نەبووبێت؛ لەوانەیە هەندێك باوەڕییان بە پێشکەوتن نەبووبێت؛ دوورنیە هەندێك باوەڕیان بە نەمری رۆح بووبێت. هەندێك باوەڕیان بەدیتن و تێگەیشتنی هەنوکە هەبوو، کۆمەڵەیەك بە روانگەی ئەزموونی. کۆمەڵەیەك بە خۆڕسکی و سادەیی هەستەکان، ئەوانی دیکە بە زانست و تەسکبینی زانستی، بەڵام هاوبەشییان ئەو باوەڕەبوو، کە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەگەر باشیش نەبن، بەدخونین، بەزەبر خێرخوازن؛ هەرکەسێك، دەستبڕ و فێڵباز، یان نەزان فێڵی لێنەکەن، بۆ بەرژەوەندی و بەهاکانی خۆی، زاناترین کەسە؛ بە گشتی مرۆڤەکان ئەو ئامادەییەیان هەیە، کە پەیڕەوی لەرێسای رەفتاری بەرهەمی

تێگەیشتنی خۆیان بکەن. زۆربەی بیرمەندانی سەدەی هەژدەیەم باوەڕیان وابوو، کە پێشکەوتن کارێکی خواستراوە - واتە ئازادی لەکۆیلەیی باشترە؛ یاسادانان لەسەر ئەو بنچینەیەی بە رێسا، یان دەستورەکانی سروشت ناسرابوو، دەتوانێت هەموو زوڵم و هەڵەیەك راستبکاتەوە؛ سروشت هەمان عەقڵە، کە پێی ناوەتە گۆڕەپانی کارەوە و بەمەش دەکرێت چۆنێتی کاری لەکۆمەڵێك بنەمای مەسەلەیەك، وەك بنەماکانی ئەندازە، فیزیك یان کیمیا) ئەنجامگیری بکەی بەمەرجێك، کەسێك ئاگای لەم بنەمایانەبێت. لەو باوەڕەدابوون، کە هەموویان نەك بەیەکەوە تەبان، کە هۆی چاکە، حەقیقەت، نرخ، گرنگی و ئازادییان هەبێت، بەڵکو پێکەوە پەیوەندی بەرامبەریان هەیە. کەسانی مەیلەو روانگەی ئەزموونی دڵنیابوون، کە دەتوانی زانستە سروشتییەکانی مرۆڤیش، وەك زانستی شتە بێگیانەکان دابمەزرێنێت و کامڵی بکەیت، بە مەسەلە ئەخلاقی و سیاسیەکانیش بەو مەرجەی، کە مەسەلەی واقیعین، چۆن دەشێت کە نەبن؟، دەکرێت بەهەمان دڵنیاییەوە، وەڵامی بابەتە بیرکاری و ئەستێرەناسیەکان بداتەوە، کاتێك ژیان لەسەر بناغەی ئەو وەڵامانە بنیادبنرێت، ئازاد، ئاسایش، ژیرانە و لە بەختەوەری نزیکدەبێت. لەو باوەڕە دابوون، بەسودوەرگرتن لە هەمان هێزی مرۆیی و کاری میتۆدەکان، کە زیاتر لە سەدەیەك، چ لە قەڵەمڕەوی مەعریفە و چ لەپانتایی کار، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، درەوشاوەترین سەرکەوتنی لێبکەوێتەوە، دەکرێت دەستت بەسەردەمی وادەی بەختەوەری و کامڵی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگات. باوەڕی هاوبەش و رەوتی هزری و تێڕوانینی گشتی بیرمەندانی ئاوەزخوازی سەدەی هەژدە، کەموزۆر بەمجۆرە بوو.

دۆمیستەر، دوابڕیاری لەناوبردنی هەموویانی دابوو. بڕیاری یەکجارەکی دابـوو هەموو تایبەتمەندییەکی سـەدەی هـەژدەیـەم ئەوتۆ، لەڕیشەوە

هەڵبکێشێت، کە ئیرادە نەکەن، ئەو کارە گەورەیە بەو ئاڕاستە، رووی هەموو بنەمایەك بوو، کە باوەڕی وابوو شۆڕش، گەورەی فەرەنسا، بۆتە مایەی ئازار و ئێش و کێشەی خەڵکی بێ تاوان و کارەساتێکی ترسناك بووە. وەك کەسانێك، کە لەپەراوێزی وڵاتێکدا دەژین،و دەیانەوێت سەربەو وڵاتە بزانرێن و مێژوو لەمجۆرە بابەتانەی زۆرتێدایە، دۆمیستەریش لە دەرەوە ستایشی فەرەنسای دەکرد و هۆگری و مەیلێکی زۆری بۆ هەبوو. بە هەڵچون و تورەییەکی زادەی ئارەزوی رووخاندنی ئایدیالێکی زێڕین، بڕیاریدا متمانە و ئابڕووی هێزگەلێك زەوت بکات، کە باوەڕیوابوو خەونەکەیان لەناوبردووە. بەمەش هەوڵیدا لەجیاتی دیسپلینی سەربەخۆ لەئەزموون، لەسۆسیۆلۆژیای ئایدیالیستی، پشت بە واقیعیەتی ئەزموونی مێژوویی و دیتنی رەفتاری مرۆڤایەتی ببەستێت. بە هۆی ناپاکی و گەندەڵی چارەسەر نەکراوی سروشتی مرۆڤ، دۆمیستەر لەبری ئامۆژگاری ئایدیالی پێشکەوتن و ئازادی و کامڵبوون، لە بانگەشەی پیرۆزی رابردو و چاکە و پێویستی پەیڕەوی و کۆتکردنی تەواوی مرۆڤی کۆڵییەوە. ئەوەی لەجیاتی زانست بانگەشەی دەکرد، پێشینەی غەریزە و خورافە و پێشداوەری، لەجیاتی گەشبینی، رەشبینی؛ لەبری هەماهەنگی هەتاهەتایی و ئاشتی نەمر، پێویستی و بەبڕوای ئەو، پێویستی خواوەندی دژبەری، ئازار، ئێش، خوێنڕشتن و شەڕ بوو. پێداگرانە دەیوت ناکۆکی و ناوەك یەکی و لێکدژی بەرژەوەندی گرنگە، کە دۆخی ئاسایی تاکەکان و میللەتانە، نەك ئاشتی، خۆشی، وەك یەکی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندی هاوبەش و سروشتی سادەی کرۆکی ئاسایی، کە رۆسۆ روونیکردۆتەوە. دۆمیستەر هیچ مانایەکی بۆ ئەبستراکتەکانی سروشت و مرۆڤ و مافە سروشتییەکانی دانەدەنا. تیۆری زمانەکەی دژی هەموو ئەوشتانە بوو، کە کۆندەریسە و کۆندیاك و بیرمەندانی گەورەی سەدەی هەژدەیەم، هەوڵیاندابوو رێسایەکی بۆ دیاری بکەن. دەیویست گیانێکی نوێ بە بەر کاژی بێمتمانەی

مافی خواوەندی پاشاکاندا بکاتەوە. لەجیهانی نهێنی، تاریك، کەموزۆر نەزانی و لە سەرووی هەموویانەوە لەپشتکردنە عەقڵانیەت، داکۆکی لە بنچینەی ژیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکرد. بە وشیاری و ئامادەیی لێوڕێژ و توانای کاریگەری بێهاوتای، هەرشێوازێکی شەفافانە و عەقڵانیەتی ئیدانەدەکرد. لە رووی خوڵق و خۆوە، دۆمیستەر بەوڕادەیە بێ رابردو و بێویژدان و توندڕەوبوو، کە دوژمنانی گەورەی ژاکۆبینەکان، لە باوەڕ و راستی و دروستیش لێیان کەمتر نەبوون.

ئەلێکساندەر هرتسنی شۆڕشگێڕی روس، دەڵێت: پیاوانی 1792، واتا ژاکۆبنیەکان، بەو تایبەتمەندییە دەبوونەبژاردە، کە سیستمی کۆنییان بە رەتکراوە دەزانـی، نەك بەدکارەکان، بەڵکو تەنانەت چاکەکەیان بەتوندی ئیدانەدەکرد، دەیانویست هەموشتێك بڕووخێنن و ئەو رژێمە رەشە تێکوپێکبدەن، تا رژێمێکی رەهای نوێ و تەواو پاك، لەجێگەی دروست بکەن. هیچ سازشێکییان بە رەوا نەدەزانی و نەیاندەویست شاری نوێی خۆیان لەسەر وێرانەکان بنیات بنێن، کە یەکتۆز قەرزداری بن. دۆمیستەر لەخاڵی بەرامبەری ئەم بابەتە بوو. بەهەمان نالێکبوردەیی و شەوق، تواناو گەرموگوڕی شۆڕشگێڕە گەورەکان، پەلاماری عەقڵگەرایی سەدەی هەژدەیەمی دەدا، کە دژییان بوون. دەیویست ئەوەی بە لێکدانەوەی راست، ناونرا شاری ئاسمانی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم، وێران بکات، لەگەڵ زەوی تەختی بکات و بەرد لەسەر بەردی نەهێڵێت.

ئەو میتۆدەی بەکاریدەهێنا و ئەو راستییەی بانگەشەی بۆ دەکرد، گەرچی بەوتەی خۆی لە تۆماس ئاکمپیس، یان تۆماس ئەکویناس، یان ئامۆژیارانی گەورەی فەرەنسی سەدەی حەڤدەیەم، بۆردالۆ، یان بۆسۆیە وەرگیرابوو، بەڵام کەمتر ئاماژەیەکی لە روحی رێنماییەکانی ئەو بنەمایانەی کڵێسای دەردەبڕی و زۆر زیاتر پەیوەندی بەدژە ئاوەزی ئۆگۆستینۆسی قەشە، فراماسۆنەکان و

ڕووناکی دۆزەرەوەکان،2 یان رۆشنگەرانەوە هەبوو، کە دۆمیستەر رۆژانی لاوی تێدا بەسەربردبوو.

سروشت چنگ و کەڵبەی خوێناوی و پانتایی نەبڕاوەی کوشتن و وێرانییە، ئامۆژگاری ڕیشەیی دۆمیستەربوو. پیاوانی سەدەی هەژدەیەم، بۆ تێگەیشتن لەچۆنیەتی سروشت، روو لەودیو سروشت و لۆژیك و تەنانەت ئەندازە دەکەن، بەڵام هیچ لەمانە سەرچاوەی ناسینی ئێمە بۆ سروشت نییە. گەربیانەوێت باسی سروشت بکەن، دەبێت بەجدی باسی بکەن. دەڵێن تاکتیکمان دیتن و چاوەکانمانە، نەك قبوڵکردنی خەرمانەیەك راستی دۆگمایی، کە ژمارەیەکی زۆری ئامۆژیار دەربــارەی قسەیان لەگەڵدا کردوین. زۆر باشە، ئێمەش قسەکانیان قبوڵدەکەین. با ئەوەی بەدەورووبەرماندا تێدەپەڕێت تەماشای بکەین، با تەماشای سروشت و خۆمان بکەین نەك کتێبەکان، با سۆراخی مێژوو، گیانەوەرناسی بکەین، کە رێنماییە راستییەکانی ئێمەن لەبارەی سروشت. ئێستا گەر تەماشایان بکەین، چ دەبینین؟ بابەتەکە لە زمانی دۆمیستەرەوە دەگوازینەوە:

بەسەر قەڵەمڕەوی پانوپۆڕ و سروشتی گیانداری توندوتیژی ئاشکراو ئاگری تورەیی رێپێدراو فەرمان دەکات، کە خوڵقێنەران بەتێکڕایی بەرەو مردنی حەتمییان چەکداردەکات. هەرکە دنیای دۆگماکان تێپەڕێنیت، دەبینیت بڕیاری مردنی دڵتەزێن و ترسناکانە بەسەر دەرگای ژیان دیاریکراوە. بوونی ئـەوەی پێشتر لەدنیای گژوگیاکان هەستتکردووە: لەو دارە لق و گەڵای پەل هاویژراو تا هەرزەترین گیاببینی، چەند گیاکان دەمرن و چەند گیا دەکوژرێن! بەڵام لەچوونەناو دنیای گیانەوەرانەوە، ئەو یاسایە لەپڕێکدا زۆر ترسناك بەرچاودەکەوێت. توانای دڵڕەق و دڕندانە، لەو ئان و ساتەدا هەم پەنهان و هەم بەڵگەدار... لەهەر ژێر - ریزی گیانەوەران، کاری قوتدانی بە

هەندێك لەجۆرەكان سپاردووە. بەوجۆرە، هەم زیندەوەری راوكەر هەن، هەم خشۆكەكانی راوكردن، هەم باڵندەكانی راوكردن، هەم ماسیەكانی راوكردن و هەم چوارپێیەكانی راوكردن. لەهیچ كاتێكدا نییە، كە ئەفرێنراوێك، ئەفرێنراوەكەی دیكە قوت نەدات. مرۆڤ لەسەرووی هەموو ئەو نەژداە زۆرەی جانەوەرانەوە دانراوە، كە دەستی وێرانكەری روحم، بە هیچ بوونەوەرێكی زیندو ناكات.

ئەو بەشەی، كە بە دوایدا دێت، شیكردنەوەی كارەساتێكی نامۆیە3:

مرۆڤ، دەكوژێت تا بخوات، بپۆشێت، خۆی ئارایشت بكات، پەلاماردەدات، تا بەرگری لە خۆی بكات، فێرببێت، خۆی دڵخۆش بكات، دەكوژێت تا بكوژێت: پاشایەكە لەخۆبایی و بەساموترس، كە پێویستی بە هەمووشتێكە و هیچ شتێك توانای وەستانی نییە لەبەرامبەریدا ... لەبەرخ داوای ریخۆڵەكانی دەكات، كە دەریچەیەكە بۆ ژەنینی ئاوازێك ... لە گورگ كوشندەترین كەڵبەی، تا كارە هونەرییە ناچیزەكانی دمەزەرد بكاتەوە، لە فیل عاجەكەی تا بازنە بۆ منداڵەكەی دروست بكات: سفرەكەی بەتەرم داپۆشراوە...، بەڵام كام بوونەوەر، لەم كوشت و كوشارە، كە هەموان لەناودەبات، وێرانیان دەكات؟ بۆخۆی. ئەركی پێست داماڵینی مرۆڤەكان، لەئەستۆی مرۆڤێكە... بەوجۆرە یاسای گەورەی لەناوبردنی ترسناكانەی بوونەوەری زیندو، ئەنجامدەدرێت. زەوی نوقمی خوێنە و جگە لەقوربانی جوانەگا شتێك نییە، كە دەبێت هەموو زیرِوحێك بێ ئەوەی كۆتایی و ئاست و وەستانێك هەبێت، تا جێبەجێكردنی كارەكان، لەناوچوونی شەڕ و خراپە، مەرگی مردن، تێیدا بكرێتە قوربانی، بەڵام دۆمیستەر دەڵێت: مرۆڤ دێتەدنیاوە، خۆشی بوویت و خۆشەویست بێت. مرۆڤ بوونەوەرێكی نەرم و گونجاو و دڵنەواو باشە. كەوایە ئەم تورِەییە تۆفانئاسای خواییە لەكوێوەیە؟ زەوی خوێنی دەوێت؟ دۆمیستەر دەپرسێت: بۆچی هەرگیز لەشكرەكان، یان

تاڕادەیەك هەرگیز لەشەڕەكاندا سەرپێچی لەفەرمانی فەرماندەكەیان ناكەن، كە پێیاندەڵێت بێتاوانان تارومار بكەن؟ سەرباز مرۆڤی بێتاوان و ماقوڵە و لەژیانی تایبەتی نەرمونیان، چاكەكار، لەخوا ترس، بە ئەدەبە و تەنانەت مێشێكیش ئازار نادات، بەوپەڕی ئەدەب و نەزاكەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەكەین. ئایا لێكدژییەك لەم مەسەلەیەدا نییە، كە هەمان سەرباز بەبێ هیچ ناڕەزاییەك، بۆ كوشتنی سەربازانی بێتاوانی وەك خۆی دەچێتە مەیدانی شەڕەوە؟ لە لایەكەی دیكەوە، جەللاد بكوژانی باوكودایك و مرۆڤ كوژان و تاوانكارانی دیكە، كە گریمانە لەسەر تاوانباریانە، لەپەیڕەویكردن لەبڕیار دەكوژێت، ژمارەی ئەو كەسانەی دەیكوژێت، زۆر كەمترە لەو كەسانەی، كە سەربازەكان دەیانكوژن. لەگەڵ ئەوەشدا، جەلاد لەكۆمەڵگەدا ڕەزاقورس و دەركراوە و بەئەندامێكی ئاسایی كۆمەڵگە دانانرێت، هیچ كەس تەوقەی لەگەڵ ناكات و هەموو بەترس و بێزارییەوە لێیدەڕوانن. ئایا خاڵێكی نائاسایی لەم مەسەلەیەدا نییە، كە ستایشی ڕشتنی خوێنی بێتاوانان دەكەین و لە ڕشتنی خوێنی تاوانكاران بێزاری دەردەبڕین؟ دۆمیستەر دەڵێت: بێگومان بەمچەشنەیە، چونكە شەڕ لەخۆیدا كارێكی خوایی و یاسای باڵادەستە بەسەر دنیادا. ئامۆژگاری تەوەری، بەكارنەهێنانی بۆچوونی عەقڵانییە. ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت بزانی بۆچی خەڵك بەمجۆرە ڕەفتاردەكەن، دەبێت لە قەڵەمڕەوی ناعەقڵانی بەدوای وەڵامدا بگەڕێی - واتە عیرفان، كە ئیمانی لە مەرجی ئەو دنیایە، نەك ئەم دنیا.

دۆمیستەر عاشقی گرتەی شەڕە. دەڵێت گۆڕەپانی شەڕ لەبەرچاوبگریت، خەڵك پێیانوایە لەگۆڕەپانی شەڕ، هەموو شتێك بە پێی بەرنامە دەچێتەپێش. فەرماندە فەرمان دەكات، لەشكرەكان بە پێ بۆ شەڕ دەچن، سەركەوتن، یان شكان، پەیوەندی بە سەروەری ژمارەی سوپاكە، یان فەرمانی شارەزایانەی بەرپرسانەوە هەیە، بەڵام هیچ شتێك لەڕاستی لەوە دورترنییە. شەڕی ڕاستەقینە

لەبەرچاوبگریت. ئەمجارەشیان تەماشای ژیانی راستەقینە بکەی، نەك بەکتێبەکانی خوێندن. دۆمیستەر تەنیا گیانەوەرناسی و مێژووی بە مامۆستایی قبووڵە. کاتێك لەبەرەی شەڕ رادەمێنیت، ئەوەی دەیبینیت هەرگیز رەوتی رێکوپێك و رێکی رووداوەکان نییە، کە بەوەسفی شایەتحاڵان، یان تەنانەت شارەزایانی ستراتیژی، یان تاکتیك، یان مێژوونوسان بێتەوە. ئەوەی دەیبینیت ژاوەژاوی ترسناك، شێواوی، کوشتار، مردن، کاولکاری، هاواری برینداران و ناڵەی مرۆڤەکانی لەگیانەڵای مردن دایە. پێنج، یان شەش جۆر سەرمەستی، بەسەر گیانی کەسانی ئامادە لەمەیدانەکەدا زاڵە. ناشێت هیچ بەرپرسێك بتوانێت بڵێت، کە شەڕ بە سەرکەوتن، یان شکانی دەشکێتەوە. هیچکەس ناتوانێت شتێکی وەها پێشبینی بکات. سەرکەوتن لەشەڕ بەهێزی ورە دێتەدی، نەك بە لێپرسینەوەی عەقڵانی. سەرکەوتن بەنسیبی کەسانێك دەبێت، کە هەستدەکەن سەرکەوتوون. سەرکەوتن بەجۆرێك دڵنیایی ناعەقڵانی ناوەوەیی بەدیدێت. لە شەڕدا ناتوانی وا دابنێیت، ژمارەی لەشکرەکانت لەبەرەی شەڕ، هێشتا لە لەشکرەکانی دوژمن زیاترە. شەڕ وەك ملبەملەی دوکەس نییە، کە دیاربێت توانای یەکێك زۆرتر، یان کەمترە لەتوانای ئەوی دیکە. سەرکەوتن لەشەڕ بەهێزی دەروونی و بیروباوەڕ چنگ دەکەوێت. ئەوەی روودەدات، لەئەنجامدا جۆرێك هێزی پەنهانی دەروونی روودەدات، کە سەرناکێشێتە لێپرسینەوەی عەقڵانی، یان بە کاربردنی کۆمەڵێك رێسا لەکتێبەکانی خوێندن، واتە جۆرێك لێپرسینەوەی دوورودرێژی عەقڵانی، یان بەرنامەرێژییە، کە سەرکەوتن، یان شکان.

تۆلستۆی لە رۆمانی شەڕ و ئاشتی دا، راپۆرتی ئەو شەڕەی دۆمیستەری کردۆتە نمونەی وەسفکردنی شەڕی بۆرۆدینۆ.4 راپۆرتەکەی دۆمیستەری خوێندۆتەوە، چونکە دەیزانی لەوسەردەمەدا، دۆمیستەر لەسانپترسبۆرگ

دەژیا. وەسفی تۆلستۆی بۆ چۆنیەتی شەڕێکی واقیعی، ڕەنگدانەوەی وەسفەکانی دۆمیستەرە، لەوێدا لەجیاتی دووبارەکردنەوەی راپۆرتی تەڕوپاراو و پاشان زیندوکردنەوەی شایەتحاڵەکان، یان مێژوونوسان، ئەزموونی کەسانێك شیکاردەکرێت، کە خۆیان شەڕڤانن. لەروانگەی دۆمیستەر و تۆلستۆیەوە، ژیان خۆی شەڕێکی وایە و هەر هەوڵێك بۆ وەسفکردنی لەچوارچێوەی عەقڵانی، لەبری چەواشە کردنی ترسناکی راستییەکان، لابردن و یەکاڵاکردنەوەی کێشەکان و رێساو رێکوپێککردنە بە پێی ماهیەت، ناعەقڵانی، بێسەروبەرە، نارێکوپێکە و پەیڕەوی لەهیچ جۆرە یاسا، یان رێسایەکی شایانی دۆزینەوەیی ناکات.

بێگومان بەرزترین ڕەخنەی دۆمیستەر ئاڕاستەی ئەوکەسانەیە، کە بەمسۆگەری دەڵێن عەقڵ بەسەر کارەکاندا باڵادەستە. پێیوایە، ئەستەمە بەیارمەتی عەقڵ، حکومەت بەسەر خەڵکدا بکەی، یان لەکاردا سەرکەوتوبیت. دەڵێت: تۆ وادەزانــی عەقڵ چ پێگەیەکی لەمندا هەیە؟ عەقڵ بەتەواوی هێزێکی لاوازە لەمرۆڤەکاندا بەو مەبەستەی، کە جاروبارە هۆکار لەگەڵ ئامانج بگونجێنێت. ئایا بەراستی پێتوایە دامەزراوە گەورەکانی مرۆیی بیناکانی عەقڵانییە؟ بیرت نەچێت، ئەرکی هەمو دامەزراوەیەکە دەسەڵاتی هەبێت. ئەرکی حکومەت، حکومەت کردنە. پێویستە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی، حکومەتێکی هەبێت، دەبێت هەموو حکومەتێك، مافی فەرمانڕەوایەتی هەبێت، هەر مافێکی فەرمانڕەوایەتی، دەبێت لەناخی خۆیدا هەڵگری ئەم بنەمایە بێت، کە هەڵەناکات و وتەی خوا، تاکە کارێکی ڕەهای هەڵەنەکردووە. مرۆڤ هەرشتێك بنیادبنێت، رەنگە زیانیشی پێبگەیەنێت. گریمان بە هۆی هەمان عەقڵێك، کە سەدەی هەژدە وەیەت دەکات - لەڕێگەی رێوڕەسمی لەسەر بنەمای قازانجخوازی بۆ دابینکردنی زیاترین بەختەوەری، یان زۆرترین ئازادی بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك - دامەزراوەیەکی کۆماری، یان پاشایەتی،

سیستمی سیاسیت دامەزراندووە. کەسانی زیرەك دەتوانن دامەزراوەیەکی وەها لەنەوەیەکدا دابمەزرێنن، کەسانی وشیارتر لەنەوەی داهاتو، دەتوانن بە بەڵگەی جوانتر، زیرەکانەتر، وێرانکەرتر نوقمی کێشەی بکەن و پەلکێشی وێرانەتری بکەن. هیچ شتێك تاسەر نامێنێتەوە، مەگەر عەقڵ بینای کردبێت، چونکە ئەوەی عەقڵ بینای بکات، دەتوانێت وێرانیشی بکات.

مرۆڤ، رەزیل، شەڕانی، ترسنۆك و قین لەدڵە. ئەوەی کڵێسای کاسۆلیکی رۆمی و کریستیانیەت لەبارەی تاوانی بەرایی ئادەمی باوکی مرۆڤایەتییەوە دەیڵێن، هەڵگری قوڵترین روانگەی دەروونی سروشتی مرۆڤە. ئەگەر مرۆڤەکان بەخۆیان بسپێردرێن، یەکتری پارچە پارچە دەکەن. لێرەدا دۆمیستەر، بەتەواوی کەوتۆتە جەمسەری دژی سەردەمی خۆیەوە. لەو باوەڕەدایە، گریمانەدەکرێت مرۆڤەکان خۆیان لەناودەبەن، مەگەر بە کۆت و زنجیر ببەسترێنەوە و توندترین دیسپلینیان بەسەردا بسەپێنرێت. سروشتی مرۆڤایەتی، ئارەزوی لەناوبردنی خۆیەتی و دەبێت جڵەوبکرێت. هەرشتێك دەستکردی مرۆڤ بێت، دەکرێت بەدەستی مرۆڤ ببێتە بڵقی سەر ئاو.

سەدەی هەژدەیەم لەو بارەیەوە فێری چیمان دەکات؟ فێرمان دەکات، کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پەیماننامە هەڵچنراوە. بەڵام ئەم رایە، چ لۆژیکی، چ لەڕووی مێژووییەوە، پێکەنیناوی و پوچە. پەیماننامە چییە؟ وادە و بەڵێنە. کەوایە بەم پێیە، دۆمیستەر بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت، ژمارەیەکی زۆر کەسی عاقڵ، بە مەبەستی رێکخستنی ژیانێکی هێمن و ئاشتییانە کۆدەبنەوە تا خەڵك لەنیعمەتەکانی دنیا، ئاسایش، خۆشی و بەختەوەری، ئازادی، یان ویستراوەکان سودوەرگرن، زیاتر لەوەی رەنگە لەدۆخی سروشتی بەنسبییان بێت، بەڵام چۆن ناوی خوای لێدەهێنن؟ بە دامەزراندنی حکومەت، کە رەنگە کەسێك بانك، یان کۆمپانیایەك بە بەرپرسیەتی سنوردار دابمەزرێنێت، بەڵام بۆ ئەوکارەش ئەو

وادەو بەڵێنە، یان پەیماننامەی کۆمەڵایەتی، دەبێت گرەنتی جێبەجێکردنی هەبێت، بەڵام گروپێك کە پێشتر تێگەیشتنێکیان لە تێگەیشتنەکانی وەك وادە و بەڵێن و گرەنتی جێبەجێکردنی دەستەبەر کردبێت، کۆمەڵگەی مرۆڤەکانی کارزان، بە ئەزموون، ژیر، زاناو تێگەیشتوون. ئێستا پێتوابێت بوونەوەری دڕندە و بەرایی لەدارستان بێنەدەر و بۆ یەکەمجار لە مێژوودا کۆببنەوە، پەیماننامەی کۆمەڵایەتی ببەستن، لەسەرەتاوە هزری تێروتەسەل و جوانی پەیمان، بەڵێن، ئەرك و گرەنتی جێبەجێکردنی پەیمانەکە بەیەکتری بدەن و ئەو هزرانە لەگەنجینەیەکی هزریدا کەڵەکە بکەن. لەڕوانگەی لۆژیکیەوە بۆچونێکی وا نائاسایی، نامۆ و پێکەنیناویە. جەماوەری تەیار بە بۆچوونی وادە و بەڵێن، ڕێزگرتن لەئیرادەی یەکدی، سزا و پاداشت، پێویستییان بە دامەزراندنی کۆمەڵگە نییە، چونکە لە کۆمەڵگەدان. بەمەش ئاشکرایە بوونی کۆمەڵگە، پێشمەرجی بەستنی هەر پەیماننامەیەکە. بێجگەلەمە، کۆمەڵگە دەستکردی مرۆڤ نییە، ئەگەر دەستکردی بوو، ناتوانێت لەبەرامبەر سەربزێوی و وێرانکاری سەدە و سەردەمەکان بەردەوام بێت. دەسپێکی کۆمەڵگە لەدەیجوری ڕۆژگارانی کۆندا پەنهانە؛ دۆمیستەر، لێرەدا بەقوڵی کەوتۆتە ژێرکاریگەری بێرك، دەڵێت: هەرشتێك، ریشەی بۆ رۆژە تاریکونوتەکەکانی کۆن بگەڕێتەوە، دەستکردی خوایە، نەك مرۆڤ.

ڕۆسۆ دەربارەی زمان پێماندەڵێت: دەیەوێت بنەماو سەرەتای زمان بزانێت، زۆر باشە. بێگومان کۆندیاك وەڵامی هەموو مەسەلەکان دەزانێت، دەتوانێت وەڵامی ئەم مەسەلەیەش بداتەوە. چۆن زمان دروستکرا؟ ئاشکرایە، لەگەڵ دابەشکردنی کار، کۆمەڵێك کەسی عاقڵی شوێنکەوتەی دەستکەوتی کەسی، دڵسۆزانە کۆبوونەوە و زمانییان داهێنا. بە رواڵەت، نەوەی یەکەمی مرۆڤەکان وتییان (با)، نەوەی دووەم وتییان (بە). ئاشوریەکان بکەریان داهێناو ماددەکان

زیادە و راناوی خاوەنداریەتییان داهێنا. بەمشێوەیە، ڕێزمان دروستکرا.

ئەم تەنزە تاڵە، تەواو هاوڕێك و شایستەیە. دۆمیستەر یەکەم کەسانێك بوو، لەڕاستی سروشتی مرۆڤ بەدوورە، کە روانگەی تێکڕای بۆچوونی سەدەی هەژدەیەم، دامەزراوەکانی مرۆڤایەتی مرۆڤی عاقڵییان، بۆئامانجی سنوردارو شیاو دامەزراندووە. هێردێر پێشتر، دیارە رۆمانتیکە ئەڵمانەکان، هزری ئەوتۆیان هەبوو. دۆمیستەر بۆ هەڵگرتنەوەی بینای تاقولۆقی تیۆرەکانی سەدەی هەژدەیەم، لەبارەی بنەماو چاوگی کۆمەڵگەو بە تایبەت شێوەی تێکهەڵچونی نامێژوویی لەگەڵ مەسەلەیەك، تەنزێکی بەتایبەت گەستەر و چزودار بەکارهێنرا، بەڵام داکوتەرترین پەلامارەکانی ئاراستەی بۆچونێکە، کە دەربارەی سروشت باوی بوو. دەڵێت مسیۆ رۆسۆ دەماندوێنێت: سەیرە مرۆڤ لەهەمو جێگەیەك کۆت و بەندکراوە، کە بە ئازادی دێتە دنیاوە؛ بەڵام مەبەستی چییە؟... ئەم بڕیارە شێتانە، کە مرۆڤ ئازاد دێتەدنیاوە، لەخاڵی بەرامبەری راستییە. پوختەی وەڵامی دۆمیستەر بۆ رۆسۆ، فاگە لە نوکتەیەکدا وا دەریدەبڕێت: بانگەشەی رۆسۆ، وەك ئەوەیە کەسێك بڵێت چەند سەیرە، مەڕی گۆشتخۆر دێنەدنیاوە، بەڵام لەهەمو شوێنێك گژوگیا دەخۆن. ئەم بوونەوەرەی رەخسێنەری هەموو شتێك و روونکەرەوەی هەر شتێك، کە هاوڕێیانی ئینسکلۆپیدیا شانازیان بەنازناوی فەخری سروشتەوە کرد، دۆمیستەر گاڵتەی پێدەکات. دەڵێت: ئەو خاتونە میهرەبانە کێیە، کە هێندە باسیدەکەن؟ سروشت، لەڕوانگەیەوە، نەك هەرگیز رەخسێنەرەی کەریمی هەمو شتە باشەکان، سەرچاوەی ژیان، مەعریفە و کامەرانی نییە، بەڵکو نهێنیەکی ئەبەدیە؛ میتۆدی دڕندانەی هەیە، یەکەم سەرچاوەی بێویژدانی، دەرد، ئازار، پەرێشانییە و رەنگە لەخزمەت ڕێبازی خواوەند دابێت، بەڵام بە دەگمەن سەرچاوەی ئاسایش و بیرکردنەوەی روونە.

رۆسۆ بە گەڕانەوە بۆ چاکەکانی پاك و سادە، ئامۆژگاری مرۆڤی دڕندەی

مەزنی دەکرد، بەڵام کام دڕندەی مەزن؟ دۆمیستەر، پێیوایە دڕندەکان هەرگیز مەزن نین؛ ڕەزیلی مرۆڤ، دڵڕەقی، دووبەرەکی زۆر و ڕەفتار دڕندانەن. هەرکەسێك لەناویاندا ژیابێت، دەتوانێت شایەتی بدات، کە خڵتەی ئادەمیزادن. نەك نموونەیەکی دوور لەگەندەڵی، مۆدێلی سەرەکی زەوقی سروشتی، ئەخلاقی سروشتی، چاکە، بەرز ڕوانین و ڕاستی نین، کە خۆرئاوا،، شێوەی چەواشەکراو و گەندەڵییان، لە دەرئەنجامی شارستانیەت بێت، بەڵکو بابەتی شکستی سروشتی خواوەندن. ڕاستە بانگەوازخوازانی کریستیانی، بە خۆشەویستی و سۆزەوە باسی چونیان بۆ ناو سورپێستانی ئەمەریکی دەکەن، بەڵام هۆکەی بۆ باشی ئەو قەشانە دەگەڕێتەوە، کە ڕێ بەخۆیان نادەن، نەگبەتی، نەهامەتی، بەدکاری بدەنە پاڵ هیچکام لە خواکان، کە هەموو ئەو نەتەوەیە، نقوومبوو تێیدا دەژین. بەمەش هیچت لەشایەتییان گیرناکەوێت، پێویستە پەیڕەوی لە مۆدێلی پێست سورەکان بکەی. زمانی دڕندان، پڕنییە لەتوانای ڕەسەن، سروشتی و جوانی دەشتەکی، بەڵکو پڕە لەشێواوی و دزێوی لێکهەڵوەشاو و سڕانەوە، بەڵام، بارودۆخی سروشتی، کە لەڕوانگەی بیرمەندانی سەدەی هەژدەیەم، گەنجینەی مافەکانی مرۆڤ و وادەزانن مرۆڤی سەرەتایی قبووڵیەتی – وتەبێژانی سەدەی هەژدەیەم، بەنوێنەرایەتی کێ قسەدەکەن؟ سروشت؟ بەڵام دۆمیستەر دەڵێت خاتونێکی وا نییە، بۆچی ئێمە هەرگیز نەممانبینیووە؟ لەئەزەلەوە ئەم مافانە چیین؟ لەخودی کام مرۆڤەکانە؟ هیچ چاوێکی جادویی ئەودیو سروشت ناتوانێت بوونەوەرێك بەناوی ئەم مافە ئاشکرابکات، کە نە سەرچاوەی مرۆڤایەتی هەبێت، نە سەرچاوەی خوایی. لەو بارەیەوە، مرۆڤ رووتەڵی و سەربە دنیای ئەبستراکتە، کە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، بەناویەوە ڕێیکرد و بێویژدانەترین کۆمەڵکوژی ئەنجامدراو سڤیلەکان رووتکرانەوە، دۆمیستەر دەڵێت: بەدرێژایی ژیان، فەرەنسییەکان، ڕوسەکان و ئیتالیەکانم دیتووە...

ئێستا دەزانم بەلوتفی مۆنتیسکۆ، کەسێك دەتوانێت ئێرانیش بێت.5 بەڵام رایدەگەیەنم، هەرگیز مرۆڤ رووتەڵییم لەتەمەنمدا نەدیتووە و ئەگەرهەبێت، نای ناسم.

دۆمیستەر دەڵێت: ئەوەی لەئەنجامی باوەڕ بەوشەی بەتاڵ لەماناو فۆرمۆلە پوچەکان، لەسەردەمی ئێمەدا روویداوە ئەوەیە، کە دوو لەنگەری کۆمەڵگە – واتا ئایین و کۆیلەداری – لە ئانێکدا شکاون، تۆفان کەشتییەکەی بردووە و نوقمی کردوە. لەم رووەوە، هەمیشە لە راوێژ بە ئیمپراتۆری روس پێیوتووە، دوو لەنگەر بە بەردەوامی کۆمەڵگە دەهێڵنەوە و دەکرێت مرۆڤی بەدخوی پێ سنوردار بکەیت و لەشەڕی وی خۆوێرانکەری بپارێزێت. یەك، ئایین دوو، کۆیلەداری. کریستیانیەت کۆیلەداری هەڵوەشاندەوە، چونکە بۆخۆی مرۆڤی لەکۆتدا دەهێشتەوە، بەڵام لە روسیا، خەڵك روانینییان بۆ مەزهەبی ئەرتەدۆکس باش نییە، ئەگەر واز لەهەڵەخەرجی بێنیت، یان ئەگەر رێگرەکانتان پێتاندەڵێن سیرفەکان6 ئازاد بکەن، بێگومان وڵاتتان دادەڕمێتە ناو گەرداوی ترسناکترین شۆڕشەکان. وڵات لەدڕندەییدا بۆ بێسەروبەرەیی دەچێت. داوای هیچ کەس، لە روسەکان دڵڕەقانەتر نییە، هەرکە بەم پۆگاچۆڤەکانی ئەکادیمی،7 – زاراوەی دۆمیستەر -، رێبدەی ئەم شۆڕشگێڕە رۆشنبیرانە، ئابوریزانان، بیرمەندان، شێرورێوی هێنەرانەوە و جادوگەران بەسەرتدا زاڵبن، وڵاتەکەتان دەرووخێت، کە لەسەر ستونی تواناو باوەڕی کوێرانە، بۆ دەسەڵات بێت.

بۆچوونی سەرەکی سەدەی هەژدەیەم چییە؟ کۆمەڵگە لەسەر ئەوە بونیاتنراوە، کە جەماوەرێك دەیانەوێت تا دەتوانن دڵخۆش و ئازاد بەیەکەوە بژیین، دەبێت لەبەرامبەردا، بەرژەوەندی یەکترییان قبوڵبێت. دۆمیستەر بەزەبر و گەرموگوڕەوە ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوە و دەڵێت: هەرگیز بنەمای کۆمەڵگە،

ئەوتۆ نییە. کۆمەڵگە لەبزواندنی نەفس و گیانبەختکردویی بنیادنراوە. بۆچی سەربازەکان دەچنە شەڕ؟ بۆخۆشیان نازانن. ئەگەر پادشا بیەوێت بە بێ ئازار سەرژمێری، یان سیستم بگۆڕێت، خەڵك پشێوی و ئاژاوە دەنێنەوە، بەڵام ئەگەر شەڕ روویدات، کە تێیدا زۆربەی مرۆڤە بێ تاوانەکان دەکوژرێن و سەدان هەزارکەس هەرگیز ناگەڕێنەوە لای هاوسەر و منداڵەکانیان، خەڵك بەهێمنی پەیڕەوی دەکەن. بۆچی؟ دیار نییە، مەسەلەکە پێچەوانەی عەقڵە.

دۆمیستەر لێرەدا دەیەوێت دوو خاڵ روونبکاتەوە. یەك، بە سیرفی لاوازی مرۆڤەکان ناتوانێت، بە بنەما و جەوهەری هەقیقەتی کارەکان بگات، دوو، بەردەوامەکان دەمێننەوە، کە پێچەوانەی عەقڵ بن. دەڵێت: دامـەزراوەی پادشایەتی میراتی لەبەرچاو بگریت. چی رەنگە لەوە زیاتر پێچەوانەی عەقڵ بێت؟ بۆچی دەبێت پادشای ژیر، کوڕێکی وەك خۆی عاقڵ، یان کوڕێکی لەبنچینەدا عاقڵی هەبێت؟ ئەم دامەزراوەیە بەئاشکرا لەبنەڕەتڕا گەمژانەیە و هیچ بەڵگەیەکی پتەو نییە، بـەڵام بــەردەوام دەبێت. چەندین سەدە بەردەوام بووە و دنیای خۆرئاوای لەسەر بونیادنراوە. زۆر ژیرانەتر و لۆژیکیتر و عاقڵانەتر دەبوو، ئەگەر ئەو دامەزراوەیان هەڵدەوەشاندەوە، دەیانبینی چ روودەدات. لە پۆڵەندا وا کرا، بەڵام دەسەڵاتی نامیراتی هەڵبژاردن چی بەسەرهات؟ یەکسەر پشێوی و خەراپە و بەدبەختی باڵیکێشا. بۆچی؟ چونکە سیستمی ژیراە گیرابووەبەر، یان دامەزراوەی خێزان لەبەرچاوبگریت. چی؟ رەنگە لەوەزیاتر پێچەوانەی عەقڵ بێت، کە دوو مرۆڤ، لەقۆناغێکی ژیاندا بە رێکەوت یەکترییان خۆشەویستووە، پێویستە هاوشێوەی رابردو، باقی تەمەنییان پێکەوە بەسەربەرن؟، بەڵام هیچ شتێك زوتێپەڕتر و تێکدەرتر نییە لەسیستمی عەشقی ئازاد و هیچ شتێك بە قەدەرا ئەو بێزراو نابێت. دۆمیستەر بەهەمانشێوە بەردەوام دەبێت، لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی دیکە،

لە قاڵبی دژبەری ڕاشکاوانە، دەڵێت: ئەوەی پێچەوانەی عەقڵ، یان ناعەقڵانی بێت، بەردەوام دەبێت و ئەوەی عەقڵانی بێت دەڕووخێت، چونکە هەرشتێك عەقڵ بینای کردبێت، عەقڵ دەتوانێت بیهاڕێت و هەرچی بە یارمەتی هێزی خۆپێوەری، یان ڕەخنەیی لەخۆی دروستکرابێت، لەبەردەم ئەم هێزە خۆی ناگرێت. تاکە شتێك بتوانێت بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵبێت، نهێنییە و نەزانراوە.

سەدەی هەژدەیەم پێشبینیدەکات - بەهەمانشێوەی سەدەی حەڤدەیەم -، پێویستە بە دیاریکراو وەڵامی هەندێك پرسیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بداتەوە. بەبۆچوونی شارەزایان، فەرمانڕەواکانی ئەودیو سروشت دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، بە بۆچوونی شارەزایانی دیکەی ئەو بوارە، بیرمەندان، بە بۆچوونی هەندێك شارەزا، بە هۆی بانگی ویژدان و بەگەڕانەوە بۆ دڵی خۆی، بە بۆچوونی هەندێك شارەزای تر، بەخوێندنەوەی کتێبی پسپۆڕانی هونەر لەوکارەدا، بەڵام دۆمیستەر دەڵێت: با پرسیارێکی ئەوتۆ بکرێت، وەڵامی ئەو پرسیارە، پرسیاری داهاتو بەدوای خۆیدادەهێنێت. وەڵامەکەی تۆ هەرگیز بەس نابێت؛ خەڵك وەڵامەکە دەکەنە پرسیار، بە هەمانشێوە وەڵامی پرسیاری داهاتو، بەبۆچی بۆچی بۆچی بەردەوام دەبن. تاکە ڕێگەی ناچارکردنی خەڵك بۆ ژیان لەکۆمەڵگەدا، وەستاندنی پرسیارەکانیانە، تاکە ڕێی وەستاندنی پرسیارەکانیان، تۆقاندنە. خەڵك بەمەرجێك پەیڕەوی دەکەن، کە کرۆکی کارەکە نهێنی و نەزانراوبێت. هەرکە دزە بکەنە ناو کارەکانەوە، ناخی کارەکان ببێتە عەقڵانی، بتوانن تێبیگەن، لێی ناترسن، سامی ناخەنە دڵەوە، ڕێزی ناگرن، ئەو شتە دەڕووخێت. بەمەش ئەوەی پێویستمان پێیەتی، شتێکی داپۆشراو و تێنەگەیەنراوە.

دۆمیستەر دەڵێت: مەسەلەی زمان لەبەرچاوبگریت. زمان و هزر یەکە. سەدەی هەژدەیەم هەڵەی دەکرد، کە وایدەزانی زمان داهێنانی مرۆڤە.

بۆئەوەی داهێنان بکەی، دەبێت بیربکەیتەوە و بۆئەوەی بیربکەیتەوە، دەبێت سود لە هێماکان وەربگریت. بەمەش بڵێی، کە دەتوانی زمان دروستبکەیت، بەڕەهایی پوچ و پێکەنیناوییە. مسیۆ کۆندەریسە خوازیاری زمانێکی زانستییە، کە روون و تێگەیەنراوبێت و بتوانێت لەناو هەمو میللەتان باوی بێت - واتا جۆرێك زمانی سپرانتۆی زانستی. ناکرێت شتێك لەمە کارەساتبارتر هەبێت - کارەساتبار، کە بڕیارە وەك ئەو زامنە، ئاشکراو تێگەیەنراوبێت. دەبێت ئاشکرایی و شیاوی تێگەیشتن وەلابنرێت و بوەستێنرێت، چونکە پشێوی، رەخنە، گومان، پرسیار دەخوڵقێنێت و رووخانی دامەزراوەکانی کۆن، زوڵم، خوێنڕشتن، شۆڕش و بێسەروبەری لێدەکەوێتەوە.

دەبێت منداڵەکانمان فێری زمانی لاتینی بکەین. بۆچی؟ چونکە روون نییە. خەڵك باسی رەتکردنەوەی پێشداوەری و خورافات دەکەن، بەڵام پێشداوەری چییە؟ بیروباوەڕی سەدەکان و سەردەم، کە بە مەحەکی ئەزموون دیاریکراوە. تاکە مامۆستایەك هەمانە مێژووە، سیاسەتیش مێژووی ئەزموونە. دۆمیستەر لێرەدا تائاستێك وەك بێرك قسەدەکات، بەهەمانشێوە داکۆکی لەپێشداوەری دەکرد. پێشداوەری پێستێکە، کە لە سەدەکان و بە پێی نەریت، کرابێتەبەر لەشی مرۆڤ و بەمەحەکی کاتە جیاجیاکان دیاریکرابێت، دوورختنەوەی یەکسانە بە رووتی و لەرزانئاسا لەبەرامبەر هێزە وێرانکەرەکانی ژیانە. لاتین جۆرە زمانێکی ناڕێکە؛ بە رێزمانی ناعەقڵانی، بریتی لەجۆر و بەشی پێشداوەری، خورافاتی کۆن، باوەڕی کوێرانە، ئەزموونی ناخودئاگا و بە کورتی، هەمو ئەوەی زانست دژیەتی، بەڵام بەهەمان بەڵگە زمانێکە، نابێت وازی لێبێنین، چونکە لەدنیادا دوو شتی چاك هەیە: یەك، لە مێژینەیە و دوو، دژی عەقڵانیەت، تەنیا پێکهاتەیەك لەم دووانە، هێزێکی بە ئاستێك بەهێز بەرهەمدەهێنێت، کە بتوانێت لەبەردەم کاریگەری کۆنینەی رەخنەگران و پرسیارکاران و بیرمەندان خۆبگرێت.

دەمانەوێت سیستمی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر چ کەسانێك بپارێزین؟ دوژمنانی ڕێسای کۆمەڵایەتی، کە دۆمیستەر بە تاقم، یان تایفە ناویاندەبات، کۆمەڵەیەکی سەرنجڕاکێشن، لەڕوانگەیەوە، پێکهاتو لەژانسنیستەکان8، کالوینیستەکان، پڕۆتستانتەکان، مافناسان، فەیلەسوفەکان، ڕۆژنامەونان، نوسەران، جولەکەکان، شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکی، ڕۆشنبیران، بیرمەندان، ڕەخنەگران، بە کورتی چینی خوێندەوار و هەرشتێك کە سەربەو بێت. ئەو لیستە - بریتییە لە لیبراڵەکان و ڕەخنەگران و جۆروبەشەکانی کەسانێك، کە باوەڕیان بەجۆرێك راستی تێکڕایی هەبێت و جەماوەرێك، کە پێشگریمانەکانی حەتمی کۆمەڵگە قبووڵ نەکەن - کەموزۆر یەکەمجار بەدەستی دۆمیستەر کۆکرایەوە و ئێستا بۆ هەموان ئاشنایەو بۆتە شێوازی هۆکارەکانی هەر راپەڕینێکی دڵڕەقانەی کۆنەپەرستی و فاشیستی سەردەمی ئێمە، بەڵام دۆمیستەر لەهەموو ئەو کەسانە زیاتر، لەبیرمەندان بێزارە. توانایان بۆ تێگەیشتن لە ژیان و حکومەت لەهەموان کەمترە، دۆمیستەر بەجدیترین راوێژ هۆشداری دەداتە قەیسەری روسیا، کە نەبادا ئەو هەڵە خۆکوژییە بکات، ڕێگەبدات زانست و هونەر بەسەر وڵاتدا زاڵبن. دەڵێت: ڕۆمەکان لەبەرچاوی بگریت، میللەتی ڕۆم گەورەترین میللەت بووە، کە تائێستا لایکەم لەڕووی هونەری حوکمڕانیەوە هەبووە. ڕۆمەکان باش دەیانزانی، ئەگەر پێبنێنە مەیدانی زانستەوە، گەمژەیی خۆیان پیشانداوە. یۆنانیەکانیان بەکرێگرتووە، چونکە دەیانزانی ئەگەر بۆخۆیان کارەکە بکەن، ئابڕوویان دەچێت. دۆمیستەر دەڵێت: هیچ دەوڵەتمەردێکی گەورە، لە سوژێرەوە تا ریشیلۆ، هەرگیز نە یەکێك لەبیرمەندان بووە، نە زانیاری لەبارەی زانستەوە هەبووە. شتێکی لە زانست، لە ماهیەتی وشك و رووتەڵیی، نابەڵگەداری هەیە و لەم واقعیەتە، کە زانست لە پێکهاتەی درۆودەلەسەی بێ سیستمی، ناعەقڵانی، تاریکونوتەکی ژیان جیایە، کە وادەکات بیرمەندان

نەتوانن لەگەڵ کاروباری واقیعی هەبوو بگونجێن، بەمەش هەرکەسێك گوێیان لێبگرێت، خۆی لەخۆیدا بڕیاری لەناوچوونی بەسەردا دراوە. دۆمیستەر بە ئیمپراتۆریەتی روس دەڵێت: رێگەنەدەی ئەڵمانییە لۆتەرییەکان بێن لەقوتابخانەکانی ئێوە وانە بڵێنەوە. ئەوانە کێن، ئەو خەڵکە بێشومارەی، کە وەك لافاو بەرەو وڵاتەکەتان سەرەوژێردەبنەوە؟ پیاوی چاك، مرۆڤی خاوەن خێزان، مرۆڤی خاوەن نەریت، باوەڕ، مەزهەب، واز لەئەخلاقی وڵاتەکەیان ناهێنن. کەسانی بێکۆت، بێکارە، نائارام و رەخنەگر، کاری وا دەکەن. یەکەم ئامۆژگاری دژی پەناخوازان، ئازادی رۆح و گیان، هاتوچۆی مرۆڤ – و یەکەم ئامۆژگاری لەم بەشە بە زمان و دەربڕینی توندوتیژانە و شایانی تێگەیشتن و لە بیرنەچووەوەیە.

کۆمەڵگە لەسەرچی بنیاتنراوە؟ کۆمەڵگە بەشێکە لەشیوودۆڵی فرمێسك و ئاخ، کە تێیدا لەسەرچاوەی کار ناگەین و خوا نەناسیاوانە حکوممان بەسەردا دەکات. کۆمەڵگە لەسەر تۆقاندن و ترس و پەیڕەوی کوێرانە لەمەرجەعەکانی دەسـەڵات، بنیاتنراوە. کۆمەڵگە بە بێ دامەزراوەکانی، توشی پشێوی و بێسەروبەرەیی دەبێت و دەکەوێتە دەریای کارەساتەوە، بەڵام بەرجەستەکردنی ئەو تۆقاندن و ترسناکە چییە؟ دۆمیستەر لێرەدا تێبینییەك لە قاڵبی دژبەری ئیراد دەکات، کە بەناو بانگترین بەشی سەرانسەری نوسینەکانیەتی. دەڵێت: جەلاد بۆتە تەوەرەی هەموشتێك. لێرەدا دەمەوێت ئەم بەشە بە ناوبانگە بهێنمەوە، کە دۆمیستەر تێیدا باسی جەلاد دەکات:

ئەو بوونەوەرە کێیە لە سەرووی هەر پاساو و روونکارییەکەوەیە؟... بۆخۆی جیهانێکە لەخودێتی... هێشتا پێگەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکراوە... کە ئەوانی دیکە، ماڵەکانی خۆیان بۆ شوێنێکی تر دەبەن... لەو دوورکەوتنەوە خەمبارە... لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی دەژیت، کە بەدەنگی بەنی ئادەم

ئاشنای دەکەن... ئەگەر ئەوان نەدەبوون، هیچ دەنگێك جگە لە هاواری نەخۆشی و ئازار بەرگوێی نەدەکەوت... یەکێك لە فەرمانبەرانترین بەرپرسی دەوڵەتی نۆکەری دادپەروەری بەر دەگاکەی دەڵێت و دەڵێت: پێویستی بە خزمەتی بووە. رێدەکات و دەگاتە مەیدانی شار، کە خەڵك لەوێدا بە رووی چاوەڕوانی ئاپۆرەیان بەستووە. زیندانیەك، کوژەری باوك و دایك، پیاوێکی سوکایەتی کردو بە پیرۆزیەکان، یان بە توندوتیژی، پیرۆزییەکان وێراندەکات. جەلاد دەیگرێت، پاڵیدەخات، لە خاچی دەبەستێت، کە لەسەر زەوی کەوتووە، قۆڵەکانی هەڵدەبڕێت و بێدەنگیەکی بەسام باڵدەکێشێت، کرموهوڕی وردبوونی ئێسکەکان لەژێر زەربەی گورزی ئاسنین و هاتوهاواری قوربانی دەشکێت. جەلاد گوریسەکە دەکاتەوە و پیاوەکەی بەرەو چەرخەکە دەبرد؛ دەستوپێی شکاو لەپەڕەی چەرخەکە دەپێچێت و جارجارە وشەی پچڕ پچڕ لەدەمی دێتەدەرێ و بۆ مردن دەپاڕێتەوە، کە وەك دەرگای کورەی ئاگر داپچڕاوە. جەلاد ئەرکەکەی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە؛ دڵی لێدەدات، بەڵام لە چێژ، بەکارەکەی دڵخۆشە. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: کەس لەمن باشتر، چەرخەوان نییە. لە سەکۆی لەسێدارەدانەکە دێتەخوار و دەستی خوێناوی درێژ دەکات؛ خاوەن پلەیەکی فەرمی لەدوورەوە چەند لیرەیەکی ئاڵتونی دەخاتە چنگییەوە. جەلاد بەناو دوو ریزی ئەو مرۆڤانەی، کە بەترسەوە لێیدەکشێنەوە، لیرەکان دەبات و لەسەر سفرە دادەنیشێت و ناندەخوات، دەچێتە سەر جێگەکەی و دەنوێت. بۆ سبەینێ بەیانی، کە لەخەو هەڵدەستێت بیری بۆ هەموو شوێنێك دەچێت، مەگەر بۆ کاری دوێنێی، ئایا ئەوە مرۆڤە؟ بەڵێ مرۆڤە؛ خوا ئیزنیدەدات هەنگاو بۆ پەرستگاکان بنێت و نزاکانی قبوڵدەکات. تاوانکار نییە، بەڵام بە هیچ زمانێکی مرۆڤایەتی

کەسێك زات ناكات ناوبینێت سۆفی، بە شـەرەف، یان بەڕێز... لەگەڵ ئەوەشدا، هەر گەورەییەك، توانایەك، ڕێسایەكی كۆمەڵایەتی جەوهەری جەلادە؛ ترس دەخاتە ناخی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە و گرێیەكە، پێكییەوە دەبەستێتەوە. ئەو هێزە تێنەگەیەنراوە لەجیهان لابەرێت و هەمانكات بێسەروبەرەیی جێگەی ڕێسا دەگرێتەوە، تەختی پاشایەتی دەڕووخێت و كۆمەڵگە دیارنامێنێت. خوا هەم سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانە و هەم سزا. جیهانی ئێمەی بەم دوو جەمسەرە هەڵواسیووە، چونكە خوا، ئەو دوو جەمسەرەیە و جیهان بە دەوریاندا دەخولێنێتەوە.

پەرەگرافەكەی سـەرەوە، ڕامانێكی سادیستی نییە، لەبارەی تاوان و سزاوە. لامینە لەبارەی دۆمیستەرەوە وتویەتی: سەیرە پیاوێكی وا، دوو ڕاستی لەژیاندا دەناسێت: تاوان و سزا. دەڵێی هەموو بەرهەمەكانی لەسەر سەكۆی سێدارە نوسراوە، بەڵام بابەتەكەی دۆمیستەر، كە هێنامەوە، تەنیا دڵڕەقی تێدا نییە، بەڵكو دەربڕی بیروباوەڕی ڕاستەقینەی تەریب بە باقی هزرە بە شەوق و هاوكات ڕۆشنیەتی لەسەر ئەو بنەمایەی، كە مرۆڤەكان ڕەنگە بەم ڕێگەیە ڕزگارییان بێت، كە ترس و تۆقین لەدەسەڵات تەنگاو و سنورداریان بكات. دەبێت لەهەموو كاتێكی ژیاندا، نهێنی ترسی شاراوەی ناخی ئەفرێنەریان بیربهێنرێتەوە؛ دەبێت بە بەرگەگرتنی ئازار و كێشەی بەردەوام پاك و پاكبكرێنەوە؛ پێویستە بە بیرهێنانەوەی گەمژەیی، بەدخوازی و دامـاوی یەخەگرتویان لەهەر هەنگاوێك، بەسوكی سەیریان بكەی. چارەنوسییان شەڕ، ئەشكەنجە و ئازارە.

مرۆڤ نەزانە؛ منداڵە؛ بیربڵاوە؛ بێ خاوەنە؛ ژیان ئاسای كەمپی تاوانكارانە - یان دەبێت ببێت – لەگەڵ پاسەوانانێك بۆ چاودێری ئەو بوونەوەرە، دەبێت

سەرۆکانی باڵادەست، بە سەپاندنی بێویژدانانەی ڕێساو ڕووخاندنی بێڕابردووی نەوەی دوژمن، مرۆڤ جڵەوبکەن. دوژمن، وەك بینیمان، هەمان تاقم، یان تایفەیە، واتا ئاژاوەگێڕان، ڕووخێنەران، ریفۆرمخوازانی سیکولار، ڕۆشنبیران، ئایدیالگەرایان، مافناسان، کامڵخوازان، باوەڕبووان بە ویژدانی ئەخلاقی، یان وەکیەکی، یان ئۆرگانیزەی عەقڵانی بۆ کۆمەڵگە. فریادڕەسان، شۆڕشگێڕان – ئەمانە کەسانێکن دەبێت لەڕیشەوە دەربکێشرێن.

زۆر سەیر و ناوازەیە پیاوێك، بە ڕەوانترین شێوازی شیاو و بەزمانێك، بێگومان ئاشکرا و جوانی باشترین وتاربێژانی سەدەی هەژدەیەم، شتگەلێك بڵێت دژی ڕەوتی تێکڕایی هزر و وتەکان لەو سەدەیەدا، بەڵام بەمانایەکی دیکە، دۆمیستەر بە هۆی دژایەتی دەگمەن و سەیر، وەك منداڵی ئەو سەدەیەبوو، کە لەگەڵ هەر وتەیەکی لە سەدەی هەژدەیەم هەیبوو. سان سیمۆن لەوباوەڕەدابوو، لەنێوان دۆمیستەر و کەسانێك ڕووی هاوبەش هەیە، کە ئامانجی بێزاری بوون – واتا لایەنگرانی ڤۆڵتێر و تەنانەت ڤۆڵتێر بۆخۆی –. دۆمیستەر دوژمنی ڤۆڵتێر بوو، بەبێزاریەکی زۆرەوە لەپێکەنینی تاڵی ناحەزی هەمیشەیی باسی ئەو دێوە ترسناکەی دەکرد، بەڵام سان سیمۆن دەڵێت: ڕەنگە داهاتوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەپێکهاتەیەکی دۆمیستەر و ڤۆڵتێردا پەنهانبێت.

لە یەکەم ڕوانیندا ئەو وتەیە، دژبەریەکی نەشیاو و ناواقیعی دەنوێنێت. چۆن دەشێت پێکهاتەیەکی وا هەبێت؟ ڤۆڵتێر ڕواڵەت و لایەنگری ئازادی تاکە و دۆمیستەر نوێنەر و لایەنگری کۆتوزنجیر. ڤۆڵتێر هاواری لە داوای ڕووناکی بەرزترە، دۆمیستەر لـەداوای تاریکی زیاتر. ڤۆڵتێر زۆر بەتوندی لەکڵێسا بێزاربوو، کە لانیکەم بەوهۆیەوە چاکەی ڕەتکردەوە؛ دۆمیستەر بەدکاری کڵێسای خۆشدەویست و ڤۆڵتێری بە شەیتانی بەرجەستەکراو دەزانی. لەگەڵ

ئەوەشدا، هەرچەند لەوانەیە سەیر بێتەبەرچاو، بەڵام راستییەك لەوتەكەی سان سیمۆندا پەنهانە، چونكە ڤۆڵتێر و دۆمیستەر هەرچەند لە دوو جەمسەری پێچەوانەی یەكترن، هەردووكییان سەربە نەریتی هزری رەق، وشك، سارد، روون و واقیعبینی بیرمەندانی فەرەنسیین. رەنگە هزریان لەدژایەتیكردنی یەكتری بێنەبەرچاو، بەڵام لەڕووی چۆنایەتی زەینییەوە، زۆربەی كات، زۆر لەیەكدەچن. ناكرێت هیچكامییان بە هەستی رواڵەتی، ئاڵۆزی وتن، بەندوباوی هزری تۆمەتبار بكەیت و هیچكام بەرگەی ئەو خەسڵەتەی، لەئەوانی دیكەدا نەبوو. هەر دوو لایەنگری راشكاوی و لۆژیكی وشكن لەبەرامبەر زمان لوسی، گەنگەشە، یان هەرجۆرە پەرێشان بیركردنەوەیەك، ئاڵۆزی، رۆمانتیزم، زێدەڕۆیی، بە گوڕووتین كەوتن، كاریگەری دەستبەجێ و رووكەشی پێچەوانەی ئاشت نەبووەوەن. هەردووكیان وەكیەك دژی رۆحی هزرەكانی رۆسۆ، شاتوبریان، ڤیكتۆر هۆگۆ، میشلە، ئارنست رنان و بریكسۆنن. نوسەرانی بێ رابردو، كە گاڵتە بە لاف و گەزاف دەكەن؛ دڵڕەق و جاروبارە رەشبینن بەرامبەر بنەماو بیروباوەڕی مرۆڤەكان. لەپێوانە بەم روانینە ساردو راشكاوە، تەنانەت پەخشانی ستاندال، كە لە دۆمیستەری وەرگرتووە، رۆمانتیك دێتەبەرچاو. جێگرەوەیان ماركس، تۆلستۆی، سوریل و لینینن.

ئەو لایەنگریەی سارد روانینانە بۆ پانتایی سیاسی، سڕینەوەی لاف و گەزاف، وازهێنان لەگەنگەشە، زمان لوسی، شیكاری بێ رابردو و سەرسەختانەی سیاسەت و مێژوو، لەجیاتی شیكاری راچڵەكێنەر و ترسزا – هەموویان لە هزری ئەندێشەكانی ڤۆڵتێر و دۆمیستەر سەرچاوە دەگرن و تا ئاستێكی زۆر چوونەناو هونەری سیاسییەوە. ئاشكراكردنی بەهاكانی جمك بە سۆزی رواڵەتی و بازاڕی خەڵك، سەلمێنەری سڕینەوەی لاف و گەزافی ڤۆڵتێرە. دۆمیستەر جەخت لە مێژووی تەوەری و كردەگەرێتی دەكاتەوە و بەهایەكی ناچیز بەتوانای مرۆڤ

بۆ سروشت دادەنێت و باوەڕیوابوو، جەوهەری ژیان تەمەنای ئێش، ئازار، فیداکاری و چۆکدادانە. ئەگەر بۆی زیادبکەیت، بیروڕای دۆمیستەر، حوکمڕانی مەحاڵە و سەرکوتکردنی زۆرینەی لاوازە بەدەست کەمینەیەك لەفەرمانڕەوایانی دەربەست و گوێنەدەر بە کەڵکەڵەی مرۆڤدۆستانە، ئەوکاتە لە تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆ نزیکدەبیتەوە. ناتوانی بۆ سڕینەوەی ترسەکانی لیبراڵیزم، ڤۆڵتێر بێنیتە گۆڕەپانەکەوە، دۆمیستەر بۆ ڕێدان بە دەرمانی کاریگەر نەبوو بۆ زاڵبوون بەسەر دنیای سارد و ئەبستراکت، بەرهەمەکەی سڕینەوەی ترسە. ڕاستە ڤۆڵتێر ستەمکاری، یان تەفرەدانی پەسند نەدەکرد؛ دۆمیستەر باوەڕیابوو، ئەو دوولایە پێویستن و دەیوت: ئەوەندە بنەمای فەرمانڕەوایەتی خەڵك خراپە، گەر ڕاستیش بوو، دەبوایە بەپەنهانی بهێڵرێتەوە. کەوایە دەردەکەوێت وتەکەی سان سیمۆن، ماهیەتی دژوازی ئەوتۆی نەبوو. پێکهاتەی ڤۆڵتێر و دۆمیستەر، سەردەکێشێتە تۆتالیتاریزمی بێویژدانانەی سەدەی بیست، چ باڵی ڕاست، چ باڵی چەپ.

دۆمیستەر شێتی دەسەڵاتە. لەروانگەیەوە دەسـەڵات، کارێکە خوایی؛ سەرچاوەی هەرجۆرە ژیان و کارێکە؛ بەرزترین هۆکاری گەشەو کامڵبوونی مرۆڤە؛ هەرکەسێك چۆنیەتی بەکارهێنانی بزانێت، مافی سود لێوەرگرتنی دەستەبەردەکات، لەم ڕووەوە، دەسەڵات هەمودەم، ئامڕازی بژاردەی خوایە بۆ جێبەجێکردنی ڕێبازی شاراوەی. دیاریکردنی پێگەی حەقیقی دەسەڵات – لە دامەزراوە کۆن و یتەو و دروستکراوەکانی کۆمەڵگە، نەك دەستکردی مرۆڤ – واتا فرەزانایی و روانگەی سیاسی و ئەخلاقییە. زەوتکردنی بەهەر ڕێگەیەك، بێگومان شکستدەخوات، چونکە یاساخواییەکانی باڵادەست بەسەر دنیادا پێشێلدەکات. بەمەش دەسەڵاتی هەمیشەیی بۆ کەسێکە، ئامڕازی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەبێت. بەگژداچونەوەی دەسـەڵات، منداڵئاساو گەمژەییەکی تاوانکارانەیە دژی داهاتوی مرۆڤایەتی.

دۆمیستەر دەیگوت: ئەگەر بمانەوێت تێبگەین ڕێبازی خوایی چۆن کاردەکات، دەبێت ڕووداوەکـان بە شێوەیەکی ئەزموونی شرۆڤە بکەین. تیۆرە بەقوڵی هەڵسەنگێندراوەکانی دۆمیستەر بریتی لە ڕەواقی ڕوانگەیی، ڕێژەخوازی، سەرنجدان لەسروشت و دیقەت لەجۆری دابەشکردنی دەسەڵات لەناو مرۆڤەکانە؛ هەرچەند دورنییە سەیر بێتەبەرچاو، پشتگیری ژاکۆبینیەکان دەکرد، گەرچی ئەو کارە لەئەنجومەنی فەرەنسییەکان شتێکی نەخستەسەر خۆشەویستی، کە دوای شۆڕش، وڵاتییان جێهێشتبوو. دۆمیستەر دەیوت: کاتێك بۆشاییەك هەیە، دەبێت کەسێك پڕی بکاتەوە. پاشای فەرەنسا، ئابڕووبەرانە کەمتەرخەمی کرد. لویسی شازدە و ڕاوێژکارانی گەمژەی لیبراڵی، سەرباری ژیروندەنە گەمژەترەکانی ریفۆرمخواز، مستێك خۆڵ و خاشاکی لاواز و گەشبینی ریفۆرمخواز بـوون، لەگچکەترین سروشتی مرۆڤ نەگەیشتن و بەئاشکرا کۆمەڵگەیان دارماند و ستونەکانییان سستکرد. پاشان، کە خوا هاتەبوونەوە، لانیکەم ژاکوبینەکان هەنگاوێکیان نان ژمارەیەکییان کوشت. گیۆتینەکانیان وەلانا، لەسێدارەیان دان و جۆگەلەی خوێنیان هەڵبەست. دۆمیستەر پشتگیری ئەم هەنگاوەی کرد، چونکە هۆکاری گونجانی کارەکان بوو. دۆمیستەر باوەڕی بە فەرمانڕەوایەتی بوو. ژاکۆبینەکان کارەساتی ئاسمانی بوون، کە بەسەر نەوەیەکی خوانەناسی سزادراو بە خیانەتکردن لە باوەڕی باوکانیاندا دەهاتەخوار، بەڵام هەرچۆنێکبێت، ئەوەی ژاکۆبینەکان کردیان و نەیانهێشت فەرەنسا لێکبترازێت و گەیاندیانە پێگەی وڵاتێکی بە دەسەڵات، بەگژ دوژمندا چۆوە، نەیارانی پرۆسی و نەمساویە لاوازەکانیان تێکشکاند، کارێکی باشتربوو-لەزۆربەی زۆربڵێیی ڕۆشنبیرانە. ئەوەیە دەماری فاشیستی دۆمیستەر.

بە هەمانجۆر، ناپلیۆنیش زەبەلاحێك بوو، سەرچاوەی لەدورگەی کورس گرتبوو؛ داگیرکارێکی ترسناك، کە نەدەبوو ئەوی قبووڵ بێت، بەڵام پاشایەکی

دەسەڵاتداربوو، دەسەڵات هەمیشە سەرچاوەگرتو لەخوایە، بەدڵنیاییەوە مافی دانیشتنی لەسەر کورسی پادشایەتی نە لەئەلیزابێسی شاژنی بەرتانیا کەمتر بوو، نە لە ویلیام ئۆرانژی پاشای بەریتانیا و نە لەخانەدانی هانۆڤەر. دۆمیستەر و ناپلیۆن شەیدای یەکدی بوون. هەر یەکەیان دەیویست ئاشنای ئەوی دیکەبێت، بەڵام پاشای ساردنی لەوچەشنە بیرۆکەیە ترسی هەبوو، چونکە هەم موچە وەرگری بەریتانیا و روسیا بوو، هەم لەقوربانیانی ناپلیۆن، بیرۆکەی دیپلۆماتێك سەردانی لەناوبەری مرۆڤ، واتە ناپلیۆن بکات، دەرباری ساردنی نوقمی ترس دەکرد. دۆمیستەر بەوپەڕی داخەوە وتی: ئەگەر پادشا نەیەوێت، سەردانی ناپلیۆن ناکات، بەڵام پێیوابوو، سیاسەتێکی هەڵە و تەسکبینانەیە، بەردەوام بوو: دەبینم پێشنیازەکەم زۆر سەیر وەردەگری؛ زۆرباشە، تا زیندوبم لەخزمەت تۆدادەبم، چونکە باوەڕموایە، کورسی پاشایەتی لەو کەسە گرنگترە لەسەری دادەنیشێت، بەڵام ناتوانم بەڵێن بدەم، کە لەمەودوا سەرسامت ناکەم.

دۆمیستەر جەخت لە نەریت، رابردو، ناخودئاگا و هێزی شەڕانی و نەزانراو دەکاتەوە، نەك بە سەر سیفەتی خەیاڵی و خۆشویستنی گیانی نەتەوەیی، کە رۆمانتیکەکانی ئەڵمانیا لایەنگری بوون، یان پەیڕەوانی ژیانی سادەی وەك دۆمیستەر بۆخۆی، لایەنگرییان دەکرد. دەسەڵاتی سەربە کۆمەڵێك یادەوەری نیوە خودئاگا، نەریتەکان، وەفاداری و دەسەڵاتی دامەزراوەکان لەکێشکردنی پەیڕەوی، بەتایبەت پەیڕەوی لە کاری سەرووی سروشتییە و دۆمیستەر جەخت لەپێویستی سەقامگیری و بەردەوامی دەسەڵات و پاراستنی لەدەستدرێژی چەندوچوونی دەکاتەوە. جەخت لەو واقیعیەتە دەکاتەوە، کە حکومەتی رەها لەسەرکەوتن نزیکدەبێتەوە و تۆقێنەر و ترسزابێت. دۆمیستەر لە زانست دەترسا و لێی بێزاربوو، چونکە زانست مەسەلەکان زۆر روونەدەکاتەوە، بەمەش نهێنی و تاریکییەکان کەمدەکاتەوە، کە تاکە بەربەستی دودڵی و چەندوچونە.

کەوایە دۆمیستەر بەمانایەك، پێشەنگ و ناو و دەنگی فاشیزمە، کە سەرنج و هۆگریمان کێشدەکات. لەپشت ئەو دەمامکە کۆنە، لەودیو دۆخی خانەدانی و گەورەزادەیی، لەودیو تۆمیزمی راست ئایین، لەودیو ملکەچی پێگەی پاشایەتی لەو رۆژگارە دا کە شکۆ و مەزن نەبوو، شتێکی سەربزێوتر و رۆمانتیکتر و زۆر ترسزاتر، لە دۆمیستەردا هەیە. دانونتیسیۆ و نیچە بیردێنێتەوە – چاوپۆشین لە نمونەکانی ئەو دواییە – شێوەی رۆسۆ بەخۆوەدەگرێت. رۆسۆ کۆتوبەندی کالوینیستی و لۆژیکی، لەشێتی کەسی گیانسوتاندن زیاترنەبوو. بۆیە، دۆمیستەریش چوارچێوەی کاسۆلیکی و فەرمی و دەسەڵاتخوازانەی بەسەر شەوق، سەوداسەری ناخۆش، شۆڕشگێڕی و فاشیستییەکەی دادەسەپاند.

سەرنجڕاکێشیی دۆمیستەر لەبەرچاوی تاکەکانی نــەوەی خۆی، ناچارکردنیان بوو بە روانین لەلایەنی دزێو و ناخۆشی کارەکان و بەزۆری لەکۆتی گەشبینییە بێگیان، دەروونناسانەی میکانیکی، ئایدیالە نەرم و گونجاوەکانی سەدەی هەژدەیەم دەهێنایەدەر، کە توشی ئەو کارەساتە وردوهاڕکەرەی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ببوون. لەکۆتایی هەر قۆناغێکی بنیاتنەری جمك بەئەرێنیگەری و گەشبینی مرۆڤ، کە مرۆڤەکان تێیدا رادەپــەڕن و دەڵێن زۆرزوو هەموو خراپیی و بەدبەختیەکانی جیهان بە ئابوری، یان کۆمەڵایەتی، چارەسەر دەکەین و کەچی چارەدۆز نابێت و ئەو هەموو گەشبینییە درۆیە، کردەگەراییە، ئایدیالگەراییە وەك بڵقێك بە دەرزیەك پف دەبێتەوە و دروشمەکان بە هۆی مەترسی بێمانا و خاو کاردەکات، بەردەوام بە کاردانەوە، پاڵنەرێك لە مرۆڤی ئاسایی دەردەکەوێت. خەڵك دەیانەوێت لەناپەسندی کارەکان بڕوانن؛ لایەنی ترسزای دەروون

شیکاری سەردەمی ئێمە و لایەنی دڕندانە و ناخۆشی مارکسیزم، لەپێویستی رامان لە لایەنی دزێو و ناخۆشی کارەکان سەرچاوەدەگرێت – واتا شتێکی گەستەرتر، واقیعیتر و رەسەنتر، کە کاریگەرتر لە باوەڕەکانی خۆشاو و رەنگ و زیاتر لە ئاستی میکانیکی و رەنگڕێژی رابردو، پێداویستییەکانی خەڵك بخەملێنێت، کە دۆمیستەر بۆ هاوساڵانی خۆیکردی. مرۆڤەکان ناتوانن لەگەڵ ئایدیالەکانی دژی ئەو بژین و کاری دۆمیستەربوو، کە دژە ژەهر بۆ ئامۆژگارییە کۆمەڵایەتییەکانی زێدەڕۆ و گەشبینی نائاسایی سەدەی هەژدەیەم، پەیدا بکات. دۆمیستەر پێشبینی سەرهەڵدانی توندوتیژترین و کاولکارترین هێزەکانی کرد، کە هەڕەشەیان لەئازادی و ئایدیالی مرۆڤی ئاسایی، تەندروست دەکرد، هێشتا دەیکەن و لەم رووەوە، شایانی سوپاسی ئێمەیە.

دەکرێت مرۆڤەکان بۆ دوو گروپ دابەش بکەی: یەك، لایەنگرانی ژیان و زیندوبوون، دوو، دژەکانی. لەناو دژەکان، کەسانی هەستیار و ژیر و زیرەك هەن، کە مرۆڤ بەخۆڕسسکی قاڵبێکی دیاریکراوی نییە و کەسانێك دەیانەوێت بەدڵی خۆیان، نەك بە پەیڕەویکردن لەهیچ مۆدیلێکی گشتی، بژین، ناڕازی و شکستخواردون. دۆمیستەر یەکێك بوو لەو کەسانە. بە گشتی، هیچ ئامۆژگاریەکی ئەرێنی نییە و گەر بەناچاری هەڵبژاردن لەنێوان ئازادی و مردن بێت، ئازادی رەتدەکاتەوە. لە سەدەی بیستیش لایەنگری هەیە – شارڵ مۆراو عەزراپاوەند – هەرچەند رەنگبێ هاوڕایان نەبین، نابێت لەبیرمانبچێت، کە ئازادی، هەم پێویستی بەپشتیوانە، هەم بە رەخنەگران، کە لە فاوست و گۆتەدا هاتووە، مفیستۆفلس، شەیتان رەخنە لە خوا دەگرێت، بەڵام وەڵامی دەدرێتەوە.

## پەراوێزەکان:

1. Committee of Public Safety{لە بنەمادا فەرەنسا: comite de public}. کۆمیتەی سیاسی، کە دوای شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە 1793 بۆ داکۆکیکردن لە شۆڕش لەبەرامبەر دوژمنانی، یان خەیاڵی ناوخۆیی و دەرەکی و چاودێری بەسەر دەسەڵاتی راپەڕاندن دامەزرا. کۆمیتە لەسەرەتادا شێوازی گونجاو و ئاشتیانەی هەبوو، بەڵام دوای بوونەئەندامی کەسانێکی وەك رۆبسپێر و سان ژۆست و بە پشت بەستن بە ژاکۆبنە توندڕەوەکان، بووبە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و لە هەموو مەیدانەکان هەنگاوی زۆر توندوتیژی ناو ژمارەیەکی زۆری نارده ژێر گیوتین و قۆناغی ترسناك دەستی پێکرد.(و. ف)

2. the illuminists (هاوتای ئینگلیزی Alumbrados لە ئیسپانیداو illuminati لە ئیتالیدا). لایەنگرانی راپەڕینی عیرفانی لە ئیسپانیای سەدەکانی شازدە و حەڤدە، کە بانگەشەیان دەکرد رۆحی مرۆڤ دوای گەیشتن بە پلەیەك لە کەماڵی، دەتوانن جەماڵی خوا ببینن و دەچێتە بواری پەیوەندیی لەگەڵ روح ئەلقدوس و چونکە لەم دۆخەدا ناتوانێت بچێتە پێشتر و نە دواتر، بۆ کەسانێك کە (رووناکی)یەکی وەهایان لەلا هاتۆتەدی، لەمەودوا پێویستییان بە نوێژو بەجێهێنانی ئەرکی مەزهەبی لە کڵێساو تەنانەت چاکەکردن نابێت. درەوشاوەکان، یان رووناکی دۆزەرەوەکان، ئەندامانی ریفۆرمخوازی دوو قاتبەندی رەبانی فرانسیسەکان و یەسوعیەکان بوون، بەڵام هزرەکەیان تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگەی خستە ژێرکاریگەریەوە، لە رۆژەکانی پشکنینی بیروڕا راوەدونراو، ئازاردراو، بوون و کڵێسای کاسۆلیك بە لە ئایین هەڵگەڕاوەی راگەیاندن.(و. ف)

3. ئەم بەشە، بێرلین سەرەتا کتومت بە زمانی ئەسڵی فەرەنسی هێناویەتی، چونکە دەڵێت کاریگەری ئەو زمانەی بەسەرەوەیە، پاشان یەکسەر لە دەقەکە بۆ ئینگلیزی وەریگێڕاوە.(و. ف)

4. Borodino. شارۆچکەیەکە کەوتۆتە خۆرئاوای مۆسکۆ بە دوری 110 کیلۆمەتر و مەیدانی شەڕێکی ترسناکبوو لە 7ی سێپتەمبەری 1812 لەنێوان سوپای ناپلیۆن و لەشکری روس بە فەرماندەیی جەنەراڵ کوتوزۆف. ناپلیۆن بە 130 هەزار پیاوی شەڕکەر و 500 عەرابە

و روسەکان بە 120 هەزار سوپاو 600 تۆپ چوونە مەیدانی شەڕەوە. شەڕەکە لە 6ی بەیانی تا شەو درەنگانێك بە توندی بەردەوام بوو، بە کوژرانی 30 هەزار فەرەنسی و 45 هەزار روسی، سسەریکێشایە پرنس باگراتیان، فەرماندەی سوپای دووەمی روس و پاشەکشەی کۆتۆزۆف. (و. ف)

5. ئاماژەیەکە بۆ بەشێکی نامە ئێرانیەکانی مۆنتیسکۆ کە لەهەجوی هاونیشتمانیانی لەو سەردەمەدا نوسراوە و تێیدا لەمەیدانی خەیاڵی، فەرەنسییەك، کە گەشتیارێکی ئێرانی پێدەناسێنرێت، بە حەپەسانەوە دەپرسێت: چۆن دەشێت کەسێك ئێرانی بێت؟.(و. ف)

6. serf. لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا، بە تایبەت لە سەدەکانی 17 و 18 لە پۆڵەنداو روسیاو ئەڵمانیا، جوتیاری نیوەکاری ئاغا ئازاد نەبوو، کە بە بەشێك لە زەوی دادەنرا و سەربە ئیرادەی ئاغا بوو.(و. ف)

7. ئیمیلیان ئیڤانۆڤیچ پۆگاچۆڤ رابەری شۆڕشی دێهاتی و قۆزاقەکان بوو، کە لەسردەمی پاشایەتی کاترینی گەورە سەرکوتکرا.

8.تاقمێکی کریستیانی ژێرکاریگەری رێنماییەکانی بیرمەندی زانستە ئایینیەکانی هۆڵەندی کۆرنلیۆس یانسنیۆ (1638ی زایینی مرد) کە باوەڕیان وابوو بژاردەیەك بۆ مرۆڤ لە رێگەی رزگاری نییە و خوا هەرکە بیەوێت دەبوورێت و باقی دەخاتە ئاگری دۆزەخەوە. ئەو تاقمە لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە لە فەرەنسا لایەنگرانی پەیدابوو، بەڵام کڵێسای کاسۆلیك بە هەڵگەڕاوە لە ئایین ناسینی و ئیدانەی کردن.(و. ف)

## لە بارەی زۆرینەخوازییەوە

بەو ئەنجامە گەیشتوم، کە زۆرینە لە ئایدیالەکاندا، دەبێت لەدەقەکەدا هەروابێت: بیروڕا، نییە، کە لەکولتورو سروشتدا هەیە. ڕێژەخواز نیم؛ ناڵێم: قاوەییم و ئارەزوم لە شیرە و ئێوە بە بێ شیر دەتانەوێت؛ لایەنگری میهرەبانیم و ئێوە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێییتان پێ باشترە. هەریەکەمان بەهای خۆمان هەیە، ناتوانین تێکییان بشکێنین، یان هاوڕایان بکەین. پێموایە ئەوە ناڕاستە، بەڵام باوەڕموایە زۆرینەیی لە بەهاکاندا هەیە، مرۆڤەکان دەتوانن بەدوایدا بگەڕێن، جیاوازن، کۆتاییان نایەت: ژمارەی بەهاکانی مرۆڤایەتی، بەهاکانی دەتوانم شوێنییان هەڵگرم و هاوکات رواڵەتی مرۆڤایەتی خۆم، کەسێتی مرۆڤایەتیم بپارێزم، کۆتاییهاتوون - با بڵێم 74 دانە، یان رەنگە 122 دانە، یان 24 دانە، بەڵام کۆتاییهاتون، هەرچییەکی دەیانەوێت بن. ئەگەر یەکێك شوێنیان هەڵگرێت، کە هەڵیانناگرم، تێدەگەم بۆچی شوێنی هەڵدەگرێت، یانبەهاکانیی هەلومەرجەکانی چیین؟ تا پاڵنەری شوێن هەڵگرتنی بدۆزمەوە. ئەگەری تێگەیشتنی مرۆڤێك بەمشێوەیە.

پێموایە ئەم بەهایانە بابەتی و واتایین - واتە جەوهەرەکەیان، پەیڕەویکردنیان، بەشێکە لەبوونی مرۆڤ و ئەوکارەی، واتایی گریمانەییە. واقعیەتی، پیاوان پیاون و ژنان ژن، سەگ، یان پشیلە، یان مێز و کورسی نین، واقعیەتی واتاییە؛ بەشێك لەو واقیعیەتی واتاییە، کە بەهاکان بەتایبەتی هەن و مرۆڤەکان دەتوانن پەیڕەویان بکەن و دیسانەوە بەمرۆڤ بمێننەوە. ئەگەر وەك پیاوێك، یان ژنێك، خەیاڵم کردبێتەوە، پێویستم پێیەتی، دەتوانم بچمە ناوسیستمێکی بەهاییەوە، کە من خاوەنی نیم، بەڵام دیسانەوە دەتوانم پێموابێت مرۆڤەکان پەیڕەویان کردووە و

هاوکات مرۆڤ بن، بوونەوەرانێك بن، کە دەتوانم پەیوەندییان پێوە بکەم و بەهای هاوبەشم لەگەڵیاندا هەبێت - وەك هەموو مرۆڤەکان بەهای هاوبەشییان هەیە، ئەگینا مرۆڤ نین و بەهای جیاوازییان هەیە و جیاواز نین، کە جیاوازن.

بۆیە زۆرینەخوازی، رێژەخوازیی نییە - بەها جیاجیاکان، واتایین و بەشێك لە جەوهەری مرۆڤ، ئافەریدە دڵخوازەکانی خەیاڵی زەینی و مرۆڤی بن. ئەگەر پەیڕەوی لە کۆمەڵێك بەها بکەم، رەنگە لەکۆمەڵەکەی دیکە بێزاربم و بۆ شێوەیەك لە ژیان، بە زیانبەخشی بزانم و دەتوانم بۆخۆم بەرگەی بگرم؛ دورنییە لەم کاتەدا پەلاماری بدەم - لە هەلومەرجی توند - بەگژیدا بچمەوە. بەهای نازییەکان بە بێزاری وروژێنەر دەزانم، بەڵام تێدەگەم کاتێك مرۆڤیك ئەوەندە زانیاری ناڕاست، باوەڕی هەڵەی لەبارەی واقیعیەتەوەهەبێت، دەتوانێت بگاتە شوێنێك باوەڕبکات، تاکە رێگەی رزگارییە. دەبێت رووبەڕوویان بێتەوە، لەکاتی پێویست بە هۆی شەڕ، بەڵام بەوچەشنەی هەندێك لەو باوەڕەدان، نازییەکان بە نەخۆش، یان شێت نازانم، بەڵکو باوەڕموایە شەڕانگێزانە هەڵەدەکەن و لە واقیعیەت گومڕابوون، کە پێیانوایە هەندێك لە مرۆڤەکان لەخوار مرۆڤەوەن، رەگەزی تەوەری هەیە، یان رەگەزی نۆردیك تاکە رەگەزێکن، داهێنەرن و لەمجۆرە قسانە. تێدەگەم کاتێك مرۆڤێك ئەوەندە چەوت پەروەردە بکرێت، ترس و تاوانی هەبێت، دەتوانێت لەکاتی مرۆڤ بوون باوەڕییان پێی بێت و تاوان بکەن.

ئەگەر زۆرینەخوازی روانگەی متمانە پێکراوبێت، رێزی نێوان سیستمە بەهاییەکان هەبێت، کە وەك پێویست دژ نین، لەم کاتەدا بە رەوازانین، لێبوردەیی، ئاکامی لیبڕاڵانەو لیبراڵی بەدوادا دێت، چونکە ئەو ئاکامانە هەرگیز

لە تاك وازانین، تەنیا کۆمەڵێك بەهایی راستە و تەواوی کۆمەڵەکانی دیکە ناڕاستن، یان رێژەخوازیی، ئەوە بەهاکانی منە، بەهای ئێوە بۆ ئێوە و ئەگەر لەخراپترین دۆخ ئامبازی یەکتربین، هیچمان ناتوانین بڵێین راستدەکەین، سەرچاوە ناگرێت. زۆرینەخوازی سیاسیم بەرهەمی توێژینەوەی ویکۆ و هێردێرە و تێگەیشتن لە ریشەکانی رۆمانتیزم، کە زێدەڕۆیی لەشێوازی ناخۆش و نەخۆشئاسای بە رەوازانینی مرۆڤایەتی بکات.

نەتەوەخوازیش بەمشێوەیە: هەستی پابەندیم بە میللەتێك، ئاسایی دێتە بەرچاو و خۆی لەخۆیدا بڕیار بەسەردا دراو نییە، یان شایانی رەخنە نییە، بەڵام لە کاتی هەڵاوسان و هەڵتۆقینی - کە میللەتی من لە میللەتی تۆ باشترە، دەزانم دەبێت چۆن جیهان فۆڕمبگرێت و پێویستە تۆ خۆتم رادەست بکەیت، چونکە شارەزانی، تۆ ژێردەستمی، چونکە میللەتی من بەهێزە و میللەتی تۆ زۆر زیاتر لەخوار میللەتی منەوەیە و دەبێت خۆی وەك مادەیەك بخاتە بەردەستی میللەتی من، کە تاکە میللەتێکە مافی هێنانەئارای بارودۆخی شیاوی لەجیهاندا هەیە - جۆرێك زێدەڕۆیی نەخۆشئاسایە، کە دەکرێت کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراوی لێبکەوێتەوە و کەوتۆتەوە و دژی هەرجۆرە زۆرینەخوازییەکە، کە هەوڵمداوە  وەسفی بکەم.

رەنگە بە رێکەوت سەرنجراکێش بێت، بڵێم بەهاکان تایبەتین و ئێمە لەجیهانی خۆماندا قبوڵییان دەکەین و لەوانەیە رۆمانتیزمی بەرایی دروستیکردبن، بەڵام پێشتر نەبوون: ئەو باوەڕە، کە فرەجۆری شتێکی باشەو کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەیەکی مۆنۆلیتیك و یەکسەر زانین باشترە، کە تێیدا بیروڕایەك بەسەر هەموو تاکەکاندا سەپێنراوە و بیروڕای جیا جیای تێدابووە و بڕوابووان بەو بیروڕایە، بە لێبوردە و رەوای بزانن. کەس پێش سەدەی نۆزدە قسەیەکی وا قبوڵ ناکات: راستی یەك و بۆچون زۆر تێکدەربوو.

دیسانەوە بۆچون، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی، وەك بەها، شتێكی نوێیە. هەمیشە باش بوو، كە مرۆڤ ببێتە شەهیدی ڕێگەی حەقیقەت، بەڵام تاكە شەهید بوون لەڕێگەی حەقیقەت: موسڵمانانێك دامـاون، بە ناوی ئیسلامەوە مردون، گەمژە و گومڕابوون، كە گیانی خۆیان كردە قوربانی هەڵیتوپەڵیت؛ بۆ كاسۆلیك، پرۆتستان، جولەكەكان، شەریك پەیداكەر بۆخوا بەوجۆرە بوون و ئەمە واقیعیەتە، كە بەوپەڕی دڵسۆزی باوەڕیان پێبوو، جیاوازی لە بارودۆخیاندا دروست نەدەكرد - ئەوەی گرنگ بوو، لەسەر هەق بوون بوو. لەدۆزینەوەی حەقیقەت، لەگۆڕەپانێكی تری ژیان، سەركەوتو، گرنگ بوو، نەك پاڵنەر و نیاز. ئەگەر یەكێك پێتبڵێت دو جاران دو دەكاتە حەوت، كەسێك بڵێت: دەزانی ئەو تۆ ئازار نادات، خۆی نانوێنێت، یان لەبەرئەوەی كەسێك پارەی پێدابێت - باوەڕی پێیەتی و باوەڕدارێكی دڵسۆزە، تۆدەڵێی: ئەو بارودۆخە باشتری ناكات، وڕێنەیەكی نالۆژیكی دەكات، كە لەڕوانگەی كاسۆلیك و پرۆتستانەكان دەیانكرد و بە پێچەوانەوە. هەرچەند دڵسۆزتر، مەترسیدارتر؛ كە بۆچونی بوونی زیاتر لەوەڵامێك، بۆ زیاتر لە پرسیارێك تەشەنە ناكات، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی دەستكەوتی نابێت، كە وایكرد بەهاكان بە پێی نیاز و پاڵنەرەكان ڕێكبخرێن، نەك ئاكامەكان، یان بە پێی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی، نەك سەركەوتنیان.

بە تـاك زانین دوژمنی زۆرینەخوازییە - بیروباوەڕێكی كۆنی هارمۆنیكێكی تاكی نێوان حەقیقەتەكان هەیە، كە دەبێت هەمو شتێك، زەمەنێك لەو قاڵبەدا جێبگرێت. ئاكامی ئەوبیروڕایە لەوە جیاوازە، كە هەندێكجار كارڵ پۆپەر ناویدەنێت خودباوەڕی و بەلایەوە ڕیشەی هەمو شەڕانگێزیەكان بوو، بەڵام لێی نزیكە، كەسانێك دەزانن دەبێت فەرماندەی كەسانێك بن، كە نازانن. كەسانێك وەڵامـی هەندێك لە گەورەترین

مەسەلەکانی جۆری مرۆڤ دەزانن، کە دەبێت پەیڕەویان بکرێت، چونکە ئەمان دەزانن، دەبێت چۆن کۆمەڵگە ڕێکبخرێت و تاکەکان بەتەنیا بژین، کولتور پەروەردەبکرێت. ئەو باوەڕە کۆنەی ئەفلاتون، بۆ فەیلەسوفەکانە، کە مافی خۆیانە بڕیار بۆ ئەوانی دیکە بدەن. بـەردەوام بیرمەندانێك باوەڕیانوابووە، ئەگەر زانایان، یان تاکەکان کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبرد، کە زانستییانە پەروەردەکراون، گەورەیی لەجیهانی تەندروست دەستەبەر دەبێت. دەبێت بۆ ئەوە بڵێم هیچ بیانویەك باشتر، یان دەستەبژێرانێك بەڵگەی باشتریان بۆ ستەمکاری بێسنور نەخستۆتەڕوو، کە زۆربەی ئازادییەکانی خودی خۆی دەدزن.

وتویانە کۆن، پیاوان و ژنان دەبوونە قوربانی جۆرەکانی خوا؛ پێیانوایە سەردەمی مۆدێرن جێگەی بتە نوێکان – ئەیسمەکان -یان گرتۆتەوە. بوونی ئێش و ئازار، کوشتن، ئەشکەنجە بە گشتی بە هەق تاوانبارکراون؛ بەڵام ئەگەر ئەمانە نەك بۆ بەرژەوەندی کەسیم، بەڵکو بۆ ئەیسمەیێك – سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزم، فاشیزم، کۆمۆنیست، بیروباوەڕی دەمارگیری ئایینی، یان پێشکەوتن، یان بەدیهاتنی یاسا مێژووییەکان – ئەنجام بدرێن، راستن. زۆربەی شۆڕشێگێڕەکان بە ئاشکرا، یان بەنهێنی باوەڕیانوابوو بۆ هێنانەئارای جیهانی ئایدیالی، دەبێت هێلکە مریشکەکان بشکێنرێن، چونکە ناتوانی هێلکەوڕۆن بکەیت. بێگومان هێلکە مریشکەکان دەشکێنرێن – هەرگیز هێندەی سەردەمی ئێمە بە توندوتیژی نەشکاون –، بەڵام گەیشتن بە هێلکەو رۆن زۆر دورە، ئەو مەودایە، پاشان کۆتایی نایەوە. ئەمە ئاکامێکی تاکزانینی جڵەوپساوە، کە دەڵێم–هەندێك ناویدەنێن دەمارگیر و کۆنەپەرست، بەڵام تاکزانین رەگی هەمووجۆرە دەمارگیرییەکە.

## ریالیزم لە سیاسەتدا

ئەم وتارە لە 1953 و لە سپکتیتۆر بڵاوکراوەتەوە. هنری هاری هەڵەچنی بەرهەمەکانی ئایزایا بێرلین جارێکی تر لە 2000 لە کتێبی The Power of Ideas بڵاویکردۆتەوە، کە رای بێرلینە لەبارەی ریالیزم، ئاڵۆزی واقیعیەت و پلۆرالیزمی میتۆدناسانەیە. پەخشانی ئەم وتارە لەچاو وتارەکانی دیکەی بێرلین کەمێك دژوارترە، بەڵام بایەخی ورد خوێندنەوەی هەیە.

ریالیزم، زیاتر واتە تێگەیشتنی دروست لەتایبەتمەندی رووداوەکان، یان کاری راستەقینە، یان کەسەکان، بێ ئەوەی هەستەکانی ترس، هیوا، عەشق، نەفرەت، ئارەزوی بە ئایدیالکردنی، یان کەم نرخ کردن، یان شتێکی دیکە خەوشداربێت، کە رێگەی نەداوە وردبێت و بەرهەمی جۆرێك فشاری هەستیبێت. ئەم چەمکە مانای تر و ترسناکتری هەیە، کە زیاتر، خەڵك بۆ ئاڕاستەکردنی بڕیاری نزم، یان ناخۆش، رایدەگەیەنن «بە نیشاندانی خەم و پەژارە» ریالیستن.

بە ئەگەرێکی زۆرەوە، مانای دڵگیر نەبووی وشەکە، سەرچاوە لە هیگڵ و لایەنگرانی دەگرێت، هەم محافزکار و هەم رادیکاڵ، کەسانێك، کە ئارەزوی دیتنی تۆکمەیان بۆ (واقیعیەت) ... وێرانکاری و لەناوبردنی بێویژدانانە دەکەن، بە هۆی بەرکەوتەی سیستماتیکی هێزە بابەتیەکان روودەدات، مێژووی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن ... بیخەنە بەردەم بازدانی ترسنۆکانەی واقیعیەت، کە کەسانی لاواز، نابیناو نەزان ئەنجامیدەدەن، لە واقیعیەت رادەکەن تا لەبەهەشتی گەمژان بژین. لە نوسخەی زێدەڕۆتری ئەم ئایینە ئەڵمانییە، لە لایەك، بونەوەرانی داماو سوربوون بەم هزرە فریویان دابوون، کە ئاشتی، کامەرانی و پێشکەوتن هەمیشەییە، چونکە کێشەی تەسکبینانەی ژیانیان تا هەتایە بـەردەوام دەبێت. لە کاتێکدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی ترسناك چاوەڕوانیان بوو، خۆیان و هاوژیانەکانیان بڕیاری ناخۆشترین لەناوبردنیان

بەسەردا درابوو. لە لایەکەی دیکەوە، ریالیستەکان پێداگربوون، کەسانێك تێگەیشتبوون، کە حەقیقەتی ترسێنەر، بەڵام گەورەیان کردبووە ئامانج و لایەنەکانی دڕندانەی بوون، زیاتر گرنگ بووە و لەپڕۆسەی خودی مێژوویی نزیکتربوونەتەوە و بڕیار نییە، لە بە عەقڵانیکردنی کلۆڵانەی ئەو مرۆڤانەدا پەنهان بکرێن و لە ڕووبەڕووبوونەوەی راستیدا تەفرە دەخۆن.

ئەو ئایدیالە زیاتر کەوتۆتە خاڵی بەرامبەر حەقیقی، یان واقیعییەوە، کە زاڵمانەو ناخۆشە، شێوەیەکی رەشبینی تەوساویە بە رادەی مرۆڤخوازی گەشبینانەی سەردەمی عەقڵخوازیی، رۆمانتیك و بنەمای پتەوی دیتنی ئەزموونی نابێت. بزاوتە سیاسییە گەورەکان، کە هەرکامەیان جیادەبێتەوە ... فاشیزم و کۆمۆنیزم، سەرەڕای خۆنوێنی دووەم بە رێبازی بابەتی زانستی... تێکڕایان لەگۆڕەپانی سەلماندنی بانگەشەکانیان لەسەر بنەمای راڤە و ریفۆرمی سەرکەوتوتری کارەکانی واقیع، لەمەڕ رادەربڕینی ناگشتی و ناسیستماتیك شکاون، بەڵام رووناکیەك، لەم بیروباوەڕە، ناخۆشەدا هەیە، کە لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی تیۆری گەشبینانەی سەدەی هەژدە، کە زۆربەی بیرمەندە وریاو تامەزرۆکانی قەناعەتیان کردبوو، کە رەزیلەکان، گەمژەیی و بەدبەختییەکانی مرۆڤایەتی ریشەیان بۆ نەزانی و زەین کوێریەکەی دەگەڕێتەوە؛ ژیانی مرۆڤەکان وەك تەنە سروشتییەکان سەربە رەفتاری رێکوپێکەو دەتوانی لەژێر یاساگەلێك رێکیبخەی، کە یاساکان لەڕوانگەی تیۆرییەوە دەتوانن هەمانهێندە ورد و هەمەگیر بکەیت، کە نیوتن و هاوەڵەکانی لەسروشتی بێگیان، سەرکەوتوانە دەستییان بۆ بردبوو. دەوترێت، دەکرێت ئارەزوی مرۆڤەکانیش هاوشێوەی ئەو پڕۆسانە ئاشکرابکرێت، کە بەسەر ژیانی گەردیلە و گژوگیایەکاندا باڵادەستە. ئێستا دەکرێت بە میکانیزمێك رازی بکەیت، کە سەرئەنجام کەوتۆتە بەردەست مرۆڤ و لەپێوەرێکی زۆر فراوانتر، بە کۆسپی زۆر کەمتر لە گەمژەیی، نەزانی

و هەڵەکانی رابردوی شیاو کردووە. وڵاتداری وەك جوتیاری و ئەندازیاری زانستێکە؛ میتۆدە تایبەتییەکانی لەسەر بنچینەی توێژینەوەی عەقڵانی سروشتی مرۆڤە، بەرهەمی دیتن، لۆژیك و تاقیکردنەوەیە. ئەم زانستە شتێکی پڕ لە رەمزوڕاز نەبوو؛ دەکرێت فێری بیت، خەڵك فێر بکەیت، پسپۆڕان بەکاربهێنیت، بۆ بەرژەوەندی نەمری مرۆڤایەتی، بە رادەیەکی بێسنور تەندروست و بڵاوی بکەیتەوە.

ئەم میتۆدە گەشبینانە بە هۆی جەبرخوازانە بوونی، بەجۆرێکی لێکدژ بانگەشەی نەیارانی ... بت دانـان، دواکەوتوانی سیاسی، رۆمانتیکەکانی دژی عەقڵگەرا ... کەمتر بێمتمانەی کرد تا شکستی شۆڕشی فەرەنسا، کە بە باڵادەستی فەلسەفەی رۆشنگەری لەناویبرد، بەو ئاستەی کە شۆڕشی روسیاو کوڕە بیژوەکەی واتە فاشیزم، هیوای لیبراڵەکانی ڤیکتۆریایی بە بادا. ئەو باوەڕە گرێیەکی خۆڕاگرە و تا سەدەی نۆزدە کۆڵی نەدا، کە مێژوو پەیڕەوی لەو یاسایانە دەکات و کردەی مرۆڤەکان لێپرسینەوە هەڵدەگرێت. پارێزەرانی تیۆری نوێ (ئۆرگانیك) و (ژیانخواز)، تیۆری میکانیزمی سەدەی هەژدەیان بەسەر شکستخواردوواندا راگەیەند، کە دوای تۆمەتبارکردنی پێشویان، بە ئاسانکردنەوەی خاو و کاڵ، ئەم هزرەیان بە هاوبەشی پەسندکرد، کە مێژوو خاوەن سیمبولە.

بـەوتـەی ئـەو تیۆرسێنانە، ئۆرگانیست نـوێ، کـە سـەدەی هـەژدە پێینەزانیبوو، بە پێچەوانەی مادەی بێگیان، سروشت یاساگەلێکی تایبەت و بێوێنەبوون، کە گۆڕەپانی ژیانی مرۆڤایەتییان داگیرکردبوو؛ بە دەستهێنانیان بۆ کەسانێك گونجاوبوو، کە نەك بنەماکانی لێپرسینەوەی پەتی، یان جوڵەی جەستە لەئاسماندا، بەڵکو لە وەرچەرخان و گەشەکردنیش دەگەیشتن؛ بنەماگەلێك، شیکردنەوەی ئەو تێکڕاییانەی وەك ئۆرگانیزمی مرۆڤ بە یەکە

کۆمەڵایەتییەکان ... کۆمەڵگاکان، دەوڵەتەکان، کڵێسەکان، زمانەکان، سیستمە یاساییەکان، مەزهەبەکان، سیستەمەکانی بیرکردنەوە ... بەشە پێکهێنەرەکان و دابەش نەبووەکانیان، لەڕیزەکە کردەدەرەوە، کە پەیوەندیەکان، ئەلگۆکان و ستراکتۆرەکان، کە بناغەی هەموانی بەیەکەوە دەبەستەوە و تایبەتمەندی هەریەکەیانی نیشاندەدایەوە، کارێکی هەستپێنەکراو و شایانی روونکردنەوە نەبوو. دەکرێت بەرنامەی پێشو بەم ریفۆرمە بونیادبنێیەوە: پسپۆڕانی پڕۆسەی ئۆرگانیك، دەیانتوانی بە دەستکاری ... پێشبینی، یان وەسفکردن ... لە رەفتاری مرۆڤەکان بکۆڵنەوە، کە بیرمەندان لە مادە بێگیانەکایان کۆڵییەوە. زانستی نوێی ژینگەناسانەی مرۆڤایەتی، چ لەشێوازی میتافیزیکاڵ و هیگڵیەکەی، چ لەشێوەی وەرچەرخانی - داروینیەکەی، داڕشتنەوەیی، شایانی راگەیاندن و فێربوون بوو. کانت، دوای ئەو سپنسەر، هەوڵیاندا بۆ سیستمێکی تیوار و دۆگماتیك کورتی بکەنەوە. جیهان ناسییە گەورەکانی شپنگلەرو پەشیمانبوونەوەی نادیار، نوێنەرایەتی ئەم نەریتە دەکەن. کارڵ مارکس، ئەو دراوەی بەجدی وەرگرتبوو، ئەگەر مێژوو زانستە، دەبوایە دوبارەبوونەوە «خۆلێنەدزراوە»بێت، تیۆری رکابەر و بەرهەمدارتری بەرهەمهێنا.

ئێمە و هەمیشە شتێك دەلەنگێت. هەرگیز کارەساتەکان ئەو شێوەیان بەخۆوە نەگرتوە، کە پسپۆڕەکان باوەڕیان پێیە و پێشبینی دەکەن. بێگومان شۆڕشی فەرەنسا ئەو دەرەنجامەی بەرهەمنەهێنا، کە زاناکانی لە سەریاندابوو. بۆ ئەمان ... کە نەمردبوون ... وترابوو لەبەرچاونەگرتنی هۆکارە بنچینەییەکانیان لەلێپرسینەوەوی داهاتو، هۆکاری شکانی ئەزمونەکانیان بووە ... بۆ نمونە هۆکارە کۆمەڵایەتی ئابوریەکان ... و نائاسایی و بەتایبەتی لەسەر هۆکارە سیاسیەکان قوڵببونەوە، بەڵام هەڵەکان نەبیستراو وەرنەگیران. تا 1848 بە ئاگابوون لەواقیعیەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری کارێکی هەمەگیربوو؛ کەس

نەیدەتوانی شۆڕشگێڕە تازەکان بە لەبەرچاونەگرتنیان تۆمەتبار بکات؛ کە رووداو و رێکەوتەکانی ئەو ساڵە گەورەیە، هیوا و نەخشەی رەخساندنەکانی نەخەملاند. بە نۆرەی خۆی، نوێترین شیکردنەوەی مێژویی پێیانیوت، کە هۆکارێکی بنچینەییان ئەژمار نەکردووە ... رەنگە دژایەتی نێوان «چینەکان» کۆمەڵایەتی، تەوەریترین توخمی مێژوی مرۆڤەکان بێت، ... بەڵام دوای شۆڕشی روسیا، کە لە 1917 روویدا، دەرئەنجامێکی لێکەوتەوە، کە لە شاری یۆتۆپیایی لینین و کۆمۆنیستە ئەڵمانییەکان جیاوازبوو؛ زنجیرەی 1793 و 1848 خۆی دوبارەکردەوە. ئایا دەشێت شتێکی ناڕاست لەم تیۆرانەدا هەبێت، کە پراکتیزەکردنیان قورس دەکات؟ هەندێك بە گومان بوون رووبەڕوی شتێك بووینەوە، کە چاکسازی و نوسینی پەتی تیۆرەکان، خۆی ناگرێت ...، کە رەنگە نیشانیبدات بەکارهێنانی پەتی تیۆرەکانی گەشەی مێژوویی، بڕیاری شکستی بەسەردادراوە ... کە مانای بیری پەتی نییە و لەبەکارهێنانی گشتی و رەشۆکیانەی وشەکانی «میتۆدگەرا» و «تیۆرسێن»، لە سیاسەتدا هەیە، بەڵکو ریشەی بۆ هەستی بەجێی لەسەر بنەمای روودانی هەڵەکان دەگەڕێتەوە، چونکە هیچ شتێك لەم تیۆرانەدا، جێینابێتەوە.

نامەوێت، گرنگی هزرەکان رەتبکەمەوە. بەپێچەوانەیەوە، جگە لەدۆخێك، کە لەژێر کاریگەری روونکردنەوەی ئاسانکردن و داشکانخوازی کاروباری مرۆڤایەتی بێت، دەروونناسانە، مرۆڤناسانە، ژینگەناسانە، ئابوری، یان بیروباوەڕی میتافیزیکی، کە هەموشتێکی پێشبینیکراو و پێویست رێکخرابێت، گومانی تێدانییە هەندێکات هەلومەرجێك دێتەپێش، گروپێك لە مرۆڤەکانی لەژێر کاریگەری باوەڕە دۆگما و تامەزرۆیانە، لە هەلومەرجی گونجاو لەوە جۆراوجۆرترن، کە بکرێت دیاری بکرێن، دەکرێت گۆڕانکاری گەورە بکات. ئەو ئـارەزوە هەیە، کە ئەم گۆڕانکارییە لەڕوانینی پێداچونەوانە نەگۆڕ

گریمانە بکەین؛ بەڵام زۆر کەم ئاماژە بەم بابەتە دەکرێت، کە بەدەگمەن ئەم گۆڕانکاریانە هاوتای نیازی بەڕێوەبەرانی دەکەن، یان تەنانەت بە دەگمەن بەشی جێسەرنج لە باوەڕەکانیان لەخۆدەگرن.

پێدەچێت ئەو کارە پێویستی بەدەستنیشاکردن بێت. هەوڵەکانی پێشوو، یان لەسەر ئەو بنەمایەبوون، کە شۆڕشگێڕەکان باش لە هەلومەرجەکان نەگەیشتون، یان تێبینی هۆکارێکیان نـەکـردووە. هەمویان لەسەر ئەو بنەمایەبوون، ئەگەر ئەو بارودۆخە دروست شرۆڤە بکرێت و هەمو هۆکارە پەیوەندیدارەکان لەبەرچاوبگیردرێن، دەستمان بە کلیلی کێشەکە دەگات و کەسانی بەهێز و تێگەیشتوو، هەلومەرجی مرۆڤایەتی وەردەچەرخێنن، کە سیاسەتکاران و ریفۆرمخوازانی سەرکەوتوو، ئەنجامەکانییان بە پێی هۆکارە جیاوازەکان بەدەستهێناوە و بەدەگمەن تیۆرەکان تەریب و باسی چۆنیەتی گۆڕانکاری دەکەن لەکۆمەڵگەدا.

رۆبسپێر، جۆزێفی دووەمی نەمسا و لینین، لەوەرگێڕانی هزرەکانییان سەرکەوتو نەبوون. بسمارك، لینکۆڵن، لوید جـۆرج، رۆزفلێت بە تێکڕا سەرکەوتوبوون. نەمسا 1790، فەرەنسا 1794، روسیا 1920 هاوتای رواڵەتەکانیان نەبوون. ئەڵمانیا، ئینگلیز، ئەمەریکا لە قۆناغەکانی پەیوەست، تاڕادەیەك شتێکی ئەوتۆ لەدەوڵەتمەردانی کردەگەراتریان دورنەبوون، کە هەوڵییان بۆدابوو. رەنگە بووترێت کەمتر پێگەخوازبوون و ویستەکەیان چی وا لە واقیعیەتی هەبوو زۆردور نەبووە، بەڵام ئەوە هەڵەیە. پانتایی ئەو جیاوازیانە زۆر فراوانبوو، کە بسمارك و رۆزفلێت، ئەنجامیانداو رادیکاڵانە ژیانی مرۆڤایەتی خستەژێر کاریگەریەوە.

مێژوونوسە دەمارگیرترەکان بە دەگمەن چەمکێکییان رەتکردۆتەوە، بەوپێیە جیاوازی نێوان پیاوانی دەوڵەتی کاریگەر و شاری یۆتۆپیا، یەکەم، لە مادەی

مرۆڤایەتی دەگات و رووبـەڕووی بۆتەوە و دووەم، داماوە و تێی ناگات. لە ماهیەتی ئەو تێگەیشتنەدایە، کە تەوەری سەرەکی کێشەکەی خۆی نیشاندەدات. جۆزێفی دوەم، رۆبسپێر، لینین درێغییان لەهیچ هەوڵێك نەکردووە بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی بارودۆخێك، کە گیرۆدەی بوون. خوێندیانەوە، لێیانکۆڵیەوە، شرۆڤە و بیریان کردەوە. رەنگە هەریەکەیان زیاتر ئاوڕیان لە لایەنێك دابێتەوە لە لایەنەکانی دیکە، بەڵام روانگەی کەسانێك، کە لە بنەمادا مێژوو بە زانستێك دەزانن و باوەڕیانوایە، بەکەڵکترین دەرئەنجامی هاوشێوەی زانستە سروشتییەکان بە هۆی پێکهاتەیەك لە سەقامگیری و ئەنجامگیری بەدەست دێت، ئەو پیاوانە شێوزای راستییان گرتبووەبەر: تەواوی، یان تاڕادەیەك شیاوی روانگەی مرۆڤایەتییان بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی کاتی خۆیان بەکارهێنا، تا چارەسەری راست بدۆزنەوە و بە ئیرادەوە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو و تاك بەکاریبهێنن، کە بەدەستییانهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەئاشکرا لەئامانجەکەیان شکستییان خوارد. لەئاوەژوکردنەوەی ئەبەدی و توندوتیژی سیستمێك سەرکەوتوبوون، کە رووبەڕووی بوونەوە و بارودۆخێکیان هێنایەئارا، کە نە بۆخۆیان و نە دوژمنەکانیان چاوەڕوانیان نەدەکرد. بسمارك، لینکۆڵن، رۆزفلێت لەوە باشتر رەفتاریانکرد و دەرەنجامێك، گەرچی بۆ دوژمنانیان ناخۆش و پێشبینی نەکراوبوو، بەڵام هاوتای ئارەزوی پارێزەرانی بوو، کە چنگییان کەوت.

بە پلەی یەکەم، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە داوەری بەهاییەوە نییە. دەمەوێت بڵێم گروپی یەکەم لە بەدەستهێنانی ئارەزوەکەیان سەرکەوتو نەبوون، لەکاتێکدا گروپی دووەم، لەم گۆڕەپانە سەرکەوتوتربوون. بسمارك زیانی زۆری بە جۆزێفی دووەم گەیاند، بەڵام دەشێت زیاتر باوەڕمان بەو چۆنایەتییە بێت، کە بسمارکی شەڕانی، کەچی ریالیستی، لەو ئیمپراتۆرە سەرکەوتوتر کرد. ئەگەر بە عەقڵانی بوون مانایوایە بەو میتۆدانە شوێنی مادە

بکەوین، کە ئەنجامی بەدەستهاتو، تاقیگەر دەیەوێت، عەقڵخوازان لەم مانایەدا فەرمی و بە ناوبانگ، نەشیاوانە رەفتاریان کـردووە؛ پیاوانێك لە ئەنجامی داواکانییان سەرکەوتوتربوون، کە بە پێی «گەواهی» رەفتاریان کردووە (دیارە لەم بارەیەوە ناوێکی هەڵەیە).

نامەوێت جیاوازی ئەم دوو مۆدێلە لێکجیایە بژمێرم، بەڵکو دەمەوێت ئاماژە بە زەقترین جیاوازییان بکەم. ریشەی بۆ ئەو واقیعیەتە دەگەڕێتەوە، کە دەوڵەتمەردانی سەرکەوتو هاوشێوەی ئەو هونەرمەندانە رەفتار دەکەن، کە لە قاڵبی خۆیان دەگەن. رەوتی هەڵبژاردن و پارێزکردنیان لەسەر بنەمایەك هەڵدەبژێرن، کە روونکردنەوەی شەفافی بە پێی زاراوەی تیۆری شیاو نییە. نەك هەر ئەمان، بەڵکو مێژونوسان و دەروونناسان و شرۆڤەکارانی سیاسیش ناچاردەبن پەنابەرنەبەر زاراوەکانی خەیاڵکردنەوە، بلیمەتی سیاسی، هەستی مێژویی، داوەری هەڵەنەکەر، کە دەیانەوێت رەفتاریان روونبکەنەوە، لە کتێبە زانستییەکان شوێنییان نییە. کاتێك بسمارك شەڕی دژی فەرەنسا دەستپێکرد، یان لینکۆڵن دژی باشور، یان رۆزفلێت دژی «بووربوون»ەکانی ئابوری، زۆر بۆیان زەحمەت بوو رایبگەیەنن رەفتارییان لەکام دراوەکانی گشتی ئەنجامگیری بکەن، واتا دیاری بکەن هەرلەم ساتە و ئەمان هەمان هۆکارن، کە بۆ ئەم چالاکییە تایبەتییە گونجاون، بە هەمانشێوە کە لە زانست دەیبینین. زەحمەت بەم مانایە، کە پەیکەرتاشێك بۆی زەحمەتە روونیبکاتەوە بۆچی ئەو کار و نەك ئەم کاری بە مادەیەك دەکات، کە قالبڕێژی دەکات. لێرەدا باسی جۆرێك شایەتی گوماناوی، یان جۆرێك میتۆدی نائەزمونی بۆ گومانکردنی خودی واقیعیەت لە گۆڕێ نییە. داوەری، شارەزایی، هەستی کاتبەندی، تێگەیشتن لە پەیوەندی هۆکارەکان و ئەنجام پەیوەندی بە هۆکاری ئەزمونییەوە هەیە، هۆکاری وەك تاقیکردنەوە، دیتن، لە سەرووی هەموویانەوە «هەستی واقیعیەت»، کە بە مانای هەبوونی

جۆرێك هاوپێوەندی نیوە نائاگایانە لەناو ژمارەیەکی هەراو لە توخمەکانی بە رواڵەت ناچیز بۆ بارودۆخێك، کە جۆرێك سیمبول لەناویاندا بێنێتەئارا و بتوانێت بە کاری راست «تەڵقین»مان بدات و یان پێشنیاز بکات. بە دڵنیاییەوە کارێکی وا، شێوەیەکی بەڵگەنەویستییە، بە کورتی لە خاکێکدا دەڕوێت بەپیت بێت و بە ئەزمون و جۆرێك هەستیاری ریزپەڕ پەیوەندی بە فڵان بارودۆخەوە هەیە. ئامادەیی و بەخششێك، کە نە هونەرمەندان و نە بیرمەندان بە بێ ئەو ناتوانن بە دەرەنجامی رەسەن بگەن. پێدەچێت ئەم ئامادەییە، تەبای باوەڕمان نەبێت بە سەروەری رەهای مۆدیلێك، کاتێك توانای رەسەنمان بۆ کاردانەوەی دروستی تێگەیشتنمان ناتەواو دەکات، کە دەبێتە روپۆشی جۆرێك ئایدۆلۆژی دەمارگیرانە. رەنگە لەدنیای بەرچاو هیچ بەڵگەیەك نەبێت، کە بۆچی نابێت مرۆڤ بە پلەی یەکەم بە خاکی، لەتەواوی واقیعیەتی پەیوەست بپرسێتەوە و پاشان بە هۆی میتۆدی زانستی دڵنیا ... پێکهاتەیەکی باوی دیتنەکان، تاقیکردنەوە، پێودانگ، ئەنجامگیری، سەقامگیری و باقی رێبازەکان ... گریمانەیە هەڵبەستێت، کە توانای بداتێت تەواوی بەدیلە شیاو و ئاکامەکانیان تاوتوێ بکات. لەوانەیە لەدنیای رامان بەمجۆرە بێت. بە کردەوە، کاری واقیع زۆر زیاد، بە کورتی، ئاڵۆز و زۆر لاوەکین و چەکی تیۆری  زۆر دەرهەستەیین، کە لەبەر دەستمانن، مۆدیلەکانیان زۆر لێدورن و بە کەڵك هەلومەرجێك دێن، کە بەشێوەیەکی نائاسایی، ئاسایی بن. پێماندەوترێت لیۆناردۆ دوو ئەنجامەکەی بە هۆی ئەندازەگرتنەوە بەدەستهێنا، بەڵام هەمومان دەزانین، لەڕێگەی پێکهاتەی ئامادەییەکان و بەخششە جیاجیاکان تەختیکردووە. رەنگە سیاسەتکارانێك هەبن پشتییان بە تیۆرێکی ئاسنین بەستبێت، بە نەخشەیەك لەسەر بنەمای میتۆدی ئابوری و سیاسی ئامادەکراوە، بەڵام گەر سەرکەوتووبن، دەرەنجامی خۆی بە پێی چۆنایەتییە زۆر جیاوازەکان بە دەستهێناوە، کە لەبونیاندا پەنهانە.

ئەوە بەهانەیەك نییە بۆ تاریك بیری، پشت بەستن بە پەندی پێشینانمان، بانگی باپیرانمان، یان ئیلهامی دەروونی. لە ژیانی کۆمەڵایەتی چەند ناوچەیەك هەیە، دەکرێت بە ئاسانی تیۆری زانستیی تێدا پراکتیك بکەیت، لەوجۆرە شوێنانە بە باش زانینی وەنەوزدان و باوەڕەکانی ئاڵۆز «هەستی هاوبەش» بۆ زانستی شێوازمەندی نمونەی زەقی نەزانی و نەرمی ... و هەندێکات ماسکی خورافات و تەمبەڵییە ...، بەڵام بوار زۆرە، باخەوان لەئانێکدا ئەنجامی باشتر لەچاو گژوگیاناسێك دەستەبەر دەکات و لێکجیاکردنەوەی ئەو لایەنگرانە، یەکەم شانەی هەست و واقیعیەتە. هەڵەیە، بیرمەندانی کۆمەڵایەتی سەدەی هەژدە و سەدەکانی داهاتوی ئایدیالگەرا، دەستکردو بڵاو نیشاندەدات؛ زۆر تاریك و شاراوە هەستیپێکرابوو، بەڵام بە دەگمەن فۆرمی پێدەدرێت، لە بەرئەوەی کەسانێك تامەزرۆیانە بەڵێنیان بەم ئەندێشەیە دابوو، کە گیرۆدەی فۆرم پێدانی ئەم لێکجیاکردنەوە بوون و دەبێت میتۆدەکانی زانستی، گۆڕەپانەکانی ژیان بگرێتەوە و ڕەتکردنەوەی پەیوەندی بە گۆڕەپانە دیاریکراوەکان، واتا خیانەتکردن لەتیشکییان دەزانی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەیە کاتێك سیاسەتکارێك، یان تەنانەت مێژونوسێك، کە بەدوای جیاکاری کردەوەی مرۆڤایەتییەوەیە لەجیاتی دزەکردنە ناوییەوە، بە میتۆدخوازی تۆمەتبار دەکرێت، بە تۆمەتێکی ڕاست دێتەبەرچاو. ناکرێت هیچ بیرمەندێك بە میتۆد تۆمەتبار بکەیت؛ لەبەرئەوەی بیرمەندبوون بە مانای میتۆد هەبوونە. ئەمە تێگەیشتنی غەریزی بە کارهێنەرانی زمانی گشتی و هاوبەشمان لەم واقیعیەتە پیشاندەدات، کە هەموو کار و پیشەیەك، وتەزایەکی جیاوازی دەوێت و هەوڵ بۆ بەکارهێنانی ئەو مۆدیلانەی، کە لەگۆڕەپانێك کاردەکەن بۆ گۆرپانەکانی دیکە، کە پێویستی بە میتۆدی جیاوازە، سەرئەنجام شکڵێك لە ناعەقڵانیەت دەبێت، کە هەندێك ناویدەنێن تاریك بیری ئەقڵگەرایانە: پێداگرتن،

بێ هیچ بەڵگەیەك، بێ هەوڵدان بۆ دیتن، چونکە کلیلێکی جیهانگر هەیە و ئەوەی لێرەدا بەکار دەهێنرێت، دەبێت لەوێش بە کاربهێنرێت و ئەوەی لەبوارێك نوێنەری پێشکەوتن، لۆژیك و تیشکە، دەبێت لەهەموو بوارەکانی دیکە رۆڵی هەبێت. لە بەرئەوەی سیستمی هاوسەنگ لە یاسا باڵاکان ... لەگەڵ چوارچێوەیەکی هاوتا ... لەدنیای بێگیان، ژینگەناسی، گیانەوەرناسی، یان بۆ ماوەناسی بە باشی کاردەکات، ئاکامی نابێت، کە لەبواری مێژوی کۆمەڵایەتیش هەمان کارایی هەبێت.

زۆربەی تیۆرسێنانی کۆمەڵایەتی سەدەی 19 و 20، بەم گریمانەیە دەستییان پێکرد، کە مرۆڤەکان لەڕوانگەی باڵاوە دیاریکراو، لە روانگەی تاك لاواز و بەزەبر عەقڵانین؛ چونکە گەشەکردنی زانست بەهێمنی پەیوەندییان بەچوارچێوەیەك لە هۆکارە باڵاکانی شیاوی ناسینی ئاشکرادەکات و باقی شتەکان گومان و خۆگەورە دیتن دەبن. ئەم تیۆرە تەنگ بە هیچ بونیادێکی دیتن، یان ئەزمونی رەفتاری مرۆڤایەتی، یان ئەزمونی کۆمەڵایەتی هەڵناچنێت، یان هەر میتۆدێکی ئەزمونی تر جگە لەپێودانگی ئاڵۆزی بەدنیای سروشتییەوە نییە. سەرکەوتوترین دەوڵەتمەردانی مێژوو زۆرتر، چ ئاگایانەو چ نائاگایانە، پابەندن بەخاڵی بەرامبەری ئەم رایە: کە هەندێککات تاکەکان بەهێز بوون، بە رادەیەکی زۆر نەزانن، لەو سنوردارییانە، ئازادن، کە دەخرێتەڕوو، گریمانەی دژ، بەناوی زانست، عەقڵ و دیتنی بێلایەنانەی سروشت، لە لایەن کەسانێك هەروەك مرۆڤایەتی پێکەشی تیۆر و ئەبستراکتەکان دەبێت، کە باوەڕیان بەڕیفۆرمی رادیکاڵی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە. شێوەیەك لە بتپەرستی ... و قوربانیکردنی مرۆڤ ... خوێن ساردانە و کاولکارانەتر لەتەواوی گەمژەییەکانی شایانی تێگەیەنراوی نەوەکانی رابردو، کە نەوەی داهاتو بە هۆیەوە، بە بێ باوەڕی و تورەیی، بە دروستی قۆناغەکەمان، توکمان لێدەکەن.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسى تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |